تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

خیلافەتی ئەمیری ئیمانداران

عبداللهی کوڕی زوبێر رضي الله عنهما

نوسینی
دکتور علي محمد الصلابي

وەرگێرانی
ئەبوبەکر رەسول محمد

نارین

دار المعرفة
بەیرووت

خیلافەتی ئەمیری ئیماندارانت

عبدالله‌ی کوڕی زوبێر رضي الله عنهما

نوسینی
دکتور علي محمد الصلابي

وەرگێڕانی
ئەبوبەکر ڕەسوڵ محمد

نارین

دار المعرفة
بەیرووت

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی
نارین

ناوی کتێب بەعەربی: خلافة عبدالله بن الزبير رضي الله عنهما
نوسینی: دکتۆر علی محمد الصلابی
ناوی کتێب بە کوردی: خیلافەتی ئەمیری ئیمانداران عبدالله کوڕی زوبێر
وەرگێڕانی: أبوبکر رسول محمد
نەخشەسازی ناوەوە: شنۆ حمدامین
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم/ ۲۰۱۰ز
ژمارەی سپاردن: (۱۵۹٤) ساڵی (۲۰۰۹)ی پێدراوە.

نارین
کتێبخانەی نارین

هەولێر ـ چوارڕیانی شێخ محمودی حەفید
بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی
ژ. ت/(٠٠٩٦٤) ٧٥١١٩٨٢ ٦٦
E- mail: nareen_١@yahoo.com
www. nareenco.com

ئەم کتێبە دیارییە بۆ:

- زانایانی ئیشکەر.
- بانگخوازانی دڵسۆز.
- زانستخوازانی تێکۆشەر.
- ڕۆڵە بوێرەکانی ئوممەت.

لە پەروەردگاری باڵا دەست ومەزن
دەپاڕێمەوە بەناوە جوانەکانی و
سیفەتە بەرزەکانی ئەم کارەم
لەبەر خاتری زاتی بەرزی بێت.

﴿فَمَن كَانَ يَرْجُوا لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ الكهف:١١٠.

پێشەکی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن اله الا الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ آل عمران:١٠٢.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء:١.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ الأحزاب:٧١،٧٠.

ئەی پەروەردگارم؛ سوپاسێك بۆ تۆ شایەنی گەورەیی ذات ودەسەلاتت بێ، سوپاس بۆ تۆ تا ڕازی دەبی، سوپاس بۆ تۆ کاتێك ڕازی بویت، سوپاس بۆ تۆ دوای ڕەزامەندیت.

ئەم کتێبە: بەشێکە لەکتێبی ((الدولة الأموية. عوامل الأزدهار وتداعيات الأنهيار))، لەبارەی ئەمیری ئیمانداران عبداللەی کوڕی زوبێر دەدوێ.

لە نێویدا قسەم کردووە لەسەر:

ناوی، بنەچەکەی، ناسناوی، پێگەیشتنتی، سیفەتەکانی، لەدایکبوونی، بەیعەتدانی بەپێغەمبەرﷺ، زوبێری باوکی ﷺ، ئەسمائەی دایکی ﷺ چەند هەڵوێستێکی زیندووی دایکی، ڕۆڵەکانی، هاوسەرەکانی، ئاستی شارەزایی، زانستی، پەرستنی، پارێزگاریەکەی، بوێری وئازایەتیەکەی، زمانپاراوی ووتار بێژیەکەی، سەخاوەت ودڵ فراوانیەکەی، پوچەڵکردنەوەی تۆمەت و بوختانێك، کە دەڵێ چروك و دەستقوچاو بووە، ڕۆڵی لەسەردەمی خیلافەتی (ئەبوبەکرو عومەرو

عوسمان وعەلی ومعاویە)دا ﷺ ڕۆڵی لە جەنگی (یەرموك)دا، لەنوسینەوەی قورئانی پیرۆز لەسەردەمی عوسماندا، لەپاسەوانیکردن و بەرگریکردن لەعوسمان لەرۆژانی گەمارۆدرانیدا، لەرۆژی (جَمَل)دا، هەروەها بەشداری کاریگەری لەریزی سوپای یەزیدی کوڕی معاویە بەرەو (قوستەنتینییە)، ئینجا قسەم کردووە لەسەر: بزوتنەوەی عبداللەی کوڕی زوبێر لەسەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە، چۆنیەتی بەیعەتدان بە(یەزید)، سیاسەتی (یەزید) بۆ ڕاکێشانی خەڵکی شام بەلای خۆیدا، بەیعەتنەدان بە(یەزید) لەلایەن عبداللەی کوڕی زوبێر، جێگیربوونی (عبداللە) لە(مەککە)، هۆیەکانی هەڵبژاردنی (مەککە)، هۆیەکانی دەرچوونی ئەو و هاوەڵەکانی، هەوڵە ئاشتیەکانی (یەزید) بۆ گێڕانەوەی (عبداللە)، شەڕەکانی (یەزید) لەگەڵ (عبداللە)کە خۆیان لە هێرشی (عەمری کوڕی زوبێر)، پاشان هێرشی (حەسین کوڕی نەمیر)و گەمارۆدانی (عبداللە)و سوتانی (کەعبە)دا دەنواند.

ئینجا قسەم کردووە لەسەر: مردنی یەزیدی کوڕی معاویە، خیلافەتی معاویەی کوڕی یەزید، وازهێنانی معاویە لەحوکمڕانی و بەجێهێشتنی بۆ شوڕا، بەیعەتدانی خیلافەت بەعبداللەی کوڕی زوبێر، دەرچوونی مەڕوانی حەکەم لەدژی (عبداللە)و لەنێوبردنی پشتیوان ولایەنگرانی لە(شام)، بایەخی کۆبوونەوەی (جابیە)، جەنگی (مەرج ڕاهیت)، گێڕانەوەی (میصر) بۆ ژێر دەسەڵاتی (ئومەوی)، هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی عێراق وحیجاز بۆ ژێر دەسەڵاتی ئومەوی.

ئینجا قسەم کردووە لەسەر: (عبداللەی کوڕی مەڕوان)و کرانی بەوەلی عەهد، مردنی(مەڕوانی کوڕی حەکەم)، ململانێ ی نێوان عبدالملك و (ئیبن زوبێر)، ئەو بزوتنەوانەی لەو سەردەمەدا هاتنە ئاراوە وەك: بزوتنەوەی (تەووابین) و بزوتنەوەی موختاری و هی تریش.

لەکۆتاییدا قسەم کردووە لەسەر:

کۆتایی هاتنی ـ خیلافەتی ـ ئەمیری ئیمانداران (عبداللەی کوڕی زوبێر) دوای گەمارۆدانی وکوژرانی، هۆیەکانی ڕوخانی خیلافەتەکەی، هەندێك هۆنراوە کە بۆ لاواندنەوە پێیدا گوتراون.خێرو چاکە لەسەرەتاو لەکۆتادا هەرهی خودایە، لەذاتی

پـاکو بـەرزی دەپاڕێمـەوە بـەناوە جوانـەکانی و سیفەتە بـەرزەکانی ئـەم کـارە بـۆ خاتری ئەو بێت و، مایەی سودیش بێ بۆ بەندەکانی، لێ ی دەپاڕێمەوە لەسەر هەر پیتێك نوسیومە پاداشتم بداتەوەو بۆم بخاتە نێو تاتەرازوی کردەوە چاکەکانمەوە، هەروەها پاداشتی هەموو ئەو برایانەم بداتەوە یاریدەیان کردووم لەتەواو کردنی ئەم هەوڵو تێکۆشانە کەمەم، هومێـدەوارین هـەر موسـڵمانێك ئـەم کتێبـە دەخوێنێتـەوە منی بەندەی هەژار لەئاقاو لێبوردن ولێخۆشبون وبەزەیی و ڕەزامەندی خودای لەبیر نەچێت ونزام بۆ بکات، ﴿رَبِّ أوزِعني أن أشكر نعمتك التي أنعمت عليَّ وعلى والـدِيَّ، وأن أعملَ صالحاً ترضاه، وأدخلني برحمتك في عبادِك الصالحين﴾

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

هەژاری بەرقاپی خودا

علي محمد محمد الصلابي.

بەشی یەکەم

ناوو بنەچە و ناسناوو پێگەیشتن وشێوەی و گرنگترین سیفەتەکانی عبداللەی کوڕی زوبێر:

یەکەم: ناوو بنەچە و ناسناوی.

ئەو: (عبداللەی کوڕی زوبێری کوڕی عەووامی کوڕی خووەیلیدی کوڕی ئەسەدی کوڕی عبدالعزی ی کوڕی قوسەی ی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕە)یە، ئەمیری ئیمانداران، ئەبو بەکر وئەبو خوبەیب ی، قورەیشی ئەسەدی مەککی پاشان مەدەنی یە، یەك لەناوداران، کوڕی حەواری وکوڕی کورەپوری پێغەمبەری خودا (زوبێری کوڕی عەووام)ە.[١]

دووەم: لەدایکبوونی وبەیعەتدانی بە پێغەمبەر ﷺ.

لە ئەسمائەی کچی ئەبوبەکر گێڕدراوەتەوە: کە ئەو لەمەککە بەعبداللەی کوڕی زوبێر دوو گیان بوو، دەڵێ: ـ لەمەککە ـ دەرچووم، هاتمە (مدینە)و سگم بووە ٩مانگ لە(قوباء) دابەزیم، لەوێ (عبدالله)م بوو، ئینجا هێنام بۆ ـ خزمەت ـ پێغەمبەری خوداﷺ، لەنێو کۆشیدا دامنا، داوای دەنکە خورمایەکی کرد، خورماکەی جووی، تفی کردە نێو دەمیی، یەکەم شتێك چووە نێو هەناوی تفی پێغەمبەری خودا بووﷺ، ئینجا خورما جوراوەکەی خستە بن مەلاشوی، بۆی پاڕایەوە، داوای بەرەکەتی بۆ کرد، یەکەم منداڵ بوو لە دەوڵەتی مدینەی ئیسلامدا لەدایکبو، موسڵمانان زۆر دڵخۆش وشادومان بوون، چونکە پێیان گوترابوو: جوو

١ـ سير أعلام النبلاء (٣/٣٦٣) .

جادویان لێکردون ومنداڵتان نابن[١]. ناوی لێنا (عبدالله) دوای ئەوە تەمەنی گەیشتە ٧یان٨ ساڵ، بەفەرمانی (زوبێر)ی باوکیﷺ هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺو بەیعەتی پێدا، پێغەمبەرﷺ کەبینی بەرەو ڕووی - پێزۆزی - دێت زەردەخەنەی هات، ئەو دوای گەیشتنی پێغەمبەری خوداﷺ بۆ مەدینە یەکەمین لەدایکبوی ئیسلام بوو، جوو گوتبویان: بەستومانن و لە(مدینە)دا نێرەوەزیان لێ ناکەوێتەوە، کاتێك (عبدالله) لەدایکبوو، هاوەڵانی پێغەمبەری خوداﷺ - بەیەکدەنگ - (الله أكبر)یان کرد[٢]، بۆ زیاتر دەنگدانەوەی لەدایکبونی وپوچەڵ کردنەوەی دەنگۆی جووەکان، ئەبوبەکری صدیقﷺ بە (مدینە)یدا گێڕا[٣]، ئەمە شێوە ڕاگەیاندنێکی کرداری بوو بۆ بنبڕکردنی هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی جوو لەشاری مدینەدا ڕەواجیان پێدابوو، ئیبن زوبێر بەحوکمی خزمایەتی بەزۆری لەخزمەت پێغەمبەری خودا بووﷺ، زۆر هاموشۆی ماڵی عائیشە ی پووری و هاوسەری پێغەمبەری خودای دەکرد ﷺ.[٤]

سێهەم: (زوبێری کوڕی عەووام)ی باوکی عبدالله ﷺ:

ئەبو عبدالله، زوبێری کوڕی عەووامی کوڕی خووەیلیدی کوڕی ئەسەدی کوڕی عبدالعربی ی کوڕی قوسەی ی کوڕی کیلابی قورەیشی ئەسەدی یە [٥]، لە(قوسەی)دا لەگەڵ پێغەمبەری خوداﷺ یەکدەگرنەوە، دڵسۆز (حواري) و پورزای پێغەمبەری خودابووﷺ، (صەفیەی کچی عەبولموتتەلیب) دایکیەتی، یەك لەدەشایەتی بۆ دراوەکانی بەهەشتە، یەکێکە لەهاوەڵانی شوڕا[٦]، بەتازەلاوی ولەتەمەنی شازدە ساڵیدا موسڵمان بوو[٧]، هەر جەنگێك پێغەمبەری خوداﷺ ڕایپەڕاندبێ لێ ی دوانەکەوتووە[٨]، دوای موسڵمان بوو تووشی ئازارو ئەشکەنجە بووە، گێڕدراوەتەوە:

١ـ البخاري رقم ٥٤٦٩، اليهود في السنة المطهرة (٢٦٥/١) .
٢ـ الحاكم (٥٤٨/٣) .
٣ـ البداية والنهاية (١٨٨/١١) .
٤ـ سير أعلام النبلاء (٣٦٣/٣) .
٥ـ الأصابة (٥٢٦/١ـ ٥٢٨) .
٦ـ الطبقات (١٠٠/٣) .
٧ـ سير أعلام البنلاء (٤١/١) .
٨ـ سير السلف (٢٢٦/١) .

مامی پارچە حەسیرێکی تێوە دەپێچاوە ئاگری دەکردەوەو بەدوکەڵەکەی قانگی دەداو دەیگوت: بگەڕێوە بۆ سەر کوفر، زوبێر دەیگوت: نا، هەرگیز کافر نابم.[١]

پێغەمبەری خوداﷺ لە بارەیەوە فەرمویەتی: ((إن لكل بني حواري، وحواري الزبير))[٢]. واتە: ئەو لەنێو هاوەڵانمدا تایبەت بەخۆمەوە سەرخەرمە، لەم بابەتە بەهاوەڵانی عیسی - علیه السلام - دەگوترێ: (الحواريون) واتە: دڵسۆزو پشتیوانانی، (حواري) پشتیوانی دڵسۆزە، فەرمودەکە ئەم پلەوپایە بەرزە لەخۆ دەگرێت وزوبێری ﷺ بێ لەغەیری خۆی جواد دەکاتەوە، لەبەر ئەمە عبداللەی کوڕی عمرﷺ، گوێ ی لەیەکێك بوو دەیگوت: من کوڕی (حواري) یەکەم، گوتی: ئەگەر کوڕی زوبێربی وایە، دەنا وانیە.[٣]

زوبێری کوڕی عەووام: لەسەردەمی پێغەمبەری خوداﷺ پیاوی ڕاپەڕاندنی کارە گرنگ وگرانەکان بوو، لەسەردەمی ڕاشیدیندا یەك لەپایە ڕاگرەکانی دەوڵەت بوو وبەشداری لەفتوحاتە گەورەکاندا کردووە[٤]، عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ لەسەردەمی خۆیدا - پۆستی - ویلایەتی مصری بۆ پێشنیار دەکا، زوبێر دەڵێ: پێویستیم پێ ی نیە، بەڵام بە موجاهیدی دەردەچم و هاریکارو دەستباریش دەبم بۆ موسڵمانان، ئەگەر (عەمری کوڕی عاص)م بینی وفەتحی کرد، دەست ناخەمە کاریەوەو دەچمە کەنار دەریایەك و سەنگەرنشینی تێدا دەکەم، ئەگەر بینیم لەجیهاد دایە لەگەڵیدا دەبم[٥]، لەکتێبی (أمير المؤمنين علي ابن أبي طالب)دا قسەم لەسەر ژیاننامەی کردووە، (کێ زیاتری لەم بارە دەوێ) با بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە.[٦]

١ـ الطبراني في الكبير (١٢٢/١) .
٢ـ مسلم رقم ٢٤١٤ .
٣ـ مصنف بن أبي شيبة رقم ١٢٢١٩ صحيح .
٤ـ سيرة أمير المؤمنين علي ابن أبي طالب ص٥٤١ .
٥ـ فتوح البلدان ص٢٩٩، نظام الحكم للقاسمي (٥٤٤/١) .
٦ـ سيرة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب ص ٥٢٥ـ٥٥٠ .

چوارەم: (ئەسمائەی کچی صدیق)ی دایکی عبداللەی کوڕی زوبێر ﷺ:

ئەسمائەی کچی عبداللەی کوڕی ئەبی قوصافەی کوڕی عوسمانی کوڕی عامری کوڕی عەمری کوڕی کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تەمیمی کوڕ موڕڕەیە[1]، لەموسڵمانە یەکەمینەکانە و لەگەڵ عائیشەی خوشکی، کە ئەو کاتە عائیشە منداڵ بوو موسڵمان بوو.[2]

چەندین هەڵوێستی بەرچاوو پەرێزی پاك وستایشکراوی لەمێژووی ئیسلامی شکۆداردا باسکراوە، لەنێو ئەو هەڵوێستانەدا:

١ــ لە کۆچی پێغەمبەرداﷺ بۆمەدینە:

خاتو عائیشە لەفەرموودەیەکی درێژی دا دەڵێ: دەمی نیوەڕۆ بوو لەماڵی ئەبوبەکر دانیشتبووین، یەکێك بەئەبو بەکری گوت: ئەوە پێغەمبەری خوایەو دەمامکی کردووە!، کاتێك بوو - پێغەمبەرﷺ - لەوکاتەدا نەدەهاتە ماڵمان، ئەبوبەکر گوتی: باب ودایکمی بەقوربان بێ، بەخوا کارێکی گرنگ لەم کاتەدا هێناویەتی....

تائەوەی - عائیشە- دەڵێ: بەپەلە بارگەمان بۆ ساز کردن وخۆراکمان ئامادەکردو خستمانە تورەگەوە، ئەسمائەی کچی ئەبوبەکرﷺ پارچەیەکی لەپشتێنەکەی بڕی وسەری تورەگەکەی پێ گرێدا، بەمە ناوی (خاوەن دوو پشتێن)ی لێنرا.[3]

خاتو ئەسماء هاریکاریەکی باشی پێغەمبەرﷺو هاوەڵەکەی کرد لەبردنی ئاوو خۆراك بۆیان لەنێو ئەشکەوتەکەدا، ئازارو ئەشکەنجەیەکی کەم وێنەشی چەشت لەڕێگەی خودادا، دەربارەی ئەمە - ئەسماء - بۆ خۆی دەڵێ: کاتێك پێغەمبەری

١ــ الطبقات الكبرى (١١٩/٣) .

٢ــ السيرة النبوية (٢٧١/١)، عبداللهى بن الزبير، للناطور ص١٧ .

٣ــ البخاري رقم ٣٩٠٥، السيرة النبوية للصلابي (٤٦٣/١) .

خـوداﷺو ئەبوبـەکرﷺ دەرچـوون، تـاقمێکی قـورەیش ـ کەئـەبو جـەهلی کـوڕی هشامیان لەنێو دابوو ـ هاتنـە لامـان، لەبـەر دەرگـای مـاڵی ئەبوبـەکر ڕاوەسـتان، منیش لێیان چوومە دەرەوە، گوتیان: هۆکیژی ئەبوبەکر، بابت کوا ؟

دەڵێ گوتم: بەخوا نازانم بابم لەکوێ یە.

ئەبو جەهل ـ کەڕقی هەستابوو ـ دەستی بـەرزکردەوەو زللەیـەکی لەڕومـەتم دا، گوارەکەم لەگوێ دەرپەڕی! ئەسماء دەڵێ: ئینجا ڕۆیشتن.[1]

ئەمـە وانـەی یەکەمـە لەلایـەن ئـەسمائی دایکـی عبداللـەی کـوڕی زوبێـر ﷺ، ئافرەتانی موسڵمان نەوە لەدوای نەوە فێری دەبن وڕەوانی دەکەن، فێر دەبن چۆن نهێنـی موسـڵمانان لەدوژمنـەکانیان دەشـارنەوەو چـۆن خۆڕاگرانـەو سـەربەرزانە لەبەرامبەر هێزی زوڵم و زۆردا دەوەستنەوە.

وانەی دووەمی ئەسماء، کەزۆر کاریگەرە، ئەمەیە:

کاتێك ئەبو قوحافەی باپیری دەچێتەماڵیان، کە نابینایە دەڵێ: بەخوا پێم وایـە ئەبو بەکر ئێوەی لەخۆشی و لە ماڵەکەشی کردبن.

ئەسماء دەڵـێ: نانـەخێر بابـە گـەورە! بـاوکم مـاڵێکی زۆری بـۆ بەجێهێـشتوین، دەڵـێ: هەنـدێك بەردوچـکەم لەتورەکەیـەك کـردن وخـستمە نێـو ئـەو تاقـەوە، کـە ئەبوبەکر پارەی خـۆی تێـدا دادەنـا وپۆشـاکێکم بەسەردادا ودەسـتی بـاپیرم گـرت وگوتم: دەستت بخەسەر ئەو پارەو سامانە.

دەڵـێ: دەسـتی بەسـەردا گێـڕاو گـوتی: قەیـدی نیـە، مـادام ئەمـەی بـۆ بەجێهێشتوون، کارێکی باشی کردووە، ماوەیەکی پێ بەڕێ دەکەن.

ئەسماء دەڵێ: نا، بەخوا بابم هیچی بـۆ بـەجێ نەهێـشتبوین، بـەلام ویـستم بـەم کارەم ئەم پیرە ئارام بکەمەوە.[2]

ئـەسماء: بـەزیرەکی و لێزانـی خـۆی تـوانی نهێنـی بـاوکی پـەردە پـۆش بکـات وئارامی وئۆخەی یش بخاتە نێو دڵی باپیریەوە، هەڵبەتە بەبێ ئەوەی درۆ بکـات!!

١ـ تأريخ الطبري (٢/٣٧٩،٣٨٠) . السيرة النبوية لابن هشام (٢/١٣١،١٣٢) .

٢ـ السيرة النبوية لابن هشام (٢/١٠٢)، اسناده صحيح .

چـونکە بـاوکی هــەقی بـۆ بەجێهێـشتبوون، ئـەو بەردانــەش کـۆی کردبوونــەوە بەمەبەستی دڵنیا کردنی پیرە پیاوەکە بوو، هەروەها بـاوکی (ئیمـان بـەخودا)ی بـۆ بەجێهێـشتبوون، کەبەچـیاکان نالـەرزێت وبەڕەشـەبا ناجوڵێـت وبـەبوون ونـەبوونی سامان کاری تێناکرێت.

هەروەها باوکی: باوەڕ بـەخۆ بـوون وهیممـەتی بـەرزی لـە دڵ ودەرونـی ئەوانـدا بەجێهێشتبوو، ئەمـە وایکـرد لـەوان بایـەخ بـەکارە بـەرزو گرنگـەکان بـدەن و، ئـاوڕ لەشتە بێ نرخ وکاتیەکان نەدەنەوە.

ئەبوبەکر خێزانێکی موسڵمانی نمونەیی دروستکرد، کە زەحمەتە وێنـەی دوبـارە بێتەوەو هاوشێوەی پەیدا بێتەوە.

ئەسماء ﷺ بەم هەڵوێستانەی نەخشەو پلانێکی وای بۆ کچان وژنـانی موسـڵمان کێشا، کە پێویستە لەسەریان، شوێن پێی هەڵبگرن و بیکەنە سەر مەشقی خۆیان.[١]

۲ــ پەیوەندی(ئەسمائە) لەگەڵ دایکی بتپەرسی:

ئەسماء کچی ئەبوبەکرﷺ دەڵێت:

لەسەردەمی پێغەمبەرداﷺ دایکم، کە بت پەرست بوو هاتـە لام، منـیش پرسـم بە پێغەمبەری خودا کردﷺو گوتم: دایکـم بـەترس وتەماعـەوە(راغبـة) هاتۆتـە لام، ئایا پەیوەندی لەگەڵ بکەم و ڕووی خۆمی بدەمێ؟
فەرمووی: بەڵێ پەیوەندی لەگەڵ دایکت دا بکە.[٢]

ئیبن حەجەڕ دەڵێ: سەبارەت بە(وهي راغبة) چەند ڕایەك هەیە، ڕای جـەماوەری زانایان ئەوەیە: دایکی هاتووەو داوای خێرو چاکە لە کچەکەی دەکـات و دەشترسـێ بە نائومێدی بگەڕێتەوە.

(خەتتابی) چەند سودێکی ئەم فەرموودەی باسکردوون: چۆن پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ خزمی موسڵماندا دەبەسترێ، ئاوەهاش لەڕێ ی ماڵبەخشین و

١ــ الهجرة النبوية المباركة ص ١٢٨ .
٢ــ البخاري رقم: ٢٦٢٠ .

خێرو چاکەی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ خزمی کافردا دەبەسترێت[١]، خودای بەرزو مەزن دەفەرموێ: ﴿ لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ الممتحنة:٨،٩. ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە ڕوخسەت و ڕێگە پێدانیان تێدایە بۆ موسڵمانان خێرو چاکە لەگەڵ ئەو جۆرە خزمە کافرانەیان دا بکەن کەشەڕیان لەگەڵ ئیسلام وئەواندا نەکردووە، ئەگەر چی دۆستایەتیش پچڕابێ.[٢]

٣ــ ئازایەتی وجیهادی ئەسماء لەجەنگی (یەرموك).

ئازایەتی وجیهاد ئەسماء ﵄ لەڕێ ی خودادا لەسەروی خەیاڵەوە دەخوێنرێتەوە، نموونەی ئەمە: دەرچوونی لەگەڵ سوپا بۆ جەنگی (یەرموك)و بەشداریکردنی کاریگەرو بەرچاوی لەگەڵ زوبێری هاوسەری و عبداللەی کوڕی﵄ [٣] لەو جەنگەدا.

بەرەنگاربوونەوەی بەجەرگانەی ئەو لەدژی ئەو دزو جەردانەی ڕۆژانێك لەنێو (مدینە)دا پەیداببوون، فاطمەی کچی مونذیر دەڵێ: لەڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سەعیدی کوڕی عاس بەسەر شاری (مدینە)، ئەسمائی کچی ئەبوبەکر خەنجەرێکی لەدژی دزەکان هەڵدەگرت، شەوانە لەژێر سەری دادەنا.[٤]

٤ــ ئەسماء و قورئانی پیرۆز:

ئەسماء﵄ بە قورئان ورێنمایی یەکانی پێغەمبەر ﷺ خۆی پەروەردە کرد، فەرمو لەگەڵ ئەو وێنە پرشنگدارەی ژیانی ئەو، کە چۆن لەگەڵ قورئانی پیرۆز ئاوێتە بووە.

١ــ فتح الباري (٥/٢٧٧) .
٢ــ شرح منظومة الأداب (١/٢٩٧)، برالوالدين، أم حفص عبير بنت محمد ص٣٦ .
٣ــ طبقات إبن سعد (٨/٢٥٣)، أسماء بنت أبي بكر، للصبّاغ ص٣٢ .
٤ــ طبقات إبن سعد (٨/٢٥٣)، أسماء بنت أبي بكر، للصبّاغ ص٣٢ .

ڕۆژێك كوڕێكی سەردانی دەكات، تەماشا دەكات دایكی لەنوێژدایەو، ئەم ئایەتە پیرۆزە دەخوێنێ:﴿ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴾ الطور:٢٧ ، ئەسماء دەگریاو پەنا بەخودا دەگرێت لەسزای دۆزەخ، لەسەر ئەم حاڵەی بەردەوام دەبێ، ناچار كوڕەكەی دەچێتە بازاڕو ئیشەكانی جێبەجێ دەكات وئینجا دێتەوە لای، دەبینێ ئەو هەر لەحاڵەتی گریەو هەنسك دایەو پەنا بەخودا دەگرێت.[1]

كاتێك ژانە سەری دەگرت، دەستی دەخستە سەر سەری ودەیگوت: ئەمە بەهۆی تاوانمەوەیەو ئەو تاوانانەش خودا دەیانبورێ زۆرترن[2]، ئەمە تێگەیشتنێكی قووڵە لەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾ الشوری:٣٠.

(دكتۆر محمد بن لطفي الصباغ) ژیاننامەیەكی بەنرخی ئەسماء نوسیوە، لەمەولا بەئیزنی خودا لەباسی گەمارۆدانی عبداللەی كوڕی لەلایەن (حجاج)ەوە هەندێك لەوانەو بەندەكانی ئەسماء رضي الله عنها دەخەینە ڕوو.

پێنجەم: هاوسەرەكانی و ڕۆڵەكانی ئیبن زوبێر:

هاوسەری یەكەم: تومازەڕی كچی مەنزوری فەزاری.
ڕۆڵەكانی لەم هاوسەرەی:
خوبەیب، هەمزە، عوباد، سابت.

هاوسەری دووەم: ئوم هاشیم كچی حوللەی كوڕی مەنزور.
ڕۆڵەكانی لەم هاوسەرەی:
هاشم، قەیس، زوبێر، عوروە ـ كەلەگەڵ بابی كوژرا ـ .

هاوسەری سێهەم: جەسیمەی كچی عبدالرحمن ی كوڕی حارسی كوڕی هیشام.
ڕۆڵەكانی لەم هاوسەرەی:

١ـ الحلية (٢/٥٥)، أسماء بنت أبي بكر ص٩ .
٢ـ الحلية (٢/٥٥)، أسماء بنت أبي بكر ص٣٣ .

عامر، موسا، ئوم حەکیم، فاتیمە، فاختە.

هاوسەری چوارەم: عائیشەی کچی عوسمانی کوڕی عەففان.

ڕۆڵەکانی لەم هاوسەرەی:

بەکر، ڕوقیا.

هاوسەری پێنچەم: ئوم وەلەد.

ڕۆڵەکانی لەم هاوسەرەی:

عبدالله، موسعەب.[١]

شەشەم: شێوە ڕوخسارو گرنگترین سیفەتەکانی ئیبن زوبێر:

ڕەنگ ئەسمەرو گەنمی ودالّە گۆشت بوو، بەلام زۆر درێژ نەبوو، مووی ڕیشی تەنك ومەیلەو ڕەنگزەرد بوو، پەرستنی زۆر بوو وشوێنەواری سوژدەی لەتەوێڵی دیاربوو، زاناو موجتەهیدو زیرەك وڕەوانبێژ بوو، ڕۆژو گرو شەونوێژ کەر بوو، بەجەرگ وتۆڵەشێن بوو، سەربڵندو نەفسبەرزو بەهیممەت بوو[٢]، زاناو خودا پەرست و بەسام وسەنگ بوو، نوێژو ڕۆژوی زۆر بوو، گەردنکەچی خوداو سیاسەتمەدارێکی بەتوانا بوو.[٣]

وەك دەردەکەوێ: کاریگەری یەکی گەورە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی ئیبن زوبێر هەبووە لەلایەن زوبێری بابی وئەسماء دایکی وعائیشەی پوری وئەبوبەکری باپیری وصەفیەی ئەنکی پوری پێغەمبەری خوداﷺ - .

١ـ البداية والنهاية (٢١٣/١١) .

٢ـ البداية والنهاية (١٩٣/١١) .

٣ـ البداية والنهاية (٢٠٤/١١) .

گرنگترین سیفەتەكانی ئیبن زوبێر:

١ـ شارەزایی و زانیاری:

عبداللەی كوڕی زوبێر ﷺ یەك لەچوار (عەبادیلە)كانی شاری (مدینە)بوو، كە لەبوارەكانی ئاین دا شارەزا بوون، ئەوانیش: (عبداللەی كوڕی زوبێر، عبداللەی كوڕی عەبباس، عبداللەی كوڕی عەمری كوڕی عاس، عبداللەی كوڕی عومەر ﷺ).

لە هەردوو صحیحی (بوخاری وموسلیم) چەند فەرموودەیەكی لێوە گێڕدراوەتەوە، هەردوكیان لەسەر یەك فەرموودەی ڕێككەوتن، بوخاری بەتەنیا شەش فەرمودەو موسلیمیش دوو فەرموودەی لێ گێڕاوەتەوە[١]، بەمندالی فەرموودەی لەپێغەمبەری خوداوەﷺ دەگێڕایەوە.

هەروەهافەرموودەی گێڕاونەتەوە لە:

زوبێری باوكی وئەبوبەكری باپیری وعومەرو عوسمان ودایكی ئیمانداران عائیشەی پوری وكەسانی تریش.

تابیعی یە ناودارەكانیش فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە: وەك:

عوروەی برای وتاوسی كوڕی كیسان وعەمری كوڕی دینارو ئیبن ئەبی مەلیكەو سابتی بەنانی و زۆری تریش[٢]، تابڵێ ی شارەزا بووە عبدالرحمن ی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم دەڵێ: كاتێك(عەبادیلە) (عبداللەی كوڕی عەبباس وعبداللەی كوڕی زوبێرو عبداللەی كوڕی عومەرو عبداللەی كوڕی عەمری كوڕی عاس) وەفاتیان كرد، فیقهو زانیاری كەوتە بەردەستی غەیرە عەرەب لەهەموو وڵاتان.[٣]

ئیبن زوبێر واناسرابوو كەزانیاریەكی فراوانی لە قوڕئان وسوننەت دا هەیە، لەزانا موجتەهیدەكان بوو، زاناو خوداپەرست بوو، لەم وەسفەدا زێدەڕۆیی نییە! چونكە

١ـ سیر أعلام النبلاء (٣/٣٦٣) .

٢ـ سیر أعلام النبلاء (٣/٣٦٣) . عبدالله بن الزبیر لمحمد عبدالرضا هادي ص٩ .

٣ـ معجم البلدان، نقلاً: عن عبدالله بن الزبیر للناطور ص٣١ .

زۆر سەردانی دایکی ئیماندارانی عائیشەی پوری ی دەکرد، کە عائیشە بەهەمە زاناو شارەزابوو وقسەی بۆ دەکردو فەرمودەکانی بۆ دەگێڕایەوە، لەلایەکی تریشەوە دوای پێغەمبەری خوداﷺو صدیقی بابی عبداللەی خۆشەویستترین کەس بوو بەلایەوە.

ماوەی خیلافەتی عبدالله نۆ ساڵ بوو، لەو ماوەیەدا هەشت حەجی کردووە، لەساڵی نۆ هەمدا چونکە گەمارۆدرابوو نەیتوانی حەج بکات.

جارێك ئیبن زوبێر وتاری بۆ حاجیان خوێندەوەو گوتی: ئەی حاجیەکان: پرسیارم لێبکەن؛ قورئان بەسەر ئێمەدا دابەزیوەو ئامادەی ڕونکردنەوەی بوین، یەکێك لەخەڵکی عێراق گوتی: دەمی هەمبانەکەم شل ببۆوەو مشکێك چو بۆ ناویەوە، منیش لە حاڵی ئیحرامدا کوشتم!، لە وەڵامیدا گوتی:

فاسقەکان بکوژن، کابرا گوتی: دەربارەی ﴿وَلَيَالٍ عَشْرٍ ۝٢ وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ ۝٣﴾ زانیاریمان پێ بدە.

لەوەڵامیدا گوتی:

(العشر=دەشەوەکە): بریتیە لەهەشت ڕۆژو شەوی زلیحەجەو ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژی قوربانی.

(الشفع=جوت): واتە کەسێك لەکۆتایی دوو ڕۆژی (أيام التشريق)دا مینا بەجێ بێڵێت گوناهی ناگاتێ، کەسێکیش دوای بخات بۆ ڕۆژی سێهەم هەر گوناهی ناگاتێ.

الوتر: تاك: بریتیە لەئەم ڕۆژە ـ واتە عەرەفە ـ .

لەسەردەمی ـ خیلافەتی ـ خۆیدا دەربارەی مەناسیکی حەج لەهەموو کەس شارەزاتر بوو.[١]

عبداللەی کوڕی عەبباس دەڵێ: عبداللەی کوڕی زوبێر خوێنەری چاکی کتێبی خوداو شوێنهەڵگری دروستی سوننەتی پێغەمبەری خوداﷺ بوو، گەردنکەچی خودا بوو ولەترسی خودا لەقرچەی گەرمادا بەڕۆژو دەبوو، کوڕی (حەواری) پێغەمبەری

١ ـ تهذيب تأريخ إبن عساكر، نقلاً عن عبدالله بن الزبير، محمود شاكر ص٢٠٢ .

خودا بووﷺ دایکی کیژی صدیق بوو وپووریشی عائیشەی خۆشەویست وهاوسەری پێغەمبەری خودا بووﷺ، هەموو کەس ماف وئیمتیازاتی دەناسێ جگە لەکەسێك خودا چاوەکانی وبینایی دڵی کوێر کردبێتەوە.[1]

خوێندکار محمد عبدالرضا لەعێراق نامەیەکی لەسەر فیقهی عبداللەی کوڕی زوبێر نوسیوە.

٢ـ پەرستن وپارێزگاری:

ئیبن زوبێر پێداگیر بووە لەسەر ئەنجامدانی نوێژو ڕۆژوی زۆرو تەواوی جۆرەکانی پەرستن، بەڵکو ئەمە بۆتە نیشانەیەکی درەوشاوە بەکەسایەتی ئەوەوە، گێڕدراوەکان لەمبارەوە پلەی (تەواتور)یان وەرگرتووە.[2]

موجاهید دەربارەی دەڵێ: ئەو پەرستنەی ئیبن زوبێرؓ ئەنجامی دەدا، کەس هێزی پێ نەدەشکا[3]، هەر ئەو دەڵێ: جارێ لافاو هەستاو ئاو دیواری کەعبەی داپۆشی، لەم حاڵەدا ئیبن زوبێر بەمە لەتەوافی دەکرد.[4]

کاتێ دەچوو نێو نوێژەوە لەدنیا دادەبڕاو تاڵی وشیرینیەکانی لەبیر خۆی دەبردنەوە، دەگێڕنەوە: ڕۆژێك لەماڵی خۆیدا نوێژی دەکرد، مارێك لەبنمیچی خانوەکەوە بەربۆوەو لەقەدی هاشمی کوڕی هالا، ژنەکان قیژاندیان وئەندامانی خێزان کۆبونەوەو مارەکەیان کوشت ومنداڵەکەش ڕزگاری بوو، هەموو ئەم شتانە ڕوویانداو عبداللەش لەنوێژەکەیدا ئاوڕی نەدایەوە، تاسەلامی نەدایەوە نەیزانی چی ڕوویداوە.[5]

سابیتی بەنانی دەربارەی دەڵێ: ئیبن زوبێر لەپشت مەقام ـ ی ئیبراهیم ـ ەوە نوێژی دەکرد، بەلایدا ڕەتدەبووم هەر دەتگوت تەختەیەکە بەرزت کردۆتەوەو لەوێ داتکوتاوە و جوڵەی لێوەنایە.[6]

١ـ سیر أعلام النبلاء (٣٦٧/٣)، البداية والنهاية (١٩١/١١) .
٢ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص٣٢ .
٣ـ البداية والنهاية (١٩٣/١١) .
٤ـ البداية والنهاية (١٩٣/١١) .
٥ـ البداية والنهاية (١٩٣/١١) .
٦ـ سير أعلام النبلاء (٣٦٩/٣) .

یەزیدی کوڕی ئیبڕاهیم لەعەمری کوڕی دینارەوە دەگێڕێتەوە: ئیبن زوبێر ـ کاتێك گەمارۆیاندا بوو ـ لەحیجری ئیسماعیل ـ دا نوێژی دەکرد، بەردو ئاگری مەنجەنیقی بەردەکەوت وئاوڕی نەدەدایەوە.[١]

ئیبن ئەبی مەلیکە دەڵێ: عومەری کوڕی عبدالعزیز پێی گوتم: سەبارەت بەئیبن زوبێر شتێك لەدڵی تۆدا هەیە. گوتم: ئەگەر دەتدی نوێژ خوێن ونزاگۆیەکی وێنەی ئەوت نەدەدی.[٢]

دیسان دەڵێ: ئیبن زوبێر حەوت ڕۆژ لەسەریەك وبێ پسانەوە بەڕۆژو دەبوو، لەحەوتەم ڕۆژدا لەهەمومان بەهێزتر بوو[٣]. زەهەبی سەبارەت بەمە دەڵێ: لەوانەیە هەواڵی قەدەغەکرانی ڕۆژوی ویسالْ ـ بێ پسانەوە ـ لەلایەن پێغەمبەری خوداوەﷺ بەئیبن زوبێر نەگەیشتبێ؛ چونکە پێغەمبەرﷺ بەبەزەیی وبەپەرۆشە بۆ ئیمانداران، هەرکەسێك ئەمە بکات وزێدەڕۆیی لە خۆ برسی کردن و تینو کردنی خۆی بکات مەزاجی دەروونی تێك دەچێت ولاشەی بێ هێز دەبێت، کەواتە شوێنکەوتنی سوننەت لەپێشترە، بەڵام ئیبن زوبێر لەگەڵ دەستڕۆیشتن ودەسەڵاتیشیدا نمونە بوو لەخودا پەرستی دا.[٤]

٣ــ بوێری وئازایەتی:

عبداللەی کوڕی زوبێر لەزەمەنی خۆیدا سوارچاکی قوڕەیش بوو، لەتەمەنی حەفتاساڵیدا شێری بەدەستی دەگرت دەتگوت ئێستا بەهاری تەمەنیەتی، عوسمانی کوڕی تەڵحە دەڵێ: ئیبن زوبێر لەسێ شتدا کێبەرکێی لە گەڵ نەدەکرا: (ئازایەتی، بەندایەتی، ڕەوانبێژی).[٥]

هیشامی کوڕی عوروە دەڵێ: عبداللەی مامم بەمنداڵی زمانی بەوشەی (سیف=شیر) پژاوەو لێکدا گوتویەتیەوە، کاتێك باوکی گوێ ی لێ دەبێ

١ــ سیر أعلام النبلاء (٣/٣٦٩) .
٢ــ هەمان سەرچاوە (٣/٣٦٩) .
٣ــ هەمان سەرچاوە (٣/٣٦٩) .
٤ــ هەمان سەرچاوە (٣/٣٦٨) .
٥ــ هەمان سەرچاوە (٣/٣٧٠) .

دەڵێ: بەخودا ڕۆژگارێك بەدەستیەوە دەگری.[١]

لەقۆناغی منداڵیەوە شایەتی ئازایەتی بۆ دراوە، لەشوێنی خۆیدا دەیخەینە ڕوو، لەجەنگی یەڕموك وگەمارۆی قوستەنتینیەو فەتح کردنی ئەفریقیاو بەرگریکردنی لەعوسمان لەڕۆژی گەمارۆدرانیداو جەنگی جەمەل و بەتایبەتیش ئەو هەموو ئازایەتی ونەبەردیەی نواندی لەبەرامبەر(حجاج)و سوپاکەی لەکاتی دووەم گەمارۆدرانیدا لە(مەککە).

عبدالله دەیگوت: بەخوا: ئەگەر٣٠٠ سێسەد کەسی وەك خۆم خۆڕاگرم لەگەڵ بێت باکم نیە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەویم بەسەر بکەن.[٢]

خۆ لەئازایەتی دا بەوێنە دەهێنرێتەوە.[٣]

لەم سیفەتەشیدا کاریگەری باوکی وصدیقی باپیری ودایکی وخاڵەکانی لەسەربوو، لەسەروی هەمووشیانەوە ئازایەتی وبەجەرگی عبدالرحمن ی کوڕی صدیق ورەی زیاتری بەبەر عبدالله داکردبوو.

٤ـ زمانپاراوی و وتاربێژی؛

ئیبن زوبێر لەم بوارەشدا کێبەرکێ ی لەگەڵ نەدەکرا، ئەو لەڕیزی ئەو وتاربێژانەی قورەیش بووکە لەژمارەی پەنجەکان تێپەڕیان نەدەکرد، لەوتاردانیدا (لەجوڵەو ئاماژەو نۆتەی دەنگەکانیدا) بە ئەبوبەکری باپیریﷺ دەچوو، دەنگێکی دلێری هەبوو.

دەگێڕنەوە: کاتێك موسڵمانەکان بەسەر (بەربەر)دا سەرکەوتن وخەڵکێکی زۆریان لێ کوشتن وسامانێکی زۆریان بە غەنیمەت گرت، ئیبن زوبێر بەهاوەڵایەتی ئیبن ئەبی سەرح بەموژدەدەر بۆلای عوسمانﷺ بەڕێکرایەوە بۆ مەدینە، عوسمان پێ ی گوت: ئەگەر دەتوانی ئەم موژدە هەواڵە لەسەر (مینبەر) بەخەڵك ڕابگەیەنە، گوتی: بەڵێ ئیبن زوبێر چووە سەر مینبەر وڕوداوەکەی بۆ باسکردن، عبدالله

١ـ عبدالله بن الزبير فقيهاً ص١٤، البداية والنهاية (٢٠٨/١١) .
٢ـ سير أعلام النبلاء (٣٧٦/٣) .
٣ـ سير أعلام النبلاء (٣٧٧/٣) .

دەڵێ: لام کردەوە و تەماشام کر زوبێری بابم لەنێو ئامادەبواندایە، کەدەموچاوی ئەوم دی سام وهەیبەت گرتمی وخەریك بوو زمانم لاڵ بێ، تێم گەیشت بەچاوی ئاماژەی پێکردم وهانیدام بەردەوام بم، منیش ئاسایی بوومەوەو بەردەوام بووم تاکۆتایی، کەدابەزیم گوتی: ڕۆڵەگیان، کەگوێبیستی وتارەکەت بووم وامدەزانی گوێم لە ئەبوبەکری صدیق بوو وتاردەدا.[1]

محمدی کوڕی عبداللەی سەقەفی دەڵێ:

لە وەرزی حەجدا، ڕۆژێك پێش تەڕویە. ئیبن زوبێرم بینی بە بەرگی ئیحرامەوە هاتە لامان، بەدەنگێکی بەرزو خۆش تەلبیەی کرد کەتا ئەوددەمە بەمشێوەیە لەکەسم نەبیستوو، ئینجا دوای سوپاس وستایشکردنی خودا جل جلالە، گوتی: بەڵام دوای ئەمە: ئێوە لەئاسۆ دوورەکانەوە بەمیوانی هاتوون بۆ لای خودای گەورە، خودای گەورە مافی خۆیەتی ڕێز لەمیوانەکانی بگرێت، هەرکەسێك داوای شتێك بکات کەلای خودایە ئەوا سواڵکەری بەر دەرگای خودا نائومێد نابێت، ڕاستی قسەو وتارتان بەکردەوەو کردارتان بسەلمێنن، بزانن دەستبێنی قسەکانتان کردارتانە، ئاگاتان لەنیازو نیەتتان بێ، دڵتان، دڵتان، ئاگاتان لەدڵتان بێ، خودا، خودا، ئاگاتان لەخودا بێ پارێزگاری خودا بکەن لەم ڕۆژانەتاندا، ئەم ڕۆژانە ڕۆژانێکن تاوانەکانیان تێدا دەسڕێنەوە، لەئاسۆ دوورەکانەوە بۆ ئێرە هاتوون، بۆ بازرگانی نەهاتوون، بۆ دەستخستنی ماڵ ودنیا نەهاتوونەتە ئێرە، ئینجا (تلبیة)ی کردو خەڵك بۆیان ستاندەوە، ڕۆژێکم نەبینیوە وەك ئەو ڕۆژە خەڵك تێیدا گریابێت.[2]

لە ئیسلامدا ئەمانە بوون: معاویەو کوڕەکەی، سعیدو کوڕەکەی، عبداللەی کوڕی زوبێر.[3]

١ـ البداية والنهاية (١١/١٩٤) .

٢ـ البداية والنهاية (١١/٢١٨) .

٣ـ تأريخ إبن عساكر، نقلا عن عبدالله بن الزبير، للخراشي ص٣٤ .

لە وتارە بەناوبانگەکانی:

وتارێکی بەبۆنەی شەهیدبوونی حوسێن‌ﷺ بۆ دانیشتوانی مەککە.

وتارێکی بۆ خەواریج لەکاتی ئاخاوتنیاندا.

وتارێکی بەبۆنەی کوژرانی موسعەبی برای لەعێراق.[1]

لەئامۆژگاریە بەناوبانگەکانی:

ئەو ئامۆژگاریەیە کە وەهەبی کوڕی کیسان نوسیویەتیەوە، وەهەب دەڵێ: عبداللەی کوڕی زوبێر بۆمنی نوسیوە: خەڵکی پارێزگار چەند نیشانەیەکیان هەیە، بەونیشانانە دەناسرێن وخۆشیان لەخۆیاندا هەستی پێ دەکەن: ڕاستی لەقسە کردندا، دانەوەی سپاردە، قوتدانەوەی ڕك وتوڕەیی، خۆڕاگری لەبەرامبەر موسیبەتدا، ڕازی بوون بەقەزاو بڕیاری خودا، سوپاسگوزاری لەسەر نازو نیعمەت، گەردنکەچی بۆ حوکمی قورئان، ڕۆژەکان وەك بازاڕن، ئەوەی لەڕێیدا دادەنرێ، هاوتاکەی لەبەرامبەریدا هەڵدەگیرێ، بەخشینی هەق هەڵگری خۆی هەیەو ئەهلەکەی بۆی دێن، بەخشینی پووچیش بەرامبەری خۆی هەیە، ئەهلی خۆی بۆی دێن.[2]

بێگومان سیفەتی وتاربێژی وتوانای قەناعەت پێدان بۆ هەموو سەرکردەیەك پێویستە، ئیبن زوبێر لەم بوارەدا پێشەنگ بوو، زمانپاراوی و وتاربێژیەکەی یەك لەهۆکارە کاریگەرەکانی بڵاو کردنەوەی بانگەشەکەی و ئەو ڕەوشتانەی ئەو باوەڕی پێهەبوو لەژیانیدا.

٥ـ سەخاوەت و دڵاوایی:

عبداللەی کوڕی زوبێر بەخشندە بوو و مافی جەماوەری بەتەواوەتی دەدا، کەسێك مستەحق بوایە زیاتری - لەمافی خۆی - پێ دەدا، بەڕێگای مەشروع

١ـ الكامل في التأريخ (٣/٥٨) .

٢ـ البداية والنهاية (١١/٢١٩) .

نەبوایە نەیدەبەخشی؛ خەڵکانێك تۆمەتی چروکی وڕژدی یان داوەتە پاڵ ؛ چونکە نەیداوەتە کەسانی نەشیاوو بەڕاست وچەپیدا زێدەڕۆیی تێدا نەکردووە، ماڵی موسڵمانانی بە دیاری نەداوەتە شاعیرو زمان لوس وخۆڕەپێشکەران، کە بەزۆری لەڕێی ئەم جۆرە کەسانەوە دەنگۆیەکان بڵاودەبنەوە، بەلام ئیبن زوبێر بەرامبەر ئەم دەنگۆو درۆدەلەسانە بێ باك بووەو گوێ ی نەداونێ مادام ئەو لەسەر ڕاستە ڕێ یە.[1]

بەداخەوە زۆر لێکۆڵەر ئەم ڕیوایەتە نادروستەیان لەدوژمنانی ئیبن زوبێرەوە وەرگرتووەو نەهاتوون هەموو ئەو ڕیوایەتە ڕاست و سەحیحانەی دەربارەی سەخاوەت ودلاوایی ئەو هەن بنوسنەوە، بێگومان پەردە پۆشکردنی حەقیقەتی کەسایەتیەکی وەك ئیبن زوبێر کارێکی خراپەو بەبێ ویژدانی دادەنرێ.[2]

دیارە وەسف کردنی ئیبن زوبێر بەچروکی وڕژدی خۆی لەخۆیدا وەسفێکی باشە بۆ ئەوو نەك لەکەداری ناکات بەڵکو پایەرزتری دەکات ؛چونکە شوێنپێ ی خەلیفە ڕاشیدەکانی هەلگرتووە وسیاسەتی ئەوانیش دەربارەی بەیتولمال سیاسەتێکی توندو تۆڵ بووە، لەلایەکی ترەوە ئەو خۆی بەخاوەنی بەیتولمال نەزانیوەو پێی وابووە هەموو موسڵمانانن خاوەنینە ؛ بۆیە ئەو تەنها لەتوانایدابووە لەڕێگای مشروع دا بیبەخشێ.[3]

پێ دەچێ ئەوانە هاتبن سیاسەتی دارایی ئیبن زوبێریان بەرامبەر کردبێ بەسیاسەتی دارایی ئومەویەکان، ئومەویەکان ماڵ و پارەیان کردبووە هۆکاری ڕاکێشانی هەرچی لایەنگرو پشتیوانی شاعیری وزیاتر بۆ خۆیان، بەلام ئیبن زوبێر ئەم کارەی نەکردووە و بەڕەوای نەزانیوە بۆ حیسابی خۆی پارەو سامانی موسڵمانان خەرج بکات؛ بۆیە دەبینین کەسیفەتی ڕژدی دەدرێتە پاڵ ئیبن زوبێر، لەڕاستی دا بەڵگەیە لەسەر پارێزگاری و بەخشندەیی ئەو وپێداگیری ئەو لەسەر پاراستنی ماڵی گشتی موسڵمانان.

١ـ عبدالله بن الزبیر، محمود شاکر ص٢ .

٢ـ هەمان سەرچاوە ص ٣٦ .

٣ـ هەمان سەرچاوە ص٣٧ .

چەند شایەدی یەك لەسەر سەخاوەتی ئیبن زوبێر:

أ ـ شایەدی عائیشە ﷺ:

عائیشەی کچی تەڵحە دەڵێ: لەگەڵ دایکی ئیمانداران عائیشەی پورم چوومە دەرەوە، بینیمان (راجین) دەڵێ:

أنشد من كان يعيد الهم
يدلني اليوم على إبن أم
لة أب في باذخ أسم
وأمة كالبدر ليل تم
مقابل الحنال كريم العم
حرّعة أكؤسه بسمّ

دەڵێ: کەدایکی ئیمانداران گوێ ی لەم هۆنراوەی بوو، بانگی کردو لەژێر بەچەکەیەوە پێ ی گوت:
هۆ بەندەی خودا، لەپێغەمبەری خوداﷺم بیستووە دەیفەرموو: (الدّال على الخير كفاعلە) ڕێنیشاندەری کاری چاك وەك بکەرەکەیەتی، بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکەت بچۆلای عبداللەی کوڕی زوبێر، ئەویش ڕۆیشت تاگەیشتە لای، (عبدالله)ش وڵاخێك و بارێکی خواردن پێدا.[١]

ب ـ شایەدی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ﷺ:

معاویە ﷺ گوێ ی لەپیاوێك بوو دەیگوت:

إبن رقاش ماجد سميدع
يأتي فيعطي عن يد أويمنع

١ـ تأريخ دمشق الكبير (١٤٧/٣٠) .

گوتی: ئەو کەسە عبداللەی کوڕی زوبێرە.[١]

ج ـ نابیغەی کوڕی جەعدەو عبداللەی کوڕی زوبێر:

عبداللەی کوڕی عوروە گوتی: گرانی و نەهاتی سەری نابیغەی کوڕی جەعدەی هەڵگرت لەدەشتەوە بۆشار، هاتە مەککەو لەمزگەوتی (حەرام) خۆی گەیاندە عبداللەی کوڕی زوبێرو پێ ی هەڵگوت:

حكيت لنا الصديق لما وليتنا وعثمان والفاروق فارتاح معدم
وسويت بين الناس في الحق فعاد صباحاً حالك اللون مظلم
أتاك أبو ليلى يجوب به الدجى دجى الليل جواب الفلاة عثمثم
لتجبر منه جانباً دعدعت به صُروف الليالي والزمان

ئیبن زوبێر گوتی: ئەبو لەیلا لەسەر خۆبە، شیعر سوك وسادەترین ئامرازی تۆیە بەلای ئێمەوە، بەڵام تۆ دوو مافت لەماڵی خودادا هەیە: مافێکیان بەهۆی بینینی پێغەمبەری خوداوەﷺ، مافەکەی تریشت بەهۆی بەشداربوونت لەگەڵ موسڵمانان لەماڵیاندا واتە ماڵی گشتی، ئینجا دەستی گرت وبردیە نێو تەویلەو حەوت وشتری بارهەڵگرو وشترێکی سواری پێدا، هەموو وشترەکانی بۆ بارکردن لەدانەوێڵەو خورماو پۆشاك، نابیغە بەهەڵەداوان چنگی لەخواردن نابوو و دەیخوارد، ئیبن زوبێر گوتی: وەیش ئەبو لەیلا چەندەی تین بۆ هاتووە!.[٢]

ئەم هەواڵە هەموو ئەو گێڕدراوانە پوچ دەکاتەوە کەباس لەچروکی ئیبن زوبێر دەکەن، بەپێ ی ئەم هەواڵە:

ئەو ڕژدی وپارێزگاریکردنی ماڵی موسڵمانانی لێك جودا کردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە پاساوی پێدانی ماڵی بەنابیغەی ڕوون کردەوەو هیچ سەنگێکی بۆ شیعرە ستایشئامێزەکەی دانەنا.[٣]

١ـ هەمان سەرچاوە.
٢ـ تأريخ دمشق (١٤٦/٣٠) .
٣ـ موقف الشعر من الحركة الزبيرية ص٤٧ .

د ـ عبداللەی کوڕی عوروەی برازای ئیبن زوبێر:

لەسەر گوزەشتەیەکدا کە(زوبێری کوڕی بکار) گێڕاویەتیەوە هاتووە: عبداللەی کوڕی زوبێر (ئوم حەکیمی)ی کچی لە(عبداللەی کوڕی عوروە)ی برازای مارە دەکا، (عوروە) بیست هەزار درەم بۆ عبداللەی برای دەنێرێ، ئەویش ڕەتی دەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر ماڵم بویستایە لای خەڵکی تر دەستم دەکەوت.[١]

هـ ـ حەمزەی کوڕی عبداللەی کوڕی زوبێر لەزیندانی باوکیدا:

حەمزەی کوڕی عبداللە دوای لەسەر کار لابرانی لەعێراق دێتە لای باوکی، کاتێك باوکی پرسیاری ماڵوپارەی ئەوێ ی لێ دەکا ئەویش دەڵێ: بەسەر خزم وکەس خۆماندا دابەشم کردووە، ئیبن زوبێر دەڵێ: ماڵێکە نەهی تۆیە، نەهی باوکتە، ئینجا زیندانی کرد.[٢]

بەم شێوەیە دەرکەوت: ئیبن زوبێر بەخەم پاراستنی سامانی گشتی یەوە بووە، بەخشینیشی بەدەستی ئەو لەسنووری شەرعی خودا دەرنەچووە.

١ـ جهرة نسب قریش ص٢٦٥ .

٢ـ هەمان سەرچاوە ص٤٠ .

بەشی دووەم

عبداللەی کوڕی زوبێر لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان و عەلی ومعاویەدا

١ ــ لەیەرموك:

هەر چەندە لەگەڵ باوکیدا ئامادەی جەنگی (ئەحزاب)و (فەتحی مەککە)بووە، بەڵام کتێبەکانی (سیرة) ناوی (عبداللەی کوڕی زوبێر)یان کەم وزۆر نەهێناوە؛ چونکە ئەو منداڵکار بووەو کاتێك پێغەمبەری خوداﷺ وەفاتی کردووە تەمەنی لەیازدە ساڵ تێپەڕی نەکردووە، خۆ پێغەمبەرﷺ ڕێگەی بەمنداڵێك نەداوە بەشداری جەنگ بکات تەمەنی نەگەیشتبێتە پازدە ساڵ.

یەکەمین هەواڵ دەربارەی بەشداری عبدالله لە ئامادەبوونی جەنگدا: ئەمەیە! ئەو بەهاوڕێ یەتی باوکی ئامادەی فەتحی شام وجەنگی یەرموك بووە، عبداللە دەڵێ: من لەگەڵ باوکم چووم بۆ جەنگی یەرموك، موسڵمانەکان خۆیان ئامادە باش کرد، (زوبێر) خۆی زرێپۆش کردو شیرو تیرو کەوان وقەڵغانی هەڵگرت و سواری ئەسپەکەی بوو، ئینجا بەدوو نۆکەرەکەی گوت: عبدالله بچووکە، لای خۆتان لەکن کەلوپەلەکە بەندی بکەن.[١]

دوای تەواو بوونی جەنگ وسەرکەوتنی موسڵمانان، عبداللە بەشداری دەرمانکردنی بریندارەکانی کرد.[٢]

ئەگەر چی عبدالله بەهۆی منداڵی بونیەوە بەشداری جەنگی نەکرد، بەڵام بەمە لەسەر جەنگ وتێکچڕژان و بریقەری شیرو - ڕژانی خوێن - ڕاهات وهەر لەمنداڵی ڕا فێری ئازایەتی وشارەزایی نێو جەنگ بوو.[٣]

١ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن عبدالله بن الزبير، ماجد لحام ص٤١ .

٢ـ تأريخ إبن عساكر عن عبدالله بن الزبير، ص٤١ .

٣ـ عبدالله بن الزبير ص٤١ .

٢ ـ ئیبن زوبێر لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتاب‌ﷺ:

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب‌ﷺ بەکۆڵانێکدا تێدەپەڕی، عبداللەی کوڕی زوبێر لەگەڵ هاوڕێ منداڵەکانی، کە لەو کۆڵانە گەمە دەکات، منداڵەکان بەبینینی عومەر ڕایانکرد، ئیبن زوبێر لەشوێنی خۆی ڕاوەستا، عومەری پێ ی گوت: چۆن بوو لەگەڵ ئەوانە ڕات نەکرد؟گوتی: تاوانم مەکردووە تا لێت بترسم، ڕێگاش تەنگەبەر نەبوو تا بۆت چۆڵ بکەم![١].

سەرچاوەکانی مێژوو سەر گوزەشتەیەکی تر دەگێڕنەوە: کە ئازایەتی عبداللە لەقۆناغی منداڵیەوە زیاتر دەردەخات، کەمنداڵ دەبێ ڕۆژێك لەگەڵ منداڵان گەمە دەکات، پیاوێك بەلایاندا دەڕوات و بەسەریاندا دەقیژێنێ، منداڵەکان ڕادەکەن، ئیبن زوبێر دەکشێتەوەو بانگیان دەکات: بمکەنە میری خۆتان بەرەنگاری دەبینەوە، ئەوانیشی گەڕانەوەو وایان کرد.[٢]

٣ ـ نووسینەوەی پەڕاوگەکانی قورئان لەسەردەمی عوسماندا‌ﷺ:

ئەنەس دەگێڕێتەوە: عوسمان فەرمانی دا بەسەر: (زەیدو ئیبن زوبێرو سەعیدی کوڕی عاس وعبدالرحمن ی کوڕی حارس کوڕی هیشام) تا پەڕاوە نوسراوەکانی قورئانی پیرۆز بنووسنەوە، ئەوانیش نووسیاننەوە، عوسمان گوتی: ئەگەر ئێوەو زەید لەشتێکدا جیاوازبوون، بەزاراوی قورەیش بینووسنەوە؛ چونکە بەم شێوەزارە دابەزێنراوە.[٣]

کێ زیاتری دەوێ لەمبارەوە باکتێبی (عن عثمان بن عفان‌ﷺ) بخوێنێتەوە.

١ـ الكامل في التأريخ (٢/٧٥) .
٢ـ نفس المصدر السابق .
٣ـ سير أعلام النبلاء (٣/٣٧٠) .

٤ ـ جیهاد و تێكۆشانی لەباكوری ئەفریقیا لەسەردەمی عوسماندا ﷺ:

عوسمانی كوڕی عەففان ﷺ سەبارەت بەو سوپایەی بەرەو باكوری ئەفریقیای ناردبوو بێ هەواڵ بوو؛ بۆیە عبداللەی كوڕی زوبێری بەتاقمێكەوە بەرەو ئەوێ نارد، عبدالله وتاقمەكەی بەگورجی خۆیان گەیاندە سوپاكەو لایان مانەوە، بەگەیشتنیان دەنگی (الله أكبر) لەنێو سوپاكەدا بەرزبۆوە، (جەرجیر)ی سەرۆكی كافرەكان، گوتی: ئەم دەنگە چی یە؟ گوتیان: هێزیان بەفریا هاتووە، بەمە دەستی شل بوو وئەژنۆی شكا، عبدالله تەماشای كرد ڕۆژانە جەنگ لەبەرەبەیانیدا دەست پێ دەكات و لەگەڵ نیوەڕۆ سوپای ئیسلام ورۆم هەردولایان دەچنەوە نێو خێوەتەكانیان، یەكەم ڕۆژ بەشداری جەنگی كرد، (عبداللەی كوڕی سەعد)ی سەركردەی سوپاكەی نەهاتە بەرچاو، پرسیاریكرد لەكوێ یە؟ گوتیان: لەو كاتەوە گوێ ی لەجاڕچی (جەرجیر)بووە، كەدەیگوت: (هەركەس عبداللەی كوڕی سەعد بكوژێ هەزار دیناری دەدەمێ وكچەكەی خۆمی لێ مارە دەكەم).

بەڵێ لەو كاتەوە لەخۆی دەترسێ وخۆی پەنهان دەكات، ئەویش ئیبن سەعدی بانگ كردو پێ ی گوت: هەر ئێستا فەرمان دەردەكەی یەكێك جاڕ بدا بڵێ:

هەركەس سەری (جەرجیر)م بۆ بێنێ سەد هەزاری دەدەمێ و كچەكەی - جەرجیری - لێ مارە دەكەم و دەیكەمە والی بە سەر وڵاتەكەی خۆیەوە، ئەویش وایكرد، دوای ئەم بانگەوازە (جەرجیر) زۆر زیاتر لە (عبداللەی كوڕی سەعد) دەترساو مەترسی زیاتری ڕێ نیشتبوو.[١]

ئینجا ئیبن زوبێر بەئیبن سەعدی گوت: (بەرنامە - ی شەڕ - مان بەم شێوازە بێت كاتی زۆرمان دەوێ؛ ئەوان لەوڵاتی خۆیانن وكۆمەكیان بەبەردەوامی پێ دەگات، ئێمەش لەموسڵمانان و وڵاتمان دابڕاوین؛ بۆیە پێشنیار دەكەم بەیانی كۆمەڵێكی چاك لەجەنگاوەرە پاڵەوانەكان لەنێو خێوەتەكانیاندا بەئامادەباشی بەجێ بێڵین، ئێمەش تا نیوەڕۆ شەڕێكی باشیان لەگەڵ دەكەین وشپرزەیان

١ـ التأريخ الأسلامي (١٢/٣٨٨) .

دەکەین،کە نیوەڕۆ گەڕانیەوەلای خێمەکان،با جەنگاوەری نێو خێمەکان سواربن و لەنکاو بەسەر یاندا دەدەین، بەڵکو خودا سەرکەوتومان بکات) کۆمەڵێك لەهاوەڵە دیارەکان ئامادەبوون وئیبن سەعد ڕاوێژی لەگەڵ کردن، هەموویان لەسەر ئەم پێشنیارەی ئیبن زوبێر کۆك بوون.

دوای نوێژی بەیانی عبداللە دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پیلانەکە، کۆمەڵێك جەنگاوەری بەجەرگ بەسازو بازی لەنێو خێمەکاندا مانەوە، ئەسپەکانیشیان زین کردبوو، جەنگاوەرەکانی تر چوونە مەیدانی جەنگەوە، جەنگێکی گەرم و گوڕیانکرد، نیوەڕۆدا هات، وەك ڕۆژانی تر ڕۆمەکان ویستیان بڕۆنەوە نێو خێمەکانیان، ئیبن زوبێر ڕێ ی لێگرتن و تاتەواو شپرزەی نەکردن یەخەی بەرنەدان، ئینجا هەردوك سوپا گەڕانەوە نێو سەربازگەکانیان؛ چونکە زۆر ماندوو و مجرۆ بوون چەکەکانیان دانا، لەم کاتەدا: عبداللەی کوڕی زوبێر فەرمانی بە جەنگاوەرانی نێو خێمەکان کرد، پەلاماری ڕۆمەکان بدەن، تاتێکەڵیان نەبوون هەستیان پێ نەکردن، بەیەك هەڵمەت (الله أكبر)یان کردو لێیان دان، ڕۆمەکان فریای جەکهەڵگرتن نەکەوتن، پاشا جەرجیر لەلایەن عبداللەی کوڕی زوبێر کوژرا، کچەکەشی گیرا، ڕۆمەکان کوشتارێکی زۆریان لێکراو تێکشکان، سوپاکەی ئیبن سەعد گەمارۆی شاری (سەبیتەڵە)یداو فەتحی کرد، هێندەی ماڵ گرت کە لەجەنگی تردا ئەوەندە دەستنەکەوتبوو، بەشی هەر سوارێك (٣٠٠٠)سێ هەزار دینار بوو وبەشی هەر پیادە یەکیش هەزار دینار بوو، دوای ئەمە سوپاکە لەوڵات دا بڵاو بۆوە تاگەیشتە (قەفسە)، ئینجا بەرەو قەڵای (ئەجم) ڕۆیشت، کە خەڵکی وڵات لەوێ خۆیان مەڵاس دا بوو، دوای گەمارۆدان بەئاشتی فەتحکرا، خەڵکی ئەفریقیا لەگەڵ سوپای موسڵمان بەئاشتی ڕێککەوتن، کچی پاشا جەرجیر بەر عبداللەی کوڕی زوبێر کەوت، دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە ئیبن سەعد موژدەی سەرکەوتنەکەی بە (عبداللەی کوڕی زوبێر)دا بۆ عوسمان نارد.[1]

١ــ الكامل في التأريخ (٢/٢٣٦،٢٣٧) .

ئیبن کەسیر دەڵێ: ئەمە یەکەمین هەڵوێست ـ ورِوداوە ـ ناوو ناوبانگی عبداللەی کوڕی زوبێر تێدا دەرکەوێ ﷺ.[١]

ئەبو زوئەیبی هوزەلی شاعیر لەگەڵ ئیبن زوبێر لەسەردەمی عوسماندا بۆ (مغرب) دەردەچێت، لەوێ دەمرێ، ئەبو زوئەیب لەو جەنگەدا ئاوا بەئیبن زوبێر هەڵدەڵێ :

وصـــاحب صـــدق كـــسيد الـــضراء
يـــنهض في الغـــزو نهـــضاً نجيحـــاً
وشـــيك الفـــصول بطـــي القفـــول
الا مـــشاحـــــــاً مشيحـــــــاً.[٢]

٥ ـ بەرگریکردن لە عوسمان کاتی گەمارۆدرانی:

ئەو ڕۆژانەی ئاژاوەچییەکان گەمارۆی ماڵی عوسمانی کوڕی عەففانیاندا بوو، ئیبن زوبێریش یەك لە پاسەوانەکانی عوسمان بوو، ئەو زۆری داوا لەعوسمان دەکرد ڕێگای بدا شەڕیان لەگەڵ بکات، بەڵام عوسمان ڕێگەی نەدا.[٣]

کاتێکیش عوسمان فەرمانی بەپاسەوان وبەرگەریکەرەکانی کرد بچنە دەرەوە، ئیبن زوبێر ومەڕوانی کوڕی حەکەم سوور بوون لەسەر مانەوەیان لەلای و بەرگریلێکردنی[٤]،ئیبن زوبێر تیرو شیری زۆربەردەکەون و بەخەستی بریندار دەبێت و خەریك دەبێ گیانی دەرچێ، مەدائینی دەگێڕێتەوە: نۆکەری خاتو صەفیەی کچی حویەی چوار برینداری بەکۆڵی خۆی لەماڵی عوسمان هێناونە دەرەوە، ئیبن زوبێر یەك لەو بریندارانە بووە.[٥]

١ـ البداية والنهاية (٧/١٥٨) .
٢ـ الشعر والشعراء لابن قتيبة (٢/٦٥٣) .
٣ـ الطبقات (٣/٧٠)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص٤١ .
٤ـ تأريخ خليفة ص١٧٤ .
٥ـ أنساب الأشراف (١/٥٦٤)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص٤٢ .

ئیبن زوبێر لەمەککە وتاری دەداو دەیگوت: لەو ڕۆژەدا سێزدە برینم تێبـوون،من ئیمڕۆ دەست لەسەر ئەوجێ برینانە دادەنێم، ئومێدەوارم لەباشـترینی کردەوەکـانم بن.[1]

لێـرەدا هەڵوێـستی ئـیبن زوبێـر لەبەرامبـەر عوسمـان دا ڕوون دەبێتـەوە، کـە عوسمـان بەپێـشەوای خـۆی دادەنـێ، دەسـتدرێژکارانی سـەری بـەتاوانبار دەزانـێ، پێی وایە شەڕکردن لەدژیان باشترین کردەوەیە بەلای خوداوە، لێرەوە تێدەگـەین: بەرگریکردن لە دۆستە ساڵحەکانی خوداو پارێزگاریکردنی گیان و ماڵ و ناموسیان و پـشتیوانیکردنیان لـەکردەوە هـەرە چـاکەکان دەژمێـررێن ڕۆڵگێڕانـی ئـیبن زوبێـر لەبـەرگریکردنی عوسمـان بایـەخی تایبـەتی خـۆی هـەبووە، کـار بـەوە گەیـشتووە عوسمان دەیکاتە ئەمیری پاسەوانەکانی لەڕۆژی گەمارۆداندا، عوسمان گوتی: (کـێ لەسـەریەتی فەرمانـەکانی مـن جێبـەجێ بکـات، باگوێڕایـەڵ و فەرمانبـەرداری ئـیبن زوبێر بێت).[2]

لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: عوسمان فەرمانی بەئیبن زوبێر کرد پێشنوێژی بۆ دانیـشتوانی نێـو ماڵەکـەی بکـات، ئـەویش لـەو ڕۆژانـەداو لـەنێو هـۆڵی خانوەکـەدا پێشنوێژی بۆ کردن.[3]

٦ ــ لەجەنگی (جەمەل)دا:

ئیبن زوبێر لەو ڕۆژەدا پیادە بوو، نۆزدە برینی تێ کەوت، لەگەڵ مالیکی کـوڕی حاریـسی کـوڕی ئەشـتەر کەوتـە زۆرانبـازی، مالیـك ئـیبن زوبێـری لەزەویـدا، بـەڵام نەیهێشت لەسەری ڕاست بێتـەوەو تونـد ئـامێزی گـرت، هـاواری کـرد مالیـك بکـوژن بەمنیشەوە[4]، دوای هێنان وبردنێکی زۆری یەکتر ناچـار یـەکتریان بـەرداو مالیـك بـە ئیبن زوبێر نەوێرا.

١ــ الطبقات، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي .

٢ــ الطبقات (٣/٧٠) .

٣ ــ الطبقات، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي ص٤٢ .

٤ــ البداية والنهاية (١١/١٩٦) .

گوتراوە: ئەو ڕۆژە چل و چەند برینێکی تێ ببوو وخەڵتانی خوێن ببوو و لاشەکەی لەنێو کوژراواندا دۆزرایەوە، کە بینیان خەریکی گیانەڵا بوو، بەڵام نەمرد، عائیشە ﵂ دەهەزار درەمی موژدانەدا بەو کەسەی هەواڵی مانی عبداللەی بۆ هێناو سوژدەی شوکری بردو سوپاسی خودای کرد، عائیشە عبداللەی خوارزای زۆر خۆش دەویست و ڕێزو حورمەتی بۆ هەبوو، عوروەی کوڕی زوبێر دەڵێ: عائیشە ﵂ دوای پێغەمبەری خودا ﷺ و ئەبوبەکری بابی ﵁ کەسی تری بەئەندازەی عبداللەی کوڕی زوبێر خۆش نەدەویست، هەروەها باوکم و عائیشە بەئەندازەیەك نزایان بۆ عبداللە دەکرد کەبەو شێوەیە بۆ کەسێکی تر لەبەر خودا نەدەپاڕانەوە.[١]

٧ ــ جیهادو تێکۆشانی لەسەردەمی معاویەدا ﵁:

کە (معاویەی کوڕی حەدیج) کاروباری ئەفریقیای کەوتە بەردەست، عبداللەی کوڕی زوبێر دەستی بەهێزی ئەو بوو لەجیهادو فەتح کردندا، معاویەی کوڕی حەدیج ساڵی ٤١ك بەسوپایەکی دەهەزاریەوە بەڕێکەوت و (بتررت)ی فەتح کرد، ساڵی ٤٥ك چووە نێو (قەیرەوان)ەوەو سریە سەربازیەکانی لەوڵاتدا بڵاوکردنەوە، عبداللەی کوڕی زوبێری بەرەو (سوسە) ناردو ئەویش فەتحی کرد[٢]، هەروەها عبداللەی کوڕی زوبێر لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لەهاوەڵان وەك ئەبو ئەیوبی ئەنساری وحوسێنی کوڕی عەلی وعبداللەی کوڕی عومەرو ئیبن عەبباس وکەسانی تریش لەگەڵ سوپایەك بەسەرکردایەتی یەزیدی کوڕی معاویە بەرەو قوستەنتینیە بەڕێکەوت.[٣]

---

١ ــ البدايۃ والنهاية (١١/١٩٧) .

٢ ــ للبيان المغرب (١/١٦،١٧)، عبدالله بن الزبير، محمود شاكر ص٤٣ .

٣ــ تأريخ الطبري (٦/١٤٨)، عبدالله بن الزبير لمحمود شاكر ص٤٣ .

بەشی سێهەم

بزووتنەوەی عبداللەی کوڕی زوبێر لەسەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە.

یەکەم: بەیعەتی یەزید.

کاتێك معاویە مرد یەزید لەوێ نەبوو، کە هاتەوە نێژرا بوو، بەرەو ئەو شوێنەی باوکی لێ نێژرا بوو ڕۆیشت، نوێژی جەنازەی لەسەر کردو موسڵمانانی لەدوا بوو و چوا (الله أكبر)ی کرد.[1]

پاشان سوار بوو وچووە نێو شار، جاڕیدا خەڵك کۆببێتەوە ونوێژ دەکرێت، ئینجا چووە نێو کۆشکی (خەزرا) کە باوکی دروستی کرد، خۆی شوشت وبەرگێکی بەنرخی ڕازاوەی پۆشی، ئینجا هاتە دەرو یەکەم وتاری بۆ جەماوەر خوێندەوە وەك ئەمیری ئیمانداران، دوای سوپاس وستایشی خودا، گوتی: ئەی خەڵکینە معاویە بەندەیەك بوو لە بەندە بچووکەکانی خودا، خودا نازو نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشت و پاشان بۆ لای خۆی بردەوە، ئەو لەوانەی دوای خۆی دێن باشتر بوو، لەخوارترە لەوانی پێش خۆی، پێش خودا ناکەوم وستایشی معاویە ناکەم، چونکە خۆی چاکتری دەناسێ، ئەگەر لێ ی خۆش بێت لەئەنجامی بەزەیی خۆیەتی، ئەگەر سزاشی بدات ئەوا بەهۆی تاوانی معاویە خۆیەتی، من دوای ئەو کاروبارم کەوتە دەست، لەسەر هیچ داواکاریەك قەڵس نابم، هیچ زێدەڕۆیی یەکیش لەکەس قبوڵ ناکەم، خودا ویستی لەسەر شتێك ببێ دەبێ ببێ، هەروەها گوتی: معاویە لەنێو دەریادا جەنگی پێ دەکردن، من کەس نابەمە دەریاوە بۆ جەنگ، معاویە دەیبردنە نێو خاکی ڕۆمەوە، من ناتانبەم بۆ ئەوێ، معاویە ماڵی لێ دەکردن

---

[1] ١ـ البداية والنهاية (١١/٤٥٩) .

بەسێ یەك، من دەڵێم با هەمووی بۆ خۆتان بێ) ئینجا خەڵك ـ ی ئەوێ ـ بڵاوەیان لێکردو کەسیان لەئەو بە لەپێشتر نەدەزانی.[١]

یەزید لەم وتارەیدا: ئەو سیاسەتەی کە بڕیاریداوە پێتیەوە پابەند بێت لەماوەی حوکمڕانی خۆیدا خستیە ڕوو، بەم سیاسەتەی توانی خەڵکی شام بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، زۆرینەی ئوممەتیش لەسەر بەیعەتدان بەیەزید کۆك بوون.

بەواتایەکی تر: دوا بەدوای مردنی باوکی بەیعەت بۆ یەزید نوێکرایەوە، جگە لەحوسێنی کوڕی عەلی و عبداللەی کوڕی زوبێرﷺ کەسی تر ـ لەهاوەڵان ـ دژایەتی نەکرد.[٢]

هەریەك لەم دوو ـ هاوەڵە گەور ـ انە شتی خۆیان لەگەڵ یەزید هەبووە، بەئیزنی خودای بەرزو مەزن لەمەو دوا دەبینین چبوە.

بەڵام تەواوی هاوەڵان لەپێناوی یەکبوونی وشەو بڕیارو پاراستنی یەکێتی ئوممەت وبەرگرتن لەفیتنە وئاژاوە بەیعەتیان بەیەزیددا، لەنێو ئەو هاوەڵانەدا عبداللەی کوڕی عەبباس وعبداللەی کوڕی عومەرو مەحەممەدی کوڕی حەنەفییە بەر چاو دەکەون.[٣]

خەڵکی شام وعێراق و وڵاتانی تریش بەیعەتیاندا، بەڵام وڵاتی حیجاز بەپێشەوایەتی حوسێنی کوڕی عەلی وعبداللەی کوڕی زوبێر لەدژی یەزید ڕاوەستا.

هەندێك هۆنراوە سەبارەت بەبەیعەتی یەزید:

هۆنراوەی عبداللەی کوڕی هەممام لەیەك کاتدا سەرەخۆشی بابی لێ دەکاو پیرۆزبایی لەخۆشی دەکات:

إصبر يزيد فقد فارقت ذامقة	واشكر حُباء الذي بالملك حاباكا
لارُزءَ أعظم في الأقوام نعلمه	كما رُزئت ولاعُقبى كعُقباكا

١ـ البداية والنهاية (١١/٤٦٠) .
٢ـ البداية والنهاية (١١/٤٦٧)، العالم الاسلامي في العصر الأموي ص١٣٠ .
٣ـ العالم الأسلامي في العصر الأموي ص١٣٠ .

أصبحت راعي أهل الدين كلهم   فأنت ترعاهم والله يرعاكا
وفي معاوية الباقي لنا خلف   إذا نعيت ولانسمع بمنعاكا.[١]

یەزید دوای بابی لەڕەجەبی ٦٠ك دەسەڵاتی گرتە دەست و٦٨ك بەمردنی کۆتایی بەدەسەڵاتی هات یەزید کاربەدەستەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی باوکی لەسەر پۆستەکانی خۆیان هێشتەوە، ئەمیر (مدینە) وەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو سوفیان بوو، ئەمیر (مکە) عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاس بوو، ئەمیر (کوفە) نوعمانی کوڕی بەشیر بوو، ئەمیر (بصرە) عبداللەی کوڕی زیاد بوو.[٢]

یەزید کاری خۆی لەسەر ئەو کەسانە چڕکردەوە کە لەژیانی باوکیدا بەیعەتیان پێ نەدابوو، گرنگترینیان حوسێنی کوڕی عەلی بوو لە(مدینە)؛ بۆیە نامەیەکی بۆ وەلیدی کوڕی عوتبەی ئەمیری مەدینە ناردو هەواڵی مردنی باوکی تێدا ڕاگەیاند بوو؛ دەقی نامەکە ئاوا بوو: بسم الله الرحمن الرحيم: لەیەزیدی ئەمیری ئیمانداران بۆ وەلیدی کوڕی عوتبە، دوای ئەمە: معاویە بەندەیەکی نێو بەندەکانی خودا بوو، خودا ڕێزی لێناو کردی بەخەلیفە، هەلی بۆ ڕەخساندو دەسەڵاتی پێدا، بەقەدەری خودا ژیاو بەئەجەل مرد، خودا بەزەیی لەگەڵ بنوێنێ، بەستایشکراوی ژیاو لەسەر چاکەو پارێزکاری مرد، والسلام.[٣]

وەلیدی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبوسوفیان: لەبەرامبەر حوسێنی کوڕی عەلی وعبداللەی کوڕی زوبێر نەرمونیان وئاسانکار بوو وتۆبزی لێنەکردن بەیعەت بەیەزید بدەن؛ چونکە وەلید پیاوێك بوو حەزی لە لێبوردن بوو[٤]، بەبەزەیی وخاوەن شەهامەت وبەخشندە بوو[٥]، زۆر لەسزاو تۆڵەی خودا دەترسا؛ لەبەر ئەمە پەنای نەبردە بەر بەندکردن یان کوشتنی حوسێن، ئەو دەیگوت: سوێند بەخودا: حەز ناکەم حوسێن بکوژم، ئەگەر هەموو ماڵی دنیا خۆری بەیانی لەسەری هەڵاتبێ

١ـ الشعر والشعراء لابن قتيبة (٢/٦٥٢) .
٢ـ البداية والنهاية (١١/٤٦٧) .
٣ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ الأخبار الطوال ص٢٢٨، يزيد بن معاوية للعقيلي ص٢٨ .
٥ـ تأريخ خليفة ص٢٣٣، يزيد بن معاوية ص٢٨ .

وبەسەریدا ئاوا بووبی هی من بێ، سبحان اللە! حوسێن بکوژم هەر لەسەر ئەوە دەڵێ: بەیعەت نادەم! بەخودا باوەڕ ناکەم کەسێك حیسابی خوێنی حوسێنی لەگەڵ بکرێت لەلای خودای گەورە لەقیامەت تاتەرازوو - ی خراپەکانی - سوك بێت. مەڕوان گوتی: ئەگەر ئەمە ڕای خۆت بێ بەڕاستی پێکاوەتە وکارت دروستە.[1]

یەکەم بڵێسەی ئاگری شەڕو فیتنە - ی نێو خۆ - کە لەنێو موسڵماناندا هەڵایسا، بەهۆی ڕژد بوونی یەزید بوو لەسەر وەرگرتنی بەیعەت لەحوسێن وئیبن زوبێر، هەر یەکەیان بۆی دەرکەوت: ئەگەر بەیعەت نەدا ئەوا دەبێتە قەربانی هەواو بیرە هەڵە شەکەی یەزیدو شیری پشتیوانانی خەلیفەی تازەی لەبەرامبەردا لەدژی ڕاست کراوەتەوە؛ بۆیە هەردوکیان - مەدینەیان بەجێهێشت و - پەنایان بەخودا گرت و ئەمانیان لە مەککەی پیرۆزو بەیتولحەڕام گرت.

یەزید کاتێك کاربەدەستەکانی باوکی بەسەر ویلایەتەکانەوە جێگیر کردنەوە ئەمە کارێکی باش بوو بۆ ئارامبوونی کاروبار تێیاندا، بەڵام زیرەکیەکەی خیانەتی لەگەڵ کردو تووشی هەڵەی گەورەی کرد، کاتێك سوور بوونی خۆی ڕاگەیاند بۆ بەزۆری بەیعەتدانی حوسێن وئیبن زوبێر، ئەم شێوازە داوایەی هەڕشەی پێوە بوو، هەڕشەی تۆقاندن وکوشتن، هەردوکیان بۆیان دەرکەوت: مانەوەیان لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی یەزیددا بەترس و تۆقاندن تۆق دراوە، بۆیە بیریان لەجێگەی ئەمان وزەمان کردەوە، ئەم ئەمان زەمانەشیان نەدۆزیەوە تەنها لەڕێ ی چەکدارکردنی لایەنگرەکانیانەوە نەبێ، خۆیان وهێزە سەربازیەکەیان لە(مەککە) جێگیر کرد کەبۆ یەزید وباریدەدارانی قورس و گران دەکەوێ دەستی بیانگاتێ، ئەوان لەپەنا ماڵی خودا جێگیر بوون، کە خودا دەربارەی فەرموویەتی: ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا﴾ آل عمران:٩٧.

ئەم خڕ بوونەوەو خۆ پڕچەککردنە هیچ بەرهەمێکی لێ نەکەوتەوە جگە لە لەدەستدانی ژیان وگیانی هەزاران موسڵمان، لەسەروی هەموشیانەوە حوسێنی

١ـ تأريخ الطبري (٦/٢٥٩) .

کوڕی عەلی ﷺ کە لەکەربەلا لەلایەن تاقمێکی ستەمکاری نێو سوپای یەزید شەهید کرا.[١]

ئەمە هەمووی لەئەنجامی هەڵەکەی یەزید بوو، ژیانی - حوکمڕانی - بەمە دەستی پێکردو لەگەڵیدا مایەوە تا ئەو ڕۆژەی تێیدا مرد، نەیتوانی لێ ی دەرباز بێت، گەورەی زنجیرەی غەڵەتەکانی خەلیفە ڕۆژ بەڕۆژ درێژ تردەبوو، لەگەڵ زۆر بوونی کاروبارەکان غەڵەتەکان گەورەتر دەبوون، گوریسی گرفتەکان گرێیان زیاتر دەبوو، کەخەریکی چارەسەری کێشەیەك دەبوو، کێشەیەکی گەورەترو سامناکتری بۆ دەهاتە پێشەوە، سەرەتای کێشەکان بەسوور بوونی یەزید لەسەر بەتۆبزی بەیعەتدانی حوسێن وئیبن زوبێر دەستی پێکرد، ئینجا سەری کێشا بۆ دروستبوونی بەرەیەکی بەرهەڵستکارو ئامادە بۆ کوشتار، لەوێشەوە بەرەو کارەساتی کەربەلا، کارەساتی کوژرانی کوڕی کچی پێغەمبەری خودا ﷺ، ئینجا تووڕە بوونی موسڵمانان وڕاگەیاندنی ئیبن زوبێر بۆ دەرچوونی لەدژی خەلیفە، ئەم تووڕە بوون ودوژمنکاریە درێژەی کێشاو کارەساتی (حەرە)ی لێکەوتەوە، دەم وچاوو ڕەنگوڕووی خەلیفە لەبەر چاوو دڵی موسڵمانان بێزار، پاش کەمێك دوای ئەم ڕوداوانە دەمرێ، خەونی معاویە دەربارەی وەلی عەهدەکەی چی بەسەرهات؟.

بەپێ ی زۆرینەی بۆ چوونەکان، یەزید لەبەر چەند هۆیەك کەوتە نێو تەڵەی ئەو هەڵە زەقانەوە، وەك: نەبوونی ڕاوێژکاری داناو زانا لەدەورەی و کەمی تەمەنی و کەمی شارەزایی و بەهەمان شێوە یەزید عەقڵی بابی نەبوو و ئەو ئیرادە بەهێزەشی نەبوو بتوانێ کێشەکان بەئاشتی وبێ ئاژاوە چارەسەر بکات.

١ـ الأمويون بين المشرق والمغرب (١/١٩٨) .

ئەو کارەساتانەی لەسەردەمی یەزیددا ڕوویاندا

کوژرانی حوسێن، ڕوداوی (حرة) لەمەدینە، گەمارۆدانی مەککە بەمەبەستی لێدانی ئیبن زوبێر.

یەزید مۆرێکی ڕەشی بەسەردەمی حوکمڕانی خۆیەوە نوساند، بەهەموو ئاوی دەریاکان لاناچێت، ئاوی زوڵاڵی ڕوبارەکانیش ناتوانێ تاڵاییەکەی بکۆڕن.[1]

ئەهلی سوننە و جەماعە بەیعەتی یەزید بەدروست دادەنێن، بەڵام دوو ڕەخنەیان لێ گرتووە:

١ ــ معاویە بیدعەیەکی نوێ ی داهێنا لەخیلافەتدا:

ئەویش گواستنەوەی ئەو پۆستە لەبابەوە بۆ کوڕو لەکوڕەوە بۆ نەوەو نەتیجە، دوای ئەوەی دیاریکردنی خەلیفە بە دەست ئەهلی شورا بوو و حیساب بۆ نزیکایەتی و خزمایەتی نەدەکرا چ جای بۆ کوڕ!، لێرەدا ئەهلی سوننە و جەماعە ئەم یاسا نوێ یە ـ یاسای میراتگری لە خیلافەدا ـ ڕەت دەکەنەوە بەبێ ڕوانین بۆ جۆری کەسەکە.

٢ ــ لەڕوانگەی ئەهلی سوننەو جەماعەوە:

ئەو کاتەی معاویە (یزید)ی کردە وەلی عەهد، خەڵکانی لەپێشترو باشتر هەبوون لەیەزید وەك: ئیبن عومەر وئیبن زوبێر وحوسێن وکەسانی تریش.[2]

بەڵام لەڕوانگەی شیعە: دەبێ ئیمامەت یان خیلافەت تەنها لەعەلی وڕۆڵەو نەوەکانی بێ، ئەوا ڕەخنە لەخودی بەیعەتی یەزید ناگرن، بەڵکو ڕەخنەیان ڕووی لەهەر بەیعەتێکە کەبۆ غەیری عەلی وڕۆڵەکانی دەبەسترێ، ڕەخنە لەبەیعەتی ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان ومعاویە دەگرن؛ چونکە پێیان وایە ئەم مافە بە(نص) بۆ

١ـ الأمويون بين المشرق والمغرب (١/١٩٩)، بتصرف كبير .

٢ـ حقبة من التأريخ ص١٢٤ .

عەلی وڕۆڵەکانی چەسپاوە، تاکۆتایی دنیا هەر ئاوا دەمێنێتەوە.[١]

لەکتێبی (عن أمیر المؤمنین علي بن أبي طالب)دا (بیروباوەڕی شیعە بۆ ئیمامەت)م لێکداوەتەوەو بێ بێوەرۆکی ئەم دەعوایەم دەرخستووە.

دووەم: بزووتنەوەی عبداللەی کوڕی زوبێر لەسەردەمی یەزیددا:
ئیبن زوبێر ﷺ بڕیاریدا بەیعەت بەیەزید نەداو بچێت لەمەککە ئام بگرێت.

أ ـ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی (مەککە):

ژمارەیەك هۆکار وایان لەئیبن زوبێر کرد (مەککە) بەگونجاوترین شوێن دابنێ وبیکاتە پەناگاو ئارامگای خۆی: گرنگترینی ئەو هۆیانە:

١ ـ لەقۆناغی ئێستادا هەرێمی (مەککە) بەپێچەوانەی هەرێمەکانی تر لەبارترین هەرێمە بکرێتە پەناگا: (عێراق) بە هەردوك شارەکەیەوە (کوفەو بەسرە) دانیشتوانەکەیان جێگەی پشت پێ بەستن نین وبۆ داڵدەدانی هەر سەرکردەیەکی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی بەنی ئومەییە، ئەوەی بەسەر حوسێنیان هێنا باشترین بەڵگەی ئەم قسەیە مانە، ئیبن زوبێر بەباشی لەمە حاڵی ببوو، ئەم حاڵی بوونەشی لەکاتی ئامۆژگاریەکانی دەردەکەوێت بۆ حوسێنی کوڕی عەلی، کاتێك پێی گوت: مەچۆ بۆ عێراق.[٢]

پێ ی گوت: بۆ کوێ دەچی؟! بۆ لای گەلێك باوکتیان کوشت وتانەو تەشەریان لەبراکەت دەدا؟!.

(میسرو یەمەن)یش: لە گۆڕەپانی ڕووداوەکان دوربوون، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لەم دوو هەرێمەدا پشتیوان ولایەنگری ئیبن زوبێر دەست نەدەکەوتن.
(شام)یش ـ وەك زانراوە پایتەخت وقەڵای ئومەویەکانە.

٢ ـ (مەککە) ـ بەهۆی بوونی ماڵی خودا لەوێدا ـ وڵاتێکی حەرامەو دروست نیە خوێنڕێژی تێدا بکرێت، ئەمە کەفیلە بۆ پاراستنی کەسانێك بیانەوێ بیکەنە

١ـ هەمان سەرچاوە.

٢ـ نسب قریش ص٢٣٩ للزبیري .

پەناگەی خۆیان وخۆی پێ لەکوشتن دەرباز بکەن، مەگەر کەسێك تاوانێکی وای کردبێ واجب بێ بکوژرێتەوە تیایدا، بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی هێز بەلانی کەمەوە دەبێ وەك دواچارەسەر بکرێت بۆ ئەو حوکمە تایبەتیە.

٣ ـ (مەککە) ڕێزو حورمەت وپیرۆزی تایبەتی خۆی هەیە لەنێو دڵ ودەروونی موسڵمانانندا؛ لەبەر ئەوە هەرکەسێك بیەوێ بێ ڕێزی بەرامبەر بنوێنێ وزیانێکی پێ بگەیەنی ڕووبەڕووی بەر هەڵستکاریەکی توند دەبێتەوە لەلایەن تەواوی موسڵمانانەوە.

ئیبن زوبێر زۆری سوود لەم خاڵە وەرگرت.

٤ ـ ساڵانە لەوەرزی (حەج)دا هەزاران موسڵمان لەوڵاتە جۆراو جۆرەکاندا ڕوو لە(مەککە) دەکەن، کەدەتوانرێ لەم وەرزەدا ڕای گشتی کاری لەسەر بکرێت و ئاڕاستە بکرێت، ئەمەش جگە لەهەرێمێکی وەك (مەککە) لە هیچ هەرێمێکی تر دەستەبەر ناکرێت.

٥ ـ مەککە لەدوای کۆچی پێغەمبەری خوادﷺو هاوەڵانی، سیاسەت وحوکمڕانی تێدا نەگێڕدرا بوو، حوکمڕانی ئومەویش لەمەککەدا بێ هێز بوو.

٦ ـ لەکۆتاییدا: بزووتنەوەکەی ئیبن زوبێر پەیوەست بوو بەزۆرینەی خەڵکی مەدینە، کەهاو هەڵوێستی ئیبن زوبێر بوون لەدژایەتیکردنی حوکومەتی بەنی ئومەییە، کەواتە واگونجاوە ئیبن زوبێر لەمەدینە نزیك بێت وپشتیوانی دانیشتوانەکەشی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و زوو زووش پەیوەندیان پێوە بکات.[1]

ب ـ هۆکارەکانی دەرچوونی ئیبن زوبێر و هاوەڵانی:

ئامانج لەدەرچوونی ئیبن زوبێرﷺو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ـ کە لەنێویاندا ژمارەیەك هاوەڵ وتابیعی هەبوون وەك (میسوەری کوڕی مەخرەمەو عبداللەی کوڕی سەفوان وموسعەبی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی عەوف وژمارەیەکی تر

١ـ عبدالله بن الزبير والأمويون ص٧٠،٧١ عبدالله بن عثمان .

لەڕێزدارانی ئەو سەردەمە - گۆڕینی واقیع بوو بەشیر، واقیعێك کەخیلافەت وحوکمڕانی تێدا چوو بووە قۆناغی پاشایەتی ومیراتگری، هەواڵگەلێکی زۆریش دەربارەی یەزید بڵاو ببوونەوە کە ڕەنگوڕوی خەلیفەی ئومەویانی لەشام بەناشیرین نیشان دەدا.

لێرەدا پێویستە تێ بگەین: ئیبن زوبێر لەبەر خودا ڕاپەڕی، نەك بۆ شتێکی تر، خەڵکانێکی وەك (مەحەممەد ماهر حمادە) دەڵێن گوایە: لەگەڵ ئەوەدا بزووتنەوەکەی ئیبن زوبێر لەتێکەڵەیەکی چەند ڕەگەزی سەر سوڕهێنەر پێکهاتبوو، ئەوا هەوای کەڵلەو ڕق وکینەی دڵ هەڵی دەسوڕاند، کەلەکەسایەتی ودەروونی ئیبن زوبێردا خۆیان دەنواند.[1]

بێگومان ئامانجی بزووتنەوەکەی: گێڕانەوەی ئۆممەت بوو بۆ ژیانی شوڕاو ڕاوێژو، لەلایەن باشترینی ئەندامەکانیەوە حوکمڕانی بکرێت، دەترسا جێنشینایەتی ببێتە پاشایەتی؛ بۆیە بەلایەوە بەکارهێنانی هێز لەلابردنی خراپەدا لەخودای نزیك دەکاتەوەو سنورێکیش بۆ گواستنەوەی سیستەمی جێنشینایەتی بەرەو سیستەمی پاشایەتی دادەنێت، هەر لەبەر ئەمە بوو تا (یەزید) نەمرد بانگەشەی بەیعەتی بۆ خۆی نەکرد.[2]

ئیبن زوبێر وتاری دەداو دەیگوت: سوێند بەخودا، جگە لە چاکسازی و هەستاندنەوەی هەق چی ترم ناوێ، من نامەوێ ماڵ کۆکەمەوەو بەسەنئەی بکەم.[3]

دەیگوت: خودایە گەیشتن بەتۆم پێخۆشە، تۆش گەیشتن بەمنت لاخۆش بێ، شەڕم لەگەڵ دوژمنی تۆ کردووە، تۆش پاداشتی موجاهیدانم پێ ببەخشە[4]، عبداللەی کوڕی سەفوانی کوڕی ئومەییە بە ئیبن زوبێری دەگوت: وەڵلاهی من بەهاوشانی تۆ نەجەنگاوم تەنها لەپێناوی دینەکەمدا نەبووبێ.[5]

١ـ الوثائق السياسية للجزيرة العربية ص١٨ .
٢ـ الطبقات (٥/١٤٧) .
٣ـ أنساب الأشراف (١/٣١٥) .
٤ـ تأريخ إبن عساكر، نقلاً عن عبدالله بن الزبير والأمويون ص٦٧ .
٥ـ أخبار مكة للفاكهي (٢/٣٦٤) .

لەمبارەوە گێڕانەوەی زۆرو ڕاست هەن، دەکرێ بیانکەینە بەڵگە بۆ هەقانیەتی بزووتنەوەکەی ئیبن زوبێر، لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی (مەدینە) پێیان وابوو ئەم بزووتنەوەیە جیهاد کردنە لەپێناوی خودادا.[١]

دەرچوونی حوسێنی کوڕی عەلی وعبداللەی کوڕی زوبێرو ئەهلی (حەڕڕە) ﷺ ـ لە پێناوی گێڕانەوەی شوڕادا بووە، بەپێ ی ئەم بەڵگە شەرعیانە:

١ ـ بەرگریکردن لەو مافەی خودا پێیداون:

٢ ـ زەوتکردنی حوکمڕانی خراپەو ستەمە وواجبە نەهێڵرێ.

٣ ـ دەستگرتن بەسوننەت و ڕێبازی خەلیفە ڕاشیدەکان لەبواری خیلافەت و حوکمڕانیدا.[٢]

چەند شتێك بوونە هاریکار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئیبن زوبێرو کۆبوونەوەی خەڵك لەدەورەی، لەوانە:

کاردانەوەی کارەساتی کەربەلا، خراپنامەی مێژووی ژیانی یەزید، تاڵۆکە کردنی یەزید لەلابردنی والیەکانی وڵاتی حیجاز لەسەر پۆستەکانیان، حیجازێك کەمەڵبەندی قورسایی سیاسی بوو لە سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفە ڕاشیدەکان.[٣]

ج ــ هەوڵە ئاشتی یەکانی یەزید بۆ گێڕانەوەی ئیبن زوبێر:

ئیبن زوبێر زۆری بەگوێ ی حوسێن دا خوێند تا دەرنەچێ بۆ کوفە، پێ ی گوت: بۆ کوێ دەچی؟!، بۆ لای گەلێك دەڕۆی باوکتیان کوشت وبراکەتیان بەر تانەو تەشەر دەدا ؟!.[٤]

ئەم هۆشداریەی دا بەحوسێن؛ چونکە هەستی پێکردبوو حوسێن دەکەوێتە حاڵەتێکی ترسناکەوە، دەشیزانی ئەگەر حوسێن لەعێراق تووشی لەنێو چوون ببێ،

١ـ عبدالله بن الزبير والأمويون ص٦٧ .

٢ـ الحرية أو الطوفان ص١٢٤،١٢٥ .

٣ـ عبدالله بن الزبير د.شحادة الناطور ص٩٦_٩٨ .

٤ـ مصنف بن أبي شيبة (١٥_١٩) بسند حسن .

ئەوا ئەنجامەكان بەدژی ئەو دەشكێنەوەو خۆی ـ واتە ئیبن زوبێر ـ لەمەیداندا تاك دەبێتەوەو بەئاسانی كۆتایی بەئەویش دەهێنرێ؛ لەبەر ئەمە زۆری هەوڵدا: حوسێن هەست بەگرنگی جێگەو پێگەو ڕێزو پایەی خۆی بكات ـ لەحیجازداو ـ ئەگەر لەمەككە بمێنێتەوە هەموو دانیشتوان لەسەرووی هەموشیانەوە ئیبن زوبێر قەدری تەواوی دەگرن وپشتیوانی دەكەن، بۆیە زۆر دلێرانەو بوێرانە ڕای خۆی بۆدەربڕی و گوتی:

ئەگەر دەتەوێ لێرەبی لێرە بمێنەوەو مەڕۆ، ببە براگەورەو ئەمیرمان، پشتگیری و هاریكاری تەواوت دەكەین، دڵسۆزیت بۆ دەنوێنین و بەیعەتت پێ دەدەین.[١]

دیارە ئیبن زوبێر لەڕوانگەی ئەوە: حوسێن خاوەن پلەو پایەو جێگای تایبەتە لای موسڵمانان وڕێزو ستایشێكی بێ ئەندازەی هەیەو كەس لەم بوارەدا پێ ی ناگات؛ ئەوا دەیەوێت سەركردایەتی گشتی بەدەست حوسێنەوە بێت، لەلایەكی ترەوە بەحوكمی ئەوەی خۆی خاوەن بەشێكی باشە لەبەشداریكردنی هێرشی سەربازی سەركەوتوانەی گۆڕەپانی جیهادو فەتحی ئیسلامی، پێی باشە نەخشەو پیلانی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەبەرامبەر یەزیدی كوڕی معاویە بەدەست خۆیەوە بێت.

ئیبن زوبێر پێی چاك بوو ولاتی حیجاز بكاتە مەڵبەندی وەرچەرخان و پەلهاوێشتنی بزووتنەوەی بەرهەڵستكاری؛ چونكە دانیشتوانەكەی ڕاستگۆ ـ یەو خاوەن بەڵێنەو خودا پەرست وچاكە خوازەو زانایانی هاوەڵ وشوێنكەوتووە گەورەكانی لێن و، بوونی هەردوك حەرەمی (مەككەو مەدینە)ش ڕێزو پێگەی تایبەتی خۆیان لەنێو دڵو دەروونی موسڵماناندا هەیە، كەواتە ئەگەر دەسەلاتی تەواویان بەسەر حیجازدا پەخشبوو، ئەوا بزووتنەوەكەیان چەندین هەنگاوی گەورە دەهاوێ بۆ هەرێمەكانی تری جیهانی ئیسلامی، كاتێكیش موسڵمانان بۆ حەج و عومرە هاتنە حیجاز بێگومان هەواڵی هەردوك بەرهەڵستكار (حوسێن وعبدالله)و جێگەو پێگەی ئاینی وسیاسی وكۆمەلایەتی ئەوان دەگەیەنن بەخەڵكی

١ـ أنساب الأشراف (١٣/٤)، موافق المعارضة ص٥١٨ .

هەرێمەکانیان، ئەمەش سەردەکێشیٚ بۆ سرنج ڕاکێشانی دانیشتوانی هەرێمەکان و زۆر بوونی پشتیوانانیان.

کاتێك حوسێنﷺ بەرەو کوفە ڕۆیشت ولەڕۆژی عاشوڕای ٦١ك لەکەربەلا کوژرا، ئەم کارەساتە کاریگەری گەورەی لەسەر ئیبن زوبێرو بزووتنەوەکەی دروستکرد، ئەو شتەی ئیبن زوبێر لیٚ ی دەترسا ـ لەخۆ تەنها کردنی ئومەویەکان بەئەووە ـ هاتەدی، پاشان ئەو کەسەی ڕێزو چێگەو پێگەی بۆ بزووتنەوەکە زۆر کردبوو کوژرا، لەگەڵ ئەمەشدا کەس ورتەی لێنەهات وبۆ حوسێن نەجۆشاو لەدژی ئومەویەکان ڕانەپەڕی.[١]

لەوانەیە ئەم تاکبوونەوەی ئیبن زوبێر لە گۆرەپانی دژایەتی دا وای لەئیبن خەلدون کردبێ بڵێ: کەس لە دژایەتیکردنی ئەم پەیمانە ـ ی جەماوەری موسڵمانان لەسەری یەکدەنگ بوو ـ نەمایەوە جگە لەئیبن زوبێر، شاز بوونی بەرهەڵستکاریش شتێکی زانراوە.[٢]

ئیبن زوبێر هەستی بەهەڵوێستە مەترسیدارەکەی کرد، بەڵام هەوڵیدا سوود لە هەموو ئەو ڕق وکینە وەربگرێت کە لەدڵ و دەروونی موسڵماناند لەدژی ئومەویەکان لەسویٚ ی کوژرانی حوسێن پەنگی خواردۆتەوە.[٣]

١ ـ یەکەمین هێرشی ڕاشکاوی ئیبن زوبێر لەدژی یەزید: ئەو کاتە بوو هەواڵی کوژرانی حوسێنﷺ ی بیست، هەستایە سەر پیٚ ولەنێو ئاپۆڕای جەماوەردا و تارێکی کاریگەری خوێندەوە، پەرۆشی خۆی بۆ حوسێن دەربڕی، سەرزەنشتی بکوژەکانی کردو گوتی: بەخوا کەسێکیان کوشتووە؛ شەونێژی زۆری هەبوو، ڕۆژگاری ژیانی بەڕۆژوو بوو، شایانتر بوو لەئەوانە بۆ حوکمڕانی، لەپێش ئەوەوە ـ یەزید ـ بوو لە دینداری وچاکەدا، قەسەم بەخوا: قورئانخوێندنی بەگۆرانیگوتن و گریان لەترسی خودای بە بالۆرەو حەیران وبەڕۆژوو بوونی بەخواردنەوەی خەمر

١ـ موافق المعارضة ص٥١٩ .
٢ـ مقدمة إبن خلدون (٤٦٥/١) .
٣ـ موافق المعارضة ص٥٢٠ .

نـەگۆڕیبۆوە، لـەجیاتی دانیـشتن لـەکۆڕی زیکـر نەدەچـووە دەشـت ودەرو خـۆی هەڵباوێ بۆ نێچیر فسوق یلقون غیاً.[١]

هەست وسۆزو پەرۆ شبوونی زۆری خەڵکی حیجاز بەگشتی بۆ حوسـێنﷺ پـاڵی پێوەنان بەیعەت بەئیبن زوبێر بدەن[٢]، ئیبن زوبێـر تێبینـی کـرد دانیـشتوانی حیجـاز دڵ ودەرونیان پڕبووە لەداخ و ڕەق وکینە ـ لەدژی ئومەویـەکان ـ بـەهۆی کـوژرانی حوسـێنﷺ لەلایـەن ئەوانـەوە؛ بۆیـە بـانگی خـەڵکی دەکـرد بـۆ حوکمـەتی شـوڕا، ڕەخنەی لەیەزیـد دەگـرت وقسەی پـێ دەگـوت[٣]، دەیگـوت: (یەزیـد دەخواتـەوە)، خـەڵکی لـێ سـارد دەکـردەوە، کۆبوونـەوەی بەخـەڵکی دەکـردو بـەدوور ودرێـژی خراپەکانی (بەنی ئومەییە)ی بۆ باس دەکردن.س[٤]

٢ ـ هەوڵە ئاشتی یەکانی یەزید: یەزید لەسەرەتادا نەیویست کارێك بکات کێشە لەگەڵ ئیبن زوبێر بکـات؛ لـەو پێنـاوەدا نامەیـەکی بـۆ نـارد، کـە لـە نێویـدا پـەرێزو شوێنەواری کردەوە چـاکەکانی بـۆ دەخاتـە ڕوو، کـە لەئیسلامەتیدا ئەنجامیـداون، ئینجـا ئاگـاداری دەکـات لەهەڵایساندنی فتیلـەی فیتنـەو ئـاژاوە، بەشـێکی نامەکـە ئاوایـە: خـودات وە بـیر دەخەمـەوەو، بـەخۆت دابـچۆوە، تـۆ یـەکێکی لـەپیاوە بەتەمەنـەکانی قـوڕەیش، مێـژوو وپێـشینەیەکی باشـت هەیـە لـەکردەوەی جوانـدا، چەندین هەنگاوی ڕاست ودروستت لەبواری پەرسـتن و فتـوادا هـەڵێناون، لـەکردەوە جوانەکانی پێشدات زیاد بکـە، کارێـك مەکـە کارەکـانی پێـشداشت بباتـەوە هیـچە، وەرە نێو ئەو بازنەی خەڵك هاتۆتـە نێویـەوە، خـەڵك بـەرەو ئـاژاوە مەبـە، حـەرامی خودا حەڵاڵ مەکە، ئەویش بەیعەتی پێ نەدا.[٥]

٣ ـ یەزید لەکوڕی زوبێر توڕە بـوو: ئـیبن زوبێـر وەڵامـی بانگەشـەکەی یەزیـدی نەدایەوەو بەیعەتی نەدایە، بۆیە یەزید سـوێندی خـوارد نابـێ بەیعـەتی ئـیبن زوبێـر

١ـ موافق المعارضة ص٥٢٠ .
٢ـ أنساب الأشراف (٣٠٤/٤) .
٣ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ أخبار مكة (٢٠١/١)، بسند كل رجاله ثقات .
٥ـ أنساب الأشراف (٣٠٤،٣٠٣/٤) .

قبولّ بكات تابە كۆت وزنجیركراوی بۆلای نەهێنن.[١]

معاویەی كوڕی یەزید زۆری هەوڵدا بابی سوێندەكە بشكێنێ، چونكە ئیبن زوبێری دەناسی، كەقبولّ ناكات بەكۆت وپێوەندەوە بێتە لای یەزید، معاویەی كوڕی یەزید: پیاوێكی باش و لەخواترس وخۆبە كەمزان و ئاشتیخوازو تەبا بوو ودەترسا خوێنی موسڵمانان بەدەستی یەكتر بڕژێ، (عبداللەی كوڕی جەعفەر) لەم بارەوە هاوكاری معاویەی كرد، بەڵام یەزید لەسەر ڕایەكەی خۆی سوور بوو.

معاویەی كوڕی یەزید لەپێناوی خاوبوونەوەی یەزیدی بابی لەهەڵوێستە توندەكەی، هەستا دەكەسی لەپیاو ماقوڵانی وڵاتی شام بەوەفد ناردە لای ئیبن زوبێر بەكۆتو پێوەندێكی زیوو وپۆشاكێكی باڵا پۆشی چنراو لەخوری وئاوریشم.[٢]

لەگێڕانەویەكی تردا: یەزید زنجیرێكی زیوو كەلەپچەیەكی زێڕو پێوەندێكی زیوی بۆ ئیبن زوبێر نارد.[٣]

وەفدەكە گەیشتە (مكة)، ئیبن عوزاتی ئەشعەری دەستی بەقسە كردو گوتی: ئەی ئەبو بەكر! هەرچەند بەڕێزی كردەوەجوانەكانت لەبەر چاوە؛ لەكاتی پشتیوانیت لەخەلیفەی ستەملێكراو لەڕۆژانی دەورە درانی داو ئەم هەڵوێستەت قابیلی فەرامۆش كردن نیە، بەڵام یەزیدی ئەمیری ئیمانداران تووڕە بووە لەبەرامبەر وەڵام نەدانەوەی نوعمانی كوڕی بەشیری نوێنەری بۆ بەیعەتدان، سوێندی خواردووە دەبێ بەكۆتوو پێوەندێكی سووكەوە بێیتە لای وسوێندەكەی بەرەسەر، پۆشاكێكی بەسەر دابكەو كەس كۆت و پێوەندەكە نابینێ، بزانە تۆ تاكە كەسێكی بەرزو بەڕێزی لەلایەن ئەمیری ئیماندارانەوە داواكراوی، كەبە هیچ شێوەیەك ڕكابەری ئەو ناكرێت نەلە سەرداری وپایەداری، نە لەماڵ و پارەداری دا.[٤]

٤ ـ ئیبن زوبێر بیردەكاتەوەو ڕاوێژ دەكات: ئیبن زوبێر مۆڵەتی چەند ڕۆژێكی لەوەفدەكە خواست تا بیربكاتەوەو ڕاوێژ بكات، چووە لای ئەسمائی دایكی و

١ـ أنساب الأشراف (٣٠٤/٤)، أخبار مكة (٣٥١/٢) إسناده حسن .
٢ـ تأريخ خليفة ص٢٥١ إسناده حسن، موافق المعارضة ص٥٢١ .
٣ـ الأحاد والمثاني (٤١٦/١) بسند صحيح لبن آبي عاصم .
٤ـ أنساب الأشراف (٣٠٨/٤)، موافق المعارضة ص ٥٢٣ .

داواکەی یەزیدی بۆ خستە ڕوو، گوتی: ڕۆڵەگیان بەڕێزو حورمەتەوە بژی وبەڕێزو حورمەتەوە بمرە، خۆت مەخە دەست(بەنی ئومەییە)و گاڵتەت پێ بکەن، مردن لەم حاڵە باشتر.[1]

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، مەڕوانی کوڕی حەکەم عبدالعزیزی کوڕی بۆلای ئیبن زوبێر ناردو گوتی: پێ ی بڵێ: بابم لەپێناوی گرنگیدان بەتۆو پاراستنی ڕێزو حورمەتت منی بۆلای تۆ ناردووە، سوێندەکەی ئەمیری ئیمانداران بەرەسەر، تەنها کۆتو پێوەندێکی سادەت تێوە دەپێچرێت و پۆشاکێکی سەرتاپای بەسەردا هەڵکێشە، نابینرێت وکەمێك زرینگەی لێوە دێت، ئیبن زوبێر سوپاسنامەیەکی بۆ مەڕوان ناردەوە.[2]

ئینجا وەڵامی وەفدەکەی بەنەرێ دایەوە.[3]

٥ ــ هەڕەشەی وەفد لەئیبن زوبێر و وەڵامدانەوەی: دوای وەڵامدانەوەی وەفدەکە بەنەخێر، ئیبن زوبێر ڕووبەڕووی ئیبن عوزاتی سەرۆکی وەفدەکە گوتی: وێنەی من وێنەی کۆترێکی کۆترەکانی حەرەمە، ئایا تۆ ئامادەی کۆترێك لەکۆترەکانی حەرەم بکوژێ ؟

گوتی: بەڵی، ڕێزی کۆتری حەرەم چەندە؟ هاکوڕە: تیرو کەوانەکەم بۆ بێنە، بۆی هێنا، تیرێکی خستە نێو چەقی کەوانەوە، ئینجا بەرەو کۆترێکی حەرەم ڕاستا، گوتی: هۆ کۆتر: یەزید شەڕاب دەخواتەوە؟ بڵێ(بەڵێ)، بەخوا ئەگەر وابڵێ ی تیرەکەت تێ دەگرم!، هۆ کۆتر: یەزیدی کوڕی معاویە لەخەلیفایەتی دەخەی و لەئوممەتی محمدﷺ جودا دەبیتەوەو لەحەرەم جێنشین دەبی تاخوێنت حەلاڵکەی؟، بەخوا ئەگەر وابکەی تیرت تێدەگرم.

ئیبن زوبێر گوتی: هاوار بۆ تۆ! باڵندە قسە دەکا؟ گوتی: نا، بەلام خۆ تۆ قسە دەکەی، سوێند بێ بەخوا بەخۆشی بێ یان بەناخۆشی دەبێ بەیعەت بدەی، دەنا

١ــ أخبار مكة(٢٠١/١) بسند كل رجاله ثقات .

٢ــ نسب قريش ص٤٤٩، موافق المعارضة ص٥٢٤ .

٣ــ موافق المعارضة ص٥٢٤ .

ئاڵای ئەشعەریەکان لەم دۆڵ و دەشتە بەشکاوەیی دەبینی، ئەگەر بڕیارماندا شەڕت لەگەڵ بکەین، تۆش چویە نێو(کەعبە)وە یان بەسەرتیدا دەڕوخێنین یان دەیسوتێنین ئیبن زوبێر گوتی: ئایا حەڕەمی بەیتو لحەرام حەڵاڵ دەکەی؟ گوتی: ئەو کەسە حەڵاڵی دەکات لەنێویدایەو لەهەق لادەدات وستەم دەکات.[1]

ئیبن زوبێر گوتی: بەیعەتی یەزیدم لەئەستۆ دانیە ئیبن عوزات گوتی: هۆ هۆزی قوڕەیش، گوێتان لێبوو چی گوت، خۆ ئێوە بەیعەتتان داوە، ئەوە فەرمانتان پێ دەکا پاشگەز ببنەوە.[2]

ئیبن زوبێر باسی نەنگی وکەمو کوڕیەکانی یەزیدی کردو گوتی: بەیانی هەڵدەستێ سەرخۆشە، ئێوارە دەیبینی سەرخۆشە، ئینجا گوتی: ئەی ئیبن عوزات: من قەت بە ترسنۆکی لەخەو هەڵنەستاوم، من بەڕۆشنایی وڕێنمایی پەروەردگارم بەڕێگادا دەڕۆم، من بکوژرێم باشترە لەوەی تۆ دەیڵێ ی، ئەگەر بەمردنی ئاسایش مردم: خودا چاك دەزانێ چەندەم پێناخۆشە گوناهو تاوان لەسەر زەوی ئەودا ئەنجام دەدرێن خەڵکەکەی تریش وەکو ئیبن زوبێر وەڵامی وەفدەکەیان دایەوە.[3]

ئینجا ئیبن زوبێر گوتی: خودایە من پەنابەری ماڵەکەتم[4]؛ ناسناوی خۆی بە(عائذ اللـه) واتە پەنابەری خودا دەرکرد[5]، بۆیە دوای ئەمە بە(عائذ) پەنابەر بەناوبانگ بوو.[6]

د ـ هەوڵە جەنگیەکان لەدژی ئیبن زوبێر:

١ ـ هێرشی عەمری کوڕی زوبێر:

یەزید بڕیاریدا دەبێ هێرشێکی سەربازی بکرێتە سەر ئیبن زوبێرو یەکێك لەم دوو ئامانجەی بپێکێ: کوژرن ولەنێو بردنی، یان بگیرێت وبەکۆت وزنجیر کراوی

١ـ أنساب الأشراف (٣٠٩/٤) .
٢ـ عيون الأخبار (١٩٦/١) .
٣ـ أنساب الأشراف (٣٠٩/٤) .
٤ـ موافق المعارضة ص٥٢٥، نقلاً عن إبن عساكر .
٥ـ الإصابة (٤٩/٤) سند صحيح .
٦ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن موافق المعارضة ص٥٢٥ .

وملبەستراوی بهێنرێت وسوێندەكەی بچێتە سەر.

لەم ساڵەدا ـ كەڕاست وایە ٦١ كۆچی بووبێ (عەمری كوڕی سەعیدی كوڕی عاص)ی والی مەدینە حەجی كرد، ئیبن زوبێریش حەجی كرد، بەلام نەنوێژی لەدوای (عەمرە)وەو كرد، نە لە(عەرەفە)ش بەدوای كەوت.[1]

ئیبن زوبێر بەم هەڵوێستەی نیشانیدا: كەدان بەم دەوڵەتەدا ناهێنێت ولیّ ی جودایەو سەر بەخۆیە؛ چونكە ڕاپەڕاندنی مەناسیكی(حەج) وەك ڕاپەڕاندنی كاروباری جیهاد دەبێ دەوڵەتی شەرعی ڕاپەڕێنێ، كەئیبن زوبێر مەناسیكی حەج بەپێشەوایەتی كاربەدەستی خەلیفە ئەنجام نادات، واتایی ئەوەیە دەوڵەتەكە ناشەرعی یە.[2]

پاش ئەمە ئیبن زوبێر (حاریسی كوڕی خالیدی مەخرومی)ی جێگریعەمری كوڕی سەعیدی لەمەككە قەدەغەكرد پێشنوێژی بۆ خەڵك بكات لەحەرەمدا.[3]

ئەو سەر بەخۆیانە هەڵسوكەوتی دەنواندو، بۆ دەركردنی بڕیارو فەرمانیش ڕاوێژی بە(میسوەری كوڕی مەخرەمە)[4] و (موسعەبی كوڕی عبدالرحمن ی كوڕی عەوف) و (حەبیری كوڕی شەیبە) و(عبداللەی كوڕی سەفوانی ئومەییە) دەكرد، وای پێنیشاندەدات كە كاروبار لەنێویاندا بەڕاوێژە، سەرپەرشتی وئیمامەتی نوێژەكانی و هەینیەكان وڕاپەڕاندنی مەناسیكی حەجی پێ دەكردن.[5]

یەزید نامەیەكی بۆ عەمری كوڕی سەعید نارد، فەرمانی پێكردبوو: هێزێكی سەربازی هێرشبەر ساز بكات، ئەویش فەرمانەكەی جێبەجێكردو (عەمری كوڕی زوبێر)ی كردە فەرماندەی سوپاكە، جێی باسە (عەمری كوڕی زوبێر) سەرۆكی دەزگای ئەمنی مەدینە بوو، دژایەتی توندی (عبداللە)ی برای دەكرد، لایەنگران و هاوسۆزانی ئەوی دەگرت وبەرشەلاقی دەدان، لەو كەسانەی عەمر شەللاقی لێدوان:

١ـ أنساب الأشراف (٤/٤٠٧) .

٢ـ موافق المعارضة ص٥٢٦ .

٣ـ تأريخ إبن عساكر (٣٠/٢٠٠) .

٤ـ التقريب ٥٣٣ .

٥ـ تأريخ إبن عساكر (٣٠/٢٠٠)، موافق المعارضة ص٥٢٧ .

(مونزیری كوڕی زوبێر، محمدی كوڕی مونزیری كوڕی زوبێر، عبدالرحمن ی كوڕی ئەسوەری كوڕی عەبد یەغوس[١]، عوسمانی كوڕی عبداللەی كوڕی حەكیمی كوڕی حیزام[٢]، خوبەیبی كوڕی عبداللەی كوڕی زوبێر.[٣]

ژمارەیەكیش لەترسی عەمر مەدینەیان بەجێهێشت و بەرەو مەككە ڕۆیشتن و خۆیان گەیاندە ئیبن زوبێر، لەو پەنابەرانە: عبدالرحمن ی كوڕی عوسمان و عبدالرحمن ی كوڕی عەمری كوڕی سوهەیل.[٤]

دەڵێن (عەمری كوڕی زوبێر) بۆ خۆی داوای كردووە سەركردایەتیكردنی سوپا هێرشبەرەكەی بخرێتە ئەستۆ[٥]، سوپاكە ڕێكخراو، لەهەزار كەس پێكهاتبوو وبەرەو مەككە ملی لێنا، عەمر ئەنیسی كوڕی عەمری كوڕی ئەسلەمی بەحەوتسەد سەربازەوە بەرەو باری پێشەوە بەڕێكرد[٦]، ئەنیس و هێزەكەی لە(ذي طوى) جێگیر بوو، عەمری كوڕی زوبێریش لەگەڵ باقی سوپاكە ڕۆیشت تا گەیشتە (الأبطح).[٧]

عەمر نوێنەری خۆی ناردە لای ئیبن زوبێرو داوای لێكرد سوێندەكەی یەزید بباتە سەرو كارێك نەكات شەڕو ئاژاوە لەوڵاتی حەرەمدا دروست ببێ.[٨] لەماوەی گفتوگۆدا عەمری كوڕی زوبێر لەسەربازگەكەی دەهاتە دەرەوەو لەمزگەوتی حەرەمدا پێشنوێژی بۆ خەڵك دەكردو عبداللەی براشی لەدوای ئەوەوە نوێژی دەكرد! عبدالله پیاسەی لەگەڵ عەمر دەكردو بەگفتوگۆی نەرم وشیرین دەیدواندو پێ ی دەگوت: من گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خودام، بەڵام تۆ كار بۆ یەزید دەكەی!، نوێژت بەدوا دەكەم وناكۆك نیم لەگەڵت، بەڵام: لەوەدا (گەردنبەندم لەمل كەیت و بەرەو شامم بەڕێبكەی)، بەقسەت ناكەم، چونكە بیرم لێكردۆتەوە و گەیشتومە

١ـ نسب قریش ص٢١٤،٢١٥ .
٢ـ هەمان سەرچاوە ص٢٣٣ .
٣ـ هەمان سەرچاوە ص٢٣٩،٢٤٠ .
٤ـ الطبقات (١٥٨/٥) .
٥ـ أنساب الأشراف (٣١٢/٤)، موافق المعارضة ص٥٢٨ .
٦ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن موافق المعارضة ص٨٢٥ .
٧ـ (الأبطح):
٨ـ تأريخ الأسلام (حوادث ٦١ـ٨٠) ص١٩٩ .

ئەنجامێك، کە نەحەلاڵە و نەدروستە خۆم بەدەستەوە دەم و خۆم تووشی داماوی و سەرشۆڕی بکەم، بۆلای سەرۆکەکەت بگەڕێوەو ڕای منی بۆی بنووسە بەلام عەمر نەهاتە ژێرباری عبداللەو نامەی بۆ یەزید نەنووسی؛ بەبەهانەی ئەوەی کە ئەهاتووە فەرمانێکی سنوردار کراوی ئەو جێبەجێ دەکات.

دوای کۆتاییهاتنی ماوەی گفتوگۆ: ئیبن زوبێر، عبداللەی کوڕی سەفوانی جەمەحی بەپۆلێك سەربازەوە ناردو، لای خوارەوەی (مەککە)یان گرت و، نەغافڵ گەمارۆی هێزەکەی (ئەنیسی کوڕی عەمری سەلەمی)یان داو ئەنیس کوژراو، هێزەکەشی تێکشکا.

لەهەمان کاتدا: (موسعەبی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی عەوف) سەرکردایەتی هێرشێکی کرد بۆسەر سەربازگەکەی (عەمری کوڕی زوبێر) لە(ئەبتەح) دەرەنجام هێزەکەی عەمرشکا، خودی عەمریش خۆی بەماڵی (عەلقەمە)دا کرد، عوبێدەی کوڕی زوبێر هاتە لای ولەگەڵ خۆی بردو پەنایدا، ئینجا بۆ لای (عبداللە)ی بردو گوتی: کە پەنامداوە، عبدالله گوتی: بەڵێ، سەبارەت بەمافی خۆم لەپەنادایە، بەلام تۆڵەی ئەو کەسانەی لێ دەکەمەوە کەلە (مەدینە) ئازاری داون.[١]

عبدالله عەمری برای بەپێوە ڕاگرت، بانگی بەندکراوو سزادراوانی کرد تۆڵەی لێ بسێننەوە، هەرکەسێك بهاتبایە دەبوایە شێوەی سزاکەی باس بکردبایە، عبداللە پێ ی دەگوت: چی بەسەر هێناوی ئاوای بەسەر بهێنەوە، سەرچاوەکان دەڵێن: عەمر ڕووبەڕووی لێدوانێکی زۆر بۆوەو هەر لەژێر ئەو لێدوانەشدا مرد.[٢]

ئەنجامی ئەم هێرشە بەسەرکەوتنی ئیبن زوبێرو بزوتنەوەکەی تەواو بوو، ئیبن زوبێر زیرەکی ولێزانی خۆی سەلماندو توانی کێشەکە بەباری بەرژەوەندی خۆیدا ئاوەژوو بکاتەوە، ئەو لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەیدا بلاوی دەکردەوە: ئەو بەیعەتەی ـ لەلایەن معاویەوە ـ بۆ یەزید دانراوە ڕەزامەندی وڕای گشتی موسڵمانانی لەسەر وەرنەگیراوە، دەبێ بۆ کارێکی ئاوا پرس وەرگیرێ؛ بۆیە

١ـ الطبقات (١٨٥/٥)، أنساب الأشراف (٣٠١٢/٤) .
٢ـ أنساب الأشراف (٣١٦/٤)، تأريخ الاسلام حوادث سنة ٦١ هـ .

بانگەشەی بۆ (شوڕا) دەکرد، تادوو ساڵیش لەتەمەنی بزوتنەوەکە ڕابووڕا، هیچ کۆڕانکاریەك بەسەر دەسەڵات وهەیمەنەتی دەوڵتی (ئومەوی)دا نەهات، نەلە حیجاز نەلە هەرێمەکانی تر، بەڵام ئیبن زوبێر لەڕێ ی باسکردنی سیفەتە بەدەکانی یەزید ویستی جموجۆڵێك دژبە یەزید لەنێو خۆی بنەماڵەی ئومەویدا دروست بکات ودەرەنجام ئەوکەسە نەشیاوە لەپۆستی خیلافەت وازبێنێ.

یەزید بەو سوێندەی کەدەبێ ئیبن زوبێر بەکۆتوبەندەوە بەیعەت بدات کەوتە تەڵەی هەڵەیەکی گەورەوە؛ چونکە ناچێتە مێشکی هیچ کەسێکی ژیرەوە هاوەڵێکی ڕێزداری شەست ساڵە سەر بۆ داوایەکی ئاوای وەك یەزید دانەوێنێ.

ئیبن زوبێر توانی کردارەکانی یەزید بەتایبەتی ئەم پەلامارە سەربازیەی بکاتە شایەت و بەڵگە لەبەر چاوی دانیشتوانی حیجاز، کە یەزید پیاوێکی خۆسەپێنەو شیاوی سەرکردایەتیکردنی موسڵمانانی نیە.

هەروەها ئەم ڕووداوە نیشانیدا: ئیبن زوبێر خاوەن مافێکی ڕەوایەو ڕووبەڕووی خەلیفەیەکی ستەمکاری وابۆتەوە، کەسواری ئەسپی بڕیارە تاکڕەویەکانی خۆی بووە.

هەڵوێستە توندوتیژەکانی عەمری کوڕی سەعیدی والی مەدینە هۆیەکی تر بوو بۆ خۆشەویست بوونی و ئیبن زوبێر لەلایەن خەڵکی حیجازو بەهێز تربوونی بزووتنەوەکەی دەگێڕنەوە: ئەم والیە لەگەڵ دانیشتوانی مەدینە تووڕەو توند بووەو خۆی بەزان بو و گوێ ی بۆ ئامۆژگاری ئەوان نە دەگرت.[1]

گێڕانەوەکان دەربارەی (عەمری کوڕی زوبێر)ی سەرۆکی دەزگای پۆلیسی مەدینە وسەرکردەی سوپا پەلاماردەرەکەش دەڵێن: عەمر خۆ بەزل زان وخۆ پێ شایی وستەمکار بووە، بیزانیایە کەسێك لایەنگری (عبداللە)ی برایەتی بەندی دەکردو بەر قامچی دەدا، دەگوترا: عەمر تورەیەو قسەی لەگەڵ ناکرێت، کەسێك بیدواندیانە پەشێمان دەبۆوە.[2]

١ــ الموفقيات الزبير بن بكار ص١٥٢، نقلاً عن موافق المعارضة ص٥٣١ .

٢ــ أنساب الأشراف (٣١١/٤)، مواقف المعارضة ص٥٣١ .

ئەم پەلامارە سەربازیەی یەزید بەعەمری ئەنجامدا بۆ داگیرکردنی (مەککە) هەڵەیەکی یەکجار گەورە بوو؛ بۆیە ئیبن زوبێر توانی کاردانەوەی هەڵەکە لەلایەن جەماوەری حیجازەو بخاتە سەر حیسابی بەرژەوەندی بزووتنەوەکەی.

ئەم پەلامارە نواندنی بێ ڕێزی بوو لەبەرامبەر (مەککە) ،(مەککە)یەك کە لەسەردەمی نەفامی دا ڕێزو تایبەتمەندی خۆی هەبوو وئیسلام هات وڕێزو پیرۆزی زێدەتری بۆ بڕیاردا.

کاتێك عەمری کوڕی سەعید بووە والی (مەدینە) چووە سەر مینبەر و هەست و نەستی خەڵکی مەدینەی وروژاند بەقسەکانی، دەربارەی ئیبن زوبێر گوتی: خۆی لە(مەککە) پەناداوە، سوێند بەخودا داگیری دەکەین، ئەگەر بچێتەوە نێو (کەعبە)وە بەکوێرایی هەموو ناحەزێکو بەسەریدا دەسوتێنین.[١]

کاتێك سوپاکە ساز کرا، کۆمەڵێك هاوەڵ چوونە لای عەمرو زۆریان باسی حورمەت وڕێزو پیرۆزی مەککەو بەیتولحەڕام بۆ کرد چەندین ئایەت وفەرموودەیان بەبەڵگە بۆ هێنایەوە، پێیان گوت پەشیمان بێتەوە لەهێرشەکەی، بەڵام نەچووە مێشکیەوەو سوپاکەی بەڕێکرد.[٢]

مەڕوانی کوڕی حەکەمی - پیاوی دنیادیدەو سیاسی - بەعەمری گوت: مەککە داگیرمەکە، لەخودا بترسەو ڕێزو حورمەتی ماڵی خودا مەشکێنە، لەکوڕی زوبێر گەڕێن؛ پیربووەو تەمەنی لەشەست دایە، ئەو پیاوێکی بەئەزموون ودامەزراوو وخاوەن عەزم وئیرادەیە، لەڕای خۆی دانابەزێ وپشتی بەکەس لەهەرد نادرێ، بەخوا ئەگەر نەشیکوژن - هێندەی نەماوە - بۆ خۆی - بەمردنی ئاسایی - دەمرێ.

عەمر پێی گوت: بەخوا شەڕی لەگەڵ دەکەین ولەنێو (کەعبە)دا بەگژیدا دەچین، بالوتبەرزان لوتیان بشکێ، مەڕوان گوتی: وەڵلاهی من ئەم پەلامارەم پێ ناخۆشە.[٣]

١ـ تأريخ خليفة ص٢٣٣ .

٢ـ أنساب الأشراف (٣١٢/٤)، مواقف المعارضة ص٥٢٢ .

٣ـ هەمان سەرچاوە (٣١٣/٤) .

(ئیبن زوبێر) ناسناوی (پەنابەری خودا)ی بەسەر خۆیدا بڕی، کەناسناوێکی کاریگەر بوو، دەستدرێژی بۆ سەر حەڕەمی مەککەو پەنابەرانی کارێکە هاوەڵان و شوێنکەوتوانی ئەوان پێ ی قایل نابن، کەواتە بەرەنگار بوونەوەی سوپایەك، کە دەیەوێ حورمەتی حەڕەم بشکێنێ واجبی سەرشانی موسڵمانانە، ئەگەر کەسێك توانای بەرگریکردنیشی نەبێت دەبێت لەمەولا هاوسۆزو لایەنگری بەرگریکارانیماڵی خودا بێت ولەگەڵ عبداللەی کوڕی زوبێر بێت.[1]

بەڵێ کار بەوە گەیشت چۆن ئیبن زوبێر بەرگری دەکر خەڵکیش بەگشتی لەلای (طائف)ەوە بەرگری یان لەمەککە دەکرد.[2]

ئەم پشتیوانی وهەست وسۆزەی دانیشتوانی حیجاز خستیانە قالبی کردارەوە بۆ ئیبن زوبێر، بووە مایەی بەهێزتر بوونی بزوتنەوەکەی وفراوانتر بوونی دەسەڵاتی ئەو، هەر ئەمەش بووە هۆکاری سەرکەوتنێکی ئاسان وکەمزیانی ئیبن زوبێر بەسەر عەمری کوڕی زوبێرو سوپا هەزار کەسیەکەیدا.[3]

٢ ــ هێرشی حەسین کوڕی نەمیرو گەمارۆدانی ئیبن زوبێر وسوتانی (کەعبە):

ئەم هێرشە سەربازیە لەشام ڕێکخرا، سەرکردەکەی (موسلیمی کوڕی عەقەبەی نەمیری) بوو، (موسلیم)لە ڕێگادا مرد، (حەسین کوڕی نەمیری سکونی) بوو بە سەرکردە، چوار ڕۆژ لەمانگی موحەڕڕەم مابوون گەیشتە (مەککە)و سوپاکەی لە(حەجون)[4]ەوە تا (بیری مەیمون)[5] دامەزرا، کەسنوورێکی دوورو درێژە، هۆی ئەم کارەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر سروشتی شەڕ لە(مەککە) کە بەمشێوە پێچ دەخواتەوە.

ئیبن زوبێر هەستاو دەستی کرد بەهاندانی خەڵك بۆ بەرپەچدانەوەی سوپاکەی شام وپاراستنی بەیتوڵڵاە، بۆ ئەم مەبەستە خەڵکانی ڕزگار بوو لە ڕوداوی (الحرة)ی

١ــ مواقف المعارضة ص٥٣٢ .
٢ــ أنساب الأشراف (٣١٢/٤) .
٣ــ مواقف المعارضة ص٥٣٣ .
٤ــ (حجون): چیایەکی بەرزە میلونیوێك لە(حەڕەم) دوورە .
٥ــ (بئر میمون): بیرێکە مەیمونی کوڕی حەزرەمی هەڵی کەندووە .

مەدینـە هاتنـە پـاڵ سـوپاکەی ئـیبن زوبێـر، هـەروەها (نەجـدەی کـوڕی عـامیری حەنەفی) بەسەرکردایەتی خەڵکانێکی (خەواریج) هاتن پارێزگاری لەمەککە بکەن.[1]

جێی باسە هێرش و بـەرەنگاری دەسـتی پێکرد، بـەڵام ژمـارەی جـەنگاوەرانی گەڵ ئیبن زوبێر کەمتر بوون لەو جەنگاوەرانەی بەشداری جـەنگی (الحـرة)یـان کـرد، هەروەها سوپای شام بەبەراورد لەگەڵ سوپاکەی ئیبن زوبێر لەڕووی ژمـارەو چـەکو چـۆڵەوە زۆرتـرو زیـاتر بـوو؛ بۆیـە لەگەرمـەی جەنگـدا بـاری بەرژەوەنـدی بـەلای (حەسـین ی کـوڕی نـەمیردا) کـەوت، ئەمـەش بـەهۆ ئـەوە ئـیبن زوبێـر باشـترینی هاوەڵانی بوونـە دەسـتە چیلەی ئـاگری شـەڕەکە، وەك: هـەردوك براکـەی(مـونزیرو ئەبوبـەکری) کـوڕانی زوبێـرو (موسـعەبی کـوڕی عبـدالرحمن) و (حوزافـەی کـوڕی عبدالرحمن کوڕی عەوام) و (عەمری کوڕی عوروەی کوڕی زوبێر).[2]

دوای ٣/ڕەبیعی یەکەمی /٦٤ك (حەسینی کوڕی نەمیر) مەنجەنیقی لەسەر کێوی (ئەبوقوبـەیس)[3] وکێـوی (قەیقـەعان)[4] دامەزرانـد، (میـسوەری کـوڕی مەخرەمـە)ی گەورە ڕاوێژکاری (ئیبن زوبێر) بەهۆ پێکرانی بەبەردێکی مەنجـەنیق کـوژرا، بەمـەش گەورەترین هاریکاری لەدەستچوو، شەڕ درێژەی کێشا لـەدەورەی مزگـەوتی حـەڕام پێـچی خـواردەوە جێگـەو شـوێنەکانی ئـیبن زوبێـر دەرکـەوتن، دوای ئـەوەی سەنگەرەکانی پێشەوەی لە(ئەبتەخ)[5] لەدەسـتدان، جگـە لـە (مزگـەوتی حـەڕام) و (حیجری ئیسماعیل) شوێنێکی تری بەدەستەوە نەما خۆی تێدا مەڵاس بدات.[6]

لە ئەنجامی حەڵاڵکرانی شەڕ لەوڵاتی (حەڕەم) کەخودا (جلالـە)و پێغەمبـەرﷺ شەڕیان تێدا حەرام کردووە، موسیبەتی (سوتانی کەعبە) ڕوویدا.[7]

١ـ أنساب الأشراف (٣٢٨/٤)، مواقف المعارضة ص ٥٤٥ .
٢ـ جمهرة نسب قريش ص٣٦٢ .
٣ـ (جبل أبي قبيس) :
٤ـ (قيقعان): چیایەکە لەمەککە .
٥ـ تأريخ خليفة ص٢٥١، بأسناده صحيح حتى إبن جريج .
٦ـ المحن لأبي العرب ص٢٠٣ .
٧ـ مواقف المعارضة ص٥٤٨ .

یەزیدی کوڕی معاویە لەنێوەڕاستی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ئەو ساڵەدا مرد.[١] هەواڵی مردنی یەزید - بەهۆی دووری نێوان دیمەشق ومەککە - لەسەرەتای مانگی ڕەبیعی دووەمی ٦٤ك گەیشتە (مەککە).[٢]

سوتاندنی (کەعبە) لەبەرنامەی هیچ کام لەدولایەنی شەڕەکە نەبوو؛ بۆیە بە قەومانی ئەو کارەساتە سام و ترس وبیمێکی گەورە لەسەر هەردولا دروست بوو،[٣] یەکێك لەخەڵکی شام هاواری دەکرد: سوێند بەوزاتەی گیانی محمدی لەدەستە هەردولا لەنێو چوون،[٤] هاوەڵانی ئیبن زوبێر لەترسی بارینی سزا هەموویان لە بەرەبەیانی شەوی سوتانی کەعبەدا لەگەڵ جەنازەی ژنێك چوونە دەرەوەی مزگەوتی حەڕام، ئیبن زوبێر سەر لەسوژدە مابۆوەو دەیگوت: ئەی خودایە ئەوەی ڕوویداوە بەدەست ئەنقەستی من نەبووە، خودایە بەندەکانت بەتاوانی من سزامەدە، ئەمە نێو چاوانمەوە لەبەر هەردوو دەستتدایە.[٥]

خەڵکی شامیش: ئەگەر چی پێ دەچێ کەسانێکیان تێدا هەبووبێ گەورەیی کەسایەتی (ئیبن زوبێر)ی وەك پێویست نەناسیبێ،[٦] بەڵام کەسیان تێدا نەبووە گەورەیی وگرنگی و ڕێزو پیرۆزی کەعبەی نەزانیبێ؛ چونکە لە کاتێکدا گەمارۆی (ئیبن زوبێر) دەدەن، لەنێو کەعبەدا، لەهەمان کاتیشدا لەنوێژەکانیاندا ڕوو دەکەنە(کەعبە)ی پیرۆز، کەواتە مەحاڵە کەسێك لەئەوان هەبووبێ بەدەستی ئەنقەست (کەعبە)ی سوتاندبێ، هەروەها ئەم بابەتە بەبیری (حەسینی کوڕی نەمیر)ی سەرکردەی سوپاکە شیاندا نەهاتووە، کاتێك خزمە نزیکەکانی (ئیبن زوبێر) و زانایانی پێشین و زانایانی لێکۆڵەر باسی ئەم موسیبەتە دەکەن، ئەوا ئەم کارەساتە نادەنە پاڵ هیچ کەس وهیچ کام لەلایەنەکانی شەڕکەر؛ (هیشامی کوڕی

١ـ أنساب الأشراف (٣٤٤/٤)، تعجيل المنفعة ص٤٥٣ .
٢ـ مواقف المعارضة ص٤٨، أخبار مكة (١٩٧/١) .
٣ـ أخبار مكة (٢٠٣/١) .
٤ـ تأريخ خليفة ص٢٥٢ بأسناد صحيح .
٥ـ مواقف المعارضة ص٥٥٢، الأغاني (٢٢٧/٣) .
٦ـ مواقف المعارضة ص٥٥٢، حلية الأولياء (٣٣٦/١) .

عوڕوەی کوڕی زوبێر) دەڵێ: شەڕیان لەگەڵ (ئیبن زوبێر) کرد، (کەعبە) لەماوەی گەمارۆداندا سوتا.[١]

(ئیبن عبدالبر) دەڵێ: لەو گەمارۆیەدا (کەعبە) ئاگری گرت.[٢]

کۆڕای موسڵمانان: دەربارەی سوتانی کەعبە ئەوەیە، کە کەس لەخەڵکی شام نیازی سوکایەتی پێکردنی (کەعبە)ی پیرۆزی لەدڵدا نەبووە، بەڵکو هەموو موسڵمانان (کەعبە) بە گەورەو پیرۆز دادەنێن، ئەوان ـ خەڵکی شامی نەبوو، تەنها مەبەستیان گەمارۆدانی (ئیبن زوبێر) بووە نەك (کەعبە)، (یەزید) کەعبەی نەڕوخاندووەو نەسوتاندووە، هەروەها جێگرو وەکیلەکانیشی ئەم کارەیان لەنیازو بەرنامەدا نەبووە.[٣]

بەم جۆرە یەکێك لەئەنجامە تاڵەکانی ئەم شەڕەی نێوان (حەسینی کوڕی نەمیر)و (ئیبن زوبێر) سوتانی (بەیتو لحەرام) بوو.[٤]

کاتێك (حەسین) هەواڵی مردنی (خەلیفە)ی پێگەیشت یەکسەر نوێنەری ناردە لای (ئیبن زوبێر)، گوتی: (ئەمشەو شوێنی گفتوگۆی نێوانمان (ئەبتەح)ە، بابەتی گفتوگۆ قسەکردن بوو لەسەر مەسەلەی خیلافەتی دوای یەزید هەندێك لەو قسانەی (حەسین) کە لەڕووی (ئیبن زوبێر)دا کردنی ئەوە بوو، کە بانگهێشتی دەکرد بۆ پۆستی خیلافەت وپێ ی گوت: (ئێستا ئەو پیاوە ـ واتە یەزید ـ مرد، تۆ لەهەموو کەس لەپێشتری بۆ وەرگرتنی پۆستی خیلافەت، هەستە وەرە لەگەڵمان بۆ شام تابەیعەتت بدەینێ، ئەم سەربازانەی لەگەڵ منن؛ هەموویان پیاو ماقوڵ و سوارچاکانی وڵاتی شامن بەڵێن بێ دووکەس لەسەر ـ بەیعەتدان بەتۆ ـ ناکۆك نابن، دەچین بۆ ئەوێ و خەڵکی هێمن دەکەینەوەو بارودۆخیش ئاسایی دەبێتەوە، تۆماری خوێنی ڕژاوی نێوان ئێمەو ئەهلی (حوڕڕە)و ئێمە وئێوە دادەخەین و

١ــ الإصابة (٤/٩٤) عن الزبير بن بكار بسند صحيح .

٢ــ الإستيعاب (٣/٢٤٣) .

٣ــ منهاج السنة (٤/٤٤٧)، مواقف المعارضة ص٥٥٢ .

٤ــ مواقف المعارضة ص٥٥٤ .

لاپەڕەی سپی هەڵدەدەینەوە)، عبداللە گوتی: (چۆن حیساب بۆ ئەو خوێنە نەکەم! بەخوا کوژراوێکی خۆم بەدەکەسی ئێوە ناگۆڕمەوە).

(حەسین)بە نهێنی قسەی دەکردن، بەلاّم (عبدالله)یەك بەخۆ دەنگی هەڵدێناو دەیگوت: (بەخودا نایکەم).

حەسین پیێ ی گوت: دەك ئەو کەسە خەجاڵەت بێ دوای ئەمە بەلێنت دەداتیێ، من گومانی ڕایەکی باشم لیێ چاوەڕیێ دەکردی، نابیستی من بەنهێنی قسەت بۆ دەکەم و تۆش بەدەنگی بەرز لەگەڵم دەدویێ ی، بانگت دەکەم بۆ (خیلافەت) و تۆش هەڕەشەی کوشتنم لیێ دەکەی.[١]

دوای ئەوە لێك جیابوونەوە، (عبداللە) بۆی دەرکەوت بەهەڵە داچووە[٤] بۆیە ویستی هەڵەکە ڕاست بکاتەوە، کاتێك (حەسین) خۆی وسوپاکەی بارگەیان پێچایەوە بگەڕێنەوە بۆشام، (عبدالله) نوێنەری ناردەلاو پیێ ی گوت: (دەربارەی پێشنیارەکەت ـ کەبێمە شام ـ، ئەوە ناکەم، چونکە پێم خۆش نیە (مەککە) بەجیێ بێڵم، هەر لەویێ بەیعەتم بدەنیێ، منیش دڵنیاتان دەکەم کەدەتانخەمە هێمنی و ئاسایشەوەو بەعەدالەت و دادپەروەری حوکمڕانیتان دەکەم).

حەسین وەلاّمی دایەوە: ئەگەر خودی خۆت نەیەیت نابیێ، چونکە کەسانێکی زۆری بنەماڵەی (بەنی ئومەییە) داوای ئەم پۆستە دەکەن وخەڵکیش پشتگیریان دەکات! دوای ئەمە من هیچم لەدەست نایە.[٢]

بیلال زەڕپی دەڵیێ: عبداللەی کوڕی زوبێر داوای لەحەسین کرد مۆڵەتی بدا، تا ڕاوێژ بەهاوەلاّنی دەکات، بەلاّم هاوەڵەکانی چوونە شامیان ڕەت کردەوە.[٣]

هەڵبەتە بەی بردن بەناخی ئیبن وزوبێرو بۆ چوونەکانی لەزەینی دا دێن ودەچن سەبارەت بەڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی حەسین کارێکی گرانە، بەلاّم دەتوانین

١ـ تأريخ الطبري (٦/٤٣٦) .
٢ـ تأريخ الطبري (٦/٤٣٦) .
٣ـ أنساب الأشراف (٤/٥٧،٥٨)، عبدالله بن الزبير، د.شحادة الناطور ص١٠٧ .

بەچاوی عیبرەت وپەند وەرگرتن لەبارودۆخی سیاسی ئەوکاتەی حیجاز[١]، ئاماژە بە هەندێك هۆکار بکەین:

أ ـ ئەم جۆرە پێشنیارە لەلایەن کەسێکی وەك (حەسین)ەوە قابیلی قبوڵ نیە؛ چونکە (حەسین) سیفەتێکی ڕەسمی وسیاسی ئاوای نیە لەدەوڵەتی (ئومەوی)دا بتوانێ بڕیاری بەڵێنی ئاوا سەر بەخۆ بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت: ئەو سەربازانەی لەگەڵیدان پیاو ماقوڵ وسوارچاکانی شامن، بەڵام چۆن دەچێتە مێشکەوە: (ئیبن زوبێر) متمانە بەسەرکردەی سوپایەك بکات کە تادوێنێ پەلاماری داوەو لەگەڵی جەنگاوە، لەلایەکی ترەوە دژایەتی لەنێو قسەکانی (حەسین)دا دەرکەوت بەگوتەی: (ئەگەر خودی خۆت نەیەت بۆ شام، کەسانێك لەنێو بنەماڵەی (بەنی ئومەییە) بەچاوی خۆت دەبینی کەداوای پۆستی خیلافەت دەکەن وخەڵکیش پشتیوانیان دەکەن.[٢]

ب ــ (حەسین) یەکێك بوو لەسەرکردەکانی جەنگی (حوڕڕە) ژمارەیەك لەڕزگاربوانی ئەم جەنگە لەدەورەی (ئیبن زوبێر) بوون، بۆ ئەوەی گومانێك لەدڵ و دەرونی ئەواندا پەیدا نەبێت (ئیبن زوبێر) بەدەنگی بەرز قسەی لەگەڵ (حەسین)دا دەکرد، هەر لەبەر ئەمەش بەڕاشکاوی گوتی: ئەو لەبەرامبەر یەك نەفەری کوژراوی (مەدینە) بەکوشتنەوەی کەمتر لە دەنەفەر ڕازی نابێت لەسوپاکەی (حەسین)دا.[٣]

ج ـ تا ئەوکاتە (ئیبن زوبێر) لەشامدا بێ پشتیوان و هاوهەڵوێست بوو، خەڵکی شامیش ڕێزو خۆشەویستی وسەروەری ئومەویەکانیان قبوڵ بوو.

د ـ ئیبن زوبێر سوپایەکی ڕێکخراوی سەربازی وەك (سوپای ئومەوی) نەبوو، دەتوانین بە سەربازەکانی بڵێین (بەرگریکار)انی (مەککە)و ئیبن زوبێرو بەس؛ چونکە ئەم جەنگاوەرانە لەکاتی ناخۆشی دا لەدەورەی کۆدەبوونەوەو لەکاتی

١ـ عبدالله بن الزبیر، ماجد لحام ص١١٥ .
٢ـ تأریخ الطبري (٦/٤٣٦) .
٣ـ عبدالله بن الزبیر، ماجد لحام ص١١٦ .

خۆشی وئاسایی دا بڵاوەیان لێ دەکردو دەچوونەوە سەرکارو پیشەی خۆیان، ئەگەر ئیبن زوبێر سوپایەکی سەربازی ڕاهێنراوی تایبەتی هەبوایە بەجۆرێك توانیبای سەرکەوتن بۆ (ئیبن زوبێر) مسۆگەر بکات، ئەوا لەگەڵ (حەسینی کوڕی نەمیر) بەرەو شام دەڕۆیشت.[1]

١ـ عبدالله بن الزبير، د.شحادة الناطور ص١٠٩،١١٠ .

بەشی چوارەم

بەیعەتی عبداللەی كوڕی زوبێر بۆ خیلافەت.

باسی یەكەم: مردنی یەزیدی كوڕی معاویەو خیلافەتی معاویەی كوڕی یەزید

یەكەم: مردنی یەزیدی كوڕی معاویە:

بەقسەی هەندێك مێژوونوس: یەزید لە١٤/ڕەبیعی یەكەمی/٦٤ك لەگوندی (حەووارین)ی سەربەشاری (حمیس)ی وڵاتی شام لەتەمەنی ٣٨ساڵیدا مرد.

هیشامی كوڕی وەلیدی مەخزومی دەگێڕێتەوە، كە (زوهەری) تەمەنی (خەلیفە)كانی لەزاری باپیریەوە نووسیوە، دەربارەی (یەزید) دەڵێ:

یەزیدی كوڕی معاویە لەتەمەنی ٣٩ساڵیدا مردووە، ماوەی خیلافەتی ٣ساڵ و٦ مانگ بووە، گوتراویشە: ٣ساڵ و٨مانگ بووە.[1]

ئەبو مەعشەر دەڵێ: یەزیدی كوڕی معاویە لەڕۆژی ٣شەممە ١٤/ڕەبیعی یەكەم مردووە، ماوەی خیلافەتی ٣ ساڵ وحەوت مانگ و٢٢ڕۆژ بووە، معاویەی كوڕی نوێژی لەسەركرد،[2] گوتراویشە: ماوەی خیلافەتی ٣ساڵ و ٩مانگ چەن ڕۆژ كەم بووە،[3] نەخشی ئەنگوستیلەكەی یەزید(ربُنا الّله) بوو.[4]

دووەم: خیلافەتی معاویەی كوڕی یەزید:

معاویەی كوڕی یەزید سێهەمین خەلیفەی ئومەویە، ناسناوی: ئەبو یەزید یان

١ـ تأريخ الطبري (٦/٤٣٣) .
٢ـ هەمان سەرچاوە.
٣ـ تأريخ القضاعي ص٣٢٩ .
٤ـ هەمان سەرچاوە.

(ئەبو عبدالرحمن)ە، باوکی: یەزیدی کوڕی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە، دایکی: ئومو هاشیم کچی ئەبو هاشم ی کوڕی عوتبەی کچی ڕەبیعەیە، [1] پێ ی دەگوترا: معاویەی بچووك، [2] دوابەدوای مردنی (یەزید)ی بابی لە ١٤/ڕەبیعی یەکەمی/٦٤ك بەیعەتی خیلافەتی پێدرا.

ڕوخساری معاویە رحمه الله: ڕەنگی سپی بوو، مووی سەرو ڕیشی پڕ بوو، چاوەکانی گەورە بوون، مووەکانی سەری لولپێچ بوون، لوتی باریك وشوشەیی وبچوك بوو، سەری خڕبوو، دەموچاوی جوان بوو، مووەکانی ڕیشی پڕو باریك بوون، جەستەی ڕێکو پێك بوو، پیاوێکی تابلێ ی سالح وخودا پەرست بوو. [3]

١ــ ماوەی حوکمڕانی:

مێژوو نووسان جیاوازیان زۆرە سەبارەت ماوەی حوکم گێڕانی (معاویەی کوڕی یەزید)، جیاوازیەکە لەنێوان (٢٠) [4] ڕۆژ تا(٣) مانگدا دێت ودەچێ، وەك دەردەکەوێ ماوەی(٣) مانگە کەڕاستتر بێ، هەندێك مێژوو نووس دەڵێن ماوەی (٤٠) ڕۆژ بووە، لەماوەی حوکم گێڕانیدا هەر نەخۆش بووە؛ بۆیەشە چ شوێنەوارێکی چالاکی ئەو لەو ماوەی حوکمەتەکەیدا بەرچاو نایەت، نەخۆشیەکەی هێندە توند بووە نەیتوانیو پێشنوێژیش بۆ خەڵك بکات، هەتا (معاویە) وەفاتی کرد (زوحاکی کوڕی قەیس) پێشنوێژی دەکردو کاروباری خیلافەتی هەڵدەسوڕاند، (زوحاك) لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی مەڕوانی کوڕی حەکەم کەوتە سەر حوکم لەشام. [5]

٢ ــ دابەزینی لە پۆستی خیلافەت وبەجێهێشتنی بۆ شورا:

معاویەی کوڕی یەزید هەستی بەخۆی کرد کە کەوتۆتە گیانەڵای مەرگەوە، کە جاڕیدا باهەموو خەڵك بێتە نوێژی جەماعەت، پاش تەواو بوونی نوێژ وتارێکی بۆ

١ــ تأريخ الطبري (٦/٤٣٤) .
٢ــ الأمويون بن المشرق والمغرب (١/٢٨٦) .
٣ــ البداية والنهاية (١١/٦٦٣) .
٤ــ هەمان سەرچاوە (١١/٦٦٢) .
٥ــ البداية والنهاية (١١/٦٦٣) .

دەدان، لەو قسانەی کردنی: من کاروباری ئێوەم کەوتۆتە بەردەست ولەڕاپەڕاندنیدا لاوازم، ئەگەر حەزدەکەن بۆ پیاوێکی بەهێزی بەجێ دێڵم چۆن (صدیق) بۆ (عومەر)ی بەجێهێشت، ئەگەر دەشڵێن بەجێ ی دێڵم بۆ شوڕایەکی (٦) نەفەری چۆن (عومەر) بەم شێوەیە ڕەتاریکرد، من لەم کاتەدا کەسێکی واشك نابەم بۆ ئەم کارە گونجاوو شیاو بێ، وازم لەخیلافەت هێنا، خۆتان کێ بەگونجاو وشیاو دەزانن بیکەنە فەرمانڕەوای خۆتان.

ئینجا لەسەر مینبەر دابەزی و چووە ماڵەوە، تاوەفاتی کرد لەماڵەوە بوو و دەرنەچوو رحمه الله[1]

(معاویەی کوڕی یەزید) ویستی پێیان بڵێ: ئەو نەوێنەی (عومەر)ی دەستدەکەوێ، کە(ئەبوبەکر) داینا، نەوینەی ڕاوێژکارانێکیشی دەستدەکەوێ، کە(عومەر) دراینان؛ بۆیە ئەم ئەرکەی بەخۆیان سپارد.

لەو گێڕانەوەکەی (ئیبن لئەثیر)دا ئەمەی بەڕاشکاوی گوتووە کەدەڵێ: (بەلام پاش حەمدو سەنا: من لە بەرامبەر ڕاپەڕاندنی کاروبارتاندا بێ هێزو دەستە پاچە بووم، چاوم لەکەسێکی وەك (عومەری کوڕی خەتتاب) گێڕا کە(ئەبوبەکر) کردیە خەلیفە، دەستم نەکەوت، گەڕام بەدوای (٦) کەسی وێنەی (٦) ڕاوێژکارەکە ـ ی عومەر داینان دەستم نەکەوتن، خۆتان لەپێشترن بۆ کاروبارتان، کێتان حەز لێیە بۆ ئەم کارە هەڵیبژێرن)، ئینجا چووە ماڵەوە وتامرد خۆی پەنهان کرد.[2]

ئەم هەڵوێستەی بەڵگەیە کە ئەو ناڕازی بووە لەسەر مەسەلەی گواستنەوەی خیلافەت لەشوڕاوە بۆ میرات و وەسێت،[3] ئەو ڕازی نەبوو کەسێك لەبنەماڵەی خۆی بکاتە وەلی عەهدی خۆی، پێیان گوت: ئەم پەیمانە بخە ئەسۆی کەسێکی نێو بنەماڵەکەت، وەلامیدانەوە: بەخوا شیرنایەتی سەرۆکایەتیکردنی ئێوەم تام نەکردووە، جا چۆن تاوانەکەی هەڵدەگرم، ئێوە پەلەی چەشتنی شیرنایەتیەکەی

١ــ البداية والنهاية (١١/٦٦٣،٦٦٤) .

٢ــ الكامل في التأريخ (٢/٦٠٥) .

٣ــ العلم الأسلامي في العصر الأموي ص١٢٧ .

دەکەن، منیش هەست بە تاڵاییەکەی دەکەم، خودایە من لێ ی بەریم و وازی لێ دێنم.[١]

لەگێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: پێی گوترا: ئایا وەسێت ناکەی؟ گوتی: تاڵاییەکەی بکەمە توێشوی قیامەتم و شیرنایەتیەکەی بۆ (بەنی ئومەییە) بەجێ بێڵم؟[٢] دابەزینی (معاویەی کوڕی یەزید) لەپۆستی حوکمڕانی بەڕوداوێکی تاقانەی نێو مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ، زانیومانە سەرۆکانێك وازیان لە پۆستی خۆیان هێناوە بەڵام لەژێر فشاری ماددی یان مەعنەویدا بووە، بەڵام شایەك یان سەرۆکێك واز لەپۆستەکەی بێنێ چونکە کە سانێکی لە پێشترو شیاوتر هەن لەنێو گەلەکەیدا بۆ ئەو پۆستە، ئەوا بەسەر ئەم جۆرە سەرۆکانەدا نەکەوتوین، چ حیساب لەگەڵ خۆکردنێك لەم حیسابەی معاویە لەگەڵ خۆی کرد جوانترو بەرزترە؟!.[٣]

ئەگەر (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان)ی یەکەم خەلیفەی ئومەوی، خیلافەتی لەشوڕاوە گواستەوە بۆ خاوەنداریتی، ئێستا لەم بارودۆخەدا (معاویەی دووەم)ی نەوەی سێهەم خەلیفەی ئومەوی خیلافەت لە خاوەنداریتی یەوە دەگوازێتەوە بۆ شوڕا.

چاك وایە بەچاوی عەدالەت و ویژدانەو بڕوانرێتە دەوڵەتی ئومەوی وهەرحیساب لەسەر لانی یەکەم واتە خاوەنداریتی وخۆسەپێنی دەوڵەتەکە نەکرێت، بەڵکو حیسابیش بۆ لانی دووەم واتە چاکسازیەکەی معاویەی دووەم وگواستنەوەی خاوەنداریتی بۆ شوڕاش بکرێت.[٤]

٢ ـ کاتێك مرد، تەمەنی چەند بوو ؟، کێ نوێژی لەسەرکرد ؟

معاویەی کوڕی یەزید لەتەمەنی (٢١) ساڵیدا مرد، دەشڵێن: ٢٣ ساڵ و (١٨) ڕۆژ بوو، دەڵێن: (١٩) ساڵ بوو، دەڵێن: ٢٠ ساڵ بوو، دەڵێن: ٢٣ ساڵ بوو، دەڵێن:

١ـ مروج الذهب (٨٢/٣) .
٢ـ البداية والنهاية (٦٦٣/١١) .
٣ـ نظام الحمك في الشريعة والتأريخ (١١٦/١) .
٤ـ الدولة الأموية المفترى عليها ص٢٩٢ .

١٨ ساڵ بوو، دەڵێن: ١٥ ساڵ بوو، خودا چاکتر دەزانێ.

خالیدی برای نوێژی لەسەر کرد، دەشڵێن: عوسمانی کوڕی عەنبەسە نوێژی لەسەر کرد، دەڵێن: وەلیدی کوڕی عوتبە نوێژی لەسەر کرد، ئەم گێڕانەوەی دوایە ڕاستە؛ چونکە معاویە وەسێتی بۆ وەلید کرد بوو نوێژی لەسەر بکات، (مەڕوانی کوڕی حەکەم)یش ئامادەی ناشتنەکەی بوو،[1] مەڕوان گوتی: دەزانن کێ بوو ئەسپاردەتان کرد؟ گوتیان: بەڵێ: معاویەی کوڕی یەزید بوو (مەڕوان) گوتی: (ئەو) ئەو (ئەبو لەیلا)یە یەکە ئەزنو مولفوزاری دەربارەی گوتوویەتی:

إنـــي أرى فتنـــة تغلـــي مراجلـــها
والـملك بعـــد أبـي ليلى لمن غلبـا.[2]

٤ ــ تەنگژەیەکی سامناك دوای مردنی معاویەی کوڕی یەزید:

معاویەی کوڕی یەزید تەنگژەیەکی ترسناکی بۆ دوای خۆی دروستکرد، خالیدی برای منداڵ بوو، دەسەڵاتی (ئیبن زوبێر)یش هەر بەهێزو فراوان دەبوو، خەڵکێکی زۆری ژێر دەسەڵاتی ئومەوی بەیعەتیان دایە، تیپێکی سوپای شام لەسەروی هەموویانەوە (زوحاکی کوڕی قەیس)ی فەرماندەی دیمەشق بڕیاریاندا بەیعەت بە(ئیبن زوبێر) بدەن، تا حاڵ بەوەگەیی (مەڕوانی کوڕی حەکەم) سەرگەورەی ئەوکاتی (بەنی ئومەییە) بیری لەچوونە لای (ئیبن زوبێر) کردەوە تا بەیعەتی پێبداو ئەمان وزەمانی لێ وەربگرێت، بەڵام هەموو ئەو سەربازو سەرۆکانەی هۆزەکانی یەمەنی، کەبە تواناترین پشتیوانانی بەنی ئومەییە بوون وخاڵانی یەزید بوون بەسەرکردایەتی (حیسانی کوڕی مالیك) نەیانهێشت خیلافەت لە(بەنی ئومەییە) دەرچێت وبەیعەتیان نەدا بە(ئیبن زوبێر):

ناکۆکی وپشێویەکی زۆر ڕویداو (شام) شەش مانگ بێ ئیمام وپێشەوا بوو، پاشان ڕێکەوتن لەسەر بەستنی کۆبوونەوەیەك بۆ ڕاوێژکردن لەسەر دیاریکردنی

١ــ البداية والنهاية (١١/٦٦٢،٦٦٣) .
٢ــ هەمان سەرچاوە (١١/٦٦٤) .

کەسێکی شیاوو گونجاو بۆ پۆستی خیلافەت ودەرەنجام بڕیارێکی بۆ دەربکەن.[١]

(معاویەی کوڕی یەزید) دوایین خەلیفەی لقی (سوفیانی) بوو، دوای ئەو خیلافەت لە لقی (سوفیانی)یەوە بۆ لقی دووەمی تایەفەی (بەنی ئومەییە) واتە: لقی (مەڕوانی) گوازرایەوە، یەکەم دەسەڵاتبە دەستی ئەم لقە (مەڕوانی کوڕی حەکەم) بوو، زۆربەی لێکۆڵەرو مێژوو نووسان بەناوی (خەلیفە) ناوی ناهێنن، دەڵێن ستەمکار بووەو لەدژی خیلافەتی ئەمیری ئیمانداران (عبداللەی کوڕی زوبێر) دەرچووە، سەبارەت (عبدالملك)ی کوڕیشی هەمان هەڵوێستیان هەیە تا ئەو کاتەی (ئیبن زوبێر) شەهید دەبێ، کۆڕای جەماوەری موسڵمانانیش لەسەر ئەمەیە.[٢]

بەمردنی (معاویەی کوڕی یەزید) کۆتایی بە دەوڵەتی (سوفیانی) هات ودەوڵەتی (زوبێر) دەرکەوت، بەڵام بەردەوام نەبوو؛ چونکە (بەنی مەڕوان) توانی کۆتایی بەم دەوڵەتە بێنێ، بەپشتیوانی خودا لەلاپەڕەکانی دادێ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕۆین.

سێهەم: بەیعەتی (ئیبن زوبێر) بۆ خیلافەت.

دوای مردنی (یەزیدی کوڕی معاویە) کەسێك نەبوو شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ (خەلیفە) لەبنەماڵەی ئومەوی دا، کاتێك یەزید وەسێت بۆ (معاویە)ی کوڕی دەکات، ئەمە بەتەنها بەشی دامەزراندنی بەیعەت ناکات؛ چونکە بەیعەت بەبێ شوڕا نابێ، زیاد لەمەش ئەوانەی بەیعەتیان بە(معاویەی کوڕی یەزید)دا بوو لەخەڵکی (دیمەشق)و دەوروبەری و کەسە دیارەکانی (بەنی کەلب) تێپەڕی نەدەکرد، وێڕای ئەمەش (معاویەی کوڕی یەزید) زۆر نەژیاو دەسەڵاتی بۆ شوڕا بەجێهێشت وکەسی لەجێ ی خۆی دانەناو وەسێتیشی بۆ کەس نەکرد.

لەهەمان کاتدا: بەیعەتی خیلافەت لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلام بۆ (عبداللەی کوڕی زوبێر) دامەزرا، وەکو: وڵاتی حیجاز، وڵاتی (عێراق)و دەوروبەری تا ئەو پەڕی

١ـ النظريات السياسية الإسلامية، محمد ضياء الدين الريس ص٢٠٢ .

٢ـ الأمويون بين المشرق والمغرب ص٢٠٩ .

سنوری ڕۆژ هەلاَت، ولاَتی (مصر)و دەوروبەری تا ئەو پەڕی سنوری ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلام، زۆربەی زۆری ولاَتی شام، جگە لەهەندێك شوێن لە (دیمەشق): (زوحاکی کوڕی قەیسی فەهدی)و لە(حیمس): (نوعمانی کوڕی بەشیر)و لە(قەنسرین): (زوفری کوڕی حاریسی کیلابی) و لە (فەلەستین): (ناتیلی کوڕی قەیس) بەیعەتیان دا بەئیبن زوبێر، (روحی کوڕی زنباعی جوزامی) بەیعەتی نەدا، لەشامیش جگە لەناوچەی (بەلْقا)، کە (حیسانی کوڕی مالیکی کوڕی بەحدەلی کەلبی)ی تێدا بوو، کەس بەیعەتدان بەئیبن زوبێری ڕەت نەکردەوە.[1]

بەم جۆرە بەیعەتی خیلافەت بۆ (عبداللەی کوڕی زوبێر) لەجیهانی ئیسلامدا دروست بوو وبوو بە(خەلیفە)ی شەرعی.[2]

(عبداللە) کاربەدەستانی خۆی بەسەر هەرێمەکاندا دامەزراندن، خەریکە تەواوی سەرچاوەکانی مێژوو یەکدەنگ بن لەسەر ئەوە، کە هەموو ولاَتانی جیهانی ئیسلام پۆستی خیلافەتیان بەسەر (عبداللە)دا سەپاندووەو کردوویانە بە(خەلیفە)ی خۆیان؛ بۆیە ژمارەیەك لەزانایان و مێژوو نووسان بەڕاشکاوی دەلێن: بەیعەتی (ئیبن زوبێر) بەیعەتێکی شەرعی بووەو ئەو لە(مەڕوای کوڕی حەکەم) شایانترو لەپێشتر بووە بۆ ئەم پۆستە.[3]

(إبن عبدالبر) لە(مالك)ەوە دەگێڕێتەوە: ئیبن زوبێر لە مەڕوانی کوڕی حەکەم باشتر بووەو شایانتر بووە بۆ ئەو کارە، بەهەمان شێوە لە(عبدالملك)ی کوڕیشی.[4]

(إبن کثیر) دەلێ: بێگومان (ئیبن زوبێر) دوای مردنی (معاویەی کوڕی یەزید) ئیمام وپێشەوای موسلْمانان بووە، لەبواری زانست وژیریدا لە (مەڕوانی کوڕی حەکەم) پێگەیشتووتر بووە، دوای ئەوەی ڕایەکان لە سەرتاسەری ولاَتانی ئیسلام بۆبەیعەتدان بەعبداللەی کوڕی زوبێر بوونە یەك، بەلاَم(مەڕوان) لەبەیعەت دەرچوو و

١ــ سیر أعلام النبلاء (٣/٣٧٣)، عبدالله بن الزبیر، محمود شاکر ص٦٦ .
٢ــ عبدالله بن الزبیر، محمود شاکر ص٦٨ .
٣ــ عبدالله بن الزبیر للخراشي ص١١٧ .
٤ــ الإستیعاب (٣/٩١٠) .

بەربەرەکانێ ی کرد).[١]

هەرکام لە(إبن حزم)[٢] و (سیوطي)[٣]یش دڵنیان لەسەر شەرعی بوونی خیلافەت (ئیبن زوبێر)، پێیان وایە: مەڕوانی کوڕی حەکەم و(عبدالملك)ی کوڕی ستەمکار بوون ولەژێر فەرمانی (خەلیفە)ی شەرعی دەرچوون، هەروەها (ذهبی)یش شەرعیەتی خیلافەتی (ئیبن زوبێر) ساغ دەکاتەوەو بە(ئەمیری ئیمانداران)ی دادەنێ.[٤]

١ـ بەیعەتی (ئیبن زوبێر) لە (حیجاز):

دانیشتوانی حیجاز بەپەلەو بێ دواکەوتی بەیعەتیان بە(عبدالله کوڕی زوبێر)دا، ئەم کارەیان شتێکی ئاسایی بوو؛ چونکە (حیجان) مەڵبەندی ڕاپەڕین و دژایەتیکردنی حوکمەتی (بەنی ئومەییە) بوو.

(إبن سعد) دەگێڕێتەوە: ئەو کەسایەتیانەی بوونە پێشەنگ ودەستپێشخەریان کرد لەبەیعەتدان: (عبداللەی کوڕی موتیعی عەدەوی) عبداللەی کوڕی ڕیزوانی کوڕی ئومەییەی جەمەحی، حاریسی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبی ڕەبیعە، عوبەیدی کوڕی عومەیر، عوبەیدوڵڵای کوڕی عەلی کوڕی ئەبیتالیب، عبداللەی کوڕی جەعفەر).[٥]

ژمارەیەك کەسایەتی نێو حیجاز بەیعەتیان پێنەدا، لە نێویاندا (٣) کەسایەتی ڕێزدارو کاریگەری دیاری و حیساب بۆ کراو بوون لەهەموو جیهانی ئیسلامدا بەگشتی و بەتایبەتیش لە(حیجان)دا: ئەو (٣)کەسە: عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب، ئیبن عەبباس، محمدی کوڕی حەنەفییە، خەریکە سەرچاوەکان کۆك بن لەسەر ئەوە: هیچ کام لەم (٣) کەسایەتیە لەماوەی ژیانیاندا بەیعەتیان بە(عبداللەی کوڕی زوبێر) نەداوە.[٦]

١ـ البداية والنهاية، نقلاً عن عبدالله بن الزبير، للخراشي ص١١٧ .

٢ـ المحلي (١١/٩٨)، عبدالله بن الزبير، للخراشي ص١١٧ .

٣ـ تأريخ الخلفاء للسيوطي ص٢١٢، ابن الزبير، للخراشي ص١١٨ .

٤ـ سير أعلام النبلاء (٣/٣٦٣) .

٥ـ أنساب الأشراف (١/٣٥٢)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١١٩ .

٦ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١١٩ .

ا ـــ هەڵوێستی (ئیبن عومەر) بەرامبەر بەیعەتی (ئیبن زوبێر):

ئیبن عومەر بەیعەتی خیلافەتی دابە (یەزید)، هەوڵیدا قنیات بە(ئیبن زوبێر) بکابەمەو لەبازنەی دەسەڵاتی یەزید دەرنەچێت وفیتنەو ئاشوب بەرپانەکات.[١]
دوای مردنی (معاویەی کوڕی یەزید) بەیعەتی خیلافەت بە(ئیبن زوبێر) درا، ئیبن زوبێر داوای لە ئیبن عومەر کرد دەستی بەیعەتی بداتێ، (ئیبن عومەر) ڕەتی کردەوە، بەبیانووی ئەوەی وەك بۆ خۆی دەڵێ: دەستی ڕاستەم نابەخشم بۆ لێکبوون وڕێشی لێناگرم بۆ یەکبوون.[٢]
(ئیبن زوبێر)یش تۆبزی لە(ئیبن عومەر) نەکرد بەیعەتی بداتێ، سەرچاوەکانیش ئاماژە بەهیچ گرژی ورووبەڕوو بوونەوەیەکی نێوان ئەم دوو کەسایەتیە ناکەن.[٣]
خۆکێشانەوەی (ئیبن عومەر) لەبەیعەتدان، کاریگەری خراپی هەبوو بۆ سەر ڕای گشتی؛ چونکە ئەو کەسێکی ڕێز لێگیراوو حیساب بۆ کراوو شکۆداربوو بەتایبەت لە(حیجاز)دا، ئەم کاریگەریە کاتێك تینی بۆ سەر خیلافەتی (ئیبن زوبێر) دێنا، کە هەوادارانی خۆی ناچار دەکرد هەمان هەڵوێستی ئەو بگرنە بەر لەبەرامبەر (ئیبن زوبێر)دا.
لەگەڵ هەموو ئەمانەدا: (ئیبن عومەر) ترسناکیەکی ڕاستەقینەی بۆ سەر (ئیبن زوبێر) نەبوو؛ چونکە ئەو چاوی نەبڕیبووە پۆستی (خیلافەت)و شوێنکەوتوانێکی وا زۆریشی نەبوون بتوانێ ڕووبەڕووی (ئیبن زوبێر)یان پێ بکاتەوە، هەمان حاڵەت بەسەر (محمدی کوڕی حەنەفییە)شدا دەچەسپێ.[٤]

ب ـــ (ئیبن عەبباس)و بەیعەتی (ئیبن زوبێر):

ئیبن عەبباس لەهەڵوێستەکانیدا بەرامبەر ئاژاوەکانی سەردەمی خۆی لە (ئیبن عومەر) جیاوازبوو، ئەو لە هەردووك ڕووداوی (جمل) و(صفین)دا بەشدار بووە و

١ـ مصنف بن أبي شيبة (١٥/٨٤) .
٢ـ أنساب الأشراف (١/٣٥٢)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٠ .
٣ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢١ .
٤ـ هەمان سەرچاوە ص١٢٢ .

پشتیوانی(عەلی کوڕی ئەبی تالیبی) کردووە، کاتێك ئومەویەکان هاتنە سەر حوکم و (معاویە) یەزیدی لەجێی خۆی دانا، خێرا بەیعەتی دا بە(یەزید) پابەند بووە بەم پەیمانەوە کاتێك (ئیبن زوبێر) بەیعەتی(یەزید)ی ڕەتکردەوە، نەزانراوە کەم و زۆر لەلایەن (ئیبن عەبباس)ەوە پشتیوانی لێ کرابێ، لەهەمان کاتیشدا دژایەتی خۆشی بۆ (ئیبن زوبێر) دەرنەبڕیوە، دوابەدوای مردنی (یەزیدی کوڕی معاویە) پەیوەندی نێوان ئەم دوو پیاوە چووە قۆناغێکی نوێوە.

کاتێك لەساڵی ٦٤ك بەیعەتی هەمەلایەنە درابە (ئیبن زوبێر)، داوای لە(محمدی کوڕی حەنەفییەو ئیبن عەبباس) کرد بەیعەتی پێ بدەن، ئەوان گوتیان: تا هەموو وڵات بۆ تۆ کۆدەبێتەوە خەڵك بەگشتی لەسەر تۆپێك دێن[١] ئەوکات بەیعەتت دەدەینێ، بەڵێنیان پێدا ناکۆکی خۆیان لەگەڵیدا دەرنەخەن.[٢]

ئیبن زوبێر لەسەرەتای کاریدا ناچاری نەکردن بەیعەتی پێبدەن، پەیوەندی نێوان (ئینو عەبباس)و (ئیبن زوبێر) لەخۆشیدا بوو، ژمارەیەك ڕیوایەت دەبنە بەڵگە لەسەر هەست ونەستی دڵسۆزانەی ئیبن عەبباس) بۆ(ئیبن زوبێر)و وەك دەردەکەوێ لەهەندێك هەڵوێستی دا پشتگیریشی کردووە[٣]، وبەڕاشکاوی باسی چاکەو باشەی ئەوی کردووە.[٤]

عبدالرزاق لە(مصنف)ەکەیدا دەگێڕێتەوە:

ئیبن عەبباس قازی ئیبن زوبێر بوو لە (مەککە)، بەڵام دوای پەیوەندی یان تەمومژی تێکەوت، بەپێ ی هەندێك گێڕانەوە: نێوانی ئەم دوو کەسایەتیە تێکچووە، بەڵام هیچ کام لەگێڕانەوەکان ئەم ناخۆشیە لەبازنەی گفتوگۆی توندوتیژ ناترازێنن.[٥]

١ـ الطبقات(٥/١٠٠) .

٢ـ البداية والنهاية، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٥ .

٣ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٥، الفتح الرباني للساعاتي (١٦٧/٣) .

٤ـ تأريخ إبن عساكر، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٥ .

٥ـ الفتح الريان للساعاتي (٩٨/١٢)، أخبار مكة (٧٢/٢) .

وەك تێبینی دەکرێت (ئیبن عەبباس) و (محمدی کوڕی حەنەفییە) بەجووتە بەیعەتیان ڕەت کردەوە تاسەری کێشا بۆ تەنگاوبوونی (ئیبن عەبباس) و دەرچوونی بۆ (تایف)و نیشتەجێ بوونی لەوێ تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد.[1]

ئیبن عەبباس هەمیشە وەسفی چاکەی ئیبن زوبێری کردووە، هەرجار ناوی ئەویان لاهێنابایە: دەیگوت: قورئانخوێنە، پاکدامێنە، (زوبێر) باوکیەتی، (ئەبوبەکر) باپیریەتی، (خەدیجە) پوریەتی، (عائیشە) پوریەتی، صەفییە نەنکیەتی.[2]

ج ـ ئیبن لحەنەفییەو بەیعەتی ئیبن زوبێر:

ئیبن لحەنەفییە دوای مردنی (یەزید) بڕیاری خۆیداو گوتی: کەبەیعەت نادا بەکەس تاڕای گشتی لەسەر یەك دەنگ نەبێ.[3]

سەرەتا ئیبن زوبێر ئیبن لحەنەفییەی سەغڵەت نەکردو ناچاری نەکرد بەیعەتی پێبدا، بەڵام دوای فراوانبونی دەسەڵاتی و بەیعەتپێدرانی لەلایەن نوێنەرانی هەموو هەرێمەکانەوەو خەریك بوو ئوممەت لەسەر خیلافەتی ئەو کۆك بێ، (ئیبن زوبێر) هەستی کرد کەکاتی ئەوە هاتووە (ئیبن لحەنەفییە) بێت وبەپێ ی بەڵێنەکەی خۆی بەیعەتی پێ بدات، جارێکی ترو لەساڵی ٦٥ك داوای لێکردەوە بەیعەت بدا، بەڵام (ئیبن لحەنەفییە) بەیعەتی پێ نەدا، ئەویش لە(شیعەب) بەندی کرد.[4]

پێ دەچێ (ئیبن زوبێر) لەبانگەوازەکەی (موختاری کوڕی ئەبی عوبەیدی سەقەفی) ترسابێ لە(کوفە)، موختار: لەکاتی گەمارۆدانی مەککە لەساڵی ٦٤ك لەلایەن سوپاکەی (حەسینی کوڕی نەمیر)ەوە، یەکێك بوو لەگەورە بەرگریکارانی (ئیبن زوبێر)، ئەو وێڕای ئازایەتی ولەخۆ بوور دوویی بەفێڵ وزیرەکی وزرنگیش

١ـ سير أعلام النبلاء (٣/٣٥٨) .
٢ـ هەمان سەرچاوە (٣/٣٦٧) .
٣ـ مصنف بن أبي شيبة (١٥/٧٣)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٧ .
٤ـ تأريخ خليفة ص٢٦٢ .

بەهرەدار بوو، حەزكردن بەپایەبەرزی و سەرۆكایەتی لەتەختایی نێو چاوانی دا دەخوێنرایەوە.[١]

بۆی دەركەوت لەلای (ئیبن زوبێر) بەئاوات و مرادەكانی ناگات؛ بۆیە چاوی لەشوێنێك دەگێڕا بۆی بچێت و داخوازیە دەرونیەكانی خۆی تێدا دەستەبەر بكات، دوای تێپەڕینی (٦)مانگ بەسەر ڕووداوی (گەمارۆ)كەدا و لەڕەمەزانی ٦٤ك؛ خۆی گەیاندە (عێراق)، لەڕێی بانگەوازی سەرخستنی بنەماڵەی پێغەمبەرﷺو بەرزكردنەوەی دروشمی سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی حوسێن، توانی جەماوەرێكی زۆر لەدڵ بەپەرۆشانی حوسێنو داخ لەدڵانی (بەنی ئومەییە) لەدەورەی خۆی كۆكاتەوەو پاشان دەستی بەسەر (كوفە)دا گرت.[٢]

لەلایەكی ترەوە: موختار بەكێشەی نێوان (ئیبن زوبێر)و (ئیبن لحەنەفییە)ی دەزانی، ویستی بەرهەمی كێشەكە قازانجی ئەو لەخۆبگرێت، دەیگوت: كەئەو نوێنەری (ئیبن لحەنەفییە)یە وبۆیەی ناردووە بۆ (عێراق) تا تۆڵەی (ئالوبەیت) بكاتەوە، لەواقیعدا (ئیبن لحەنەفییە) خۆی لەموختارو بانگەوازەكەی بێ بەریكردو، ڕایگەیاند كە ئەو بۆ (عێراق)ی نەناردووە.[٣]

جگە لەموختار(شیعە)ش بانگەشەیان دەكرد بۆلای (ئیبن لحەنەفییە).

لەبەر ئەمە (ئیبن زوبێر) ترسا دەروازەیەكی تری دژایەتی تیكردنی بەسەردا ئاوەلابێت و كێشەكەی لێ ئاڵۆزتربێ.[٤]

وەرزی (حەج)ی ساڵی ٦٦ك، موختار سوپایەكی ناردە (مەككە)، سوپاكە (ئیبن لحەنەفییە)ی لەزیندان ئازاد كرد، (ئیبن لحەنەفەییە) بەبەڵگەی ئەوەی كەئەو شەڕو هەرا لە(حەرەم)دا بە(حەلاڵ) نازانێ، نەیهێشت سوپاكە شەڕ لەگەڵ (ئیبن زوبێر)دا بكات.[٥]

١ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٢٩ .
٢ـ تأريخ خليفة ص٢٦٣ .
٣ـ الطبقات (٥/٩٨) .
٤ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٣٠ .
٥ـ أنساب الأشراف، نقلاً عن عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٣١ .

لەواقیعدا: (ئیبن لحەنەفییە) بەهۆی ئەم سوپایەوە مەترسی یەكی گەورەی بۆ (ئیبن زوبێر) دروستكرد، سەرچاوەكان دەگێڕنەوە: (ئیبن لحەنەفییە) لەكاتی حەجدا ئاڵایەكی هەڵدا بوو كێبەركەی ئاڵاكەی (ئیبن زوبێر)ی دەكرد.[١]

(ئیبن زوبێر) تەماشای كرد سەرچاوەی هێزو پشتیوانی (ئیبن لحەنەفییە) موختارو سوپاكەیەت؛ بۆیە نەخشەی لەنێو بردنی موختاری داڕشت، ڕاپەڕاندنی نەخشەكەی بە(موسعەبی برای)، كە والی (بەسرە) بوو سپارد، لە١٤/ڕەمەزانی/٦٧ك موسعەب كۆتایی بەموختار هێنا.[٢]

كەموختار كوژرا، (ئیبن لحەنەفییە) لە(مەككە) جێگای پێ لێژ بوو، (إبن سعد) دەگێڕێتەوە پاش ئەمە ئیبن زوبێرعوروەی برای ناردەلای (ئیبن لحەنەفییە)و جارێكی تریش داوای لێكرد بەیعەتی بداتێ، ئەگەر ئەمە نەكا با چاوەڕێ ی شەڕبێ.[٣]

(ئیبن لحەنەفییە) هەوڵیدا خۆی لەم فشارانەی (ئیبن زوبێر) ڕزگار بكات، لەم كاتەدا هەلێكی قۆزتەوە كە (عبدالملك ی كوڕی مەڕوان) داوای لێكردووە سەردانی (شام) بكات، بەم بیانووە خۆی وخەڵكی دەوروبەری بەرەو شام ڕۆیشتن وشاری (ئەیلە)[٤]یان هەڵبژارد بۆ نیشتە جێبوون هەرچەندە ئەم شارە سەر بەوڵاتی (شام) بوو ولەژێر قەڵەمڕەوی (عبدالملك ی كوڕی مەڕوان) بوو، بەڵام لەسەر سنووری (حیجاز) بوو وشوێنێكی نێوەڕاست بوو ولەهەردوك دەسەڵاتدارەوە دوور بوو بەڵام نیازو داخوازیەكانی عبدالملك لە(ئیبن لحەنەفییە) چ بڕ كەنتر نەبوون لەنیازو داخوازیەكانی(ئیبن زوبێر) عبدالملك پێی ڕاگەیاند: ئەگەر بەیعەتی پێ بدا سامان و بەخششێكی بەنرخی دەدا، ئەگەر نا نابێ لە (شام)دا نیشتەجێببێ، (ئیبن لحەنەفییە) بەو شێوەیەی مەرجی لەگەڵ (ئیبن زوبێر گرتبوو)، بەیعەتی عبدالملك یشی ڕەتكردەوەو شامی بەجێ هێشت و بەرەو (مەككە) هاتەوە، بەڵام (ئیبن

١ـ الطبقات (٣/٥)، تأريخ خليفة ص٢٦٣ .
٢ـ تأريخ خليفة ص٢٦٤، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٣١ .
٣ـ الطبقات (١٠٦/٥) .
٤ـ (أيلة) شارێكە لەسەر كەناری دەریای (قلزم)ی شام .

زوبێر) ڕێگەی نەدا بێتەوە نێو (مەککە)؛ بۆیە خۆی وهاوەڵانی ڕوویان کردە (طائف)، دەشڵێن ڕویان کردە (مەدینە)، بەهەر حاڵ تا(ئیبن زوبێر) کۆتایی پێهات لەوێدا نیشتە جێ بوون.[١]

٢ــ بەیعەتی (ئیبن زوبێر) لە(عێراق):

مردنی (یەزیدی کوڕی معاویە) سەری کێشا بۆ شێوانی بارودۆخی (عێراق)و سەرهەڵدانی کێشەو ناکۆکی نێوان هۆزەکانی ئەوێ لەسەر دەسەڵات، (عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد) بەرەو شام هەڵات، پێش هەڵاتنی (خەواریج) زیندانیان شکاندو دەستیان بەگێرە شێوێنی وخراپەکاری کرد لەوڵات دا، پاش چەند شەڕو ئاژاوەیەك، هۆزەکانی (بصرة) ڕێکەوتن و(عبداللەی کوڕی حاریسی کوڕی نۆفلی کوڕی عبدالمطلب) یان کردە والی (بصرة).[٢]

ئینجا(ئیبن زوبێر) دەستی کرد بەدامەزراندنی کاربەدەستانی خۆی لەویلایەتەکاندا، سەرە هاتە سەر (بصرة)و (موسعەبی) برای کردە والی ئەوێ، دانیشتوانی (کوفە) (عامری کوڕی خەلەفی قورەیشی)یان کردە کار بەڕێوەبەری خۆیان،[٣] دەربارەی ئەم کارەیان نامەیەکیان بۆ (ئیبن زوبێر) نارد، ئەویش دانی پێداهێنا، لە ڕاستیدا ئەم هەڵسوکەوتەی دانیشتوانی (کوفە) بەڵگە بوو لەسەر داننان بەخیلافەتی (ئیبن زوبێر)[٤]، بێگومان ڕەفتاری دانیشتوانی (کوفە) و (بصرە) لەبەرامبەر (ئیبن زوبێر)دا ڕەفتاریان بوو لەبەرامبەر خەلیفەی موسڵمانان.[٥]

ژمارەیەك هۆکار یارمەتی بەیعەتدانی (ئیبن زوبێر)یان کرد لەعێراق دا، گرنگترینیان:

* دروست بوونی بۆشایی سیاسی لەوڵات دا بە مردنی (یەزیدی کوڕی معاویە).

١ــ الطبقات (٥/١٠٧،١٠٨) .
٢ــ تأريخ خليفة ص٢٥٨، عبدالله بن الزبير، للخراشي ص١٣٥ .
٣ــ أنساب الأشراف (٤٠٠/١)، عبدالله بن الزبير ص١٣٤ .
٤ــ عبدالله بن الزبير ص١٣٤ .
٥ــ أريخ الطبري، نقلاً عن عبدالله بن الزبير ص١٣٦ .

* هەلاتنی (عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد) بۆشام.
* کێبەرکێ ی هۆزو خێڵەکان لەسەر جڵەوی دەسەلات.
* بەهێز بوونی (خەواریج)و هەڕەشەیان بۆ سەر هێمنایەتی.

ئـەم هۆکارانـەو هـی تـریش هـانی عێراقیەکانیانـدا خۆیـان ڕێکخـەن و بڕیاریـان یەکخەن وبچنە ژێر ئاڵای (ئیبن زوبێر)ەوە.[1]

٣ ــ بەیعەتی (ئیبن زوبێر) لەشام:

دوا بەدوای مردنی (معاویەی کوڕی یەزید)، تەتموومان وتاریکایی کەش وهـەوای شامی شێواندو ئاڵۆزی و جموجۆڵ ئەوێ ی گرتەوە، ئەمە هۆیەکی سەرەکی بوو بـۆ جێگیربـوونی بەیعـەتی (ئـیبن زوبێـر) لەشـام دا، پـێش ئەمـەش: هـەواڵی ئـازایی و خۆڕاگریـەکانی (ئـیبن زوبێـر) لەبەرامبـەر پەلامارەکـەی (حەسـینی کـوڕی نـەمیر)و، بەیعـەتی هەمـە لایەنـەی دانیـشتوانی حیجـاز بـۆ ئـەو لەشـامدا بڵاوببونـەوە، نـاو ناوبانگیان بۆ دەرکردبوو.

(بلاوزي) هەڵوێستەکانی ئـەوکاتی دانیـشتوانی شـاممان بـۆ بەیعەتـدان بـە(ئـیبن زوبێر) بەم شێوەیە بۆ وێنا دەکـات ودەڵـێ: کاتێـك (معاویـەی کـوڕی یەزیـد) مـرد، زۆربەی خەڵك ڕوویان لە(ئیبن زوبێر)کرد، گوتیـان: (ئـەو پیـاوێکی کامڵـە لـەژیری و تەمەندا، بەرگری لە(عوسمانی کوڕی عەففان)ی ئەمیری ئیمانـداران کـردووە، کـوڕی پیـاوە دڵـسۆزەکەی پێغەمبـەری خودایـە ﷺ، دایکـی کـچی ئەبوبـەکری صـدیقە، ژمارەیەك سیفەتی بـەرزو چاك لـە زاتـی ئـەودا هەیـە لەکەسـی تـر دانیـە، خەریکـە سەرچـاوەکانی مێـژوو کـۆبن لەسـەر بەیعەتپێـدرانی لەلایـەن هـەموو هەرێمـەکانی شامەوە، تەنها (ئـەردەن) نـەبێ، لەقونسرین: (زوفـەری کـوڕی حاریـسی کیلابـی)[2] بەیعـەتی پێـدا، لـەحمص: (نوعمـانی کـوڕی بەشـیری ئەنـساری)[3] بەیعـەتی پێـدا،

١ــ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٣٦ .
٢ــ الأعلام للزركلي (٣/٤٥) .
٣ــ هەمان سەرچاوە (٨/٣٦) .

لەفەلەستین: (نائیلی کوڕی قەیسی جوزامی)[1] توانی دەسەلات پەیدا بکات وبانگەشەی خەڵك بکات بۆ بەیعەتی (ئیبن زوبێر).

لە دیمەشق: (زوحاکی کوڕی قەیسی فەهری)[2] بەیعەتی پێدا، (ئیبن زوبێر) (زوحاکی کوڕی قەیسی) بەوالی شام[3]دامەزراند.

ئەمە گرنگترین هەرێمەکانی شام بوون کەبەیعەتیان بە (ئیبن زوبێ)دا.

هەڵوێستی (خەواریج) بەرامبەر بەیعەتی (ئیبن زوبێر):

(خەواریج) تامردنی (یەزید) لەگەڵ (ئیبن زوبێر) هاوپەیمان بوون بۆ پارێزگاری کردنی (مەککە) کاتێك مەترسی لەسەر (مەککە) نەما، سەرکردەکەیان هاتە لای (ئیبن زوبێر)، تا بیروڕای ئەو وەربگرێت سەبارەت بە(عوسمانی کوڕی عەففان) ﷺ، بەشێوازێك وەڵامی دانەوە کەپێیان ناخۆش بوو، بەو شێوەیەی بۆ وەسف کردن کەپێی وەسف دەکرا لە(ئیمان وبەڕاستدانانی و دادپەروەری وئیحسان و چاکەو ژیاننامەی خاوێن وپڕ لەچاکەو گەڕانەوە بۆ سەر هەق کە بۆی ڕوون ببوایەوە)، لەم کاتەدا لە(عبداللە) دوورکەوتنەوە و جودا بوونەوە وبڕیاریاندا بەرەو (عێراق)و (خۆراسان) بڕۆن، ڕۆیشتن ولەو شوێنانەدا بەلاشەیان وئاینیان ومەزەبیان و ڕێچکە جۆراو جۆرە بێ سەرو بەرەکانیانەوە بڵاو بوونەوە، بەرنامەیان لق وپۆپی زۆرن ولەژمار نایەن و لەسەر بنەمای جەهل و هێزی هەواو ئارەزووی دەرون وبیروباوەڕی خراپ دامەزراون، لەگەڵ ئەمەشدا خۆیان لە زۆر وڵاتدا سەپاند.[4]

لەسەر داوا نامەیەکی (ئیبن زوبێر): سوار چاکی هیممەتدار وپاڵەوانی گەورە (موهەللەبی کوڕی ئەبی فرە) لە مەیدانی جەنگدا بەرەنگاریان بۆوە، سەرکردەی (خەواریج)ی ئەزاریقە: (نافیع ی کوڕی ئەزرەق) بوو، موهەللە توانی تێکیان بشکێنێ و(نافیع)ی سەرکردەشیان بکوژێت، خەواریج بەرەو (فارس) هەڵاتن.[5]

١ـ هەمان سەرچاوە (٣٤٣/٧) .

٢ـ الطبقات (٣٨/٥)، الأعلام (٢٤٤/٢) .

٣ـ أنساب الأشراف (١٣٢/٥)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٤١ .

٤ـ البداية والنهاية (٦٦٧/١١،٦٦٨) .

٥ـ الأخبار الطوال ص٢٤٩،٢٥٠ .

پڕوپاگەندەی كوژرانی (موهەللەب) گەیشتە (بصرە)، شار شێوا، (حاریسی كوڕی ڕەبیعە)ی والی شار بڕیاری دا هەڵێت، موژدە دەر بەرەو (بصرە) هات و ڕایگەیاند: (موهەللەب) ساغ و سەلامەتە، موژدەی سەركەوتن بڵاوبۆوە وخەڵك ئارام بۆوە وشاریش ئاسایی بۆوە، والی (بصرە) لەجێگای خۆی مایەوە تا (عبداللەی كوڕی زوبێر) هەواڵی نیازی هەڵاتنەكەی پێگەیشت، (عبداللە) (حاریسی) لەوالیایەتی خست وموسعەبی برای لەجێگەی ئەودا كردە والی، موصعەب: سەرپەرشتی ئیدارەی عێراق وفارس وئەهوازی دەكرد.

لەو هۆنراوانەی سەبارەت بەم جەنگە گوتراون وبە (موهەللەب)یان هەڵگوتووە:

إن رباً أنجى المهلب ذالطول   لأهل أن تحمدوه كثيراً
لايزال المهلب بن أبي صفرة   ماعاش بالعراق أميراً.[١]

اعیرێكی (خەواریج)یش ئاوای بە(نافیع) هەڵگو تووە:

إن مات غير مداهن فى دينه   ومتى يمر بذكر نار يصعق
والموت أمر لامحالة واقع   من لايصحبه نهاراً يطرق
فلئن منينا بالمهلب إنه   لأخو الحروب وليث أهل المشرق.[٢]

١ــ الأخبار الطوال ص٢٥١ .
٢ــ هەمان سەرچاوە ص٢٥١ .

باسی دووەم: دەرچوونی (مەڕوانی كوڕی حەكەم) لەدژی (ئیبن زوبێر).

یەكەم: ناو وبنەچەكەی وژیانی پێش دەرچوونی لەدژی ئیبن زوبێر.

ناوی: مەڕوانی كوڕی حەكەمی كوڕی ئەبولعاسی كوڕی ئومەییەی كوڕی عەبدوشەمسی كوڕی عەبدولمەنافە، مەلیك ئەبو عبدالملك ی قورەیشی ئومەوی [١] یە، ناسناوی: ئەبو لقاسم وئەبولحیكەمە، لە(مەككە) لەدایك بووە، بە(٤)مانگ لە(ئیبن زوبێر) بچوكترە فەرموودەی گێڕاوەتەوە لە: (عومەر وعوسمان و عەلی وزەید).

ئەم كەسانەش فەرموودەیان لەئەوەوە گێڕاوەتەوە: (سەهلی كوڕی سەعد، عورِوە، عبیداللەی كوڕی عومەر، سعیدی كوڕی مسیب، علی كوڕی حسین، ئەبوبەكری كوڕی عبدالرحمن، مجاهدی كوڕی جبر، عبدالملك ی كوڕی مەڕوان).

كاتبی عوسمانی ئامۆزای بووەو، ڕۆژانی گەمارۆدرانی بەرگری لێكردووە، ڕۆژی (جەمەل) (عەلی) لەهەواڵی دەپرسیێ ودەڵێ: (یعطفني علیه رحم ماسة)

لەگەڵ ئەمەدا یەكێك بووە لەسەر دەستەكانی لاوانی قورەیش [٢]،داوای پیاوەتی و ئازایەتی فێڵ وزیرەكی و ئەزمون بووە [٣]، لەسەردەمی (عومەر)دا قازی بووە. [٤]

لەسەردەمی (معاویە)دا والی(مەدینە) بووە و(حەسەن وحوسەین) لەدوای ئەوەوە نوێژیان دەكردو نەیاندەگێڕانەوە. [٥]

ئەگەر گرفتێك لەسەردەمی بەڕێوەبردنی مەدینەیدا بهاتایە پێش، هاوەڵانی كۆدەكردنەوە پرسی چارەسەری پێدەكردن، دوو جامی پێوانەی هێنان و كامەیان ڕێكو پێك بوو ئەوەیانی پەسندكر، بەو جامە دەگوترا پێوانەی مەڕوان). [٦]

١ـ سیر أعلام النبلاء (٤٧٦/٣) .
٢ـ هەمان سەرچاوە .
٣ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ هەمان سەرچاوە.
٥ـ هەمان سەرچاوە.
٦ـ البدایة والنهایة، نقلاً عن العالم الأسلامي في العصر الأموي ص١٤٠ .

لەکتێبی (عن عثمان بن عفان ﷺ)دا کەمێك لەبەسەرهاتی ئەوم نووسیوە، خۆشەویستی زۆری بۆ (بەنی ئومەییە) هەبوو، زۆر بەتەنگ بەیعەتی (یەزیدی کوڕی معاویە)وە بوو، کاتێك (یەزید) مرد، (مەڕوان بەخۆی و خزمایەتی (بەنی ئومەییە) لەگەڵ سوپا گەڕاوەکەی شام لەگەمارۆی یەکەمی (مەککە) بەرەو شام ڕۆیشت، جێی باسە، ڕۆیشتنی (بەنی ئومەییە) لە(مەدینە) بەئارەزووی خۆیان بووە.[١]

(مەڕوان) بەیعەتی نەدا بە(ئیبن زوبێر)، سەرۆك هۆزەکان وخزمەکانی (بەنی ئومەییە)ی لەشام بوون لە دەوری هاڵان وبەیعەتیان پێدا، لەشان وشەپیلکی دا دیار بوو حەزی لەگەورایەتی و کوێخایەتیە، حەز بوون لەکوێخایەتی وحەزکردن بەمانەوەی خیلافەت لەبنەماڵەی (ئومەوی)دا دوو پاڵنەری سەرەکی ئەو بوون بۆ دەرچوونی لەدژی (ئیبن زوبێر)، باشترین بەڵگە لەسەر ئەمە: پێش مردنی دەستپێشخەریکرد لەوەرگرتنی بەیعەت بۆ (عبدالملك وعبدالعزین)ی کوڕی، کردنیە (وەلی عەهد)تا لەدوای خۆی جێی بگرنەوە،[٢] وەجاخی دەسەڵاتی ئومەوی کوێر نەبێتەوە.

بەپێی چەند گێڕانەوەیەك: (مەڕوانی کوڕی حەکەم) بڕیاریدا بەیعەت بدابە(ئیبن زوبێر)، بەڵام لەدواساتی بڕیارەکەیدا (عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد) و چەند کەسی تر لەو بڕیارەیان پاشگەز کردەوەو، قەنەعاتیان پێکرد بانگەشە بۆ بەیعەتدان بۆ خۆی بکات.[٣]

هیچ بەدوور نازانرێ (مەڕوان) بیری لەمەکردبێتەوە؛ بەتایبەتی کاتێك بینیویەتی لەهەموو هەرێمەکانی سەرتاسەری وڵاتی ئیسلام بەیعەت دەدرێ بە(ئیبن زوبێر) و(بەنو ئومەییەش) لەوڵاتی شامدا بێ سەری ڕووی تێکردوون وپەرتەوازەو لاواز بوون ولەڕووی هەڵوێستەوە بێ هێز بوون، ئەمەی ئێستا خستمانە ڕوو لەگەڵ ئەوەی پێشدا گوتمان دژ نیە؛ چونکە حیساب لەسەر نیازو بڕیاری (مەڕوان) ناکرێ،

١ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٤٦ .

٢ـ الطبقات (٥/٢٢٦)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٥١ .

٣ـ الطبقات (٥/٤٠)، عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٥٢ .

بەڵکو حیساب لە ئەو هەڵوێستە کرداریە دەکرێ ناویەتی، کە لەڕەتکردنەوەی بەیعەتی ئیبن زوبێر وجەنگ لەگەڵ کردنی[1] و دەرچوون لەدژی دا خۆی دەردەخات.

نەخشەی جەنگی (مەڕوان) لەدژی (ئیبن زوبێر)

بەچەند هەنگاو جێبەجێکرا:

١ ـــ لەنێو بردنی پشتیوان و هەوادارانی (ئیبن زوبێر) لەشام، لەگرنگترین ڕوداوەکانی شام کۆبوونەوەی (جابیە) و جەنگی (مەرج ڕاهیت) بوون.

٢ ـ گێڕانەوەی (مصر) بۆ ژێر حوکمی (ئومەوی).

٣ ـ هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی حیجازو عێراق.

٤ ـ دانانی (عبدالملك وعبدالعزیز) بە وەلی عەهد.

دووەم: لە نێو بیردنی پشتیوانانی (ئیبن زوبێر) لەشام.

گرنگی کۆبوونەوەی (جابیە)، جەمگی (مەراج ڕاهیت).

پاش ئەوەی (مەڕوان) جڵەوی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی ئومەوی لەدژی ئیبن زوبێر گرتە دەست، سەرەتا ڕیزەکانی یەکخستن و کەوتە ململانێ ی (ئیبن زوبێر)، یەکەمجار لەنێو (حیجان)دا بەرەوڕوی نەچوو، بەڵکو پەنای بۆ سەندنەوەی هەرێمە دوورەکان برد، تا لەوێڕا دەسەلاتی کەمکاتەوە پاشانیش لەنێو بردنی بۆ ئاسان بێت[2]، مەڕوان دوای پەیمانی کۆبوونەوەی (جابیە)ی خەڵکی شام بەڕەسمی چوو سەر حوکم، لەبەر گرنگی کۆبوونەوەی (جابیە)، کەمێك دەچینە سەر باسکردنی:

١ ـــ کۆبوونەوەی (جابیە):

(ئەردەن)ی نیشتمانی (کەلەبیان) بەردەوام گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری حوکمی (بنەماڵەی ئومەوی) بوو، هەندێك لەسەرۆك هۆزەکانی شام داکۆکیان لەمانەوەی

١ـ عبدالله بن الزبیر للخراشي ص١٥٢ .

٢ـ هەمان سەرچاوە.

پایتەختی خیلافەت لەشام وسنوور دارکردنی لەو وڵاتەدا دەکرد، بۆ وێنە: ئەوە (حەسینی کوڕی نەمیر)ەو پێشنیاری خیلافەت بۆ (ئیبن زوبێر) دەکات بەمەرجێك بێتە شام، وەك دەردەکەوێ سەرانی شام لەخۆڕایی وبێ پاساو داوای مانەوەی مەڵبەندی خیلافەتیان لە(دیمەشق)دا نەکردووە، بەڵکو پشتئەستوور بوون بەبەڵگەوە، ڕۆژگار حەقیقەتی داواکەیانی سەلماندووە؛ کە خەڵکی شام توانای یەکلایی کردنەوەی گۆڕانکاریەکانی مێژوویان تێدا هەیە؛ دیارە بەهۆی پتەوی و بەهێزی ڕەگ وریشەی یەکێتی هۆزە یەمەنیەکانی شام وبوونی دەوڵەتی ئومەوی لەو وڵاتەدا.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم یەکێتیە پتەوەی هۆزەکانی شام توشی ڕاتەکاندنێکی گەورەو پەرتەوازەیەکی سامناك بوو، بەجۆرێك ڕووداوە سیاسیە خێراکانی ئەوکات ململانێیەکی توندیان لەنێوان هۆزەکانی (قەیسی ویەمانی) دا دروست کرد، کە لە دواخۆیەوە بەردەوام کاردانەوەی خراپی لەسەر ژیانی سیاسی دروست دەکرد.

قەیسیەکان: لەم قۆناغەدا و لەباکووری شام، بەیعەتیان بەتاکە هەڵبژاردەی دەرکەوتوو وسەرکەوتووی پەسندکراو (عبداللەی کوڕی زوبێر)دا، کاتێك (زوحاکی کوڕی قەیسی فەهری) هاتە نێویانەوە زیاتر پشتئەستوور بوون، قەیس کەسێك بوو ژیانی لە خزمەت (معاویەو یەزیدی کوڕی) بەسەر برد بوو، ئێستاش دوای مردنی (معاویەی دووەم) کاربەڕێوەبەری(دیمەشق)ە.

بەڵام کەلەبیەکان: هەرچەندە بەڕواڵەت هەڵوێستیان کزولاواز بوو لەنێو بەیعەتی بەکۆمەڵی خەڵکی شام بەگشتی وبرایانی باکوریان بەگشتی بۆ (ئیبن زوبێر)، ئەوان لەسەر پەیمانی پێشداو وابەستەییان بۆ (بەنی ئومەییە) مایەوە؛ چونکە ژن و ژنخوازی لەنێوان ئەوان و ئومەویەکاندا دروست ببوو معاویە ببوە زاوایان و[1] (یەزید)یش لە نێویاندا گەورە ببوو.[2]

١ـ تأريخ الطبري (٦/٢٤٦) .

٢ـ هەمان سەرچاوە .

بەڵام دوای ئەمە لەنێو خۆدا ڕایان جیاواز بووە لەسەر ئەوە بەیعەت بەکێ بدەن، هەندێکیان ڕایان لەسەر (خالیدی کوڕی یەزید) بوو، کە خالید مێرد منداڵ بوو، هەندێکی تریشیان لەبەیعەتدان بەمنداڵێکی وەك خالید پاشە کشەیان دەکرد، لە کاتێکدا خەڵکان بەگشتی ڕایان لەسەر بەیعەتدان بەپیاو ماقوڵ و پیری قورەیش (عبداللەی کوڕی زوبێر) بوو، ئەوا ئەو کۆمەڵەی دووەمی کەلەبیان ڕایان لەسەر (مەڕوان کوڕی حەکەم) بوو، بەلای ئەوانەوە (مەڕوان) لە (عبداللە) باشترو لە پێشترو شایانترە.

دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بۆ چاکردنەوەی نێوانی (قەیسی ویەمانی)، هەردولا ڕێکەوتن لەسەر کۆبوونەوە لە(جابیة)[1] بە مەبەستی ڕاوێژکردن وڕێکەوتن لەسەر مەسەلەی بەیعەت، کەلەبی وئومەویەکان بەرە و(جابیە) بەڕێکەوتن، لەو کاتەدا هەندێك لەپشتیوانانی ئیبن زوبێر زوحاکی کوڕی قەیسیان وادارکرد گوێڕایەڵیان بێت وئەویش لەگەڵیان کەوت وبەرەو (مەرج ڕاهیت)[2] بەڕێکەوت.

ا ــ پەیڕەو کردنی شوڕا لە کۆبوونەوەی (جابیە):

کەلەبیەکان کۆنگرەی خۆیان لە(جابیە) بەست، سەبارەت بەبەیعەتی خیلافەت ڕاوێژیان کرد، کۆنگرەی (جابیە) کۆبوونەوەیەکی مێژوویی یە، دەکرێ بەزمانی سیاسی وەسف بکرێت و ناوی (کۆنگرەی دەستوری) لێ بنرێ، پیاو ماقوڵ وقسە ڕۆیشتو و خاوەن هێزی شام تێیدا بەشداربوون، لەم کۆنگرەیەدا داوەتی خەڵکی خاوەن ڕاو چارەسەرسازی بۆ کرابوو، کە بەئازادانە بیرو ڕای خۆیان دەربڕن، دەتوانین تەماشای لایەنێکی ئەم ئەزموونە ڕاوێژکاریە سەرکەوتووە بکەین؛ دەبینین ژمارەیەك ناوی تێدا هاتونەتە بەرباس ولێکۆڵینەوە بۆ پۆستی خیلافەت، کە ئەمانە لەدەرەوەی بنەماڵەی (بەنی ئومەییە) بوون، بەڵام دەرەنجام تاتەرازووی (مەڕوان) سەرکەوت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك: وەك (روحی کوڕی زنباعی جوزامی)یەك

١ــ الجابیة: شارۆچکەیەکی سەریە دیمەشق بەلای جۆلانەوە .
٢ــ تأریخ الطبري، نقلاً عن الدولة الأمویة المفترى علیها ص٢٦٦ .

لەسەرانی شام باسی دەکات، کاتێك لەکۆنگرەکەدا گوتی: ئەی خەڵکینە ئێوە، کە دەڵێن: (عبداللەی کوڕی عومەر) هاوەڵی پێغەمبەری خودایەﷺو مێژوویەکی پێشینەو دێرینی هەیە لەئیسلامەتی دا، بەڵام (ئیبن عومەر) پیاوێکی لاوازە، کاروباری ئوممەتی(محمد)ﷺ بەپیاوی لاواز بەڕێوە نابرێ.

بەڵام ئەوەی خەڵك باسی دەکات دەربارەی (عبداللەی کوڕی زوبێر)کە پیاوێکی بەتواناو دەسەڵاتە، بەخوا ئەوەی دەیڵێن ئاوایە، ئەو کوڕی (زوبێر)ە، کە زوبێر (دڵسۆز)ی پێغەمبەری خودا بوو، ئەو کوڕی (ئەسماء)یە کە ئەویش کچی (ئەبوبەکری صدیقه)و بە(خاوەن دوپشتێن) بەناوبانگە، دەڵێن: (ئیبن زوبێر) مێژوویەکی دێرینی هەیە لەچاکەو ئیسلامەتیدا، بەڵێ وایە، بەڵام (ئیبن زوبێر): مونافیق ودوو ڕووە، دوو خەلیفەی لە خەلیفایەتی خستوون، واتە (یەزیدو معاویه)ی کوڕی، یاخی بووەو خوێنی موسڵمانانی ڕشتووە، مونافیق و دووڕوو نابێتە خاوەنی کاروبارو دەسەڵاتی موسڵمانان، بەڵام (مەڕوانی کوڕی حەکەم) بەخوا هەرکات بەهۆی ناکۆکی ودووبەرەکی کەلێنێك دروست بووبێ لەنێو موسڵماناندا، ئەو وەستایانە پڕی کردۆتەوەو بۆیەکی هێناوەتەوە، ئین زوبێر بەرگری لەئەمیری ئیمانداران (عوسمانی کوڕی عەففان) کردووە لەڕۆژانی گەمارۆدرانیدا، شەڕی لەدژی (عەلی کوڕی ئەبیتالیب) کردووە لەڕۆژی (جمل)دا، ئێمە پێمان باشە بۆ خەڵك بەیعەت بەپیاوە بەتەمەنەکە - مروان - بداو چاوەڕێ ی گەورەبوونی مێر منداڵەکە - خالید - بێ، ئینجا ڕاکان کۆك بوون لەسەر بەیعەتدان بە(مەڕوان)، دوای ئەو بۆ (خالیدی کوڕی یەزید)، ئینجا بۆ (عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاص.[١]

ئەم هاوکێشە ڕاجیاوازەکانی یەکخستن و هەموو لایەنەکانی قایل کرد.[٢]

گفتوگۆی نێو کۆبوونەوەکە زۆری خایاند، ژمارەیەك سەرەك هۆزی بەرچاوی شام وسەرانی (بەنی ئومەییە) ئامادەیبوون، لەو کەسایەتیە دیارانە: حیسابی کوڕی مالیکی حەدەلی کەلبی، حەسینی کوڕی ئەمیری سکونی، ڕوحی کوڕی زنباعی

١ـ تأريخ الطبري (٦/٤٧٢) .
٢ـ الدولة الأموية المفترى عليها ص٢٩٦ .

جوزامی[١]، مالیکی کوڕی هـەبیرەی سـکونی، عبداللـەی کـوڕی مەسـعەدەی فـەزاری، عبداللەی کوڕی عوزاتی ئەشعەری و ژمارەیەکی تریش لەکەسە کاریگـەرەکانی[٢]دژیـە (ئیبن زوبێر)، بیروڕای زۆر ئاڵوگۆڕ کـران، تـاڕای هـەموان لەسـەر (مـەڕوان) قـەراری گرت.[٣]

مەڕوان درێغی نەکرد لەبەخشینی ئیمتیازاتی پایەو سامان بۆ هۆزەکانی (کەلب و کینده) تا بەلای خۆیاندا ڕاکێشێ، ئەو بەنهێنی لەگـەڵ هـەموو ئـەو سـەرۆك هۆزانـە ڕێکـەوتبوو کەکاریگـەریان هەیـە لەسـەر جـەماوەرو ڕاکێـشان و کۆکردنـەوەیان لـەدەورەی ئـەو وپـشتیوانیکردنی، نەخـشەی داڕشـت وتـوانی لەچـەند ڕێگـەی جۆراوجـۆرەوە خـۆی بگەیەنێتـە سـەر تـەختی حـوکمڕانی لەشـام وبەسـەر هـەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ ببێ.[٤]

ب ـ بڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆبوونەوەی(جابیە):

بڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆبوونەوەی(جابیە) لەم چەند ڕستەدا کۆدەبنەوە:
بەیعەت نەدان بە(ئیبن زوبێر).
دوور خستنەوەی (خالیـدی کـوڕی یەزیـد) لەبەیعـەت؛ بەپاسـاوی ئـەوە عـەرەب حـەزناکات بەیعـەت بەمنـداڵ بـدات، بـە تایبـەت لـەم کاتـەدا، کـە لـەنێو کێـشەو تەنگژەدان.
کەواتە ئەوان پێویـستیان بەمێردەزمەیـەکی شـارەزایە پێـشڕەوایەتی یـان بکـات بەرەو سەرکەوتن ولەم بارە ناهەموارە ڕزگاریان بکات.
بەیعەتدان بە(مەڕوانی کوڕی حەکەم)ی پیری کـامڵی ژیـر، دوای گـۆنگرە: دەبـێ (کەڕوان) جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت وخۆی سازو باز بکـات بـۆ ڕوویـەڕوو بوونەوەی شوێنکەوتوانی(ئیبن زوبێر)، ئەم کارە لە (شام) ڕا دەستی پێ دەکرێت.[٥]

١ـ تأريخ الطبري (٤٧٢/٦) .
٢ـ عبدالله بن الزبير للخراشي ص١٤٧ .
٣ـ تأريخ الطبري (٤٧١/٦،٤٧٢) .
٤ـ الدور السياسي لأهل يمن في الشام، إسماعيل الجبوري ص٤٦،٤٧ .
٥ـ عبدالله بن الزبير للناطور ص١٣٢ .

ج ــ بەپێی ڕاوێژ (مەڕوان) سەرکردایەتی بەرەنگاربوونەوەی (ئیبن زوبێر) دەکات؛

سەرکردایەتی کردنی هێزی موعارەزە لەلایەن (مەڕوان)ەوە لەسەر بنەمای ڕاوێژ وەستابوو؛ چونکە ئەو بە شێوازێکی ئازاد لەلایەن ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە دیاریکرا، ئامادەبوان بریتی بوون لەخەڵکانی سەرکردەو چارەسەر سازو خاوەن بڕیاری شام، بەڕێگەی دەستوری یەکدەنگ بوون لەسەر (مەڕوان)، بەم جۆرە لەم کات وساتەدا جیهانی ئیسلام دوو خەلیفەی هەبوو:

یەکەمیان: عبداللەی کوڕی زوبێر خەلیفەی شەرعی وهەڵبژێردراو لەلایەن زۆرینەی ئوممەتی ئیسلامی.

دووەمیان: مەڕوانی کوڕی حەکەم سەرکردەی هێزی موعارەزە وبەرهەڵستکاری دژبە (ئیبن زوبێر) هەڵبژێردراو لەلایەن خاوەن هێزو بڕیار بەدەستانی پایتەختی خیلافەتی (ئومەوی).

لەکاتێکدا یەکبوونی دەوڵەت ویەکبڕیاری موسڵمانان یەکێکە لەواجبەکانی ئیسلام؛ بۆیەو لەپێناوی ئەم ئامانجەدا دەبێ یەکێك لەم دوو خەلیفەیە زاڵبێ بەسەر ئەوی تریاندا، بەڵێ ئاگری شەڕ هەڵایساو درێژەی کێشا تا کار بەوە گەیشت(عبداللەی کوڕی زوبێر)ی خەلیفەی شەرعی کوژراو کاروباری دەوڵەت بۆ(عبدالملك ی کوڕی مەڕوان) بەرقەرار بوو.

دیارە خەڵکی شام ئەوانەی دژایەتی (ئیبن زوبێر)یان کردو لە(جابیە) کۆبوونەوە ڕایان وابوو: بەیعەتدانی خاوەن هێزو بڕیار بەدەستانی پایتەختی خیلافەت حوکمەکەی بەسەر تەواوی هەرێم وشارەکاندا پەخش دەبێ وواجب دەبێ لەسەریان: گوێڕایەڵ وفەرمانبەرداری ئەو کەسەبن، کەئەوان بەیعەتیان داوەتێ، بەمەش دەوڵەت دەبێتەوە بەیەك ولە جیاوازی ڕاکان ڕزگاری دەبێت.[١]

(إبن حزم): ئەم ڕایەی داوەتە پاڵ خەڵکی شام ودەڵێ: ئەوان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەنیەکانیان ئەم فتوایەیان داو وای لێکردن بەیعەت بە(مەڕوان)و پاشان

١ــ الأحكام السلطانية للماوردي ص٦ .

(عبدالملك)ی کوڕی بدەن، بەم شێوەیە ڕژانی خوێنی موسڵمانانیان حەڵا کرد.[١]

بەنیسبەت (بەیعەتی ئیبن زوبێر)، پابەند بوون بوو بەڕای زۆرینە، ئەگەرچی بەڵگەی جێگیربوونی بەیعەتی خەڵکی پایتەختی (خیلافەت) یاسایەك بوو، بەیعەتی صدیق و فاروق و ذو النورین و علي و حسن کوڕی علی لەسەر بنیات نرابوو، بەڵام کاروبارەکان گۆڕانکاری زۆرو گەورەیان بەسەردا هاتبوو.

پابەند بوون بەیاسای زۆرینە: لەحاڵەتی کێشە کێشدا پەسند دەکرێت، ئەمە ئیمامی (غەزالی) بڕیاری لەسەر دەدات ودەڵێ : کێ بەیعەتی زیاتری پێدرابێت بەسەر ئەوانی تردا هەڵدەبژێرێت، بەر هەڵستکاری ڕای زۆرینە دەرچووی سنووری شەرعە، واجبە بەرەو هەق وفەرمانبەرداری بگێڕدرێتەوە.[٢]

ئێمە پشتگیری ئەم ڕایە دەکەین؛ چونکە ڕای زۆرینەی موسڵمانان بۆ کۆتایی پێهێنانی کێشەو ناکۆکیەکان وەردەگیرێت وئەنجامگیری لەسەر دەکرێت، ئەم شێوازە یاسای مافی ئوممەتی ئیسلامی دەسەلمێنێ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و خەلیفەیەك بۆ خۆی[٣] و لەهەر سەردەمێکدابێ.

جگە لەمە بەڵگەی زۆرو زەوەند هەیە لەسەر پەسندکردنی ڕای زۆرینە، لەو بەڵگە شەرعیانە: پێغەمبەرﷺ خودی خۆی پابەندی بڕیارێك بووە کەڕای زۆرینەی هاوەڵانی لەسەر بووە، ئەگەرچی پێچەوانەی ڕای ئەویش بووبێ، کاتێك هەواڵی هێرشی قورەیشیەکانی بیست بۆ سەر شاری مەدینە، ڕاوێژی بەهاوەڵانی کرد، کۆمەڵێك کەئەوان زۆرینە بوون ڕایان لەسەر چوونە دەرەوە بوو بۆیان، ڕای کۆمەڵەکەی تر ڕای پێغەمبەریان هەبوو، کەچاك وایە لەشاردا سەنگەریان لێبگرن، کاتێك پێغەمبەرﷺ بینی زۆربەی هاوەڵان ڕایان لەسەر چوونە دەرەوەیە، کاری بەڕای ئەوان کردو بڕیاریدا لەکێوی (ئوحود) بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە.[٤]

١ـ الفصل الأول في الملل والنحل (١٦٨/٤) .

٢ـ هەمان سەرچاوە.

٣ـ نظام الحمك في الأسلام، د.أحمد عبدالله ص١٣١ .

٤ـ المرجع السابق ص١٣١ .

پڕۆژەی (الدستوری الإسلامي)ی ئامادەکراو لەلایەن (مجمع البحوث الأسلامية) و (الأزهـر)، ئـەنجامی ڕای زۆرینـەی پێویـست کـردوو، ماددەی(٤٦) ئاوایـە: بەیعـەت بەزۆرینەی دەنگی بەشداران دادەمزرێت.[1]

٢ ـ جەنگی (مرج راهط):

کۆنگرەی (جابیە) (خیلافەتی ئومەوی) لەنێو ماڵی (سوفیانی)یەوە بۆ نێو ماڵی (مـەڕوانی) گواسـتەوە، دەسـتی بەیعەتـدان بـۆ (مـەڕوان) درێـژکرا، بـەم شـێوەیە کۆنگرەکـە چارەسـەری کێشەی خیلافـەتی لـەنێو (بـەنی ئومەییـە)دا کـرد، ئەمـە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بوو، بەڵام بەرقەرار کردنی ئەم دەسەڵات وخیلافەتە هەروا ئاسـان نیـەو ئاسـتەنگی گـەورەی لەبەردەمـدا دروسـت بـوون، (زوحـاکی کـوڕی قەیسی)ی سەرۆکی قەیسیەکانی پشتیوانی (ئیبن زوبێـر)و لەگـەڵ (نوعمـانی کـوڕی بەشـیری ئەنـساری)ی والی (حمـص)و (زوفـەری کـوڕی حاریـسی کیلابـی)ی والی (قینسرین) لە(مرج راهط) کۆبوونەوە وخۆیان ئامادەو تـەییار کـردووە بـۆ بـەرەنگار بوونەوەی (ئومەویەکان)، ئێستا (مەڕوان) لەسەریەتی بیسەلمێنێ: کە ئـەو شایانی بەرپرسیارێتی و هەڵگرتنی باری قورسی (خیلافەت)و بەرگریلێکردنیەتی.

سـەرەتا لەدیمەشـقی پایتـەختی خیلافەتـەوە دەسـتبەکار بـوو، پـشتیوانانی (مـەڕوان) توانیـان پـەلاماری (دیمەشـق) بـدەن و دەسـتیان بەسـەر داگرتـەوەو کاربەدەستی (زوحاك)یان بەدەرێنا، بەقسەی (إبن الأثیر):

ئەمە یەکەم سەرکەوتنی (بەنی ئومەییە) بوو.[2]

مـەڕوان کـاتی بەفیرۆنـەدا سـوپایەکی لـەهۆزەکانی یـەمانی نیـشتەجێ لەشـام (کەلب وغەسان وسکون) ساز کرد، عەمری کوڕی سەعیدی لەلای ڕاستی سوپاکەوە دانا، عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادی لەلای چـەپی سـوپاکەوە دانـا، بـەرەو (مـرج راهـط) بەڕێکەوت، جەنگ ڕوویداو ئەنجامەکەی یەکلایی کردنـەوەی هەڵوێـستی شـامی تێـدا

١ـ نحو دستور إسلامي، محمد سيد أحمد، ص١٧٣، نظام الحكم في الأسلام، د. أحمد عبدالله ص١٣٢ .
٢ـ الكامل لإبن الأثير (٦١٨/٢) .

بوو بۆ (بەنی ئومەییە)؛ چونکە قەیسیەکانی پشتیوانی (ئیبن زوبێر) تێکشکان، (زوحاکی کوڕی قەیس)و ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەو پیاو ماقوڵانی (قەیس)ی نێو شام کوژران، جەنگەکە (٢٠) ڕۆژی خایاند، ئەم ڕووداوە لەکۆتایی ساڵی ٦٤ی کۆچیدا بوو، دەشگوترێ لە موحەڕڕەمی ٦٥ی ك دابووە.[١]

أ- ئەنجامەکانی جەنگی (مرج راهط):

- دەسەڵاتی (بەنی ئومەییەی) لەمەترسی لەنێو چوون ڕزگار کردو دەسەڵاتی لەباڵی (سوفیانی)یەوە گواستەوە بۆ باڵێ (مەڕوانی).

- ئومەویەکانی ڕزگار کرد لە(زوحاکی کوڕی قەیسی فەهری)ی گەورە پشتیوانی دڵسۆزی (ئیبن زوبێر).

- (قنسرین) کەوتە ژێر ڕکێفی ئومەویەکان وزوفەری کوڕی حاریسی سەرکاری بەرەو (قرقیسیا) ڕۆیشت، بەپێ ی قسەی (إبن الأثیر): (عیازی حەرسی) کاربەڕێوەبەری بووە.

- (فەلەستین) کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئومەوی و(ناتلی کوڕی قەیسی جوزامی)ی کاربەڕێوەبەری بۆلای (ئیبن زوبێر) ڕۆیشت.

- (حمص) گیراو (نوعمانی کوڕی بەشیر)ی کاربەڕێوەبەری کوژرا.[٢]

- بەرپابوونی ململانێ ی نێوان یەمانی وقەیسی، بەمە دەمارگیری خێڵەکی خۆی خزاندە نێو مەیدانی سیاسەتی باڵای دەوڵەت، ئەگەر چی جەنگی (مرج راهط) سەرکەوتنی کەلبیەکانی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمە سەرکەوتنێکی کاتی بوو، ململانێی بەردەوامی دوو ڕەگەزی قەیسی ویەمانی یەکێك بوو لەهۆسەرەکیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی ئومەوی.[٣]

١- تأريخ الطبري (٤٧٣/٦)، العالم الإسلامي في العصر الأموي ص١٤٣ .

٢- الكامل لابن الأثير (٦١٨/٢)، إبن الزبير للناطور ص١٣٧ .

٣- تأريخ خلافة بني أمية، نبية عاقل ص١٣٠ .

ب ــ هۆکارەکانی تێکشکانی (قەیسیەکان):

- (ئیبن زوبێر) بەقورسایی پێویستەوە نەچووە نێو ئەو جەنگەوە[٤] دەبوایە سوپایەکی جەربەزەی بە چەکوچۆڵی تەواوەوە بۆ پشتیوانی لایەنگرانی ناردبایە، بەتایبەتی کەدەیبینی نەیارانی شامی ئێستا پەرتەوازەن ویەکیان نەگرتۆتەوە.

ــ پشبەستنی (مەڕوان) لەوجەنگەدا بەپیاوانی شارەزاو بەئەزمونی شەڕوپێکداداان، وێنەی: (حەسینی کوڕی نەمیری سکوفی، عەمری کوڕی سەعید).

- تەواوی لایەنگرانی (ئیبن زوبێر) ئامادەی جەنگەکە نەبوون، بەڵکو والیەکانی بەخۆو ژمارەیەکی کەمی سەربازیەوە چوو بوونە نێو جەنگەکەوە.

ــ (زوحاکی کوڕی قەیس) لەکاتی بەجێهێشتنی شاری (دیمەشق) نەهات هێزێکی گەورەی تێدا بەجێ بێڵێ تا پارێزگاری کردنی ئەم شارە گرنگە دەستەبەر بکات، ئومەویەکان ئەم هەلەیان قۆستەوەو بەئاسانی دەستیان بەسەر (دیمەشق)دا گرت.[١]

ج ــ گریانی مەڕوان لە(مرج راهط):

گێڕدراوەتەوە: کاتێك سەری (زوحاکیان) بۆلای مەڕوان هێنا، نارەحەت بوو و گوتی: ئێستا کە تەمەنم بەرەو ژوور چووە وئێسکم باریك بووە و بەئەندازەی ماوەی تێنوێتی گویدرێژێکم تەمەن ماوە[٢] و خەڵك دێنم وپێکیان وەردەکەم![٣]، هەروەها دەگێڕنەوە: لەو ڕۆژەدا گریاوەو سەری لەقالان وەرێناوەو[٤] گوتوویەتی: پاش ئەوەی پیر بووم و لاواز بووم، وام لێهات لەسەر دەسەلات شەڕە شیر بکەم![٥]، لەگێرانەوەیەکی دا (مالك)، گوتوویەتی: (مەڕوان) گوتی: ماوەی (٤٠)ساڵە قورئان دەخوێنمەوە، ئێستا خۆم لەنێو مەیدانی خوێنڕێژی و جەنگو هەرادا دەبینمەوە ![٦].

١ــ عبدالله بن الزبير للناطور، ص١٣٨ .
٢ــ تأريخ الطبري (٦/٤٧٤) .
٣ــ هەمان سەرچاوە .
٤ــ البداية والنهاية (١١/٦٧٦) .
٥ــ هەمان سەرچاوە.
٦ــ سير أعلام النبلاء (٣/٤٧٩) .

پەشیمان بوونەوەی (مەڕوان) لەم ساتە وەختەدا کەسەرکەوتنی بەدەستهێناوەو سەبارەت بەگرتنی جڵەوی دەسەڵات دڵنیا بووە وڕێگەکانی گەیشتن بەئامانجەکانی بۆ خۆشبوون، بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر هەبوونی بزوێنەرێکی خێر کە دڵی مەڕوان بەم شێوەیە دەجۆشێنێ؛ لەکاتێکدا کە دەبوایە ئەم سەرکەوتنە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانی ژیانی لەبیر بەرێتەوە، دەبوایە دەستکەوتی پۆستی حوکمڕانی هەموو هۆکارەکانی پەشێمانی وتێکدەرەکانی کەش وهەوای سافی لەئاسمانی خەیاڵیدا لێ بڕەوێنێتەوە، بەڵام حاڵی مەڕوان حاڵی پەشێمانی یە، حاڵێك کەتێی کەوتووە، حاڵەتی پەژارە و خەفەت ومەراق لەدڵو دەروون دەر دەکات و، حاڵەتی پەشێمانی لەکەسێك دوور دەخاتەوە کەتا دوێنێ داوای موڵك و سەڵتەنەتی کردووە وئەمڕۆش پێ ی گەیشتووە![1].

زۆربەی ڕا لەسەر ئەوەن، کە کەسانێك مەڕوانیان تووشی ئەم داواکاریە ناڕەوایە کردو پاڵیان پێوەناو خستیانە نێو ئەم زەلکاوە بۆگەنە، خەڵکانێك بوون خوازیاری بەرژەوەندی دنیایی بوون وبەس؛ بۆیە مەڕوان لەوکاتەدا هەستی بەمەکردو ویژدانی کەوتە ژان و ترسا پیری ئاخیرشەڕ بێ، بەتایبەتیش کەبینی هەردوك دەستی لەپێناو باتاڵی ڕزیوی دنیادا بەخوێنی موسڵمانان سوور بوون.

سێهەم: گرتنەوەی (میسر) و هەوڵی گرتنەوەی (عێراق و حیجاز).

جەنگی (مەرج ڕاهیت) ئەنجامی جێگیر بوونی دەوڵەتی (مەڕوان)ی ئومەوی لە شامدا لێکەوتەوە، ئینجا (مەڕوان) بەرەو (میسر) هەنگاوی نا، بەم هەنگاوەی زیرەکی خۆی سەلماند: چونکە میسر لەگەڵ ئەوەدا وڵاتێکی گرنگە، ئەوا بە سەرکەوتنی لە شوێنێکی ئەوادا هێز و پێزی زیاتر دەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ (ئیبن زوبێر)دا، زاڵبوونی بەسەر (میسر)دا کارێکی قورس نەبوو، چونکە میسریەکان هەواداری دەولەتی (بەنی ئومەییە) بوون، کە بەیعەتیشیان بە (ئیبن زوبێر)دا لەگەڵ دڵسۆزیانەوە نەبوو، بەڵکو لە ڕووی ناچاری بوو[2].

١ـ الأمويون، محمد الوكيل (٣٠٧/١) .

٢ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي ص:١٤٤.

پێش ئەوەی دەست بە هێرشەکەی بکات لایەنگرانی (بەنی ئومەییە)ی میسڕی بە نهێنی بانگکرد،[1] ئەمە ڕێخۆشکەرێکی سەرەکی بوو تا بە ئاسانی ئەو ولاتە بگرێت، خودی خۆی سەرکردایەتی سوپا هێرش بەرەکەی کرد، (عەمری کوڕی سەعید و خالیدی کوڕی یەزید و حەسانی کوڕی مالیك و مالیکی کوڕی هەبیرە و عبدالعزیزی کوڕی) لەگەڵدابوو،[2] چەند شەڕ و پێکدادانێك لە نێوان (مەڕوان) و (ئیبن جەحدەم) دا ڕوویاندا، (مەڕوان) سەرکەوت و (ئیبن جەحدەم) هەلات، پاشان هاتەوە لای (مەڕوان) و داوای لێکرد لێی ببورێ و ڕێگەی پێ بدات بەرەو (مکە) دەربچێ، ئەویش لێی خۆش بوو و ڕێگەیدا.

ئەمە و لە جەمادی دووەمی ٦٥ك دا مەڕوان میسڕی گێڕایەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئومەوی.[3] ماوەی (٢) مانگ بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ و ڕێکوپێك کردنی دەوڵەت لە(میسڕ) دا مایەوە، کاتێك ویستی بگەڕێتەوە شام (عبدالعزیز)ی کوڕی بە (والی) لەو ولاتەدا دیاریکرد، وەستێکی وای کرد، کە بەڵگە بێ لەسەر سیاسەتی بەهێزی و شارەزایی زۆری، (عبدالعزیز) کە بینی بە تەنها لە میسڕ بەجێ دەمێنێ ترس و دڵە ڕاوکەی لەسەر دروست بوو، بە مەڕوانی باوکی گوت: ئەی ئەمیری ئیمانداران نیشتەجێبوون لە ولاتیکدا چۆنە کە کەسێکی خانەوادەی (بەنی ئومەییە)ی لێنەبێ؟! مەڕوان پێی گوت: ڕۆڵەکەم: با چاکە کردن و خێروبێری گشتیان بگرێتەوە، هەموویان دەبن بە کوڕی بابت، با سەرورووت خۆش بێ لەگەڵیاندا هەموویان دەبنە خۆشەویستت، هەر کامێك لە سەرکردەکانیان وا حاڵی بکە کە ئەو تایبەتە بە خۆتەوە، دەبێتە چاودێر بەسەر ئەوانی ترەوە و گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری هۆکەشی بۆ تۆ مسۆگەر دەکات، (بیشر)ی برات لەلا بەجێدێڵم، تا وەڕەزی خۆتی پێ بشکێنی، (موسای کوڕی نەسیر)م بۆ کردیە وەزیرو ڕاوێژکار، جگە لە ئەمیرایەتی کردنی ئەم ولاتە هیچی ترت لە ئەستۆدا نیە، ئایا ئەمە باشتر نیە بۆ تۆ لە خۆ تەمبەڵکردنی نێو ماڵ و داخستنی دەرگای

١ـ الولاة و القضاء الکندي ص:٤٢،٤١.

٢ـ هەمان سەرچاوە:٤٢.

٣ـ هەمان سەرچاوە ص: ٤١، العالم الاسلامي في العصر الاموي ص:١٤٤.

خانووت؟[١] (مەڕوانی کوڕی حەکەم) لە ڕێگای گەڕانەوەی میسرپیدا، دوو هێزی سەربازی هێرشبەری ئامادەکردن بۆ سەر عێراق و حیجاز، هێرشەکەی سەر (عێراق) بە سەرکردایەتی (عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد) بوو، نەخشەی هێرشەکەی بە گەمارۆدانی (زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی) و خۆقوتارکردن لە مەترسی ئەو لە (قەرقیسیا) دەستی پێ دەکرد، ئینجا بەرەو عێراق و بەرەنگار بوونەوەی موسعەبی کوڕی زوبێر دەچێت، بەڵام ئەم هێرشە لە سەردەمی (مەڕوان)دا هیچ ئامانجێکی نەپێکا، کاتێك سوپا لە ڕێگەی هێرشی (قرقیسیا) و گەمارۆدانی (زوفەر)دا بوو ئەجەل گەیشتە سەری و مرد.

کاتێك عبدالملك هاتە سەر حوکم، بڕیار درا هێرشەکە بکرێت، کە لە لاپەڕەکانی دوایەدا باسی لێوە دەکەین.

بەڵام دەربارەی هێرشەکەی سەر (حیجاز): (مەڕوان) سوپایەکی (٦٤٠٠) سوارەی بە سەرکردایەتی (حوبەیشی کوڕی دەلجەتولقینی) لە فەلەستین ڕا بەرەو ئەوێ بەڕێکرد، (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی) بە خۆی و باییەوە لە ڕیزی سوپاکەدا بوو، کە سوپا گەیشتە (وادي القرى) کاربەدەستی ئیبن زوبێر لە (مەدینە) ڕایکرد،[٢] هێرشەکە تا سەردەمی عبدالملك بەردەوام بوو.[٣]

چوارەم: کرانی عبدالملك بە والی عەهد و مردنی مەڕوان:

مەڕوانی کوڕی حەکەم (٢) مانگ پێش مردنی دواین کاری سیاسی خۆی بە بەستنی بەیعەت بۆ عبدالملك و عبدالعزیزی کوڕی ئەنجامدا، بەم شێوەی یاسای بە میراتگرتنی دەسەڵاتی لە ئیسلامدا بەرجەستەکرد.[٤]

دوا بەدوای گەڕانەوەی لە (مصر) پیلانی دانا بۆ:

دوورخستنەوەی خالیدی کوڕی یەزید و عەمری کوڕی سەعیدی ئەشرەق لە پۆستی دەسەڵات ئەم دوو کەسە لە کۆنگرەی جابیە بڕیاریان بۆ درا بوو دوا بە

---

١ ـ الولاة و القضاء ص:٤٧.
٢ ـ أنساب الاشراف(٥/١٥٠،١٥١)، الدور السياسي لأهل اليمن ص:٥٧.
٣ ـ الدور السياسي لأهل اليمن ص:٥٧، عبدالملك بن مروان لضياء الدين الريس ص:٦٠.
٤ ـ تأريخ خليفة نقلاً عن عبدالملك بن مروان للريس ص:٦٠.

دوای مەڕوان حوکم بگرنە دەست، دایکی خالیدی مارە کردەوە، حەسانی کوڕی مالیکی کوڕی بەجدەلی کەلبی ڕاسپارد کارێك بکات ئەم دوو کەسە لە ویلایەتی عەهد دوور بخاتەوە و بەستنی بەیعەت بۆ کوڕەکانی مەڕوان ڕێك بخات، عەمری کوڕی سەعیدی ئەشرەق دوا بەدوای جەنگیلەگەڵ موسعەبی کوڕی زوبێر و هەوڵدانی بۆ گێڕانەوەی ناتیلی کوڕی قەیسی حوزامی بەرەو (فەلەستین) ئاشکرایکرد کە ئەو داوای ویلایەتی عەهد دەکات دوای مردنی مەڕوان،[1] ئەم داوایەی عەمر پالی بە مەڕوانەوە نا: بە هاوکاری حەسانی کوڕی مالیکی کوڕی بەجدەلی کەلبی بەیعەت بۆ عبدالملك و عبدالعزیزی کوڕی ببەستێ لە ٦٥کۆچیدا، مەڕوان حەسانی ئاگادارکردەوە، کە عەمر دەڵێ ئەو لە دوای مەڕوان دەسەڵات دەگرێتە دەست، حەسان گوتی: من عەمرت لێ دوور دەخەمەوە، ئینجا خەڵکی کۆکردەوە و وتاری بۆ دان و هەموو بەیعەتیان دا بە عبدالملك و عبدالعزیز و کەس نەیار نەبوو.[2]

چەند مێژوونوسێك: (لەجێدانانی دوو کوڕەکەی لە دوای خۆی) بە گرنگترین کاری مەڕوان دادەنێن بەم کارەی حوکمڕانی لەنێو بنەماڵەی (مەڕوان)دا هێشتەوە و سنورێکی دانا بۆ کێبڕکێکردنی ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی لەسەر گرتنی جڵەوی حوکمڕانی، و کۆتایی بە هەموو ئەو کێشانە هێنا کە بە مردنی(خەلیفە) سەرهەڵدەدەن وەك ئەو کێشانەی بە مردنی (معاویەی دووەم) هاتنە پێشەوە.[3]

تێبینی دەکرێت: مەڕوان هەندێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی (جابیە)ی هەڵوەشاندوونەوە کە پەیوەستن بە ئایندەی حوکمڕانی یەوە و پابەندی بەڵێنەکانی نەبووە، حەزی بە کورتهەڵاتنی جێنشینایەتی کردووە لە نێوان کوڕەکانیدا و گوێی بە بەڵێنشکێنی نەداوە و دەستی بە حەز و ئاواتەکانی خۆیەوە گرتووە، لەگەڵ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی خۆی و نەیارانی، کارێکی وای کردووە قایلبن و بەیعەت بدەن بە کوڕەکانی، لە هەمان کاتدا خالیدی کوڕی یەزیدی لەبەر چاوی خەڵکی شکاندووە و جنێوی سوکی پێداوە و، وێنەی ئەوی وا نیشانداوە کە

١ـ الدور السياسي لأهل اليمن ص:٥٧.

٢ـ الانساب البلاذري(١٥٠/٥)، الدور السياسي لأهل اليمن فى الشام ص:٥٨.

٣ـ الدور السياسي لأهل اليمن فى الشام ص:٥٨.

بۆ جێنشینایەتی ناشێ، ئینجا لە سەرەتای ساڵی٦٥ك دا بەیعەت لە خەڵك وەردەگرێ بۆ عبدالملك و عبدالعزیزی كوڕی.[١]

مەڕوان بە زیرەكی و ئەزموونی بیری تیژی خۆی حوكمڕانی (ئومەوی) لە تەنگژە هێنایە دەر و خستیە نێو مەڵبەندی سەركردایەتیكردن و بڕیاردان.

ئەمە ڕووداوێكی سادە و بێ شوێنەوار نەبوو، بەڵكو هەستاندنەوەیەكی نوێی حوكمڕانی ئومەوی بوو لە شام و میسر و لێخستنی سوفیانەكان و هاتنە سەركاری مەڕوانیەكانی لە خۆگرتبوو، هیچ كۆسپ و لەمپەرێكی وا گەورە نەمان لە ڕێگەی عبدالملك دا تا بەسەر عبدالله ی كوڕی زوبێری خەلیفەی شەرعیدا زاڵبێ و پاشان دەستی بەتاڵ بێت بۆ چاكسازی ئیدارەی دەوڵەتەكەی، ئەو چاكسازیانەی ئەو ئەنجامیدان: ئەو بە نوێكردنەوەی ڕاستەقینەی دەوڵەتی ئومەوی و چەسپاندنی پایەكانی حوكومەتێكی خۆسەپێنی دەناسێنن، لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێك كاری چاك و باش كە ناتوانرێت حاشایان لێبكرێت.

مەڕوانی كوڕی حەكەم لە٣/ڕەمەزانی/٦٥ك و لە تەمەنی٦٣ ساڵیدا مرد، (عبدالملك)ی كوڕی نوێژی لەسەر كرد، ماوەی (٩) مانگ و (١٨) ڕۆژ حوكمی گێڕا، لەنێوان دەرگای (جابیە) و دەرگای بچووك دا نێژرا.[٢]

دوا قسەی (و جبت الجنة لمن خاف النار) بەهەشت بۆ كەسێكە لە ئاگر بترسێ بوو، مۆری ئەنگوستیلەكەی (العزة لله) بوو،[٣] دەربارەی هۆكاری مردنی(٣) گێڕانەوەی جیاواز هەیە: یەكەمیان دەڵێ: بە تاعون مردووە،[٤] دووەمیان دەڵێ: هاوسەرەكەی دایكی خالیدی كوڕی یەزید ژەهر خواردی كردووە، یان سەرینی لە سەردەمی داناوە تا خنكاوە،[٥] سێیەم گێڕانەوە دەڵێ: بە شێوەی ئاسایی مردووە،[٦] دژ بەیەكی گێڕانەوەكان بەڵگەن لەسەر ئەوە، كە ڕاستی هۆكاری مردنی

١ـ البداية و النهاية(١١/٧١٥).
٢ـ هەمان سەرچاوە (١١/٧١٤).
٣ـ هەمان سەرچاوە (١١/٧١٣).
٤ ـ مروج الذهب(٣/٨٩)، الدور السياسي لأهل اليمن في الشام ص:٥٩.
٥ ـ مروج الذهب(٣/٨٩)، الدور السياسي لأهل اليمن في الشام ص:٦٠.
٦ـ الطبقات(٥/٢٢٦).

نەزانراوە، بەڵام ئەو گێڕانەوەی هاوسەرەکەی بە کوشتنی تۆمەتبار دەکات بە چیرۆکێکی هەڵبەستراو دەچێت و لەلایەن خەڵکی نەیارەوە بۆ تانەو تەشەردان لە بنەماڵەی ئومەوی ڕەواجی پێدراوە، ئەم گێڕانەوە لەبەر ئەم هۆیانە ڕەت دەکرێتەوە:

١ـ وێنەی ئەم کردارە لەنێو ژنانی عەرەبدا نەبینراوە، وێڕای ئەوە ئەم ژنە خانمێکی ئازاد و شکۆدار بووە و بە خزمایەتی لە (عبدالشمس) دا بە شووەکەی دەگاتەوە.

٢ـ جێگە و پێگەی مەڕوان لەنێو بنەماڵەکەیدا و پلە و پایەی پۆستی جێنشینی ئەم تۆمەتە چاکتر ڕەت دەکاتەوە و بە دووری دادەنێ ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کردارە بێتەوە.

٣ـ مردنی مەڕوان هیچ شوێنەوارێکی خراپی لە نێو بنەماڵەی ئومەوی بەجێ نەهێشت، بەتایبەت لە نێوان خالیدی کوڕی یەزید و عبدالملکی کوڕی مەڕوان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ناڕاستی ئەم گێڕانەوەیە.

بەڵام ئەم گێڕانەوەی ئاماژە دەدا بە مردنی سروشتی و ئاسایی یان تووش بوونی بەتاعون، پێدەچێت وابێت، چونکە مەڕوان تەمەنی لە ٦٠ساڵ تێپەڕیبوو،[١] لەگەڵ ئەمەدا لەم بەشی تەمەنی پیریەیدا زۆری هەوڵدا و ماندوو بوو، ئەمە پشتگیری ئەو ڕایە دەکەن کە بە ئاسایی مردبێ.[٢]

١ ـ الاخبار الطوال ص:٢٨٦.

٢ ـ الدور السياسي لأهل اليمن في الشام ص:٦٠.

باسی سێهەم: عبدالملکی کوڕی مەڕوان و ململانێی لەگەڵ عبدالله ی کوڕی زوبێر.

یەکەم: ناو و بنەچەو ناسناو و کەمێك لە ژیانی.

١ـ ناو و بنەچە و ناسناو:

عبدالملکی کوڕی مەڕوانی کوڕی حەکەمی کوڕی ئەبیعاسی کوڕی ئومەییە، ئەبو وەلیدی ئومەوی، دایکی: عائیشەی کچی معاویەی کوڕی موغیرەی کوڕی ئەبوعاسی کوڕی ئومەییەیە.[1]

٢ ـ لە دایکبوونی و ڕوخساری:

عبدالملك وەك یەزیدی کوڕی معاویە لە ساڵی ٢٦ك لەدایکبووە، پێش ئەوەی دەسەڵات وەربگرێت لە ڕیزی خودا پەرستان و دنیا نەویستان و زانایان بوو، هاوڕێی هاموشۆکەرانی مزگەوت و قورئانخوێنان بوو، لەو چوار کەسایەتیانە بوو، کە لە کۆشکی دەسەڵات نزیك بوون، ددانەکانی کیفی زێڕیان تێکرا بوو، کەسێکی زار ئاوەڵا بوو، بۆی هەبوو بێئاگا بێت و مێش بچێتە نێو زاریەوە، بۆیە پێی دەگوترا (أبو الذباب- خاوەنی مێش)، ڕەنگ سپی و چوارشا بوو، نە لاواز بوو نە قەڵەو، برۆکانی تێکەڵ بوون، چاوی شین و گەورە بوون، لووتی باریك بوو، دەم و چاوی درەوشاوە بوو، مووی سەروریشی سپی بوو و خەنەی دەکرد، گوتراوە: دوای ئەوەی بۆتە حوکمڕان خەنەی کردووە.[2]

٣ ـ خوێندن و بەندایەتی ئەو پێش حوکمڕانی و ستایشکرانی لە لایەن خەڵکەوە:

نافیع دەڵێ: شاری مەدینەم بینیوە، گەنجێکی گورج و گۆڵتر و شارەزاتر و

١ـ البداية و النهاية (٣٧٧/١١).
٢ـ هەمان سەرچاوە (٣٧٩/١١).

قورئانخوێنێکی چاکترم لە عبدالملك ی کوڕی مەڕوانم تێدا نەبینیوە.[١]

ئەعمەش لە (ئەبی زەناد)ەوە دەگێڕێتەوە:

زانایانی مەدینە(٤) کەس بوون: سەعیدی کوڕی موسەییەب، عورووە، قەبیسەی کوڕی زوئەیب، عبدالملك پێش گرتنی جڵەوی دەسەڵات.[٢]

ئیبن عومەر دەڵێ: خەڵك ڕۆڵەیان دەبێ، بەڵام (مەڕوان) باوکی لێبووە واتە: عبدالملك،[٣] مەبەستی ئیبن عومەر ئەوەیە: عبدالملك تەمەنی بەرەو سەر چوو بوو و بەسەر هاوتەمەنانیدا بەرز ببۆوە.[٤]

یەحیای کوڕی سەعید دەڵێ: یەکەمین کەس نوێژەکەی لە نیوەڕۆوە تا عەسر درێژەی کێشا عبدالملك و چەند لاوێکی هاوڕێی بوون، سەعیدی کوڕی موسەییەب گوتی: بەندایەتی بە زۆری نوێژ و ڕۆژوو نییە، بەڵکو بریتییە لە بیرکردنەوە لە گەورەیی خودا و خۆپارێزی یە لە قەدەغەکراوەکان،[٥] ڕاست دەکاﷺ.

شەعبی دەڵێ: لەگەڵ هەرکەسێك دانیشتبم زیاترم بەسەرەوە هەبووە، جگە لە عبدالملك ی کوڕی مەڕوان، ئەگەر قسەیەکم بۆ گێڕابێتەوە زیاتری بۆ گێڕاومەوە، ئەگەر هۆنراوەیەکم بۆ خوێندبێتەوە زیاتری بۆ خوێندوومەوە.[٦]

٤ ــ بە گەورە دانانی ناوی (الله):

بەیهەقی دەگێڕێتەوە: عبدالملك فلوسێکی لێدەکەوێتە ناو بیرێکی پیسەوە، یەکێکی بە (١٣) دینار بە کرێ گرت تا بۆی بێنێتە دەرەوە، سەبارەت بەمە پێی گوترا، گوتی: ئەو فلوسە ناوی (الله)ی لەسەر نوسرا بوو.[٧]

---

١ ـ البداية و النهاية(١١/٣٧٩).
٢ ـ هەمان سەرچاوە (٣٧٩).
٣ ـ هەمان سەرچاوە.
٤ ـ الخلافة الاموية للهاشمي ص:١١٦.
٥ ـ البداية و النهاية(١١/٣٨٠).
٦ ـ هەمان سەرچاوە.
٧ ـ هەمان سەرچاوە.

٥ ــ زیكری خودا له سەفەردا:

ابن ابي الدنيا دەڵێ: كه عبدالملك لە ڕێگادا چاوی بە درەختێك دەكەوت بە هاوڕێكەی دەگوت: (سبحان الله)مان پێ بكە تا دەگەینە ئەو درەختە، (الله أكبر)مان پێ بكە تا دەگەینە هۆ و بەردە و هەروەها.[1]

٦ ــ ئایا ڕاستە دەڵێن پشتی لە قورئان كردووە؟

گوتراوە: كاتێك قورئانی لەنێو كۆشیدا داناوە گوتویەتی: ئەمە دواین جار بێت،[2] (إبن كثير) ئەم ڕیوایەتەی بە (ضعيف) واتە بە لاواز و بێ هێز داناوە و بە دەربڕینی كز (قيل- گوتراوە) گێڕاوەتیەوە.[3]

عبدالملك بە مامۆستای منداڵەكانی خۆی ئیسماعیلی كوڕی عوبەیدوڵڵای كوڕی أبی المهاجری گوتووە، چۆن فێری قورئانیان دەكەی ئاواش فێری ڕاسگۆیی یان بكە.[4]

٧ ــ چ شتێك ئەم گە نجەی ڕەوشت داداوە و پیاوەتی ئەوی جوانكردووە؟

ئین سعد بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە بە بەڵگە بۆ عبدالملك، كە مرۆڤێكی خۆشەویست و لەبەر دڵ بووە بەتایبەتی لەلای مامەكانی واتە: پیاوە گەورەكانی بەنی ئومەییە، ڕۆژێك معاویەی كوڕی ئەبوسوفیان و عەمری كوڕی عاص ﷺ دانیشتبوون، عبدالملك بە لایاندا تێدەپەڕی، معاویە دەڵێ: دەبێ چ شتێك ئەم گەنجەی ئەدەب دادابێ و مەردێكی ئاوا جوانی لێ دروستكردبێ؟ عەمر دەڵێ: ئەی ئەمیری ئیمانداران: ئەم گەنجە(٤) سیفەتی ڕەچاوكردوون و(٣) سیفەتیشی واز لێهێناون: كاتێك دەكەوێتە قسە جوانترین وشە بەكاردێنێ، كاتێك قسەی بۆ دەكرێ بە باشی گوێ شل دەكات، كاتێك دەگات بە كەسێك بە جوانترین زەردەخەنە

١- البداية و النهاية(١١/ ٣٨٠).
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- هەمان سەرچاوە.
٤ - هەمان سەرچاوە.

ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەرگیز قسەیەك ناكات پەشیمانی بە دوادابێ، لەگەڵ خەڵكانی پەرست و بێ ڕێز تێكەڵ نابێت، گاڵتە و گەپ لەگەڵ كەسێك ناكات متمانەی لەسەر ئاوەز و پیاوەتی ئەو نەبێت.[١]

٨ ــ وەسێتی بۆ مامۆستای ڕۆڵەكانی:

عبدالملك بە مامۆستای منداڵەكانی ئیسماعیلی كوڕی عوبەیدوڵڵای كوڕی أبی المهاجری گوت: چۆن فێری قورئانخوێندیان دەكەیت ئاواش فێری ڕاستگۆیی یان بكە، لە خەڵكی سوك و پەستیان دوربخەرەوە: چونكە ئەوانە خراپەی نێو خەڵكی و ڕووهەڵماڵاو و مشەخۆرن،[٢] سیفەتی توڕەبوونیان لێ داماڵە چونكە توڕەبوون ڕەوشتە جوانەكان تێكدەدا، سەریان بۆ بتاشە ملیان ئەستور دەبێ، فەرمانیان پێ بكە سیواك بكەن و ددان و لا شەویلگە و زمانیان پاك ڕابگرن، كە ئاویان خواردەوە با هەڵی بملیسن و هەڵی نەقورتێنن، كاتێك ئەدەبیان دادەدەی یان فێری ڕەوشتێكیان دەكەی، بەنهێنی ئەم كارە بكە، با لەبەر چاوی خەڵك كەم و سوك نەبن.[٣]

٩ ــ هەڵوێستی عبدالملك لە بەرامبەر (ئیبن زوبێر) پێش و پاش جڵەوی حوكم:

ئەو دوو هەڵوێستی دژ بە یەكی هەبوون لە بەرامبەر ئیبن زوبێردا:

یەكەم: پێش حوكمگێڕان: پەنای بە خوا دەگرت خەلیفە سوپا بەرەو (مكە) بەڕێ بكات و پەلاماری ئیبن زوبێر و هاوەڵانی بدات، پێی وابوو كاری لەم جۆرە تاوانێكی گەورەیە.[٤]

یەحیای غەسانی دەڵێ: كاتێك موسلیمی كوڕی عوقبە چووە (مەدینە)، چووە نێو مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)، لە تەنیشت عبدالملك دانیشتم، عبدالملك پێی

١ـ الطبقات لابن سعد.

٢ـ هەمان سەرچاوە (٣٨٩/١١).

٣ ـ هەمان سەرچاوە (٣٨٩/١١).

٤ ـ الخليفة الاموي للهاشمي ص:١١٦.

گوتم: تۆ لەگەڵ ئەم سوپایەی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: دەك دایكت سنگت بۆ بكوتێ! ! دەزانی بۆ لای كێ دەڕۆی؟ بۆ لای یەكەمین لە دایكبووی ئیسلامی دوای هیجرەت، بۆ لای كوڕی دڵسۆزی پێغەمبەری خوداﷺ، بۆ لای كوڕی (ذات النطاقين خاوەن دوو پشتێن)، بۆ لای كەسێك پێغەمبەری خودا خورمای جوراوی دەمی پیرۆزی خستۆتە بن مەلاشوی دەچی؟ سوێند بە خوا ئەگەر بە ڕۆژ بچیتە لای دەبینی بە ڕۆژوە، ئەگەر شەو بچیتە لای دەبینی لە نوێژدایە، ئەگەر خەڵكی سەر زەوی گەلەكۆمەی كوشتنی لەسەر بكەن، خودا هەموویان بەسەر ڕووانیاندا دەباتە دۆزەخ.[١]

هەڵوێستی دووەم: دوای حوكم گێڕان: بە تەواوی پێچەوانەی هەڵوێستی پێشەوایەتی، عبدالملك بەسەركردایەتی (حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی) سازوباز دەكات و بەرەو (مكه)ی بەڕێدەكات، كاتێك ئیبن زوبێر لە پەنایكەعبە خۆ پەنا دەدا سوپاكە گەمارۆی دا تا ئەوكاتەی كوشتیان.[٢]

دووەم: ژیانی سیاسیانەی پێش حوكمگێڕان.

لەكارەساتی كوژرانی عوسمانی كوڕی عەفان دا تەمەنی (١٠) ساڵ بوو، ئەم كارەساتە یەكەمین ڕوداوی واقیعی بوو كە كاریگەری خۆی لەسەر عبدالملك بەجێ هێشتبوو، ئەم كاریگەریە لەكاتی گرتنی جڵەوی دەسەلاتیدا دەركەوت،[٣] لە وتارێكیدا دەڵێ: بەلای ئێمەوە هەموو شتێك لە لایەن ئێوەوە كە دەیكەن قابیلی قبوڵە جگە لە هەڵكردنی ئالا و خۆ كوتان بۆ سەر مینبەر لە سەردەمی معاویەی كوڕی ئەبوسوفیان دا یەكەم پۆستی ئیداری وەرگرتووە و بۆتە كاربەدەستی (حەجەر)،[٤] دوای وەفاتی (زەیدی كوڕی سابیت)یش بۆتە سەرپەرشتیكاری دیوانی شاری مەدینە.[٥]

١ـ تأريخ الخلفاء للسيوطي ص:٢١٧.
٢ـ هەمان سەرچاوە.
٣ـ الدور السياسي لأهل اليمن في الشام ص: ٦٤.
٤ ـ المعارف لابن قتيبة ص:٣٥٥، الدور السياسي لأهل اليمن في الشام ص:٦٤.
٥ـ الطبقات (٢٢٥/١).

لە جیهاد دا بەشداری کردووە و ساڵی ٤٢ك لە پێشەوەی هەڵمەتێکدا بەرەو (ڕۆم) چووە، [١] دەڵێن: لەگەڵ معاویەی کوڕی حەدیج دا ئەفریقیای گرتووە و معاویە گرتنی (جەلەولا)ی خستۆتە ئەستۆ لە وڵاتی ئەفریقیا.

ئەو لە سەردەمی (یەزید)دا دەربارەی (ئیبن زوبێر) دەیگوت: ئیمڕۆ کەسێك لەسەر زەوی دا لە ئیبن زوبێر باشتر نیە، [٢] هەروەك پەیوەندی لە موسعەبی کوڕی زوبێر پەیوەندی دۆستانە بوو.

بەڵام دەربارەی ڕۆڵی سیاسی عبدالملك لە سەردەمی مەڕوانی کوڕی حەکەم دا: سەرپەرشتی ئیدارەی فەلەستینی کردووە و ڕوحی کوڕی زنباع لە جێگەیدا کارەکانی بەڕێوەدەبردن. [٣] دەکرێ ئەمە بکرێتە پاساوێك تا لە دیمەشق لای باوکی بێت و لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا یاریدەی بکات، سەردەمی ئەو کاتی مەڕوان سەردەمی دوژمن و نەیاری زۆری دەرەوە و نێوخۆ بوو، کە باوکی بەرەو میسڕ بەڕێکەوت ئەو سەرپەرشتی ئیدارەی دیمەشقی دەکرد. [٤] ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر وریایی و توانای تەواوی عبدالملك لە بەڕێوەبردندا. [٥]

سێهەم: ئەو زانایانەی لەگەڵ عبدالملك بوون.

ژمارەیەك لە زانایانی شام بەیعەتیان بە عبدالملك دا، بەڵام لە چاو ئەو زانیانەی بەیعەتیان بە (ئیبن زوبێر) دا. یان ئەو زانایانەی بەیعەتیان پێ نەدا ژمارەیان زۆر کەم بوو و بایی ئەوەندە نەدەبوون ڕای ئۆممەتیان لەسەر پێك بێت بۆ کرانی بە (خەلیفە)، ئەمە لە لایەك کە تەنها زانایانی شام بوون بەیعەتیان پێدا، وێنەی ئەو زانایانە: زانای گەورە قەبیزەی کوڕی زوئەیب رحمه الله، [٦] یەزیدی کوڕی ئەسوەدی جەڕشی رحمه الله هاوڕێی عبدالملك دەبێ لە هێرشەکەی سەر موسعەبی کوڕی

١ـ تأريخ خليفة(١/٦٩).
٢ـ الطبقات(٥/٢٢٦).
٣ ـ أنساب الاشراف(٥/١٢٧).
٤ ـ الكامل في التاريخ، نقلاً عن الدور السياسي لأهل اليمن ص:٦٥.
٥ ـ الدور السياسي لأهل اليمن ص:٦٥.
٦ ـ أثر العلماء في الحياة السياسية في الدولة الاموية ص:٥٤٢.

زوبێر، دەڵێن: کاتێك ئاپۆڕای هەردوك سوپای بینین گوتی: خودایە نێوانێك بۆ ئەم دوو شاخە بکە و بە یەك هەڵنەشاخێن، خودایە کامیان بە لاتەوە خۆشەویستە کاروباری بخەرە بەردەست.[١]

چوارەم: بزوتنەوەی (توابین) و جەنگی (عین الوردة) لە ٦٥ کۆچیدا.

دوا بەدوای مردنی یەزید و هەڵاتنی عبدالله ی کوڕی زیاد ئاڵۆزی تەواوی عێراقی گرتەوە، بە پەلە و بێ دواکەوتن پشتیوانانی حوسێن بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی خوێنی حوسێن پەیوەندیان بە یەکترەوە کردەوە، چونکە پاش کارەساتەکە گیانی تۆڵە هەژاندنی و لە پشتیوانی نەکردنی پەشیمان بوونەوە، بۆیە بۆ سڕینەوەی تاوانی سەرنەخستنی حوسێن هیچ هۆکارێکی باشتر لە تۆڵە سەندنەوەی خوێنی حوسێن یان دەست نەکەوت تا ڕووی خۆیانی لە لای خودا و خەڵك پێ سپی بکەنەوە.[٢]

شیعە بە سەرۆکایەتی (صردی خوزاعی) زوو زوو کۆدەبونەوە و هەڵوێست و شێوازی کاری خۆیانیان دەخستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کۆبوونەوەکان بابەتی تۆبە و لێخۆشبوونی خودایان بەسەردا زاڵببوو، ئینجا دەستیان بە ڕێکخستنی هێزی سەربازی کرد.

(توابون) لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ٦٥ك دا و لە ڕۆژی دیاریکراوی دەرچونیان و لە (نحیلة) ڕا بەڕێکەوتن، وێستگەی یەکەمی تۆڵە سەندنەوەیان (کەربەلا) بوو، کاتێك گەیشتنە گۆڕی حوسێن کوڵیان هەستا و گریان و تۆبەیان کرد، ماوەی شەو و ڕۆژێك گریان و کەوتنە حاڵەتی جەزبەوە و بڕیاریاندا بەرەو شام بەڕێبکەون و پەلاماری عبیدالله ی کوڕی زیاد بدەن، بەو پێودانەی ئەو فەرمانی کوشتنی حوسێنی دەرکردووە، بە حیسابی خۆیان چاکترین ڕێگەچارەیان هەڵبژارد بۆ تۆڵە سەندنەوە،[٣] سوپای (توابین) بە شاری (هیت)ی نزیك (فوڕات)دا تێپەڕی، پاشان بە

١- سیر أعلام النبلاء(١٣٧/٤).
٢- الكامل في التاريخ(٦٣٥/٢).
٣- تأريخ الطبري، نقلاً عن تأريخ الدولة الاموية، طقوش ص:٧١.

قـەراغی ڕووبـاردا بـەرەو سـەر ڕۆیـشت تـا گەیـشتە (قرقیـسیا)،[١] ئـەم شـارە كۆتـا سنووری دەسەڵاتی ئیبن زوبێر بوو لـە عێـراق،[٢] زوفـەری كـوڕی حاریـسی كیلابـی ی ئەمیری (قرقیسیا) بە گەرمی پێشوازی لێكردن، هەردولا بەرژەوەندی هاوبەش واتە: دژایەتی ئومەویـەكان كـۆی كردبوونـەوە، (زوفـەر) پێـشنیاری یـەكگرتنی ڕیزەكـانی (توابین)ی لەگەڵ سوپای (ئیبن زوبێر) خستە ڕوو، بـەڵام ئـەوان ئـەم پێـشنیارەیان قبــوڵ نــەكرد و داوای لێبوردنیــان كــرد، (زوفــەر) داوای لێكــردن لــەم بڕیــارە (خۆكوژیــە)یــان پاشــگەز ببنــەوە، بــەڵام ئەمەشــیان ڕەتكــردەوە، توێــشوو و پێداویستیان پێچایەوە و بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێكەوتن.[٣]

(توابون) لەگەڵ سوپای ئومەوی لـە (عـین الـوردە)ی خـاكی (جزیـرە)ی بـاكوری ڕۆژئـاوای (صـفین) و لـە سـاڵی ٦٥ك دا پێكهەڵـشاخان، ئومەویـەكان جـەنگێكی نـا بەرامبــەریان لەگــەڵ كــردن، ســوپایەكی زۆری ئــەوان گــەمارۆی دان و دەرەنجـام سەرۆكەكەیان لێ كوشتن و هەموویان لەنێو بردن، جگە لە ڕوفاعەی كـوڕی شـەداد، كە بە ژمارەیەكی كەمەوە بەرەو (كوفە) گەڕایەوە.[٤]

ذهبي دەربارەی سلێمان كوڕی صردی سەرۆكی (توابین) دەڵێ: ئەو پیاوێكی بـە دین و خـودا پـەرسـت بـوو، لەگـەڵ سـوپایەك دەرچووبوو، كـە تۆبـەیان لـە تـاوانی سەرنەخستنی حوسێنكردبوو، بۆ سـەندنەوەی تۆڵـەی خـوێنی حوسـێن دەرچـوون، بۆیە ناویان لێنرا (سوپای توابین).[٥]

إبن كثير دەڵێ: ئەگەر ئەم بڕیاردان و كۆبوونەوەیان لە پێش گەیـشتنی حوسـێن بایە بۆ شوێنی تێدا شەهید بوونی، زۆر بەسوود تر دەبـوو و سـەركەوتنی حوسـێنی تێدا دەبوو، بەڵام گیانفیدایەیان لە كاتێكدا بوو كە (٤) ساڵی تـەواو بەسـەر شـەهید بوونی حوسێن دا ڕابردووە.[٦]

١ـ الكامل في التاريخ(٢/٦٣٨).
٢ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن تأريخ الدولة الاموية، طقوش ص:٧١.
٣ـ تأريخ الدولة الاموية، طقوش ص:٧٢، الكامل في التاريخ(٢/٦٣٩).
٤ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن تأريخ الدولة الاموية،ص:٧٢.
٥ـ سير أعلام النبلاء(٣/٣٦٥).
٦ـ البداية و النهاية(١١/٦٩٧).

تەمەنی سلێمانی كوڕی صرد ﷺ لە ڕۆژی كوژرانی دا گەیشتبووە (٩٣)ساڵ.[1]

بەڕاستی كە مرۆڤ لە هەڵوێستی ئازایانە و بوێرانەی (توابین) ڕادەمێنێ هەناسەی سواردەبێ، ژمارەیان لە(٤) هەزار كەس تێنەپەڕیبوو، بە باوەڕێكی پتەو و ئازایەتیەكی بێ ئەنداز و دان بەخۆداگرتنێكی تێر و تەواوەوە چوونە نێو گۆڕەپانی جەنگەوە و بە لانی كەم بەرەو ڕووی (٢٠) هەزار جەنگاوەری شامی بوونەوە و زیانێكی گەورەی گیانیان لێ دان و كوشتارێكی زۆریان لێكردن تا كار بەوە گەیشت دەستیان لە خوێندا شەلاڵ بوو، ئەگەر زۆری سوپای شام نەبوایە و گەمارۆیان نەدابان و ڕێگاكانیان لێنەگرتبان و تیربارانیان نەكردبان بەڵێ ئەگەر دەرفەتێكیان بەدەستەوە مابایە هەرگیز بە سەریاندا سەر نەدەكەوتن.[2]

كە مرۆڤ بەرامبەر ئەم ئازایەتی و دڵسۆزیی و خۆتواندنەوەیان سەرسام دەبێ هیچی بە دەست نامێنێ جگە لە پرسیارێك: ئەم پاڵەوانانە لەكوێ بوون كاتێك حوسێن و كەس و كاری بەرەو ڕووی مەرگ ببونەوە لە كەربەلا، ئازایەتی و دڵسۆزیەكەیان لە كوێ بوو كە پەیمانیان دەشكاند و بە هاوار حوسێنەوە نە دەچوون؟!.[3]

گرنگترین هۆی تێكشكانی(توابین):

١ ـ كەمی ژمارەیان لە بەرامبەر ژمارەی سوپای شام، ژمارەی سوپای شام زیاتر لە (٢٠)هەزار جەنگاوەر بوو، جگە لەو ژمارە سەربازانەی عبیدالله ی كوڕی زیاد بۆ ئیحتیات مابونەوە و چاوەڕوان بوون.

٢ ـــ لاوازی (توابین) لە بواری تاكتیكی سەربازیدا، هیچ كام لە سەركردەكانی(توابین) بەرامبەر نەدەكرا بەعبیدالله ی كوڕی زیادیان حصینی كوڕی ئەمیر لە بواری شارەزایی و توانای سەربازیدا، ئەم بیروڕایە لەگەڵ وەسفی

١ـ هەمان سەرچاوە (١١/٧٠٣).

٢ـ الامویون، للوكیل(١/٣١٥).

٣ـ هەمان سەرچاوە.

موختاری سەقەفی بۆ سولێمانی کوڕی صرد یەکدەگرێتەوە، کە دەیگوت: سلێمان پیاوێکە شارەزای مەیدانی جەنگ و سیاسەت نیە.[١]

٣ ـ بێتوانایی بەشدار پێکردن: کاتێك إبن صرد ژمارەی بەیعەتدەرانی (بصره و مدائن)ە ژمارد (١٦) هەزار کەس بوون، چونکە ئەم خەڵکە ڕێکنەخرا بوو، بەس (٤) هەزار کەس بۆ جەنگ ئامادەکرا.

٤ ـ بەشدارینەکردنی موختاری سەقەفی لەم جەنگەدا، جگە لەمەش خەڵکی لە سلێمان سارد دەکردەوە.[٢]

پێنجەم: بزووتنەوەی موختاری ئەبی عوبێدی سەقەفی:

ناوی: موختاری کوڕی ئەبی عوبێدی سەقەفی درۆزنە ، ناوی بابی: ئەمیر ئەبو عوبێدی کوڕی عەمری کوڕی عومەیری کوڕی عەوفی کوڕی عوقدەی سەقەفییە، پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیاندا بووە کە موسڵمان بووە، نەزانراوە کە هاوەڵایەتی پێغەمبەر (ﷺ)ی کردبێ، عومەرﷺ کردوویەتی بە سەرکردەی سوپایەك لە فەتحی عێراقدا، ڕووداوی (جیسری ئەبی عوبێد) خراوەتە پاڵ ئەو. موختار گەورە بوو پێگەیی، بوو بەیەکێك لە گەورەکانی سەقیف، خاوەنی ڕا و ڕەوانبێژی و ئازایەتی و دانایی بوو، بەڵام کەمدینبوو.[٣] پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (یکون في ثقیف کذاب و مبیر)،[٤] موختار درۆزنەکەیە، پڕوپاگەندەی دەکرد کە وەحی بۆ دێ و لە غەیب دەزانێ، کەواتە(کذّاب) ڕێك موختارە، (مبیر)یش بە واتای لەنێوبەر دێ و بەسەر (حجاج)دا دەچەسپێت، قبحهما الله تعالی خوا ڕوویان ڕەش بکات.[٥]

موختار دوای مردنی یەزیدی کوڕی معاویە لەساڵی ٦٤ك هاتە سەر شانۆی ڕووداوەکان، ئەویش لە ڕیزی ئەو کەسە نەیارانە بوو سەردەمی ئومەوی ژانی پێوە

١ـ أنساب الاشراف(٥/٢٠٧).
٢ـ سیر أعلام النبلاء(٣/٥٤٠)، عبدالله بن الزبیر، للناطور ص:١٤٨.
٣ـ سیر أعلام النبلاء(٣/٥٣٩).
٤ـ مسلم رقم:٢٥٤٥.
٥ـ سیر أعلام النبلاء.

گرتبوون و هێنانیه ئاراوه، هەرچەند دڵ و دەروونی پڕبوو لە ڕق و کینە بەرامبەر بە ئالوبەیت. بەڵام دووڕوو ئاسا خۆی لێ کردبوونە دڵسۆز و پڕوپاگەندەی دەکرد کە خۆشی دەوێن و داوای تۆڵەی حوسێنی دەکردەوە.[١] لە کتێبی (عن الحسن بن علي بن أبي طالب) دا گێڕاومەتەوە: کە ئەو فەرمانی بە سەعدی کوڕی مەسعودی سەقەفی مامی کردووە حەسەنی کوڕی عەلی بگرێت و بە خەلات بیداتە (معاویە) تا لای ئەو پشکێکی باشی دەستکەوێ.[٢]

ئینجا هەوڵی دا پەیوەندی بە (عبدالله ی کوڕی زوبێر)ەوە بکات و لەگەڵی پێکبێ، بۆ ئەو مەبەستە چەند مەرجێکی بەسەر عبدالله دا دان: لەو مەرجانە:

- دەبێ ئەو یەکەم کەس بێت بچێتە ژوورەوە بۆ لای.
- نابێت (ئیبن زوبێر) هیچ بڕیارێك بەبێ ئەو ببڕێنێتەوە و هیچ کارێك بەبێ ئەو ڕاپەڕێنێ.
- هەر کاتێك سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەبێ لە کاروبارە گەورە و گرنگەکاندا پشتی پێ ببەستێ.[٣]

بەکورتی: دەیەویست لە دەوڵەتەکەی (ئیبن زوبێر)دا قسەی هەبێت، بەڵام هیچ وەڵامێکی لەلایەن (ئیبن زوبێر) دەست نەکەوت، ناچار بەرەو (کوفە) ڕۆیشت و لەوێ گیرسایەوە.[٤]

بارودۆخی (کوفە) ئاڵۆز بوو، ویستی لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکات، کاغەزی تۆڵەی حوسێنی هەڵدایە سەر مێزی قومار، بە درۆی خۆی گوتی: ئەم ئەرکەی لەلایەن محمدی کوڕی علی ناسراو بە محمدی کوڕی حەنیفە پێ سپێردراوە، بڕیاریدا سواری شەپۆلی لافاوی شیعە بێت و دەرەنجام بگاتە کەناری حوکم و دەسەڵات.

ئەو لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ئەم نیازە بەدەی لای دڵسۆز و نزیکەکانی خۆی دەربڕیوە، ئەوان باوەڕیان وابوو: موختار ڕاست دەکات و تۆڵە (ئالوبەیت)

---

١ ـ البداية و النهاية(١١/٦٦).
٢ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص:٤٨٢.
٣ـ الكامل في التأريخ، نقلاً عن العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص:٤٨٢.
٤ـ البداية و النهاية(١١/٦٦).

دەکاتەوە، موختار لەکاتی گیاندەرچونیدا و تەنگ پێ هەڵچرانیدا و لەنێو جەرگەی مەیدانی جەنگ بانگی سائیبی کوڕی مالیکی ئەشعەری دەکات و پێی دەڵێ: ڕات چییە؟ سائیب دەڵێ: ڕاهی خۆتە، دەڵێ: من ڕام وایە یان خودا؟ دەڵێ: ڕای خودایە، دەڵێ: وای بۆ تۆ: چەندە گێل و کەودەنی! من تەنها پیاوێکم لە پیاوانی عەرەب، تەماشام کرد: (ئیبوزوبێر) دەستی بەسەر (حیجاز)دا گرتووە، (نەجدە)ش بەسەر یەمامەدا، مەڕوانیش بەسەر (شامدا)، منیش تەها وەك ئەوانەم و زیاتر نا، بۆیە دەستم بەسەر ئەم وڵاتەدا گرت، من وەك یەکێك لەئەوان بووم بەڵام من زێدەڕۆییم کرد، تا بەم ڕۆژە تاڵە گەیشتم، ئێستا ئەگەر هیچ نیازێکت نیە بڕۆ بۆ خۆت و ڕزگاری خۆت شەڕ بکە، سائیب گوتی: (إنا لله و إنا إليه راجعون).[١]

سائیب بۆیە ئەمەی گوت: چونکە ئەو کاتە بۆی دەرکەوت موختار هەر کارێکی کردووە تەنها لە پێناوی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا بووە و بە تەنها، هەر بۆیە (ذهبي) وەسفی درۆزنی و بێ دینی دەداتە پاڵ موختاری سەقەفی.[٢]

لە کاتێکدا سلێمانی کوڕی سەردی خوزاعی ی سەرۆکی (تەووابین) خەریکی ئامادەکردنی سوپا بوو بۆ سەر (شام) و عبیدالله ی کوڕی زیاد و سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی حوسێن، موختار لەو کاتەدا خۆی زەق کردبۆوە و هەوڵیدا خەڵك لە سلێمان بتەکێنێتەوە، پڕوپاگەندەکەی سەری گرت و (٢)هەزار شیعەی پاشگەز کردەوە و لە دەورەی خۆی هاڵاندن، دەرەنجامی جەنگی (عين الوردة) بە قازانجی موختَار تەواو بوو، بۆچوون و پێشبینییەکانی دەربارەی دەرەنجامی شەڕەکە بە ڕاست دانران، بەتەنیا خۆی مایەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی شیعە، ڕزگاربووانی ئەو جەنگە پەنایان بۆ ئەو هێنا، بزوتنەوەکەی بەهێز بوو، شوێنکەوتوانی زۆر بوون، ئیبراهیمی کوڕی ئەشتەری نەخەعی، کە یەك لە سەرانی کوفە بوو هاتە نێو بزووتنەکەیەوە، بەمە بەهێزترو سەقامگیرتر بوو، کودەتای بەسەر عبدالله ی کوڕی موتیعی عەدەوی ئەمیری کوفەی سەر بە (ئیبن زوبێر) کرد و دەستی بەسەر کوفەدا گرت.

١ـ تأريخ الطبري(٦/٦٧٧).

٢ـ سير أعلام النبلاء(٣/٥٣٩).

موختار و قەڵاچۆکردنی بکوژانی حوسێن

بەمەبەستی سەلماندنی پڕوپاگەندەی سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی حوسێن و ڕاستی داواکەی، ڕاوەدوی بکوژانی حوسێنی داو زۆربەیانی لە کوفەدا کوشتنەوە،[1] ئینجا لەساڵی٦٧ك دە سوپایەکی بە سەرکردایەتی ئیبڕاهیمی کوڕی ئەشتەر ڕێکخستن و بەرەو ڕووی عبیداللە ی کوڕی زیادی پێکردەوە، لەلای ڕووباری (خازەر)ی نزیك (موسڵ) پێك گەیشتن، دەرەنجام سوپاکەی (ئیبن زیاد) شکستی خوارد و(ئیبن زیاد)یش لە گۆڕەپانی جەنگدا کوژرا و ڕەپ هەڵاتن.[2]

کاتێك (ئیبن زیاد) کوژرا (ئیبن موفەڕڕەغ) گوتی:

إن المنايا إذا ما زُرن طاغية هتكن أستار حُجّاب و أبواب
أقول بُعداً و سُحقاً عند لابن الخبيثة و ابن الكودن الكابي
لا أنت زُوحِمت عن ملك فتمنعه و لا مُتّ إلى قوم بأسباب.[3]

موختار سەرەتا دەستی بە گرتن و کوشتنی ئەو کەسانە کرد کە لەگەڵ ئیبن زیاد بەشداری کوشتارگەی کەربەلایان کردبوو، ژمارەیەکی زۆری لە سەرەزلەکان کوشتەوە، وەك: عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاسی ئەمیری سوپای کەربەلا، شمەری کوڕی ذیجۆشەنی ئەمیری ئەو هەزار کەسەی سەرپەرشتی شەهیدکردنی حوسێنیان کرد، سەنانی کوڕی ئەبی ئەنەس و خەولی کوڕی یەزیدی ئەسبوحی و هی تریش.[4]

ڕۆژی عاشورای ساڵی٦٧ی کۆچی ڕۆژی کوژرانی عبیداللە ی کوڕی زیاد بوو، ئیبڕاهیمی کوڕی ئەشتەر سەلکە سەری عوبەیدوڵڵای بۆ موختار نارد،[5] موختار پاش

١ـ العراق في العصر الاموي، ثابت الراوي ص:٢٥٠،٢٥١.
٢ـ الكامل في التأريخ(٢/٧).
٣ـ الكامل في التأريخ(٢/٩).
٤ ـ البداية و النهاية(١١/٦٦).
٥ ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص:٤٨٤.

ئەم سەرکەوتنەی بازنەی دەسەلاتی فراوانبوو، باکوری عێراق و خاکی (جزیره)ی زەوت کرد، کاربەستانی خۆی لە هەرێمەکاندا بلاوکردەوە،[1] باج و خەراجی لەو هەرێمانەوە بۆ دەهات، زۆر لە خەلکانی نا عەرەب پەیوەندیان پێوەکرد، چونکە زۆریان ڕق لە (بني أمية) دەبۆوە[2] لەلایەکو، لەلایەکی ترەوە موختار سامانێکی زۆری خستبووە بەردەمیان،[3] بەم شێوەیە دەرکەوت موختار دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی لە عێراقدا دامەزراند، لە نێوان دەوڵەتەکەی عبدالملك لەشام و دەوڵەتەکەی ئیبن زوبێر لە حیجاز.[4]

١ــ هۆیەکانی سەرکەوتنی بزوتنەوەی موختار لە قۆناغی یەکەمیدا:

بزوتنەوەی موختار لە سەرەتادا سەرکەوت: لەبەر ئەم چەند هۆکارە:

أــ زەمینەی لەبار:

لەکاتێکدا بزوتنەوەی (توابین) لە ڕێی هەڵمەتە شەهادەتخوازیەکەی گەیشتە ئەو ئەنجامەی خۆی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، پەژارە و پەرۆشیەکەی لە (کوفە)دا دەنگی دایەوە، دڵ و دەروونی خەلك پڕ ببوو لە داخ و ڕق و تۆڵە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە (ئیبن زوبێر) پشگیری قەوارەی دەسەلاتی خۆی نەدەکرد لە (کوفە)دا، نە سوپای دەنارد، نە بە پارە و سامان سەرۆکهۆزەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشان، بە بۆچوونی ئەو،دەبێ مەیدانی جەنگ و هەرا لە(کوفە)دا بۆ شوێنکەوتوانی موختار و ئومەویەکان چۆڵ بکات و ئەم دوو لایەنە لە نێو کۆلە ئاشتی جەنگدا بهاڕدرێن و دوایەش ئەو سود و قازانجی گەورەی بەربکەوێت.[5]

ب ــ دەربڕینی هەستی سۆز و خۆشەویستی بۆ (بەنی هاشم) لەلایەن موختارەوە، دیاری و بەخششی گرانبەهای بۆ دەناردن و بەردەوام کاری دەکرد بۆ

١ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص:٤٨٤.

٢ـ الدولة الاموية في الشرق، للنجار ص:١٤٣.

٣ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي ص:٤٨٤.

٤ـ هەمان سەرچاوە.

٥ ـ من دولة عمر إلى دولة عبدالملك ص:٢٠٤،٢٠٥.

ڕاکێشانیان.[١]

ج ـ ڕەنگدانەوەی کەسایەتیەکی بەرچاو لە سەرکردایەتیەکەی موختاردا: لە کاتی نەبوونی سەرکردایەتیەکی سیاسی ناوەندی لە (کوفە)دا تا بتوانێ ئاراستەکانی (شیعە) یەکخات و شتە سەرهەڵداوە نوێکان قبوڵ بکات، هەموو ئەو فێڵ و زرنگی و نەرمونیانی توانایەی موختار ناکرێ فەرامۆش بکرێت، ئەو بەو سیفەتە کاریگەرانەیەوە توانی سود لە کارەساتی کوژرانی حوسێن و حجری کوڕی عدي و (توابین) وەر بگرێت و بە باری بەرژەوەندی خۆیدا بەکاریان بێنێ، وێڕای ئەمە موختار خاوەن کەسایەتیەکی دەرکەوتووی مەیدانی سیاسەت بوو و لە گەمەکانی ئەم بوارە شارەزا بوو.[٢]

د ـ ئەو نەخشە زانستیەی پێی چۆ پێشەوە: نەتەوەکانی تر واتە: نا عەرەبەکان پێکهاتەیەکی گەورەی ناو کۆمەڵگا بوون، بەڵام بەشمەینەت و چەوساوە بوون، ئەوان لە بزوتنەوەکەی موختاردا دەرفەتی هەناسەدانیان دەستکەوت، بۆ ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی و چاکبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان پەیوەندیان بە موختارەوە کرد.[٣]

هـ ـ دانەمەزراندنی کاربەدەستانی زرنگولێزان لە (کوفە) لە لایەن (ئیبن زوبێر)ەوە، وەك دیارە کاربەدەستانی ئەو لە قەد قۆناغەکە نەبوون بۆیە کاروباری کوفە لەژێر دەستیان دەردەچوو.[٤]

٢ ـ کۆتایی هاتنی موختار بە دەستی موسعەبی کوڕی زوبێر:

وا ڕەچاو دەکرا لەنێو چوونی موختار و بزوتنەوەکەی لە لایەك عبدالملك ئەنجامدرابایە، بەم کارەی تۆڵەی (ئیبن زیاد) و هەموو ئەو سەرکردە و سوپایەی کردبایەوە کە لە لایەن موختارەوە کوژراون و تەفر و تونا کران، بەڵام عبدالملك

١ـ عبدالله بن الزبیر، للناطور ص:١٥٨.
٢ـ من دولة عمر إلی دولة عبدالملك ص: ٢٠٥.
٣ ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ عبدالله بن الزبیر، للناطور ص:١٨٥.

دانی بە خۆدا گرت و زانی (ئیبن زوبێر) ئەم کارە ئەنجام دەدات و گوێ ناداتە ئەوەی کاتێك لە دژی سوپا هێرشبەرەکەی عبدالملك پشتیوانی لێکردووە،[١] چونکە (ئیبن زوبێر) نایەڵێ چی دیکە موختار پێ تێپەڕێنێ و دەسەڵاتی فراوان بکات و دەوڵەتەکەی بخاتە مەترسی یەوە، کەواتە بێگومان ڕۆژێك دێت و لە دژی ڕادەپەڕێ و ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەکەش بە قازانجی ئەو واتە: عبدالملك تەواو دەبێ، چونکە یەکیان ئەوی تریان لەنێودەبات و کامەشیان مایەوە بێ هێز و پێز دەبێت و لەنێوبرانی لەلایەن عبدالملك ەوە ئاسان دەبێت.

پێشبینیەکەی عبدالملك هاتە دی، موختار لە شەڕ فرۆشتن بە عبدالملك ڕانەوەستا و ویستی شەڕ بە (ئیبن زوبێر)یش بفرۆشێت، باکوری عێراق و جزیرەی لە عبدالملك داگیر کرد و ویستی (بصرە)ش لە (ئیبن زوبێر) داگیر بکات و بڕیاریدا پەلاماری موسعەبی کوڕی زوبێری والی (بصرة) بدات، لێرە ڕا پێکهەڵشاخانی نێوان بزوتنەوەی موختار و بنەماڵەی (زوبێر) بووە شتێکی چاوەڕوانکراو و حەتمی.[٢]

موسعەبی کوڕی زوبێر دەستی خۆی پێشخست و سوپایەکی گەورەی سازکرد و بەرەو جەنگی موختار بەڕێکەوت، لە (کوفە) گەمارۆیدا و تەنگی پێ هەڵچنی و بەسەریدا زاڵبوو، کوشتی و سەری لە لاشەی جودا کردەوە، فەرمانیدا هەردووك لەپە دەستی بە دەرگای مزگەوتی کوفەدا هەڵواسرێن، سەلکە سەرەکەشی بە پاسەوانی چەند چەکدارێك و بە بەریدی تایبەتدا بۆ (ئیبن زوبێر) بەڕێکرد، بەرید دوای نوێژی خەوتنان گەیشتە (مکە)، تەماشای کرد عبدالله خەریکی نوێژی سوننەتە، لەسەر نوێژ بەردەوام بوو تا سپێدەی بەیان هەلات، ئاوڕی لەو کەسە نەدایەوە سەلکە سەرەکەی هێنا بوو، گوتی: لەبەر دەرگای مزگەوت ـــی حەڕام ـــی دانێ، ئەویش داینا و هاتەوە لای، گوتی: بەخشش! ئەی ئەمیری ئیمانداران، گوتی: بەخششەکەت هەر ئەو سەلکە سەرەیە هێناوتە، هەڵیدەگری و لەگەڵ خۆت دەیبەیەوە بۆ عێراق.

١ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي ص:٤٨٤.

٢ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي ص:٤٨٥، البداية و النهاية(٦٧/١١).

دەوڵەتی موختار ئاسەواری سڕایەوە، وەك ئەوە هەر نەبووبێ، موسڵمانان بە شاد و خەندان بوون، چونکە خودی موختار لەناخیدا ڕاستگۆ نەبوو، بەڵکو درۆزن و کاهین و فێڵباز بوو، پڕوپاگەندەی دەکرد (جبریل) دێتە لای و وەحی بۆ دێنێ.[1]

ڕوفاعەی کوڕی شەدداد دەڵێ: کاتێك درۆزنی موختارم بۆ ئاشکرا بوو، شیرەکەم سوو و لە پشت سەری وەستا بووم وەك پاسەوان، بڕیارمدا لە ملی بدەم، لەو کاتەدا فەرموودەیەکم بە بیرهاتەوە، کە عەمری کوڕی بۆی گێڕاومەوە و دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم بوو دەیفەرموو: (مَن أمَّن رجلاً على نفسه فقتله، أعطيَ لِواءَ الغدر يوم القيامة)،[2] واتە: هەر کەسێك چەپاڵەدانی کەسێك بە خۆ بگرێت و پاشان بیکوژێت، ڕۆژی قیامەت ئاڵای غەدر و پەیمانشکێنی دەدرێتێ.

بە (ئیبن عومەر) گوترا: موختاردەڵێ وەحیم بۆ دێ، گوتی: ڕاستە، خودا دەفەرموێ:

﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ﴾ (الانعام:١٢١)، واتە: شەیتانەکان وەحی بۆ دۆستەکانیان دەکەن.

عیکرەمە دەڵێ: چومە لای موختار، ڕێزی گرتم و لە پەنا خۆی داینیشاندم و بۆ شەو میوانداری کردم، دەڵێ: پێی گوتم: بچۆ دەرەوە و وتار بۆ خەڵك بدە، دەڵێ: چوومە دەرەوە، پیاوێك هات و گوتی: دەربارەی وەحی دەڵێی چی؟ گوتم وەحی دوو جۆرە: خودای بەرز دەفەرموێ:

﴿أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَـٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ﴾ (يوسف:٣)، واتە: هەروەها خودای بەرز دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗا﴾ (الانعام:١١٢)، واتە: بەم شێوازە ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە نێو شەیتانەکانی ئینس و جین دانا، هێندێك لەوان بۆ

١ـ البداية و النهاية(١١/٦٨).

٢ـ سنن إبن ماجة رقم(٢٦٨٨) حديث صحيح.

تەفرەدان قسەی بریقەداریان بۆ هێندێكی تر بە وەحی دەنارد، دەڵێ بۆم هاتن بمگرن، گوتم: ئەوە چی دەكەن؟ خۆ من موفتی و میوانی ئێوەم، جا وازیان لێهێنام، عیكرەمە ویستی بە ناڕاستەوخۆ درۆ و دەلەسەكانی موختار ـ ئەوانەی پەیوەندیان بە مەسەلەی وەحیەوە هەیە ـ پوچەڵ بكاتەوە و دەریخات كە درۆزنە.[1]

إبن كثير دەڵێ: زانایان گوتویانە (كذّاب= درۆزن)ی نێو فەرمودەكە (موختاری كوڕی ئەبی عوبێد)ە، بە رواڵە شیعەگەری دەكرد و لە ژێرەوەش خەریكی هانەت بوو و لای كەسە دڵسۆز و نزیكەكانی دەیگوت: وەحیم بۆ دێ، بەلاّم نەمزانیوە كە گوتبێتی پێغەمبەرم، تەخت و تاراجی بە ئاوریشم پۆشراوی بۆ دادەنرا و تەعزیم دەكرا و پیاوەكانی بە پێوە دەورەیان دەدا، بە تەخت و تاراجەكەیەوە ئێستر هەڵیدەگرت، تابوتەكەی بەنی ئیسرائیل چۆن باسی لێوە كراوە لە قورئانی پیرۆزدا، تەخت و تاراجی(موختاریش) ئەو حیسابەی بۆ دەكرا، بێگومان ئەو گومڕا و گومڕاكەر بوو، بە كوژرانی خودا موسڵمانانی ئاسوودە و حەساوە كرد، ئەمە دوای ئەوە بەهۆی ئەوەوە تۆڵەی خەڵكانێكی ستەملێكراوی لە خەڵكانێكی ستەمكار سەندەوە.[2]

خودای بەرز دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ (الانعام:١٢٩)، ناردنی زەواڵ بۆ زاڵم سوننەتێكە لە سوننەتەكانی خودای پەروەردگار، تەماشاكردنێكی سادەی مێژوی مرۆڤایەتی و ئاڵوگۆڕی ژیانی كۆمەڵگاكان ئەمە دەسەلمێنێ.

٣ ــ هۆیەكانی پوكانەوەی بزوتنەوەی موختار:

أ ــ بێزرانی لەلایەن سەران و دەستڕۆیشتوانی عەرەب و پاشان دروستبوونی شەڕو گێچەڵ لە نێوان ئەوان و موختاردا، ئینجا ئەوانەی بە ساغی دەرچوون چوونە

١ـ البداية و النهاية(١١/٦٩).

٢ـ هەمان سەرچاوە.

(بصره) و لەگەڵ سوپاکەی موسعەبی کوڕی زوبێر بە گژ موختاردا چوونەوە.

ب ـ تووشبوونی بە سەرسام بوون بە خۆ و چاو سووربوون: کار بەوە گەیشت بە کەسێکی وەك عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبیتالیب بڵێ: بڕۆ بۆ کوێ دەچی بچۆ، هیچ خێروبێرێکت لای مە نیە!، هەر لەبەر ئەوە ئامادە نەبوو نامەیەکی بە ناوی محمدی کوڕی حەنیفەی بۆ تەزویر بکات،[١] ئەویش چووە لای موسعەب و لەگەڵ سوپاکەی ئەو هاتەوە کوفە.

ج ـ سوپا هێرشبەرەکەی موسعەب بۆ سەر موختار سوپایەکی گەورە و بەهێز بوو موصەللەبی کوڕی ئەبی سەفرەش بەشداریکرد و سوپاکەی بەهێزتر کرد، بەڵام سوپاکەی موختار هێندە گەورە و بەهێز نەبوو و ئیبراهیمی کوڕی ئەشتەری سەرکردەی سوپاکەی موختار بەشداری جەنگەکەی نەکرد، بۆیە جەنگەکە نا بەرابەر بوو و بە دۆڕانی موختار تەواو بوو.

د ـ دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی درۆی موختار: شەعبی دەڵێ: ئیبن لحەنەفییە نامەی بە موختاردا نەناردبوو،[٢] و یەك نامەیشی بە نهێنی پێ نەدابوو، گومان کەوتە سەری، چونکە ئەوانەی لە دەورەیشی بوون نامەیان نەدیبوو، پیاو ماقوڵانی عەرەب بەمەیان زانی و گوتیان: ئەم موختارە درۆزنە.[٣]

هـ ـ وازلێهێنانی لەلایەن ئیبن لحەنەفیەوە: ڕۆژێك لە پەنا دەرگای (کەعبە) ڕاوەستا و ڕایگەیاند: (إنه کان کذاباً، یکذب علی رسول الله)،[٤] واتە: ئەو موختارە پیاوێکی درۆزنە، درۆ بە دەم پێغەمبەری خوداوە هەڵدەبەستێ. زیاد لەمەش: (طبري) دەگێڕێتەوە: ئیبن لحەنەفییەنامەیەکی بۆ تاقمەکەی نوسی: بڕۆنە نێو کۆڕوکۆبونەوەکان و مزگەوتەکان و بە ئاشکرا و بە نهێنی زیکری خودا بکەن، جگە لە خەڵکانی موسڵمان کەس نەکەن بە سەرپەرشتی و ئەمینداری خۆتان، خۆ ئەگەر

١ـ تأريخ الدولة الاسلامية، إبن الصقطي ص: ١٢١، عبدالله بن الزبير، للناطور ص: ١٥٩.

٢ـ تأريخ الطبري، نقلاً عن عبدالله بن الزبير، للناطور ص:١٥٩.

٣ـ إمبراطورية العرب ص:١٥٦، غلوب، نقلا عن إبن الزبير، للناطور ص:١٥٩.

٤ـ الطبقات الكبرى(٥/١٥٨).

لە خۆتـان ترسـان ــ شـتێکتان بەسـەر بـێ ــ ئاگـادار و وریـا بـن پیـاوانی درۆزن و تەزویرچی زیان بە دینتان نەگەیەنن.[1]

و ـ داهێنانی شتێکی نامۆ لە ئیسلامدا لە لایەن موختارەوە: کە (تەخت و تاراج) بوو، بە هاوەڵانی گوت: هەر شـتێك لـەنێو ئوممـەتانی پێـشیندا هـەبووبێت، دەبێـت لـەنێو ئـەو ئوممەتەشـدا هـەبێت، لـەنێو (بـني إسـرائیل)دا (تـابوت) هـەبوو و بەشـە پاشماوەی بنەماڵەی موسا و هارونی تێدا هەڵگیرا بوو، ئەم تەختـەش لـەنێو ئێمـەدا وەك تابوتەکەی بەنی ئیسرائیلە. سەرەکەی هەڵدەنەوە، کە تەماشایان کرد: جـل و بەرگی موختاری تێدا بوو، کۆمەڵی (سەبەئیيە) واتە (شـیعە زێـدەڕۆکان) دەسـتیان بەرز کردەوە و ٣جار (ألله اکبر)یان گوت.[2]

ز- پێویستی زۆری (ئیبن زوبێر) بە عێراق: تاکە سەرچاوەی مـادی و مەعنـەوی و مرۆیی (ئیبن زوبێر) تەنها (عێراق) بوو لەو کاتەدا، چونکە شام و میـسری لەدەسـت دەرچـووبوون و مانـەوەی موختـاریش لـە عێراقـدا هەڕەشـە لـە پێگـەی سیاسـی و ئابوری دەکات و کۆسپێکی گەورەشە لە ڕێگەی دەستگەیشتنی بە وڵاتی فارس کـە تا ئەوکاتەش لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا مابۆوە.[3]

٤ ــ فیرقەی (کیسانییە) و پەیوەندی بە موختارەوە:

سەبارەت بە (کیسان) کە ئەم فیرقەیەی دەخرێتە پاڵ، ڕای جیاواز هـەن،[4] بـەڵام بە ڕای هەموو لایەك موختاری کوڕی عەبیدی سەقەفی لەگەڵ سەرهەڵدانی لە سـاڵی (٦٦)ی کۆچیدا سەرکردایەتی فیرقەکەی کردووە.

١ـ تأریخ الطبري، نقلاً عن عبدالله بن الزبیر، للناطور ص:١٥٩.

٢ـ هەمان سەرچاوە.

٣ـ عبدالله بن الزبیر، للناطور ص:١٥٩.

٤ــ ئایا دەبێ ئەو (کیسان)ە: (کیسان)ی خزمەتکاری ئیمامی عەلی بێ کە لە جەنگی (سەمین) کـوژرا؟ یـان دەبێ (کیسان)ی شاگردی محمدی کوڕی حەنەفیە بێ؟ یان دەبێ (کیسان)ی سەرۆکی پاسەوانەکانی موختـاری سەقەفی بێ؟ یان هەر خودی (موختار)ە، چونکە بە (کیسان) بانگ دەکرا و ناسناوی (أبـوعمرة و أبـو اسـحاق) بێ؟ (الملك و النحل١/١٣٢).

(فیرقەی کیسانی): بریتیە لە تاقمێك شیعەی زێدەڕۆ (الغلاة)و لە دین دەرچوو، موختاری سەقەفی یەکەمین کەس بوو بیری مەهدیایەتی لە کەسایەتی محمدی کوڕی حەنەفییەدا زەق کردەوە و ناسناوی (مەهدی) بەسەردا بڕی، هەروەها بیری (بَداء) واتە کەشف و بینینی پێشی بەکاردێنا، لە ساڵی٦٧ی کۆچیدا و کەمێك پێش کوژرانی ئەم (بیرە)ی لێ بڵاوبۆوە، جێی باسە بیری (بەدائە) و کەشف و پێشبینی سەرەتا لەلایەن ڕافیزەکانەوە بەکاردەهێنرا و پاش ئەوانیش موختار پروپاگەندەی بۆ ئەم بیرە چەوتە دەکرد، موختار پێشبینی سەرکەوتنی هاوەڵەکانی دەخستە ڕوو، کاتێك دەشکان و دەدۆڕان، دەیگوت: خوا بۆی دەرخستبوو،[١] ئەم بیرە شەیتانیە پایە و پێگەی پێدابوو و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ڕاکانی دەگۆڕین، زیاد لەمەش لە ڕواڵەتدا خۆی وەك پێغەمبەرێك نیشاندەدا، بیری دامێنانی (تەخت و تاراج)یشی دەخستە پاڵ ئیمامی عەلی رضي الله عنه و چەندین بیر و ڕای تری هەڵبەستراوی دیکەشی بڵاودەکردەوە.[٢]

بیروباوەڕی (کیسانییە) لە تونێلە تاریکەکەی شەیتانەوە فراژوو بوو و بڵاوبۆوە، ئیمامەتی محمدی کوڕی عەلی ناسراو بە ئیبن لحەنەفییەیان ڕاگەیاند بە پاساوی ئەوە ئەو لە (بصرە) ئاڵای داوەتە دەست موختار،[٣] بیری تەناسوخ و ئاڵوگۆڕی ڕۆحەکانیان بڵاو کردەوە، دەیانگوت: ئیمامەت بۆ عەلی هاتووە، پاش ئەو بۆ حەسەن و ئینجا بۆ حوسێن و دوای ئەویش بۆ محمدی کوڕی حەنەفییە، واتای ئەمە ئەوەیە: ڕوحی خودا هاتۆتە نێو لاشەی پێغەمبەر(ﷺ)، ڕۆحی پێغەمبەریش(ﷺ) هاتۆتە نێو لاشەی عەلی، ڕۆحی عەلیش هاتۆتە نێو لاشەی حەسەن، ڕۆحی حەسەنیش هاتۆتە نێو لاشەی حوسێن، ڕوحی حوسێنیش هاتۆتە نێو لاشەی ئیبن لحەنەفییە، هی ئەویش هاتۆتە نێو لاشەی ئەبوهاشمی کوڕیەوە.[٤] دەربارەی ئیبن لحەنەفییە زۆریان زێدەڕۆیی دەکرد و دەیانگوت: دەورەی هەموو زانستەکانی داوەو

١ـ الفرق بين الفرق ص:٥٥،٥٦، دراسات في الاهواء و الفرق ص:٢٤٨.
٢ـ نشأة الحركات السياسية و الدينية في الاسلام، د.فاروق فوزي ص:١٠١.
٣ـ المقالات و الفرق ص:٢٦، الشيعة العربية و الزيدية ص:٢٥٨.
٤ـ (الملك و النحل١/١٣١).

زانیاریـــەکانی ئاشـــکرا و پـــەنهان و تـــەواوی گـــەردوون و مـــرۆڤ دەزانێـــت، ڕاز و زانیاریەکانی لە دوو سەیدەکەی پێش خۆی واتە حەسەن و حوسێن وەرگرتووە.[١]

لە ڕاستیدا ئیبن لحەنەفییە: هەرگیزا و هەرگیز نەیگوتووە من مەهدیم و لـە ڕاز و نهێنیەکان دەزانم و دانی بەم جۆرە زێدە ڕۆییانە نەناوە.

ئیبن سەعد لە گێڕانەوەیەکیدا کە بۆ (ئەبولغوریانی مەجاشینی) بەرزکردۆتـەوە، دەڵێ: هەواڵ گەیشتە (محمدی کوڕی حەنەفییە): کە ئەوان دەڵێن (محمـد) شـتێکی لە زانیاری پـەنهان لەلایـە، گـوتی (محمـد) هەسـتایە سـەر پـێ لەنێوماندا و گـوتی: سوێند بە خودا، ئێمە جگە لەم شتەی لەنێو ئـەم دوو لەوحەدایـە شـتێکی زیاترمـان لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە میرات وەرنەگرتووە)، ئینجا گوتی: خودایە جگـە لـەم لاپەڕەیە کە بە دەسـکی شیرەکەمەوەیە، پرسـیارم لێکـرد: ئـەم لاپـەڕە چـی تێـدا نوسراوە؟ گوتی: (مَن أحدث حَدَثاً، أو أوى مُحدثاً).[٢]

(محمد) لە وەڵامی هێندێك پرسیاری پیاوێك کە دەربـارەی هێنـدێك شـتی نهێنـی بۆی دروست ببون گوتی: دوای ئەمە: لەم جۆرە قسە و باسانە دوربکەونـەوە، دەنـا شورەیی و نەنگی یە بۆ ئێوە خۆ بـەم شـتانەوە خـەریك دەکـەن، دەسـت بگـرن بـە قورئانی پیرۆزەوە، پێشینانتان بەهۆی قورئانـەوە ڕێگـەی ڕاسـتیان گرتـە بـەر، دوا کەسی ئێوەش هەر بەهۆی ئەو ـ قورئان ـ ەوە ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەر.[٣]

موختار لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی ڕەواجی بە بیری مەهـدیاتی محمـدی کـوڕی حەنەفییە داوە، واتە ئـەو ویستویەتی بـە نـاوی ئـەوەوە حـوکم بگێڕێـت و بـەس و یەکتۆز بەشداری پێنەکات، کاتێك ئیبن لحەنەفییە ویستی بەرەو (کوفە) بچێت، ئەم هەواڵە گەیشتە موختـار و زۆری لەبـەر دڵ گـران بـوو، گـوتی: مەهـدی نیشانەیەکی هەیـە، ئـەو دێتـە نێـو شـارەکەتانەوە، پیاوێـك لـە ئێـوە بـە شـیر لێـی دەدا، بـەڵام شـیرەکە نایبڕێـت و زیـانی پـێ ناگەیـەنێ، ئـەم نەخـشەیە گەیـشتەوە بـە ئـیبن

١ـ هەمان سەرچاوە.

٢ـ الشيعة العربية و الزيدية ص:٢٥٨.

٣ـ الطبقات(٥/٧٠).

لحەنەفییە، ئەویش نەچوو و لە جێگای خۆی مایەوە.[١]

كثیر عزەی شاعیر دەربارەی ئیبن لحەنەفییە گوتوویەتی:

الا إن الأئمـــة مـــن قـــريش ولاة الحــق أربعــة ســواء
علــيٌّ و الثلاثــة مــن بنيــه هم الأسباط ليس بهم حنفاء
فــسبط ســط إيمــان و بــرّ وســيط غيبتــه كــربلاء
وســيط لا تــراه العــين حتــى يقــود الخيــل يقودهــا لــواء
تغيَّــب لا يُــرى عــنهم زمانــاً برضـوى عنـده عـسل ومـاء.[٢]

شەشەم: بزوتنەوەی عەمری كوڕی سەعیدی كـوڕی عـاص (الاشـرق) و كوژرانی.

بەپێی بڕیارەكانی كۆنگرەی (جابیە)، دەبوایە دوابەدوای مەڕوانی كوڕی حەكـەم و خالیـدی كـوڕی یەزیـد. عـەمری كـوڕی سـەعیدی ئەشـرەق پۆسـتی حـوكمڕانی وەربگرێ، بەڵام مەڕوان حیسابی بۆ عەمر نەكرد و لـە حـاڵی حەیاتیـدا بەیعـەتی بـۆ هــەردوك كوڕەكــەی خــۆی عبــدالملك و (عبــدالعزیز) ڕێكخــست، ئــەم ڕەفتــارەی (مەڕوان) ئاگری ڕقی لە دەروونی عەمردا هەڵایساند، بـەڵام خالیـد نـەیكردە خـەم و مەراق و ڕووی لە لێكۆڵینەوەی زانست كرد، بەتایبەتی زانستی كیمیاگەری.[٣]

سەرەتای ساڵی٦٩ی كۆچـی عبـدالملك بەمەبەسـتی گـەمارۆدانی زوفـەری كـوڕی حاریس بە خۆی و بـە سـوپاكەیەوە بـەرەو (قەرقیـسیا) بەڕێكـەوت، عـەمری كـوڕی سـەعیدی بەسـەر (دیمەشـق)ەوە بەجێهێـشت، هـەر كـە عبـدالملك دەرچـوو، عـەمر دیمەشقی پاوانكرد و خۆی تێدا دامەزراند و دەستی بەسەر بەیتولماڵەدا گرت.

بەپێی گێڕانەوەیەكی تر: كاتێك عبدالملك بـەرەو(قرقیـسا) بەڕێكـەوت عەمریـشی لە گەڵدا بوو، بە لە شـەودا هـەلی قۆزتـەوە و بـەخۆ و بـە ژمارەیـەكی زۆرەوە جـودا

١ـ سير أعلام النبلاء(١١٨/٤).
٢ـ هەمان سەرچاوە (١١٢/٤).
٣ـ تأريخ خلافة بني أمية، بنيه عاقل ص:١٥٢.

بۆوە و بەرەو (دیمەشق) گەڕایەوە، (عبدالرحمن ی کوڕی ئوم حەکەمی سەقەفی)ی والی دیمەشق هەڵات و عەمری کوڕی سەعید چووە نێویەوە و دەستی بەسەر خەزێنەکانیدا گرت،[١] عەمر لە دو (عبدالرحمن)ی نارد، بەڵام لەوێ نەمابوو، فەرمانیدا خانووەکەی بڕوخێنرێ، خەڵك کۆبۆوە و عەمر چووە سەر (مینبەر) و سوپاس و ستایشی خودای کرد و گوتی: ئەی خەڵکینە: هەر کەسایەتیەکی قورەیشی لە پێش مندا چووبێتە سەر ئەم مینبەرە، پێی وابووە بەهەشت و ئاگری هەیە، کێ فەرمانبەرداری بێ دەچێتە بەهەشت، کێ یاخی بێ دەچێتە دۆزەخ، من هەواڵتان پێ دەدەم: بەهەشت و دۆزەخ هی خودان و هیچ کامێکیان هی من نین، من تەنها ئەوەم لەسەر شانە: بە یەکسانی یەکی چاك و بەخشینی تێر و تەواو ڕەفتارتان لەگەڵ بکەم.[٢]

سپێدەی بەیانی ئەو شەوە: عبدالملك دەربارەی عەمر پرسیاری کرد، زۆری لێگەڕان نەیاندۆزیەوە، یەکسەر بەرەو (دیمەشق) گەڕایەوە، تەماشای کرد عەمر خۆی تێدا مەڵاس داوە، جەنگ و پێکهەڵشاخان دەستی پێکرد، (١٦) ڕۆژی خایاند ئەنجامی نەبوو،[٣] عبدالملك تەماشایکرد عەمر خۆی لە قەڵایەکی پتەوی ڕۆمی دا مەڵاسداوە بەزینی ئەستەمە، ناچار داوای لە عەمر کرد. ئاشتی بکەن و شەڕ ڕابگرن.[٤]

١ ــ مەرجەکانی (عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاص): بەم شێوەیە بوون:

ـ دەبێ پۆستی (خیلافەت) دوای عبدالملك بۆ عەمر بێ.[٥]

ـ دەبێ لەگەڵ هەرکاربەدەستێکی عبدالملکدا کاربەدەستێکی عەمرش هەبێت و لە هەموو کاروبارێکی گەورە و بچوکدا ڕاوێژی پێ بکات.[٦]

ـ دەبێ عەمر بە سەرپەرشتیاری (دیوان) و (بیت المال) دامەزرێنێ.[١]

١ـ البداية و النهاية(١١/١١٤).
٢ـ هەمان سەرچاوە (١١/١١٥).
٣ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ الامويين، للوكيل(١/٣٦٩).
٥ـ الدور السياسي لأهل اليمن فى الشام ص:٨٥.
٦ـ تأريخ خليفة، نقلاً عن الدور السياسي لأهل اليمن ص:٨٥.

لەلایەکی ترەوە کتێبەکانی مێژوو ژمارەیەك هۆکاریان باسکردوون، بۆ قبوڵکردنی ئەم مەرجانەی عەمر لەلایەن (عبدالملك)ەوە:

أ ـ دابەشبوونی هۆزی (کەلب)ی خاوەن هێز و کاریگەری سیاسی، بەسەر عبدالملك و عەمردا، برا کوژی ئەم هۆزە زیانی گەورەی بۆ هەردولا تێدایە و بەرژەوەندی (کەلب)یش دەخاتە خەتەرەوە، ئەمە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئاشتی.[2]

ب ـ دەستبەسەرداگرتنی دیمەشقی پایتەخت لە لایەك و زەوتکردنی (بەیتولماله) و (دیوان) کە بە دوو شارەگی ژیانی و ڕاکێشانی پشتیوانان دادەنران بۆ دەوڵەتی ئومەوی لەلایەن (عەمری ئەشرەق).

ج ـ مانەوەی زۆربەی هێزە یەمانیەکانی تری شام بەبێلایەنی و دوورە پەرێزی یان، وایکرد بڕیاری ڕەسمی ئاشتی بە دەستی خودی هۆزی (کەلب) بێت.[3]

د ـ دەرکەوتنی بزوتنەوەی عەمری ئەشرەق وەك زلهێزێکی سەربازی و پشتیوانی لێکردنی لەلایەن دانیشتوانی (دیمەشق) و عبدالله ی کوڕی کریزی قەسری ی سەرۆکهۆزی (بەجیلە) بەخۆی و هۆزەکەیەوە.[4]

هـ ـ دەشگونجێ بۆیە عبدالملك لەگەڵ عەمر ڕێکەوتبێ، تا کێشەکە بە ئاشتی چارە بکات و دوایەش لەگەڵ سەرۆکهۆزەکانی شام پێك بێت و (عەمری کوڕی ئەشرەق)یش بەهەرجۆرێك بێت لەنێوبەرێ.[5]

٢ ـ عبدالملك و ناپاکی کردن لەگەڵ عەمری کوڕی سەعیدی پورزای:

دوای تێپەڕینی (٤) ڕۆژ بەسەر پەیمانی ئاشتی و هاتنەوەی عبدالملك بۆ نێو (دیمەشق)، عبدالملك بە دوای عەمری دا نارد بێتە لای، پاشنیوەڕۆ عەمر خۆی

١ـ أنساب الاشراف(١٣٩/٤).
٢ـ نهاية الأدب(١٠٢/٢١)، الدور السياسي لأهل اليمن ص:٨٦.
٣ـ الدور السياسي لأهل اليمن ص:٨٧.
٤ـ هەمان سەرچاوە.
٥ـ الكامل في التاريخ، نقلاً عن الدور السياسي لأهل اليمن ص:٨٧.

زرێپۆشکرد و شیری لە کالان دەرکێشا، هەستایە سەر پێ و بەسەر ڕایەخەکەدا هەڵەنگوت، ژنەکەی و ئەوانەی لەلای بوون، گوتیان: ئێمە بە باشی نازانین بچیتە لای عبدالملك، بەڵام بە قسەی نەکردن، بەخۆ و بە (١٠٠) کۆیلەی تایبەتی خۆیەوە بەڕێکەوت، عبدالملك فەرمانی بە ڕۆڵە و نەوەکانی (مەڕوان) کردبوو بێنە دەورەی، بە دەرگاوانەکەی گوتبوو: کە (ئیبن سەعید) بەتەنیا بنێرێتە ژوورەوە و دەرگا دابخات، عەمر لە دەرگا ئاوا بوو و دەرگاکان داخران، لە عبدالملك نزیك بۆوە، پێشوازیلێکرد و لەسەر قەنەفە داینیشاند، پاشا ئاخاوتنێکی دوور و درێژ، عبدالملك گوتی: هۆ کوڕە شیرەکەی لێوەربگرە، عەمر گوتی: (إنا لله) ئەی ئەمیری ئیمانداران. پێی گوت: بەتەمای قسەم لەگەڵ بکەی و شیریشت پێ بێ!. ئینجا کوڕێژگەکە شیرەکەی لێ وەرگرت، ماوەیەك گفتوگۆیان کرد، ئینجا عبدالملك ڕووی لە عەمر کرد و گوتی: هۆ باوکی ئومەییە !عەمر گوتی: لە خزمەتدام، ئەی ئەمیری ئیمانداران، گوتی: تۆ کە منت لە جێنشینایەتی خست و کودەتات بەسەردا کردم، ئەو کاتە سوێندم خوارد: هەر کاتێك بکەویتە بەردەستم و پڕ بە چاوانم بتبینم، دەبێ سەرتاپا کۆت و زنجیرت بکەم، ڕۆڵەکانی (مەڕوان) گوتیان: دوای ئەوە ئازادی دەکەی ئەی ئەمیری ئیمانداران؟ گوتی: ئینجا ئازادی دەکەم! چۆن شتی وا لەگەڵ (بابی ئومەییە) دەکەم؟!، ڕۆڵەکانی مەڕوان گوتیان: سوێندەکەی ئەمیری ئیمانداران بەجێبگەیەنە، عەمر گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران سوێندەکە بەجێدەگەیەنم، عبدالملك کۆت و زنجیرێکی لەژێر ڕایەخەکەی دەرهێنا و بۆی هەڵدا، ئینجا گوتی: هۆ کوڕە ! زنجیری بکە. کوڕەکە کۆتوزنجیری کرد، عەمر گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران توخوا کاتێك دەمبەنە دەرەوە و لەبەر چاوی خەڵك لێم بکەنەوە گوتی: ئەی بابی ئومەییە لەکاتی سەرەمەرگدا دەتەوێ مەکر و فێڵ بکەی؟ نا بەخوا. نامانەوێ لەبەر چاوی خەڵك لێت بکەینەوە،دەبێ کۆتوزنجیرەکەت بە ئازار و ئەشکەنجەوە لێداماڵین،

ئینجا عبدالملك بە هەردوك چەپەڵۆکی پڕی دایە و ڕایکێشا، بەجۆرێك دەمودانی بە قەنەفەکە کەوت و ددانی پێشەوەی شکاند، عەمر گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران

توخوا با لەمە گەورەتر نەشکێت، عبدالملك گوتی: بە خوا ئەگەر بزانم تۆ بمێنی و وەفادارم بی و قوڕەیش ئاشت و تەبا بکەی ئازادت دەکەم، بەلام دوو پیاوی وەك منوتۆ لە ولاتێکدا پێکەوە کۆنابنەوە بەڵکو یەکێکیان ئەوی تریان دەردەکات.[١]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە:

عبدالملك عبدالعزیزی برای ڕاسپارد، تا لە نوێژی عەسر دەگەڕێتەوە بیکوژێت، گەڕایەوە، بینی نەیکوشتووە، سەرکۆنەی عبدالعزیزی کرد و جنێوی بەخۆی و بە دایکی گوتن هەریەکەیان لە دایکێك بوون، عبدالعزیز گوتی: خودا و خزمایەتی بە گژدا کردم چونکە دایکی پوری عبدالملك بوو و خوشکی مەڕوان بوو، ئینجا عبدالملك گوتی: هۆ کوڕە! ئەو سەرە نێزەم بۆ بێنە، بۆی هێنا، ڕایوەشاند و لێیدا، بەلام سوودی نەبوو، ئینجا دەستی لە بازۆڵەی عەمر وەشاند، زانی زرێی لەبەرە و پێکەنی و گوتی: خۆ زرێپۆشە، کەواتە خۆت ساز کردووە، هۆ کوڕە شیرەکە بێنە، شیرەکەی هێنا، ئینجا فەرمانیدا عەمر بخرێتە زەوی، لەسەر سنگی دانیشت، سەری بڕی و دەیگوت:

یا عمرو إن لم تدع شتمی و منقصتی   أضربک حیث تقول الهامة اسقونی

دەست و پەنجەکانی لە خوێند شەلاڵ ببون و خوێنیان لێ دەتکا، باسکەکانی شۆڕببونەوە و لەرەلەریان دەکرد، سام گرتبووی و نەیدەتوانی لەسەر سنگی ڕاست بێتەوە، ئامادەبوان هەڵیانگرت و لەسەر قەنەفەکەی خۆی دایانیشاند و دەیگوت: بەر لەمە شتی ئاوام نەدیبوو، هاودەمی دنیا بوو، خوازیاری دوا ڕۆژ نەبوو، ئینجا سەرەکەی دا بە عبدالرحمن ی کوڕی ئوموحەکەم. ئەویش بردیە دەرەوە و لەبەرامبەر خەڵك ڕاینواند، عبدالعزیزی کوڕی مەڕوان تورەکەیەك پارەی هەڵگرت و چووە دەرەوە، دەمی کیسەکەی کردەوە و بەنێو خەڵکی دا هەڵدا، ئەوانیش فڕان فڕانیان لەسەر کرد، گوتراوە: پاشان پارەکە بۆ بەیتولماڵ گێڕدراوەتەوە،

١ـ البدایة و النهایة(١١/١١٧).

دەشگوترێ: كاتێك عبدالملك بۆ نوێژی عەسر دەرچوو، ئەبو زوعەیزەعەی كۆیلەی سەرپەرشتی كوشتنی عەمری كردووە.[1]

بەم شێوەیە عبدالملك خۆی لە مەترسی مونافیسێكی بەهێزی ڕزگار كرد و گوێی بە پەیمان و پەیمانشكێنی نەدا، ناپاكی كرد، خوێنی ڕشت، لە پێناوی گەیشتن بە دەسەڵات عەمری كوڕی سەعیدی پورزای كوشت، موسعەبی كوڕی زوبێری یەكە خۆشەویست و هاوڕێی خۆی لەنێوبرد، عبدالله ی كوڕی زوبێری باشترین كەسی سەر زەوی ئەو زەمانەی خۆی گوتەنی كوشت.

حەوتەم: ئاشتی عبدالملك لەگەڵ (ڕۆم) و تەنگهەڵچنینی بە (جەڕاجیمە).

بەرەچاوكردنی پشێوی و ئاڵۆزی زۆری نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئومەوی، عبدالملك بە ناچاری ئاشتینامەیەكی لەگەڵ (ڕۆم) مۆر كرد، بەپێی ئەمە:

- دەبێ دەوڵەتی عبدالملك ساڵانە (٣٦٥) هەزار پارچە زێڕ و (٣٦٠) كۆیلە و (٣٣٠) ئەسپی ڕەسەن بدا بە (ڕۆم).

- دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی ڕۆم باج و دەرامەتی (قوبرس و ئەرمینیا) بە یەكسانی بەسەر خۆیاندا دابەش بكەن،[2] عبدالملك ژمارەیەك بارمتەی لێكلدانەوە و لە (بەعلەبەگ) داینان،[3] لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێ (ڕۆم) (جەراجیمە) بكێشێتەوە نێوەڕاستی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.[4]

عبدالملك ئاشتی (جەڕاجیمە)ی لە چیای (الكام) قبوڵ كرد و، ئامادەبوو هەموو ڕۆژانێكی هەینی (١٠٠٠) دیناریان بداتێ.[5]

---

١ ـ البداية و النهاية(١١٩/١١).
٢ـ الفتوح البيزنطية ص:١٥٨، الدور السياسي لأهل اليمن ص:٩٠.
٣ـ فتوح البلدان(١٩٠/١).
٤ـ فتوح البلدان(١٩٠/١)، الدور السياسي لأهل اليمن ص:٩٠.
٥ـ أنساب الاشراف(٢٩٩/٥،٣٠٠)، الدور السياسي لأهل اليمن ص:٩٠.

هێندەی نەخایاند هەلی وەرگرت و خۆی مەترسی (جەڕاجیمە) ڕزگار کرد، دوای ئەنجامدانی پەیمانی ئاشتی لەگەڵیان، یەك لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی سەحیمی کوڕی موهاجیری بۆ لای سەرۆکی (جەڕاجیمەکان) نارد، متمانەی تەواوی پێکرد، بە هێزێکی گەورەی سەربازی یەوە کە بۆ ئەم کارە ڕێکی خستبوو لێی نزیك بۆوە بەرەنگاریان بۆوە، لە ئەنجامدا سەرکردەکەیان کوژرا و هاوەڵەکانی هەڵاتن و ئەوانەی بەجێمان چەپاڵەدران و کۆیلەکان گەڕانەوە لای گەورەکانیان و پیشەوەر و جوتێرەکانیشی بۆ سەر گوندەکانیان گەڕانەوە.[١]

وەك دەردەکەوێ ئەم ڕێکەوتنەی عبدالملك لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتی هێندەی نەخایاندووە، چونکە(ڕۆم) پەیمانەکەیان شکاند، هەروەها عبدالملك، توانی(ئیبن زوبێر) لەنێوبەرێت و دەوڵەتی ئیسلامی بکات یەك و خۆیشی تاکە سەرکردە بێ، ئەم سەرکەوتنەی هانیدا بیر لە بەرەنگاربوونەوەی بێزەنتی یەکان بکاتەوە کە بەردەوام سەرەتاتکەی سەر سنوری جیهانی ئیسلامیان دەکرد، ساڵی٧٣ی کۆچی (محمدی کوڕی مەڕوان)ی برای[٢]بۆ سەرکردایەتیکردنی هێرشەکان دیاریکرد و لە ساڵی ٧٤ی کۆچیدا دەستی بە هێرشکرد.[٣]

هەشتەم: (زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی).

قەیسیە هەوادارەکانی (ئیبن زوبێر) دوای جەنگی (مەرج ڕاهیت)یش بەردەوام بوون لەسەر بیری تۆڵە، زوفەری کوڕی حاریس یەکێك بوو لە سەرکردە بەهێزەکانی ئەو هۆزە، بەخۆ و بە هۆزی قەیسەوە لە (قەرقیسا) خۆیان مەڵاس دابوو، ئەم شارەیان کردبووە وێستگەی هێرشەکانیان بۆ سەر هۆزی کەلب، لەسەر ناوچە سنوریەکان، عبدالملك بەمە زۆر تەنگاو بوو، ئەو کە بە نیاز بوو تەواوی ناوچەکان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی (ئیبن زوبێر) دەربێنێ، بەتایبەتیش (عێراق) کە

١ـ أنساب الاشراف(٣٠١/٥).
٢ـ الكامل لإبن الأثير، نقلاً عن الدور السياسي ص: ٩٢.
٣ـ هەمان سەرچاوە (٨٤/٣).

موسعەبی کوڕی زوبێر حوکمی تێدا دەگێڕێ، بۆیە بڕیاریدا پێش ئەوەی هیچ کام لە بەرنامەکانی دەست پێ بکات دەبێ هێرش بکاتە سەر (قەرقیسیا) و خۆی لە مەترسی (زوفەر) ڕزگار بکات، ئەو سوپایەی بۆ هێرشکردنە سەر موسعەبی سازکردبوو ڕووی پێ بەرەو (قەرقیسیا) وەرگێڕا، پێشەکی گەمارۆیدا، بەڵام پیاوەکانی (زوفەر) دەستپێشخەری هێرشێکی پاڵەوانانەیان کردە سەر سوپاکەی عبدالملك، عبدالملك بەم هێرشەیان سەرسام بوو و گوتی: دەك خودا پیاوانی (موزەڕ) لە ڕەحمەتی خۆی دەرکا!، بەخوا شەڕ لەگەڵ کردنیان داماوی بە دواوەیە و وازلێهێنانیان داخ و حەسرەت و مەراقە!.[1]

عبدالملك پەنای بۆ ئاشتی برد، نامەیەکی بۆ (زوفەر) نارد، داوای لێکردبوو گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداربێ دەنا بە پێچەوانەوە توشی مەترسی دەبێت، دوای هەوڵدانێکی زۆر و ئاخاوتنێکی دوور و درێژ (زوفەر) وەڵامی داواکەی بە ئەرێ و بەڵێ دایەوە، بەمەرجێك هەڵبژاردن بەدەست خۆی بێ: یان وەك دڵسۆزێکی (ئیبن زوبێر) دەمێنێتەوە، یان دەچێتە پاڵ عبدالملك، عبدالملك ڕازیبوو و بڕیاریدا (زوفەر)و (هوزەیل)ی کوڕی، کە سەرکردەی سوپاکەی بوو و تەواوی لایەنگرانیان و چەپاڵە بدات و داوای تۆڵەی خوێنی ڕژاو وماڵی لەنێوبراویان لێ نەکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا عبدالملك ماڵ و پارەیەکی زۆری دا بە (زوفەر) تا بەسەر خۆی و قەیسیەکانیدا دابەش بکات، ئینجا کۆتایی ئەم کارەیان بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری هێنا لەنێوان موسلمەی کوڕی عبدالملك و ڕەبابەی کچی زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی، (زوفەر) فەرمانی بە (هوزەیل)ی کوڕی کرد بچێتە ڕیزی سوپاکەی عبدالملك کە بۆ هێرشکردنە سەر موسعەبی کوڕی زوبێری ڕێکخستووە، چونکە (هوزەیل) وەك خۆی بەیعەتی (ئیبن زوبێر)ی لە ئەستۆدا نیە).[2]

عبدالملك بەرنامەی دانا بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هەردوك هۆزی یەمانی و قەیسی، سەرکردە و کەسایەتی هەردوك لای بە تەرازوو لە خۆی نزیك کردنەوە، لە هۆزی (قەیس) ئەم جۆرە کەسایەتیانەی لە خۆ نزیك کردنەوە:

١ـ الكامل في التاريخ(٣/٦١).
٢ـ هەمان سەرچاوە(٣/٦٢).

زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی، هوزەیلی کوڕی زوفەر، کەوسەری کوڕی زوفەر، مەسعەدەی فەزاری، ژمارەیەکی تریش.

لە هۆزی (یەمانی)یش ئەم کەسایەتیانەی لە خۆی نزیك کردنەوە: حەسسانی کوڕی مالیکی کەلبی، ڕوحی کوڕی زەنباعی جوزامی، ڕەجائی کوڕی حەیاتی کیندی، ژمارەیەکی تریش.

هاوسەنگی تەواوی لەنێو ئەم دوو هۆزە گەورەی شامدا ڕاگرت لە تەواوی کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەنجامدانی کارەکانیدا، بە زۆری کاربەدەستی نێو شارەکانی لە هۆزی قەیسی دادەمەزراندن، و کاربەدەستی سەر گوند و لادێکانیشی لە خەڵکانی هۆزی یەمانی دادەنان. و هەروەها.[1]

نۆیەم: زەوتکردنی (عێراق) و کۆتایی هێنان بە موسعەبی کوڕی زوبێر:

دوای ئەوەی (ئیبن زوبێر) تەواوی عێراقی خستەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەکەی خۆی، ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان ئەو و عبدالملك بووە شتێکی چاوەڕوانکراو و حەتمی، عبدالملك پاش ڕاوێژ کردنی بە دەست و پێوەندەکانی، بڕیاریدا بە سەرکردایەتی خودی خۆی هێرشێکی گەورەی سەربازی بکاتە سەر موسعەبی کوڕی زوبێر، هەندێك ڕاوێژکار ڕایان وابوو خۆی لە شام بمێنێتەوە و یەکێك لە کەسوکاری نزیکی سەرکردایەتی سوپاکە بکات، هەندێکی تریش ڕایان وابوو خودی خۆی بەم کارە هەستێ، خۆیشی ئەم ڕایەی دووەمی هەبوو و گوتی: ئەم کارە گرنگە تەنها بە کەسایەتیەکی قورەیشی خاوەن بیروڕای پەسند ڕادەپەڕێ، لەوانەیە کەسێك بنێرم ئازا بێت، بەڵام خاوەن ڕا نەبێت، من شارەزای تاکتیکەکانی جەنگم، لەشەڕە شیرو شیربازیشدا شارەزام ئەگەر پێویست بکات، موسعەب ئازایە و پەروەردەی نێو بنەماڵەیەکی بەغیرەتە، بەڵام لە تاکتیکی جەنگ نازانێ و خەڵکانێکیشی لەگەڵە دژو پێچەوانەی دەجوڵێنەوە، بەڵام من خەڵکانێکم لە پشتە دڵسۆزیم بۆ

١ـ الدولة الاموية المفترى عليها ص: ٣٨٦.

دەنوێنن[١] ساڵی٧١ی کۆچی و دوای تێپەڕینی (٤) ساڵ بەسەر لەنێوچوونی موختار و دەسەلاتەکەی، عبدالملك بڕیاری خۆی ساغ کردەوە پەلاماری عێراق بدات و لەژێر دەسەلاتی (ئیبن زوبێر)ی دەربێنێ، لەوانەیە تا ئەو ساتە وەختە تێکهەڵچونەکانی لەگەڵ ئیبن زوبێر لە عێراقدا شێوە ئەنقەست بووبن، چونکە تا پایەکانی حوکمڕانی لە شام نەچەقاندن نەیویستووە بەرەو عێراق بەڕێ بکەوێ، ئەم ساڵانەی بەڕێ کردن تاوەکو پێویستە بتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ، هەروەها کێشەکانی خۆی لەگەڵ زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی چارەسەر کردن کە خۆی لە (قەرقیسیا) دامەزراند بوو،[٢] دەسەڵاتی ئومەوی لە تەواوی جزیرە پێلێژ کردبوو، عبدالملك بە لێزانی و سیاسەتی بەهێزی کێشەی (زوفەر)ی ئاشتیانە چارەسەر کرد، بەم شێوازە کێشەی (قرقیسیا)ی کۆتایی پێهێنا، کە ماوەی حەوت ساڵ بوو وەك دڕکێك لە چاوی دەوڵەتی ئومەوی هەڵچەقیبوو، ئەم کێشەی ئاشتیانە چارە کرد و دەسەلاتی لە هەرێمی (جزیرە) جێگیر کردەوە،[٣] هەر لەم چەند ساڵەدا خۆی لە عەمری کوڕی سەعیدی گەورە خۆڕەپێشکەری سامناکی ڕزگار کرد و گرتی و کوشتی.[٤]

کاتێك ویستی بەرەو عێراق بەڕێبکەوێ، خوا حافیزەی لە عاتیکەی کچی یەزیدی کوڕی معاویەی هاوسەری کرد، عاتیکە گریاو کارەکەرەکانیاش لەگەڵی گریان، عبدالملك گوتی: خودا(کثیر عزة) بکوژێ، ئێستا هەردەڵێی چاوی لێمانە و دەڵێ:

إذا ما اراد الغزو لم يثن همه   حِصانُ عليها عقد در يزينها
نهته فلما لم تر النهي عاقه   بكت و بكى مما عناها قطينها[٥]

ئینجا عبدالملك بە خۆی و بە سوپاکەیەوە بە پەلە پەل بەرەو عێراق ڕۆی، محمدی کوڕی مەڕوانی برای کردە پێشەنگی سوپاکە و لە (مەسکەن) بارگەیان

١ـ الكامل في التاريخ(٣/٥١).
٢ـ هەمان سەرچاوە (٣/٥٩).
٣ـ الكامل في التأريخ، نقلاً عن العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص: ٥٠١.
٤ـ البداية و النهاية(١١/١١٩).
٥ ـ الكامل في التاريخ(٣/٥١).

خست، موسعەب هەواڵی بەڕێکەوتنی(عبدالملك)ی پێگەیشت، سوپاکەی ڕێکخست و ئیبراهیمی کوڕی ئەشتەری کردە پێشەنگی سوپاکە و لە (ئەجمیرا) بارگەی خست.[١]

ئینجا عبدالملك دەستی بە نامە ناردن کرد بۆ سەرۆکهۆزەکانی عێراقی نێو سوپاکەی موسعەب، بەڵێنی موژدەی خۆشی دەدانێ لە پلە و پایە و ماڵ و سامان.

ئیبراهیم کوڕی ئەشتەری سەرکردەی پێشووی سوپاکانی موختاری سەقەفی و پێشەنگی ئێستای سوپاکەی موسعەبیش نامەیەکی لەلایەن (عبدالملك)ەوە بۆ هات، نامەکەی بە مۆرکراوی و نەکراوەیی هەڵگرت و دایە دەست موسعەب، موسعەب گوتی: چی تێدایە؟، گوتی: نەمخوێندۆتەوە، موسعەب خوێندیەوە، دەبینێ بانگی دەکا بۆ لای خۆی و بەڵێنی دەداتێ هەرێمی عێراق بە ئەو دەسپێرێ و دەیکا بە والی، (ئیبن لئەشتەر) گوتی: بەخوا عبدالملك ئەوەندەی لە من ناهومێدە لە کەسی تر هێندە هومێد بڕاو نیە، بزانە نامەی بۆ هەموو هاوەڵەکانت ناردووە، دەربارەی ئەو سەرۆکهۆزانە بە قسەم بکە، با لە ملی هەموویان بدەم، موسعەب گوتی: کەواتە دوای کوشتنیان هۆزەکانیان دڵسۆزیمان بۆ نانوێنن، (ئیبراهیم) گوتی: بە ئاسن دایان دەمرکێنم، بیاننێرە بۆ کاخی کیسرا و بەندیان بکە، لەجێی ئەوان وەکیل داینێ بەسەر هۆزەکانیانەوە، موسعەب گوتی: ئەی بابی نوعمان: من ئەو کارە ناکەم و لە دژی دەوەستمەوە، ڕەحمەتی خودا لە ئەبو بەحر ئەحنەفی کوڕی قەیس بێت: کە بەردەوام ئاگاداری دەکردمەوە لە غەدر و ناپاکی خەڵکی (عێراق)، هەر دەڵێی چاوی لەم بارودۆخە بوو کە ئێستا ئێمەی تێکەوتووین.[٢]

ئەمە بەنیسبەت خەڵکی عێراق سەیر نیە، تۆماری ئەوان پڕە لە غەدر و ناپاکی و هەڵوێست گۆڕین، بەڵکو عبدالمل) ڕایگەیاند: کە پێش ئەوەی نامەیان بۆ بنێرێ نامەی ئەوانی پێگەیشتووە،[٣]کار بەمە گەیشتبوو ئەم نامە گۆڕینەوەیە لە نهێنی دەرچوو بوو، کاتێك موسعەب بانگی موهەللەبی کوڕی ئەبی سەفرەی کرد تەگبیری

١ـ تأريخ الطبري(٤٣/٧).

٢ـ الكامل في التاريخ(٥٢/٣).

٣ـ هەمان سەرچاوە(٥٢/٣).

پێ بكات (موهەللەب) گوتی: بزانە خەڵكی عێراق نامەیان بۆ عبدالملك ناردووە و ئەویش نامەی بۆ ناردوون، من لە خۆت دوور مەخەوە، موسعەب گوتی: خەڵكی (بەسرە) نایەن بۆ جەنگ تا تۆ نەنێرم بۆ جەنگی (خەواریج)، ئێستا (خەواریج) گەیشتوونەتە بازاڕی (ئەهواز)، من پێم ناخۆشە عبدالملك بەرەو من هاتبێت و بە گژیدا نەچمەوە، تۆ بڕۆ شكاندنی ئەم كۆسپە منی بەسە،[١] لەكاتی نامە و نامەكاری عبدالملك و عێراقیەكاندا، سەرانی سەركردایەتی سوپاكەی موسعەب، سوپای موسعەبیان بەجێ دەهێشت و پەیوەندیان بە سوپاكەی (عبدالملك)ەوە دەكرد،[٢] عبدالملك دوای بینینی بارودۆخەكە دەیەویست كێشەكە بەبێ شەڕ كۆتایی پێ بێنێ و دۆستایەتی و خۆشەویستیە كۆنەكەی نێوان خۆی و موسعەبی دەكردە پاساو، پیاوێكی هۆزی (كەلب)ی نارده لای موسعەب و پێی گوت: سەلام لە خوارزاكەت بكە چونكە دایكی موسعەب (كەلبی) بوو، پێی بڵێ: با واز بێنێ لە بانگەشەكردنی خەڵك بۆ لای براكەی، منیش واز دێنم لە بانگەشە كردنی خەڵك بۆ لای خۆم، با كاروبار بە تەگبیر و ڕاوێژ بێت، موسعەب پێی گوت: بە عبدالملك بڵێ: شیر لە نێوانماندایە.[٣]

ئینجا عبدالملك هەوڵێكی تری دا و محمدی كوڕی مەڕوانی برای ناردەلا، تا پێی بڵێ: ئامۆزاكەت ئەمانت دەداتێ، موسعەب گوتی: كەسێكی وەك من جگە لە هەڵوێستی سەركەوتن و زاڵبوون یان شكان لە مەیدانی جەنگدا ئاوڕ لە هەڵوێستی تر ناداتەوە.[٤]

ئینجا شەڕ دەستی پێكرد، ناپاكی و غەدر و خیانەتی خەڵكی عێراق دەركەوت، موسعەب عوتابی كوڕی وەرقای بۆ هیمدادی ئیبڕاهیمی كوڕی ئەشتەر نارد، (عوتاب) لەو سەرۆك هۆزانە بوو نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ عبدالملك دا كردبوو، ئیبڕاهیم ئەمەی بە كارێكی خراپ دانا، گوتی: من پێم گوتی (عوتتاب) و هاو

١ـ الكامل في التاريخ (٥١/٣).
٢ـ تأريخ الطبري(٤٤/٧).
٣ـ الكامل في التأريخ(٥٢/٣).
٤ ـ تأريخ الطبري(٤٥/٧).

وێنەکانی بۆ من مەنێرە، (إنا لله و إنا إليه راجعون)، (عوتتاب) لەلای خۆی خەڵکی توشی شکان کرد، کاتێك تێکشکا (ئیبن لئەشتەر) ئارامی گرت و لە مەیداندا مایەوە تا کوژرا،[1] بە کوژرانی (ئیبن لئەشتەر) زیانی گەورە لەموسعەب کەوت، چونکە سەرەڕای ئازایەتیەکەی، دڵسۆزێکی نزیکی ئەو بوو، لەبەر ئەوە کاتێك شەڕ لە قۆڵی موسعەب گەرم ببوو و کەوتبووە تەنگانەوە، هاواری کرد: هۆو ئیبراهیم! ئیمرۆ ئیبراهیمم نیە![2] خەڵکی عێراق موسعەبیان بەجێهێشت و تووشی شکانیان کرد، کار بەوە گەیشت جگە لە (٧) کەس، کەسی تری بە دەورەوە نەما،[3] بەڵام بەردەوام پاڵەوانانە دەجەنگا، لە خوێندا شەلاڵ ببوو، پاشان زیادی کوڕی توبیان لەسەر کۆشکی (دوجەیل)ی دێری (جاثلیق) و لە مەیدانی جەنگدا کوشتی،[4] لە جەمادی دووەمی ساڵی٧٢ی کۆچیدا، کە ئەم هەواڵە گەیشتە عبدالملك، ئەو گوتی: بینێژن، بەخودا حورمەتی نێوانمان کۆنینەیە، بەڵام دەسەڵات نەزۆکەو بەرهەمی خێرینیە.[5]

بە کوژرانی موسعەب جەنگ کۆتایی هات، عبدالملك چووە نێو (کوفە)وە، دانیشتوان بەیعەتیان پێدا، عێراق هاتەوە نێو باوەشی دەوڵەتی ئومەوی، عبدالملك بیشری کوڕی مەڕوانی برای کردە والی، پێش ئەمە (عێراق) بەجێ بێڵێ سوپایەکی ئامادە کرد بۆ پەلاماری سەر (مکە)و کۆتایی هێنان بە ئیبن زوبێر.

١ ـ هۆیەکانی تێکشکانی موسعەبی کوڕی زوبێر:

هۆی زۆر پشکیان هەبوو لە شکانی (ئیبن زوبێر) لە عێراقدا، لەنێو ئەو هۆیانەدا:

أ ـ بەشدار نەبوونی موهەللەبی کوڕی ئەبی سەفرە بە خۆی و سەربازانیەوە، ئەو جەنگاوەرێکی بە جەرگ و شارەزای کاروبارەکانی جەنگ بوو، موسعەب لەسەر حەزی خەڵکی (بەسرە) بۆ جەنگی (خەواریج)ی نارد، لە کاتێکدا (موهەللەب)

١ـ الكامل في التاريخ(٣/٥٣).
٢ـ تأريخ الطبري(٧/٤٥).
٣ـ الكامل في التاريخ(٣/٥٤،٥٣).
٤ـ تأريخ الطبري(٧/٤٤).
٥ـ هەمان سەرچاوە.

بەموسعەبی گوتبوو: لەخۆتم دوور مەخەوە،[١] ئەگەر موسعەب (موهەللەبی) لە خۆی دوور نەخستبایەوە: سوودی زۆری لە سوپاکەی و توانا و شارەزایی یەکەی وەردەگرت.

ب ـ غەدر و خیانەتی سەرۆکهۆزەکانی عێراقی نێو سوپاکەی موسعەب، ئەم غەدر و خیانەتە بەهۆی: بەڵێن و موژدەکانی عبدالملك و نەبوونی توانای سرنج ڕاکێشانیان لەلایەن موسعەبەوە سەری هەڵدا.

ج ـ مەست نەکرانی سەران و پیاوماقوڵانی عێراق بە بەخشیش و ماڵ و سامان لەلایەن (عبداللە ی کوڕی زوبێر) ی خەلیفە وە، ئەم سەرۆکهۆزانە لەگەڵ موسعەبدا هاتنە (مكة) بەڵام عبداللە هیچی نەدانێ.

د ـ تورە بوونی خەڵکانی شیعە بە کوژرانی موختار لەلایەن موسعەبەوە، شیعە پێی وابوو موختار تۆڵەی لە بکوژانی حوسێن کردۆتەوە و هەموویانی کوشتووە: بۆیە کاتێك موسعەب پێکرا، زائیدەی کوڕی عودامە ئەم دەستەواژەیەی دەربڕی: (یالثارات المختار) واتە: هاوار بۆ تۆڵە سێنانی موختار!.

هـ ـ شارەزا نەبوونی موسعەب لە بواری نەخشەی سەربازی یەوە، هەرچەند دوژمنەکانیشی دانیان بە ئازایەتی و پاڵەوانێتی و خۆڕاگری و نەبەزی ئەودا دێنا.

و ـ ماندوو بوون و شپرزە بوونی سوپای زوبێریان، چونکە ژمارەیەك جەنگیان لەنێو عێراقدا ئەنجامدابوو، بەڵام سوپای ئومەویان حەساوە بوو، کاتێك سوپاکەی عبدالملك یان بینی پاڵیان دایەوە و ترس دایگرتن.[٢]

هـ ـ نەناردنی هێزی سەربازی بۆ عێراق لەلایەن عبداللە ی کوڕی زوبێرەوە. جێگای خۆی بوو عبداللە بە هەموو توانایەکیەوە بە هاواری موسعەبەوە چووبایە، چونکە لەدەستدانی (عێراق) واتە لەدەستدانی سەرچاوەکانی داهات و سەرتایەکیشە بۆ ڕووخانی سیاسی.[٣]

١ـ الكامل في التاريخ(٣/٥١).
٢ـ تحديد الدولة الاموية، للناطور ص:٨٠.
٣ـ هەمان سەرچاوە.

٢ ــ کاریگەری کوژرانی موسعەب لەسەر عبداللە ی کوڕی زوبێر و وتارەکەی:

عبداللە ی کوڕی زوبێر کاتێك هەواڵی کوژرانی موسعەبی برای پێگەیشت، هەستایە سەر پێو وتارێکی خوێندەوە و گوتی: سوپاس بۆ (ألله) کە دروستکردن و فەرماندان هەمووی هی خۆیەتی، بە ویستی خۆی دەسەڵات دەبەخشێ بە هەر کەسێك بیەوێ، دەسەڵات دەسێنێتەوە لە هەر کەسێك بیەوێ، ویستی لەسەر کێ بێ دەسەڵاتداری دەکات، ویستی لەسەر کێ بێ داماوی دەکات، بەڵام: کەسێك خاوەن هەق بێ داماوی ناکا، با بە تەنیاش بێ و کەسی لەگەڵ نەبێت، خودا کەسێك عەزیز و سەربەرز ناکات سەرپەرشتیارەکەی شەیتان و حیزبی شەیتان بێ. با هەموو خەڵکیشی لەگەڵ بێت ، ئاگاداربن: هەواڵێکمان لە عێراقەوە پێگەیشتووە، دڵتەنگمان دەکات و دڵخۆشیشمان دەکات، هەواڵی کوژرانی موسعەبمان پێگەیشتووە، خودا ڕەحمی پێ بکات،ئەوەی دڵخۆشمان دەکات کە دەزانین کوژرانەکەی شەهادەتە بۆ خۆی، ئەوەی دڵتەنگمان دەکات: لەدەستدانی خۆشەویست جەرگسوتانە و خۆشەویستەکەی لە کاتی موسیبەتەکەدا ئازاری هەیە، دوای ئەمە خاوەن ڕایان ئاوڕ بۆ ئارامگرتنی جوان و تازیەباری ڕێزدارانە دەدەنەوە، ئەگەر ئیمڕۆ موسیبەتی موسعەب هاتووە بەسەرمدا، پێش ئەمەش بە (زوبێر) تاقی کراومەوە، کارەساتی عوسمانیش موسیبەتێکی مەزن بوو، موسعەب تەنها بەندەیەك بوو لە بەندە بچوکەکانی خودا و پشتیوانێك بوو لە پشتیوانەکانم، بەڵام خەڵکی عێراق خەڵکی غەدر و نیفاق داویانە بە دەستەوە و بە کەمترین نرخ فرۆشتوویانە و بە کوشتیان داوە، بەخودا ئێمەی ئالی زوبێر وەك ڕۆڵەکانی (عاص) لە شوێنی پاڵدانەوەمان نامرین، بەخودا کەسێك لە ئالی زوبێر نە لەسەردەمی جاهیلی، نە لە سەردەمی ئیسلامدا لە هەڵاتندا و لە پشتەوەڕا نەکوژراوە، مردنی ئێمە مردنی دەستە و یەخە و خێرایە، چ بە تیر بێ چ بە شیر بێ، ئاگادار بن: دنیا موڵکی لەنێوچووە و بەس موڵکی خودا لەنێو ناچێت و دەسەڵاتی ڕەها هی ئەوە، ئەگەر دنیا بەرەو لام بێت وەك خۆبەزلگری شەڕانی پێشوازی لێناکەم، باوەشی پێدا ناکەم، ئەگەر پشتم تێ بکات و وەك ئەو کەسەی بسوتاوە و سوکوچروکە بۆی

ناگریەم، ئەم قسەم کرد و لە خودا دەخوازم چاوپۆشی لە منیش و ئێوەش بکات.[١]

٣ ـ هەڵوێستی عبدالملك سەبارەت بە کوژرانی موسعەبی کوڕی زوبێر:

کاتێك سەری براوی موسعەبی کوڕی زوبێر یان لەبەردەستی عبدالملك دانا، گریاو گوتی:کاتی خۆی ساتێك بەبێ هاوەڵایەتی ئەو خۆشەویسەم مەدارم نەدەکرد، تا شیر کەوتە نێوانمانەوە، بەڵام دەسەڵات نەزۆك و بێ وەفایە.[٢]

عبدالملك تا نەگەیشتە سەر کورسی دەسەڵات، باسی دۆستایەتی نێوان خۆی و موسعەبی فەرامۆش کردبوو، پاش ئەمە لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەکانیدا باسی ڕەوشت و کردەوە جوانەکانی موسعەبی دەکرد، دەیزانی دوای نەمانی ئەم باسانە زیان بە دەسەڵاتەکەی ناگەیەنن.[٣](إبن كثير) دەگێڕێتەوە: ڕۆژێك عبدالملك بە دانیشتوانی کۆڕەکەی گوت: کێ ئازای عەرەبە؟ گوتیان: (شەبیب، قوتری کوڕی فوجائە، فلان، فلان،...هتد) عبدالملك گوتی: ئازایەتی هی کەسێکە کە چەقی بەستووە لە نێوان سەکینەی کچی حوسێن و عائیشەی کچی تەڵحە و دایکی حەمیدەی کچی عبدالله ی کوڕی عامری کوڕی کریزە، دایکی: ڕەبابی کچی ئەنەفی کەلبی یە، گەورەی ضاحیةی عەرەبە، والی عێراق بووە لە ماوەی (٥) ساڵی تەواودا، هەزارانی هەنگاوتووە، ئەمانی پێدرا بەڵام ڕەتی کردەوە، بە شیرەکەی هاتە مەیدانەوە و هەدای نەدا تا نەکوژرا، ئەو کەسە موسعەبی کوڕی زوبێرە، کەسێکی بێ فێڵ بوو و فێری ئەمبەرەوبەر نەبوو.[٤]

پێدا هەڵگوتنی عبدالملك بە بەژن و باڵای موسعەبدا، لەمڕۆدا تۆزقاڵێك زیان بەدەسەڵاتی ناگەیەنێ، ئەو بۆلای پەروەردگاری گەڕایەوەو هەموو دنیای بە زەڕق و بەڕق و پاتاڵەکەیەوە بۆ بەجێهێشت، دوای ئەوەی موسعەب مەترسی بۆ دەسەڵاتی عبدالملك دروست ناکات، قەیدی نیە باسی چاکەکانی بکات و پەرۆشی خۆی بۆ

١ـ تأريخ الطبري(٧/٥٣).
٢ ـ هەمان سەرچاوە (٧/٤٧).
٣ ـ الأمويون(١/٣٨٠).
٤ـ البداية و النهاية(١١/١٥٢).

دەربڕیٚ، لەبەر ئەمە کاتێك سەری موسعەبیان هێنایە بەردەم، عبدالملك گوتی: بینێژن، سوێند بە خودا: حورمەت و ڕێزی نێوانمان دێرینە، بەلاّم دەسەلاّت بیّ وەفایە، فەرمانیدا موسعەب و عیسی ی کوڕی موسعەب بنێژن.[١]

٤ ـ لاواندنەوەی موسعەب لەلایەن شاعیرانەوە:

عبیدالله ی کوڕی قەیسی ڕوقییات یەکەمین شاعیری بزوتنەوەی (ئیبن زوبێر) و بەرگریکاری بەشێك لەو لاوەندنانەی کە موسعەب دا هەڵی گوتوون:

نعت السحائبُ و الغمام بأسرها   جسداً بمسكن عاري الأوصال
تُمسي عوائده السباعُ وداره   بمنازل أطلالهن بوالي
رحل الرفاق و غادروه ثاوياً   للريح بين صبا و شمال.[٢]

٥ ـ(سەکینەی کچی حوسێن)ی هاوسەری موسعەب:

موسعەب چەند شەوێك بەر لە دەرچوونی لە کوفە ئەم چەند دێڕە شیعرەی بۆ سەکینەی کچی حوسێنی هاوسەری نووسیبوو:

و كان عزيزاً أن أبيت و بيننا   حجاب فقد أصبحت مني على
و أبكاها للعين والله فاعلمي   إذا ازددت مثليها فصرت على
و أبكى لقلبى منهما أننى   أخاف بألا نلتقي آخر الدهر

دەڵێن: موسعەب لە ڕۆژی تێدا کوژرانیدا چۆتە لای (سەکینە)، پۆشاکەکەی دادەنیٚ و ملبەندێك لەبەر دەکات و بە ملپێچێك دایدەپۆشیٚ، شیرەکەی بە دەستەوە دەگرێت، لێرەدا (سەکینە) زانی کە بەتەمای گەڕانەوە نیە، بۆیە هاواری کرد و گوتی: ئەی هاوار موسعەب چەند خەمبارم! . ئەویش ئاوڕی لێدایەوە سەکینە

١ـ تأريخ الطبري، الأمويون، للوكيل(٣٨١/١).
٢ـ البداية و النهاية(٦٥٦/١١).

هەموو ناو دڵی خۆی بۆ هەڵنەڕشتبوو و شتی لێ دەشاردەوە، موسعەب گوتی: هەر ئەوەندەت لە دڵدایە بۆ من؟ گوتی: ئەو خۆشەویستیەی لێم شاردوویەوە زۆر زۆرترە! موسعەب گوتی: ئەگەر پێشدا ئاوام دەزانی حاڵی من و تۆ جۆرێكی تر دەبوو، ئینجا دەرچوو و نەگەڕایەوە و كوژرا، (سەكینە) چووە نێو تەرمەكان و بە خاڵەكەی سەر ڕوومەتی ناسیەوە، سەری بەسەر سەریدا شۆڕكردەوە و گوتی: ڕەحمەتی خوات بەسەردا بڕژێ وەڵلاهی چاكترین دۆستی گیانی بە گیانی منی (موسلیمە) بووی، چاك لە عەنتورە دەگەم كە دەڵێ:

و خليل غانية تركت منجدلاً بالقاع لم يعهد و لم يتكلم
مهتكت بالريح الطويل إهابة ليس الكريم على لقنا بمحرم[١]

سەكینە خودی خۆی ئاوا موسعەبی لاواندۆتەوە:

فإن تقتلوه الماجد الذي يرى الموت إلا بالسيوف حراماً
و قبلک ماخاض الحسين منية إلى القوم حتى أوردوه حماماً.[٢]

---

١ ـ المنتظم لإبن الجوزي(٦/١١٤،١١٥).
٢ ـ موقف الشعر من الحركة الزبيرية، ص:٦٠.

باسی چوارەم: کۆتایی هاتنی ئـەمیری ئیمانـداران عبـدالله ی کـوڕی زوبێر رضي الله عنهما :

یەکەم: هەوڵەکانی دەوڵەتی ئومەوی بۆ زەوتکردنـی (حیجـاز) پـێش دوایەمین گەمارۆدانی (ئیبن زوبێر).

ورده شـەڕ و پـەلاماردانی نێـوان (ئـیبن زوبێـر)و عبـدالله لـە بـەرەی حیجـازدا درێژەیان هەبووە لە گرنگترین پەلاماری هەردوولا بۆسەر یەکتری ئەمانە بوون:

١ ـــ هێرشی حوبەیشی کوڕی دەلجەی قینی:

خەریکە هەموو گێڕانەوەکان کۆك بن لەسەر ئەوە کە (مەڕوانی کوڕی حەکەم) دوای هاتنەوەی لە(میسر) ئەم هێزە پەلاماردەرەی ناردبێتە سەر حیجاز.[١]

وەك دەردەکەوێ ئەم پەلامارە لەدواساتەکانی سەردەمی مەڕواندا ئەنجامدرابێ‌و پێش ئەوەی هیچ ئامانجێك ئامانجێك بپێکی مەڕوان مردووە، ئەمە وای لەمێژوو نووسانێك کردووە بنووسن: عبدالملك ئەم هێرشەی بەڕێکردووە،[٢] ژمارەی هێزەکە لە نێوان ٦٤٠٠ــ٧٠٠٠ جەنگاوەردا بووە.[٣]

(ئیبن زوبێر) توانی بەسەر ئەم سوپایەدا زاڵ بێ‌، (حاریسی کوڕی ڕەبیعە)ی والی بەسرە سوپایەکی بە سەرکردایەتی (ئیبن دەلجە) کردەوە، (ئیبن زوبێر)یش لە قۆڵی خۆیەوە سوپایەکی تری بەسەرکردایەتی (عەبباسی کوڕی سەهلی کوڕی سەعدی ئەنساڕی) بەڕێکرد، تا لەگەڵ سوپاکەی (حەنتف) یەکبگرن و کۆتایی بە سوپاکەی (حوبەیش) بێنن، ئەم بەرەنگاربونەوەیە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا[٤] لە ڕەبزە.[٥]

١ـ تاريخ الطبري، نقلا عن عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨١.
٢ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨١.
٣ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨١.
٤ـ تاريخ الطبري (٥٥٣/٦).
٥ ـ أنساب الاشراف (١٥١/٥ ـ١٥٣).

٢ ــ هێرشی نائیلی کوڕی قەیسی جوزامی:

دوای مردنی حەنتفی کوڕی سەجەف لە (وادي القرى)، (ئیبن زوبێر) فەرمانی بە (نائیل) کرد بپەڕێتەوە سەر سنوورەکانی (شام) و ڕوانگەیەکی سەربازی تێدا دابمەزرێنێ،[1] لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (ئیبن زوبێر) دوای مردنی مەڕوان (نائیلی)ی بەڕێکردو فەرمانی پێکرد بچێ بۆ فەلەستین،[2] هەرچۆنێك بێت هەردوك ڕیوایەتەکە ڕێکن لەسەر ئەوە کە عبدالملك ی کوڕی مەڕوان توانی لە (ئەجنادین) کۆتایی بە نائیلی کوڕی قەیس بێنێ، بەم شێوەیە (نائیل)و هاوەڵانی لە ساڵی ٦٦ی کۆچی لە وڵاتی (فەلەستین) کوژران.

٣ ــ هێرشی عوروەی کوڕی عەنیف:

عبدالملك عوروەی کوڕی ئەنیفی بە (٦) هەزار جەنگاوەرە وە بەرەو (مەدینە) بەڕێکرد، فەرمانی پێکرد لای کەس بە میوانی دانەبەزن، بۆ پێویستیەکی زۆر ناچار نەبێت نەچنە نێو (مەدینە)وە، لە(عرصة گۆڕپانی شار) سەربازگە دروست بکەن، (عوروە) بەڕێکەوت و لە (عرصة) هەڵیدا، بەپێی ئاماژەی گێڕانەوەکە، دەبێ حاریسی کوڕی حاتەبی کاربەڕێوەبەری (مەدینە) هەڵاتبێ: چونکە(عوروە) ڕۆژانی هەینی دەچووە نێو (مەدینە)وە و (جمعە)ی بەخەڵك دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە نێو سەربازگە، (عوروە) ماوەی مانگێك بەم شێوەیە مایەوە، (ئیبن زوبێر) کەسی بۆلا نەنارد، هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش لە نێوان سوپای (عورورە)و سوپای (ئیبن زوبێر) ڕووی نەدا، عبدالملك فەرمانیدا ئەم سوپایە بگەڕێتەوە شام، ئەویش گەڕایەوە،[3]

٤ ــ هێرشی (عبدالملك ی کوڕی حاریسی کوڕی حەکەم):

عبدالملك ی کوڕی مەڕوان ئەم هێزەی بەرەو(مدینە) بەڕێکرد، ژمارەی (٤) هەزار

١ـ هەمان سەرچاوە (١٥٨/٥).

٢ـ هەمان سەرچاوە (١٥٩/٥).

٣ ـ الطبقات، نقلا عن عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨٥.

جەنگاوەر بوو، کاری پاراستنی ناوچەکانی نێوان مەدینەو شام بوو.عبدالملکی کوڕی حاریس هێزەکەی لە (وادي القری) جێگیرکرد، لەوێڕا هێزێکی (٥٠٠) نەفەری بەسەرکردایەتی (ئەبو قەمام) ناردە سەر (خەیبەر و فەدەك) کە سلێمانی کوڕی خالید بەڕێوبەرایەتی دەکردن، (سلێمان) هەوڵی دەربازبوونی دا، بەڵام لەلایەن ئەم هێزە پەلاماردەرەوە گیراو کوژرا،[١] (ئیبن زوبێر) نەیدەتوانی بەر بە پەلامارەکان بگرێت، (حاریسی کوڕی خەتتاب)ی لە پۆستەکەی لابرد و (جابری کوڕی ئەسوەد)ی لە جێگە دانا، (جابر) لە قۆڵی خۆیەوە هێزێی هێرشبەری بەسەرکردایەتی ئەبوبەکری کوڕی ئەبوقەیس ناردە سەر (ئەبوقەمام) لە (خەیبەر)، لە ئەنجامدا (ئەبوقەمام) و هێزەکەی تێکشکاند.[٢]

٥ ـ هێرشی (تاریقی کوڕی عومەر):

ئەمە دواهەمین هێرش بوو لەلایەن (عبدالملکی کوڕی مەڕوان)ەوە بەرەو(حیجاز) بەڕێکرا، ئامانج لەم هێرشە: زەوتکردنی ناوچەکانی (ئەیلە)و (وادي القری) و بە هاوارەوەچوونی کاریەدەستەکانی عبدالملك لە کاتی پێویستدا بوو، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە بەربەستێك لەبەرامبەر جموجۆڵەکانی(ئیبن زوبێر)، والی بەسرە لەسەر فەرمانی (ئیبن زوبێر) هێزێکی (٢) هەزار کەسی بە سەرکردایەتی (ئیبن ئۆراس) بۆ پارێزگاری کردنی(مەدینە) نارد، ئەم هێزە بە ڕێکوپێکی ئەرکەکەی خۆی ڕادەپەڕاند، بەڵام هێندەی نەبرد (ئیبن زوبێر) فەرمانی بە (ئیبن ئۆراس) کرد بەرەنگاری (طارقی کوڕی عومەر) ببێتەوە، دەرەنجامی تێك هەڵچوونەکە سەرکەوتنی (طارقی کوڕی عومەر) بوو، تاریق بۆ (وادي القری) گەڕایەوە و خۆی بەو کارەوە خەریك کرد کە لە لایەن (عبدالملك)ەوە پێی سپێردرابوو.[٣]

١ ـ الطبقات، نقلا عن عبدالله بن الزبیر، للخراشي ص ١٨٥.
٢ ـ الطبقات، نقلا عن عبدالله بن الزبیر، للخراشي ص ١٨٦.
٣ـ عبدالله بن الزبیر، للخراشي ص ١٨٧.

دووەم: گەمارۆی دووەم و ڕووخانی خیلافەتی ئیبن زوبێر:

سەرکەوتنی عبدالملك بەسەر موسعەب لە جەنگی (دتیری جاسلیق) زەنگی ئاگاداری بوو بۆ کۆتایی هاتنی دەوڵەتەکەی (عبدالله ی کوڕی زوبێر)، کە ئەو کاتە لە هەموو هەرێمەکاندا کاروباری بۆ چەسپابوو، دەوڵەتی ئیبن زوبێر لە هەرێمی (حیجازدا) گەمارۆ درا، چونکە لە بواری دوو هێزی دارایی و سەربازی هەژار بوو نەیدەتوانی زۆر خۆی ڕابگرێت، هەروەك خودی عبدالله بە لەدەستدانی موسعەبی برای ئەژنۆی شکان و تووشی خامۆشی بوو، بەلام ئالاکەی فڕێ نەدا، تا دوا هەناسەی ژیانی لە سەنگەری بەرگریدا بوو.

عبدالملك دوای زاڵبوونی بەسەر موسعەبدا کاتی بەفیڕۆ نەدا و بڕیاری دا بە تەواوەتی کۆتایی بە دەوڵەتی (ئیبن زوبێر) بێنێ،[1] سوپایەکی گەورەی ساز کرد و حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی کردە سەرکردەی، حەجاج بەسوپاکەیەوە بەرەو (حیجاز) بەڕێکەوت، لە (طائف) جێگیر بوو، لەوێڕا مەفرەزەی سەربازی دەناردنە سەر (مەککە)، (ئیبن زوبێر)یش بە وێنەی ئەو مەفرەزەی سەربازی دەنارده سەر ئەو شەڕیان دەکرد و دەگەڕانەوە سەربازگەکانیان.[2]

عبدالملك فەرمانی بە تاریقی کوڕی عومر کرد (وادي القرى) بەجێ بێڵێ و لەگەڵ سوپاکەی حەجاج بکەوێ، تاریق بە خۆی و (٥) هەزار جەنگاوەرەوە خۆی گەیاندە حەجاج.[3]

١ ــ گەمارۆی ئابووری:

حەجاج بە ئامانجی زیاتر تەنگ پێهەڵچنینی (ئیبن زوبێر) گەمارۆی ئابووری لەسەر (مەککە) دانا.

---

١ ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي، ص ٥٠٣.

٢ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨٩.

٣ـ الطبقات، نقلا عن عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٨٩.

ئیبن حزم دەگێڕێتەوە: عبدالملك بەشداری بڕیاری گەمارۆدانی ئابووری سەر (مەککە)ی کردووە و، کاری ڕێگرتن بە گەیشتنی خۆراك و دانەوێڵە بە (مەککە)ی بە (خالیدی کوڕی ڕەبیعە) سپاردووە.[1]

ئەم گەمارۆیە کاریگەری لەسەر (ئیبن زوبێر) دروست کرد و خەڵکی تووشی برسێتیەکی بێڕەزا بوون، کار بەوە گەیشت (ئیبن زوبێر) ناچار بوو ئەسپەکەی خۆی بکوژێتەوە و دەرخواردی هاوەڵەکانی بدا.[2] لە هەمان کاتدا عبدالملك ئارد و ئازوخە و نان و کێك و خواردەمەنی جۆرا و جۆری دەنارده دەوری مەکە و بەسەر خەڵکی شامدا دابەش دەکرا،[3] ئەمە وایکرد بارودۆخی نێو (مەککە) بگۆڕێت ز بوزین لە نێو پشتیوانانی (ئیبن زوبێر) دروست ببێت، ئەوەبوو یەك لە دوای یەك دەورەی عبدالله یان چۆڵ کرد، هاندەری زیاتری ئەم بەزین و ڕوخانە ئەوە بوو: حەجاج ئەمانی دەدا بە هەر کەسێك واز لە شەڕ بێنێت و لە لە ئیبن زوبێر بکشێتەوە.[4]

٢ ــ دانانی مەنجەنیق لەسەر چیاکانی (مەککە):

حەجاج ویستی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی (ئیبن زوبێر) بە دەستی ئەو بێت، بۆیە نامەیەکی بۆ عبدالملك نووسی، تا ڕێگەی بدا شەڕی لەگەڵ بکات و بەرەنگاری بێتەوە، عبدالملك وەڵامی دایەوە گوتی: ڕات لەسەر چیە ئاوا بکە،[5] کاکڵەی وەڵامەکە ڕەزامەندی بوو لەسەر داواکەی حەجاج، کە دەیەویست خۆی بڕکێش بکات و پەلاماری (مەککە) و عبدالله بدات، ئینجا حەجاج بە سوپاکەیەوە بەرەو (مەککە) بەڕێکەوت، مەنجەنیقی لەسەر چیاکان دامەزراندن، ئینجا بەبێ پسانەوە بەردبارانی (ئیبن زوبێر)ی کرد لە نێو حەرەمدا، سوپاکەشی لەگەڵ جەنگاوەرانی (مەکە) دەستە و بەخە ببۆوە،[6] ژمارەیەك لە پیاوماقوڵانی (مەککە) کە لە

١ـجمهرة انساب العرب ص ٢٤٤.

٢ـ انساب الاشراف (٣٦١/٥)، عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٩٠.

٣ ـ انساب الاشراف (٣٦٠/٥).

٤ ـ هەمان سەرچاوە (١٦٦/٥)، عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٩٠.

٥ ـ انساب الاشراف (٣٥٨/٥).

٦ ـ هەمان سەرچاوە.

سەروویانەوە ئیبن عومەر دەبینرا کەوتنە نێوبژیوانی، داوایان لە حەجاج کرد واز لە بەکارهێنانی (مەنجەنیق) بێنێ، وەڵامی دانەوە و گوتی: بە خوا منیش وەك ئێوە ئەمەم پێ ناخۆشە، بەڵام چ بکەم! ئەو پەنای بۆ بەیت بردووە؟!

حاجیانی ئەو ساڵە لە تێکڕای وڵاتانی جیهانی ئیسلامیەوە گەیشتنە نێو (مەککە)، بە هۆی بەردبارانی مەنجەنیقەوە نەیانتوانی تەوافی قدوم بکەن، بەمە یەك لە ڕوکنەکانی (حەج)بەکی دەخرا، بۆیە (ئیبن عومەر) خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتاند و نامەیەکی بۆ حەجاج نووسی و گوتبووی: (لە خوا بترسە، تۆ ئێستا لە مانگی حەرام و شاری حەرام دای، وا میوانانی خوا لەم سەروسەری سەر زەمینەوە هاتوون فەرزێك لە فەرزەکانی خوا ڕاپەڕێنن و خێر و بێری خۆیان زیاد بکەن).[١] حەجاج فەرمانی بەتاریقی کوڕی عومەر کرد: لە ئێستاڕا تاکۆتایی (حەج) کار بەمەنجەنیقەکان ناکەن، بە وەفدەکەی مەککەی گووت: منیش وەکو ئێوە ئەمەم پێ ناخۆشە، بەڵام (ئیبن زوبێر) پەنای بۆ (بیت) بردووە،[٢] هەرچۆنێك بوو مەنجەنیقەکانی ڕاگرتن تا خەڵك لە تەواف کرد تەواو بوون.[٣]

دوای دیمایی هاتنی وەرزی (حەج)، حەجاج بانگی حاجیانی کرد ئینجا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، چونکە شەڕ لە دژی (ئیبن زوبێر) دەست پێ دەکرێتەوە.[٤]

بلاذري دەگێڕێتەوە ژمارەیەك لە هاوەڵانی هەوڵیان دا قەناعەت بە (ئیبن زوبێر) بکەن کەڵك لە ئەمانی حەجاج وەربگرێت، بەڵام ئەو وەڵامی نەدانەوە و سوور بوو لەسەر مانەوە لە نێو سەنگەری بەرگریدا، مێژوونووسان چەند هەڵوێستێکی جوامێرانەی ئیبن زوبێریان بۆ خستووینەتە سەر کاغەز لە کاتێکدا بەرەنگاری مەفرەزەکانی حەجاج بۆتەوە، بەزین و دۆڕانی خەڵکانی دەوروبەری گۆڕانی بەسەردا نەهێنا و شل نەبوو و سڵ نەبوو، تا دوا هەناسە لە سەقامگیری لەسەر ئەو

١ـ انساب الاشراف (٥/٣٧٦)، الحجاج بن يوسف المفترى عليه ص ٥٣.

٢ـ المنتقى في اخبار ام القرى ص ٢٦، الحجاج بن يوسف المفترى عليه ص ٥٣.

٣ـ الحجاج بن يوسف المفترى عليه ص ٥٤.

٤ـ انساب الاشراف (٥/٣٧٦)، الحجاج بن يوسف المفترى عليه ص ٥٤.

بیروڕایە مایەوە کە لە پێناویدا دەجەنگا.[١]

٣ ـ ئەسمائەی کچی صدیق: نەخشەی ڕێبازی ئازادیخوازان بۆ کوڕەکەی دەکێشێت:

دوای هاتنی زەرزی (حەج)، حەجاج جاڕیدا لە نێو حاجیاندا: بەرەو وڵاتەکانتان بڕۆنەوە: چونکە دەست بە بەردبارانی (بیت) دەکاتەوە.[٢]

دەستی بە لێدانی (کەعبە) کردەوە، (ئیبن زوبێر) کەوتە تەنگانەوە، زۆرینەی هاوەڵانی دەورەیان چۆڵکرد، لە نێوانیاندا (هەمزە و خوبەیب)ی کوڕی دەبینران، داوایان لە حەجاج کرد ئەمانیان بدات.[٣]

کاتێك (ئیبن زوبێر) ئەم وەزعەی بینی چووە لای (ئەسمائە)ی دایکی و پێی گوت: خەڵك بە دوو کوڕەکەی خۆشمەوە بەجێیان هێشتم و شکاندیانم، جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت، کە ئەوانیش هەر ماوەیەکی تر بڕ دەکەن، کەسم بە دەورەوە نەماوە، ئەو خێڵەی بەنی ئومەییە چ شتێك بخوازم لە دونیادا دەمدەنێ، ڕات چیە و چۆنە؟

ئەسماء گوتی: بە خوا تۆ چاکتر شارەزای بە ناخی خۆت، گەر دەزانی لەسەر هەقی و بۆ هەقیش بانگەواز دەکەی هەر لەسەر ئەوە بڕۆ، خۆ هاوەڵە دڵسۆزەکانت کوژران، تۆش سەرت شۆڕ مەکە و ملت درێژ مەکە بە گەپجاڕی دەستی مندالانی (بەنی ئومەییە)! ئەگەر دەزانی بۆ دونیاشت کردووە، ئەوا خراپترین بەندە ئەتۆی، خۆت لە نێو برد، هاوەڵانت لە نێو بردن، ئەگەر دەشڵێی: من لەسەر هەقم، بەڵام هاوەڵەکانم بەزین و منیش لاواز و دەستەوپاچە بووم، ئەمەش کاری مرۆڤی ئازا و دیندار نیە، چەندەت ماوە ماوە لە دونیادا؟!، کوژران لە مردنی سەرشۆڕانە باشترە! (ئیبن زوبێر) لە دایکی نزیك بۆوە و سەری ماچ کرد و گوتی: بە خوا ئەمەی گوتت ڕای منیشە، تا ئیمڕۆ بانگەشەم بۆ هەق کردووە و تۆزقاڵێك باڵم لە دنیا نەداوە، پێشم خۆش نەبووە تێیدا بژیم، جگە لە تووڕەبوون لەبەر خودا و

١ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي ص ١٩١.
٢ـ الكامل في التاريخ (٣/٦٩).
٣ـ هەمان سەرچاوە (٣/٧٠).

حەڵاڵ کرانی حەرامەکانی شتێکی تر منی هانِ نەداوە بۆ دەرچوونم، بەڵام تەنها پێم خۆش بوو لە ڕای تۆ دڵنیا بم، ڕۆشنایی زیاترت بە بیناییم بەخشی، دایە: تەماشاکە، من لەم ڕۆژەدا دەکوژرێم، دڵی خۆت تەنگ مەکە و کاری خۆت بە خودا بسپێرە، دڵنیا بە کوڕەکەت خراپەیەکی نەکردووە، کاری پیسی ئەنجام نەداوە، لە حوکمی خودادا ستەمی نەکردووە، هەواڵی ستەمی هەر کاربەدەستێکی خۆمم پێ گەیشتبێت، ڕازی نەبووم و دژی وەستاومەتەوە، هیچ شتێکم بەسەر ڕەزامەندی پەروەردگارم هەڵنەبژاردووە، خودایە: ئەم قسانە بە مەبەستی خۆ بە پاکدانان ناکەم، تۆ شارەزاتری بە خۆم، ئەم قسانە دەکەم: تا تازیە و سەرەخۆشی لە دایکم بکەم و سەبووری و تەسەللاتی بێ و تۆخزنی بەسەر دڵدا بێ.

دایکی گوتی: ئومێدەوارم، کە پێشم کەوتی خودا دڵ و دەروونم ئارام بکات و تۆخزنی بداتێ، لە ئاقار لەدەستدانی تۆدا، ئەگەر پێشیشت کەوتم دەربارەی خۆم ئارامم بکات، بڕۆ دەرەوە، تا ببینم ئەنجامی کارت بۆ کوێ دەگات.

ـ عبداللە گوتی: دایە: خودا پاداشتی خێرت بداتەوە، لە پێش کوژرانم دا و لە دوای کوژرانم دا بۆم لە خوا بپاڕێوە.

گوتی: هەرگیز دەستبەرداری پاڕانەوە نابم.ئینجا گوتی: کەسانێك هەن لەسەر ناهەق دەکوژرێن و کوژراون، تۆ لەسەر هەق دەکوژرێی، گوتی: خودایە: بە بەزەیی بە لەگەڵی، بە درێژایی شەوان هەستاوە و بۆ عیبادەت ڕاوەستاوە، لە نێو دڵ و شیوە چۆڵەکانی مەککە و مەدینە بە زاری بەڕۆژووەوە لە ترسی تۆ کوڵی هەستاوە و گریاوە، بەرامبەر بە من و بابی چاکەکار بووە، خودایە: بە تۆم سپارد و دامە دەست تۆ، ڕازیم بە بڕیارت، لەهەمبەر لە دەستدانی عبداللە دا پاداشتی ئارامگران و سوپاسگوزارانم پێ ببەخشە![1]

عبداللە دەستی گرت ماچیان بکات، دایکی گوتی: ئەمە خودا حافیزە و ماڵئاواییە، دوور مەکەوەوە، عبداللە گوتی: بۆیە هاتووم، خواحافیزەت لێ بکەم: چونکە پێم وایە ئەمە دوایین ڕۆژی ژیانمە، گوتی: بڕۆ بە چاوی ڕوونەوە، لێم نزیك

١ـ تاریخ الطبري (٧/٧٦).

بەوە، تا بە خودات بسپێرم، لێی نزیك بۆوە، دەستەملانێی کرد و ماچی کرد و دەستی بە زرێی بەری کەوت.

گوتی: ئەمە کاری یەکێکە نیازێکی لە دڵدا بێت.

گوتی: تەنها بۆ ئەوەم لەبەر کردووە تا بە تۆ ڕابگەم.

گوتی: ئەوە بە منت ڕاناگەیەنێت.

ئینجا زرێکەی بەری داکەند و قۆڵی لێ هەڵماڵی و ئاودامانی کراسەکەی گورج کرد، ژێر کراسێکی چنراو لە خوری و ئاوریشمی لەبەر بوو، لچقەکەی لە پشتێنی هەڵچەقاند.

دایکی گوتی: خاو و خلیسك مەبە و جلەکانت بە توندی لە خۆت باڵێنە.

ئینجا (ئیبن زوبێر) ڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

إني اذا اعرف يومي أصبر
وأيما يعرف يومه الحرّ

دایکی گوێی لەم قسەیەی بوو و گوتی:

سوێند بەخوا، بەویستی خودا، ئارام دەگری، باپیرەت (ئەبو بەکر و زوبێر)ن، دایە گەورەت صەفییەی کچی عبدالمطلب.[1]

٤ ــ شەهید بوونی (ئیبن زوبێر) ڕەزای خوای لێ بێت:

مانەوە لەسەر بیروباوەڕ ئەگەرچی جێی مەترسی بێت و بە دژی بەرژەوەندیەکانی خاوەنەکەی بێت، بەڵام بە بەرزترینی سیفەتە جوانەکان دادەنرێت، ئەم سیفەتە بە تۆخی لە کەسایەتی (ئیبن زوبێر)دا ڕەنگی دابۆوە، بۆیە لە ڕێی بانگەشەکەیدا تا دوا هەناسەی ژیانی تێکۆشا و نەبەزی و لاوازی لێ بەدەر نەکەوت و سەری دانەنەواند.

دواهەمین ڕۆژی ژیانی بوو، دوو ڕکات نوێژی سونەتی بەیانی کرد، ئینجا چووە پێشەوە و بانگدەر قامەتی بۆ کرد، پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی کرد، سورەتی ﴿نٓ

١ـ تاريخ الطبري (٧/٧٧).

﴿وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ی پیت بە پیت خوێند، ئینجا سەلامی نوێژی دایەوە، هەستایە سەر پا، سوپاس و ستایشی خودای کرد و وتارێکی کاریگەری دا، تێیدا گوتی: بەبەرکەوتنی شیر سامتان لێ نەنیشێت، چەندین جار هێندەم وشیروتیر بەر کەوتوون بە نیوە مردوویی هەڵیان گرتوومەتەوە، جێی هەر برینێك لە ئەوی تریان قووڵتر و بە ئازار تر بووە، چۆن سەر و دەم و چاوتان دەپارێزن ئاوا شیرەکانتان بپارێزن، پیاوێکم دەست ناکەوێت بەدەستی خۆی شیرەکەی خۆی شکاندبێت و دوایی خۆی هێشتبێتەوە لەژیاندا، مرۆڤ کە چەکی نەما وەکو ژن لاپەڕ دەبێت، چاوتان مەبڕنە ڕزق وبەرقی دنیا، هەر کەسێك لە ئێوە با پەیوەندی بە هاوەڵەکەی خۆیەوە هەبێت، پرسیارکردن لە من خەریکتان نەکات، مەڵێن: عبدالله ی کوڕی زوبێر لە کوێیە؟ ئەوا من لەگەڵ دەستە و تاقمەی یەکەمم:

أبي لابن سلمى أنه غير خالد ملاقي المنايا أي صرف تيمما
فلست بمبتاع الحياة بسبّة ولا مرتق من خشية الموت سُلّماً

لەسەر بەرەکەتی خودا هێرش بەرن، هێرشیان بۆ بردن تا(حەجون) پاشەکشەیان پێ کردن لە مەنجەنیقەوە بەردێکی تێگیرا و بەر دەم و چاوی کەوت و تاساندی، دەم و چاوی خوێناوی بوو، کاتێك هەستی بە گەرمایی خوێن کرد کە بەسەر دەم و چاو و ڕیشیدا دێتە خوارەوە، گوتی:

فلسنا على الاعقاب تدمى كلو منا ولكن على اقدامنا تقطر الدما[١]

ئینجا شەڕێکی دەستە و یەخەی لەگەڵ کردن، ئەوانیش بە هەموان گەلەکۆمەکیان لێکرد، ڕۆژی سێ شەممە و لە مانگی جەمادی دووەمدا و لە تەمەنی (٧٣)ساڵیدا کوشتیان.[٢]

١ـ تاريخ الطبري (٧/٧٩).
٢ـ هەمان سەرچاوە (٣/٧٣).

پیاوێکی هۆزی (مراد) کوشتنەوەی گرتە ئەستۆ، سەرەکەی بۆ حەجاج برد، (حەجاج و تاریقی کوڕی عبدالله) بەرامبەر بە سەری عبدالله ڕاوەستان.

تاریق گوتی: ژنان لەمەیان زیرەکتر نەهێناوەتە دنیا.

حەجاج گوتی: بە دوژمنی ئەمیری ئیمانداران هەڵدەڵێی؟

(تاریق) گوتی: بەڵێ ئەو بەهانەی داینە دەست، ئەگەر ئەوە نەبووایە هیچ بەهانەمان نەدەبوو، ئێمە ماوەی (٧) مانگە گەمارۆمان داوە، بەبێ ئەوەی هێزێکی سەربازی و قەڵایەکی دامەزراوی هەبێت، وەکو ئێمە ڕاوەستاوە و، بەڵکو لە ئێمەیش زیاتر، دەم بە دەمەکیان گەیشتەوە عبدالملك ، گوتی: تاریق ڕاست دەکات.[1]

کاتێك (ئیبن زوبێر) بە داردا‌کرا بۆنی میسکی لێ پەخش بوو.[2] دەڵێن: (ئیبن زوبێر) لە ڕۆژی شەهید کرانیدا گوتبووی: ئیمڕۆ بە کوژراویم دەبیننەوە، ئیمشەو خەونم بینی: (ئاسمانم بۆ کرایەوە و چوومە ناوی)، بە خوا لە ژیان و گوزەرانی دنیا ماندوو بووم.[3]

٥ ــ ئەسمائە بەڵگە لە دژی حەجاج ڕاست دەکاتەوە:

کە عبدالله کوژرا ئەسمائە هاتە دەر و بە سواری وڵاخێك بۆ لای ڕۆیشت و لە بەرامبەری ڕاوەستا، حەجاج لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی هاتە لای، پرسیاری ئەسماء کرد و نیشانیاندا، بەرەو پیری ڕۆیشت و لە بەرامبەری ڕاوەستا و گوتی: چۆنت بینی؟ خودا هەقی سەرخست و بە دەری خست؟ لەوانەیە ناهەق بەسەر هەقدا زاڵ بێت، ئێستا تۆ لە نێوان سەرانگوێلکی زەلکاوی ناهەق ڕاوەستاوی.

حەجاج گوتی: کوڕەکەت لە نێو ماڵی خودادا ستەمی دەکرد، خودای مەزنیش فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (الحج: ٢٥).

١ـ تاريخ الطبري (٣/٧٣).
٢ـ هەمان سەرچاوە (٣/٧٣).
٣ـ سير اعلام النبلاء (٣/٣٧٨).

ئەوا خودا سزای دا و ئازاری بە ئێشی چەشت.

ئەسماء گوتی: درۆت کرد، ئەو یەکەمین لە دایك بووی ئیسلامە لە (مەدینە)دا، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاتنە دونیای شاد بوو، پەنجەی پیرۆزی خستە بن مەلاشووی، موسڵمانان تەکبیریان لێدا و شاری مەدینە لە خۆشیان دەدرەوشایەوە، ئێستاش دەبینم تۆ و تاقمەکەت بە کوژرانی شادومانن، ئەوانەی لە ڕۆژی هاتنە دونیای شادومان بوون زۆر زۆر باشتر و چاکترن لە تۆ و تاقمەکەت، کە بە لەدنیا دەرچوونی شادومانن، لەگەڵ ئەمەدا عبدالله بۆ باوك و دایکی چاك بوو، ڕۆژانی بە ڕۆژوو بەڕێدەکرد و شەوانی بە شەو نوێژ و قورئان خوێندن بەسەر دەبرد، حەرامەکانی خودای بە گەورە دادەنان، کە سەرپێچی خودا دەکرا توورە دەبوو و ڕقی هەڵدەستا.[١]

ئەسماء بەم شێوازە بەرگریەکی پڕ شکۆی لە کوڕە شەهیدەکەی کرد، حەجاج شکستی خوارد و لەوێ ڕۆیشت، ئەمە گەیشتەوە عبدالملك ، نامەیەکی بۆ حەجاج نارد و لۆمە و سەرزەنشتی کردبوو گوتبووی: چیت داوە لە کیژی پیاوە چاکەکە.[٢]

٦ ــ ستایشکردنی (ئیبن زوبێر) دوای شەهید بوونی لە لایەن (ئیبن عومەر)ەوە:

کە(زوبێر) شەهید کرا و پاشانیش بەسێدارەواکرا، عبدالله ی کوڕی عومەر چوو بۆ لای، گوتی: سڵاوی خوات لێ بێت ئەی (ئەبی خوبەیب)، سڵاوی خوات لەسەر بێت ئەی (ئەبی خوبەیب)، بەڵام بە خوا من ڕێگری ئەم چارەنووسەم لێ دەکردی (٣) جار. سوێند بە خوا ئەگەر چاکم نەناسیبای و نەمزانیبا، ڕۆژوگر و شەونوێژکەری و سیلەی ڕەحم بەجێ دەگەیەنی، ئەوا دەمگوت: تۆ خراپترین کەسی نێو ئومەتێکی چاك و پاکی)، ئینجا عبدالله ڕابووری و هەواڵی وەستانەکەی و

١ـ البداية والنهاية (٢٥٩/١١).
٢ـ البداية والنهاية (٢٥٩/١١).

قسەکانی بە حەجاج گەیشتەوە، چەند کەسێکی ناردە لای (ئیبن عومەر) و ئەویش لە داری دابەزاند.[١]

٧ ـ بەیعەتدانی (ئیبن عومەر) بە عبدالملك:

کاتێك خەڵك بە گشتی بەیعەتیان بە عبدالملك دا، (ئیبن عومەر) بۆی نووسی، بەڵام پاشان ئەوا من بەیعەتم دا بە (عبدالملك)ی ئەمیری ئیمانداران، بەیعەتی گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بە پێی سوننەتی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بە گوێرەی توانا.[٢]

بە پێی گێڕانەوەیەکی تر: (ئیبن عومەر) لە نامەکەیدا ناوی خۆی خستبووە پێش ناوی عبدالملك و ئەمەی نووسیبوو: بەڵام پاشان: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِ﴾ (النساء: ٨٧). پێم گەیشتووە موسڵمانان جەم بوون لەسەر بەیعەت پێدانت، منیش چوومە نێو ئەو پەیمانەی موسڵمانان چوونە ناویەوە، والسلام.[٣]

ژمارەیەك دەست و پێوەندی خەلیفە ویستیان دڵی خەلیفە لە بەرامبەر (ئیبن عومەر)دا تێك بدەن، چونکە ناوی خۆی لە پێش ناوی (خەلیفە)دا نووسیووە، عبدالملك گوتی: ئەوەندە لە لایەن (ئەبو عبدالرحمان)ەوە بۆ من زۆرە.[٤] لەنامەیەکیدا بۆ حەجاجی نوسیبوو: نابێ لە کاروباری (حەج)دا سەرپێچی عبدالله ی کوڕی عومەر بکات،[٥] چونکە دەیزانی (ئیبن عومەر) پایەدار و شارەزایە.[٦]

١ـ هەمان سەرچاوە (١١/٢١٠).
٢ـ الطبقات (٤/١٥٢).
٣ـ الطبقات (٤/١٥٢).
٤ـ عبدالله بن عمر، محي الدين مستو ص (١٠٨)، الطبقات (٤/١٥٤).
٥ـ نسب القريش ص (١٠٨).
٦ـ عبدالله بن عمر، محي الدين مستو ص (١٠٨).

٨ ـ (ئیبن عومەر) و حەجاج:

دوای کۆتایی هاتنی (ئیبن زوبێر) حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی وەك والی لە (مەککە)دا مایەوە، عبدالله‌ی کوڕی عومەر بەمەبەستی ئەنجامدانی (حەج) یان (عومرە) (مەدینە)ی بەجێ دەهێشت و دەرچووە (مەککە)، گوفتار و کردەوەکانی حەجاجی دەبیستن و دەدیتن پێچەوانەی شەرعن، دەچووە لای و فەرمانی پێدەکرد چاکە بکات و لە خراپەکاری دووربکەوێتەوە، بە هەموو جورئەت و ئازایەتیەوە بەرەنگاری حەجاج دەبۆوە و ڕەدی گوفتار و کردارەکانی دەدایەوە.[١]

حەجاج دوای زاڵبوونی بەسەر (مەککە)دا وتارێکی دا و گوتی: (ئیبن زوبێر کتێبی خوای دەستکاری دەکرد، لە ڕیوایەتێکی تردا هاووە: کتێبی خودای دەگۆڕی).

(ئیبن عومەر) هەستا و گوتی: درۆت کرد، درۆ دەکەی، درۆ دەکەی، نە ئەو نە تۆ ناتوانن ئەم کارە بکەن.[٢]

حەجاج وتاری جومعەی دەدا، هێندەی درێژ دادڕی خەریك بوو کاتی نوێژ بەسەر بچێت، (ئیبن عومەر) هەستا و گوتی: ئەی خەڵکینە، هەستن نوێژەکەتان بکەن، خەڵك هەستا و حەجاجیش لەسەر مینبەر دابەزی و نوێژی کرد، کاتێك خەریك بوو بڕوا بە (ئیبن عومەر)ی گوت: چ شتێك هەلێ نای ئەم کارە بکەی؟

(ئیبن عومەر) گوتی: ئێمە بۆ نوێژ کردن هاتووین نوێژ لە کاتی خۆیدا بکە، ئینجا زۆر بلێی بکە، دوای ئەوە چەندت حەز لێیە بڵێ.[٣]

هەروەها (ئیبن عومەر) بەتوندی ناڕەزایی خۆی لە دژی حەجاج دەربڕیووە، سەبارەت بەو بێ ڕێزیەی دەینوێنی لە بڵاوکردنەوەی چەکوچۆڵ لە نێو حەرەمی (مەککە)دا و بەرەڵاکردنی پیاوەکانی بە نێو شاردا و تەنگ پێ هەڵچنینی موسڵمانان و ژیان لێ تاڵکردنیان.

١ـ عبدالله بن عمر، محي الدين مستو ص (١٠٨).

٢ـ الطبقات الكبرى (٤/١٨٤)، سير اعلام النبلاء (٣/٢٣٠).

٣ـ الطبقات (٤/١٨٥ ـ١٨٦)، سير اعلام النبلاء (٣/٢٣٠).

لە گێڕانەوەیەکی (صحیح)دا، سەعیدی کوڕی جوبێر دەڵێ: کاتێك (ئیبن عومەر) نوکە ڕمبەکەی بەرکەوت لەگەڵیدا بووم، ئەم نوکە ڕمبە لە ئاوزینگی ولاخەکەیدا لە بنە پێی هەڵچەقی، لە ولاخەکەم دابەزیم و بۆم دەرکێشا، ئەم ڕووداوە لە (مینا) بوو لە کاتی ڕەجمدا بوو، ئەم هەواڵە گەیشتە حەجاج و سەردانی کرد، حەجاج گوتی: ئەگەر دەمزانی کێ ئەم ڕمەی تێگرتووی؟

(ئیبن عومەر) گوتی: تۆ تێت گرتم و هەنگاوتم.

حەجاج گوتی: چۆن؟ (ئیبن عومەر) گوتی: لە ڕۆژێکی وەکو ڕۆژانی جەژن و ڕەجمدا چەکت هەلگرتووە، کە نەدەبوو هەڵت بگرتایە، نەخۆت و نە پیاوەکانت، چەکت هێنایە نێو (حەرەم)، نابێ چیکیش بێتە نێو (حەرەم)، لە ڕیوایەتێکی تردا: ئیسحاقی کوڕی سەعید دەڵێ: بابم گوتی: کاتێ حەجاج سەردانی (ئیبن عومەر)ی کرد من لەوێ بووم، گوتی: ئەو چۆنە؟ گوتی: باشە، گوتی: چیت بەرکەوتووە؟ گوتی: ئەو کەسە بە سەرە ڕمب هەنگاوتمی کە فەرمانی دا چەك هەڵبگیرێ لە ڕۆژێکدا کە حەلاڵ نەبوو چەکی تێدا هەڵبگیرێت: مەبەستی حەجاج بوو.[1]

کاتێك حەجاج چووە دەرەوە و ڕۆیشت، (ئیبن عومەر) گوتی: لە ژیانی دنیامدا تەنها ئاخ و خەفەت بۆ (٣) شت هەڵدەکێشم: لەم سێ شتانە ئەمەی باس کرد:

شەڕ نەکردنم لە دژی ئەم کۆمەڵە و تاقمە ستەمکارەی ئەو هەموو خراپەیان بەسەر هێناوین،[2] (ذهبي) دەربارەی تاقمە ستەمکارەکە دەڵێ: مەبەستی پێ حەجاو تاقمەکەی بووە.[3] منیش دەڵێم: ئەوەی ناردووشیەتی.

٩ ــ بەرنامەی (ئیبن عومەر) لە کاتی ئاشووبەکاندا:

(ئیبن عومەر) لە گۆڕەپانی ڕووداوە سیاسیەکان دوورە پەرێز نەبوو، بەڵکو تێبینی و لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی بۆ تەواوی بێنە و بەردە و گۆڕانکارییەکان هەبوو، ئەو بە هەڵوێستە زەق و دیارەکانی لە بەرامبەر ئەو فیتنە و ئاشووبانەی

١ـ سير اعلام النبلاء (٣/٢٣٢).

٢ـ سير اعلام النبلاء (٣/٢٣٢).

٣ـ الطبقات (٤/١٨٥).

تووشی ئوممەتی ئیسلامی ببوون لە خەڵكانی تر جیادەكرایەوە.

دەكرێ بڵێم ئەم ئاشوب و ئاژاوانە پەردەیان لەسەر حیكمەتێكی فراوان و بیروبۆچوونێكی ڕووناك هەڵدایەوە كە پێویستە دەربارەی ڕووداوەكان بگرێتەبەر.

لەڕاستیدا (ئیبن عومەر) و بۆچوون و هەڵوێستەكانی لەو سەردەمەدا: وەك مامۆستا و قوتابخانەیەك بوو، خەڵكانێكی زۆر چاویان لێ دەكرد و بەرچاویان ڕۆشن دەبۆوە و شوێنیان هەڵدەگرت.[١]

سوفیانی سەوری دەڵێ: شوێن پێی (عومەر) هەڵدەگیرێ لە جەماعەتدا، شوێن پێی كوڕەكەشی هەڵدەگیرێ لە كاتی پەرتەوازەییدا.[٢]

گرنگترین ڕەفتاری (ئیبن عومەر) لە بەرامبەر ڕووداوەكانی ئاشووبدا:

أ ــ دووره پەرێزی لە كوشتار و داكۆكی كردن لەسەر خوێنی موسلمانان:

چەند ڕیوایەتێك ئەم هەڵوێستەی(ئیبن عومەر) لەهەردوو كاتی ئاشووبی یەكەم و دووەمدا ڕۆشنتر دەكەنەوە.

قاسمی كوڕی عبدالرحمن گوتی: لە ئاشووبی یەكەمدا بە (ئیبن عومەر)یان گوت: ناچیتە دەر و جەنگ بكەی؟ گوتی: كاتێك جەنگم كردووە كە بتەكانی لە نێوان (ڕوكن) و (دەرگا)ی (بەیت) دانرابوون، تا خوا لە خاكی عەرەب نەیهێشتن، من حەز ناكەم شەڕ لەگەڵ كەسێك بكەم و بڵێ: (لا اله الاّ الله)....

گوتیان: ئەی بیروڕات چیە؟ تۆ دەتەوێ هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) یەكتر لە نێو بەرن و كەسیان نەمێنێت و پاشان بگوترێ: بەیعەت بدەن بە (عبدالله ی كوڕی عومەر)و بیكەنە ئەمیری ئیمانداران.

گوتی: وەڵاهی ئەمە لە دڵی مندا نییە، بەڵام ئەگەر گوتتان: (حيّ على الفلاح) بە دەمتانەوە دێم، بەڵام كە ئەگەر پەرتەوازە بن لەگەڵ كەستان نابم، ئەگەر هەمووشتان كۆك بن لێتان جودا نابمەوە.[١]

١ـ أثر العلماء في الحياة السياسية في الدولة الأموية ص (٣٢٥).

٢ـ عبدالله بن عمر، محي الدين مستو ص (١١٢)

لە كاتی ئاشووبی (ئیبن زوبێر)دا. دوو پیاو هاتنە لای و گوتیان: خەڵك بە بیروڕای خۆیان دەست بەكار بوون، تۆش (ئیبن عومەر)ی و هاوەڵی پێغەمبەری خوای، چ شتێك ڕێگای چوونە دەری لێ گرتووی؟

(ئیبن عومەر) گوتی: پێتان دەڵێم: خودا لەسەری حەڕام كردووم خوێنی برای موسڵمانم بڕێژم.

گوتیان: ئەی خودای بەرز نەیفەرمووە: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٌ﴾البقرة: ١٩٣.

گوتی: كاتی خۆی جەنگمان كرد تا ئاشوب نەما و گەردنكەچی بۆ خودا هاتەدی.

كاتێك تێگەیشتن ڕای ئەو لەگەڵ ڕای ئەوان تێك ناكاتەوە، گوتیان: دەربارەی عەلی و عوسمان چ دەڵێی؟

(ئیبن عومەر) گوتی: قسەم لەسەر عوسمان و عەلی چۆن و چ بێ؟! كاتێك دەبینم: عوسمان خودا لێی خۆش بووە، بەڵام ئێوە پێتان ناخۆشە خودا لێی خۆش بووە، (عەلی)یش: خۆ ئامۆزای پێغەمبەری خودایە(ﷺ)و زاوایەتی و بە دەستی ئاماژەی كرد و گوتی: ئەمەش ماڵەكەیەتی وەك دەبینن.[٢]

ئیبن عومەرﷺ هەر بەوە نەوەستا خۆی لە شەڕ و براكوژی دوورخاتەوە، بەڵكو چەند ڕێگایەكی تریشی گرتەبەر لە پێناو دوورخستنەوەی موسڵمانان لە خوێنڕێژی نێوانیان، لە سەردەمی ناكۆكی نێوان (ئیبن زوبێر) وعبدالملك ی كوڕی مەروان دا هەوڵی جیددی دا بۆ كۆتایی پێهێنانی شەڕی نێوانیان و ڕاگرتنی خوێنڕێژی موسڵمانان.[٣]

١ـ حلیة الاولیاء (١/٢٩٤).

٢ـ ڕیوایەتێكی (واهذا بنته) واتە ئەمەش كچەكەیەتی بە پێی ڕیوایەتەكەی سەرەوە (وهذا بیتە) ئەمەش ماڵەكەیەتی.

٣ـ أثر العلماء في الحیاة السیاسیة ص (٣٢٨).

مداتني دەگێڕێتەوە: عبدالله ی كوڕی عومەر نامەیەكی بۆ عبدالملك نووسی و تێیدا: فەرمانی پێكردبوو: لە خوا بترسێ و خۆی لە شەڕ بكشێتەوە، عبدالملك بۆی نووسیبۆوە: كە ئەو لەمەولا واز لە دەسەلات دێنێت و كاروبار بە (شورا) بەڕێوەدەبا.

كاتێك (ئیبن عومەر) ئەمەی بۆ (ئیبن زوبێر) نووسی: ئاوڕی لێ نەدایەوە.[1]

ب ــ هاندان بۆ گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری ئیمام، بەرگرتن لە هەڵایساندنی فتیلەی ئاشوب و پەرتەوازەیی لە ڕادا:

ئیبن عومەرﷺدەڵێ: لە خیلافەتی عوسماندا یەكێك بۆ لام هات، دەبیستم فەرمانم پێ دەكات گازندەی عوسمان بكەم! ، كە قسەكەی تەواو بوو، گوتم: ئەو كاتەش پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنێوانماندا بوو، دەمانگوت: دوای پێغەمبەر (ﷺ) باشترین كەسانی ئوممەتەكەی بریتین لە: (ئەبو بەكر) ئینجا (عومەر) دوایو ئەویش عوسمان، وەڵڵاهی ئێمە نەمانزانیووە عوسمان كەسی بە ناهەق كوشتبێ و تاوانێكی گەورەی ئەنجام دابێ، ئێوە دەتانەوێ وەكو فارس و ڕۆم ڕەفتار بكەن، ئەوان سەرۆكەكانیان بە كوشتن نەبێ نامرن، چاوەكانی (٤) فرمێسمیان هەڵوەراندن، ئینجا گوتی: اللهم لاترد ذلك:[2] خوایە ئەمە ڕوونەدا.

سالمی كوڕی عبدالله ی كوڕی عومەر دەڵێ: بابم گوتی: عوسمان هەندێ كاری بە چەنجام گەیاندن، خەڵك گاتزندەیان كرد، ئەگەر (عومەر) ئەم كارانەی ئەنجامدابان كەس گازاندەی نەدەكرد و ورتەی لێوە نەدەهات.[3]

بنۆڕەعبدالله ی كوڕی عومەر چەندە سوور بووە لەسەر بەرگری كردن لە عوسمانی كوڕی عەفان و پاراستنی كەرامەتی و بەرپەرچ دانەوەی ئەو تۆمەتانەی خەڵكی ئاژاوەگێڕ لە دژی عوسمان دروستیان دەكرد، كاتێك عوسمان زانی مەینەتەكە دەورە بووە و خەریكە سەر دەكێشێت بۆ لێدانی، بانگی عبدالله ی كرد و

١انساب الاشراف (١٩٥/٥).
٢ المعجم الكبير للطبراني (٢٨٥/١٢)، ابن عمر، محي الدين مستو ص (٨٢).
٣العواصم من القواصم ص (١٠٤ ــ١٠٥)، ابن عمر، محي الدين مستو ص (٨٣).

دەربارەی گەلەکۆمەی ئاژاوەچییەکان ڕاوێژی پێکرد، عوسمان پێی گوت: بڕوانە ئەوانە دەڵێن چی؟! دەڵێن: (یان واز بێنە یان دەتکوژین، (ئیبن عومەر) گوتی:
ئایا تۆ هەتایە لە دنیادا دەمێنی؟
عوسمان گوتی: نا، عبدالله وتی: زیاد لە کوشتن چی کەت بەسەر دەهێنن؟
عوسمان گوتی: نا، (ئیبن عومەر) گوتی: ئایا بەهەشت و دۆزەخی تۆیان لە لایە؟
عوسمان گوتی: نا، (ئیبن عومەر) گوتی: کەواتە ئەو کراسەی خودا لەبەری کردووی دای نەنێی، دەنا دەبێتە سوننەتێك، هەرکات خەڵکانێك لە (خەلیفە) بێزار بن: یان وازی پێ لێ دێنن، یان دەیکوژن.[1]

ئەم ڕاوبۆچوونەی (ئیبن عومەر) بەڵگەیە لەسەر دووربینی و خوێندنەوەی زیرەکانەی ئەو بۆ پاشەڕۆژ و دەرەنجامی کاروبارەکان، ئەو ئامادەیی خۆی دەربڕی: چەك هەڵگرێت و بەرگری لە عوسمانی ئەمیری ئیمانداران بکات و بەرەنگاری ئاژاوەچیەکان و گەمارۆدەرانی ماڵی خەلیفە ببێتەوە.
(ئیبن سەعد) لە (نافیع)ەوە دەگێڕێتەوە:

(ئیبن عومەر) لە ڕۆژی گەمارۆدانی عوسماندا دووجار خۆی زرێپۆش کرد، کاتێك عوسمان کوژرا: تەماشای کرد ئوممەت کەوتۆتە تەنگژەی مەینەتەوە، چونکە کوژرانی (خەلیفە) بەم شێوازە تاوان و سەرپێچیە و بەڵایەکی سامناکە و ئەنجامەکەی لەسەر ئوممەتدا دەشکێتەوە، بۆیە کاتێك ئاژاوەچییەکان خەلیفەیان شەهید کرد و پۆستی خیلافەتیان خستە پێش (ئیبن عومەر) گوتی: ئەم کارەتان تۆڵەی خۆی هەیە، بە خوا خۆی بۆ تەرخان ناکەم، بڕۆن یەکێکی تر دانێن.[2]

ئیبن عومەر (ﷺ) ئامۆژگاریەکانی خۆی بۆ خەڵك چڕ کردبۆوە لە یەکگرتوویی و برایەتی و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و ناکۆکی و براکوژی و ڕشتنی خوێنی یەکتری بە ناهەق.

١ـ العواصم من القواصم ص (١٣٠).
٢ـ تاريخ الطبري، نقلا عن أثر العلماء في الحياة السياسية ص (٣٣٢).

پیاوێك بۆی نوسیبوو: هەموو زانستم بۆ بنووسەوە، ئەویش بۆی نوسیبۆوە: زانست فراوانە، بەڵام ئەگەر پێت خۆشە بە ئاسانی بگەڕێیتەوە لای خودا: ئەوا با كۆڵت سووك بێ و خوێنی موسڵمانان مەخە كۆڵتەوە، با سكت مالی موسڵمانانی نەكەوێتە ناوەوە، زمانت لە باسكردنی نامووسی موسڵمانان بگرەوە پابەند بە بە كۆمەڵی موسڵمانانەوە، ئەمە بكە، والسلام.[١]

ج ـ بە دەمەوەچوونی بانهێشتی لایەنە ناكۆكەكان بۆ هاوكاری لە چاكەكردنادا بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی:

گێڕدراوەتەوە: (ئیبن عومەر) لە سەردەمی ئاشوب و پشێویدا چووبێت لای هەر ئەمیرێك، نوێژی لە دواوە كردووە و زەكاتی مالی خۆی داوەتێ.[٢]
پێی گوترا: نوێژ لەگەڵ ئەمە دەكەی و لەگەڵ ئەوەش دەكەی كە یەكتری دەكوژن؟!.

ئیبن عومەر گوتی: هەر كەس بڵێ: (حيّ على الصلاة) بە دەمیەوە دەچم، كێ بڵێ: (حيّ على الفلاح) بە دەمیەوە دەچم، بەڵام بەلام هەر كەس بڵێ: (حيّ على أخيك المسلم وەرە بە گژ برای موسڵمانتدا بچۆ دەڵێم: نا.[٣]

ئیبن عومەر پێگەیەكی بەرزی لە نێو ئوممەتدا هەیە، چونكە هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوای كردووە و زانا و خوداپەرست و دنیا نەویست بوو، عبدالله ی كوڕی موحەیریز ڕەحمەتی خوای لێ بێت عبدالله ی كوڕی عومەری بە هەوێنی هێمنایەتی سەر زەوی وەسف كردووە و دەڵێ: وەڵلاهی مانەوەی (ئیبن عومەر) لە ژیاندا بە مایەی ئەمان و هێمنی دادەنێم بۆ خەڵكی سەر زەوی.[٤]

١ـ تاريخ ديمشق، نقلا عن أثر العلماء في الحياة السياسية ص (٣٣٤).
٢ـ الطبقات الكبرى (١٤٩/٤).
٣ـ هەمان سەرچاوە (١٧٠/٤).
٤ـ تهذيب التهذيب (٣٣١/٥)، أثر العلماء في الحياة السياسية ص (٣٣٧).

د ـ (ئیبن عومەر) بانگەشەی واجب بوونی گەردنکەچی ڕەهای بۆ سوڵتان نەکردووە:

وـ بەیعەتدانی بە زۆریشی بە جەواز دانەناوە، یان ئەوەی لە ژیانیدا بەدی دەکرێت کە گوایە بەڵگەیە لەسەر گرنگی نەدانی بە کاروباری سیاسی موسڵمانان:

چونکە بەشداری تێدانەکردووە: بە پێچەوانەوە: بەڵکو عبدالله هەمیشە پارسەنگێك بووە لە هاوکێشەی سیاسی سەردەمی ئومەویدا، شێوازی کاری: گفت و گۆ کردن و پەنا بردن بووە بۆ شورا و دوورکەوتنەوە بووە لە براکوژی، کاتێکیش ناکۆکی و هەرا لە نێو موسڵماناندا سەری هەڵدا، بێلایەنی و دوورەپەرێزی خۆی ڕاگەیاند، ئەم کارەی بریتی نەبوو لە خۆ دوورخستنەوە لە کاری سیاسی و ژیانی سیاسی، بەڵکو جۆرێك بوو لە تێڕامان و بیرکردنەوە و ئاگادار بوون بەسەر هەڵوێستی لایەنە ناکۆکەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕشتنی خوێنی موسڵمانان و ململانێ کردن لە پێناوی سوڵتە و دەسەڵاتدا، لەگەڵ کارکردنی بەردەوام و شێلگیرانەی بۆ خۆشکردنی زەمینەیەکی لەبار و کەش و هەوایەکی گونجاو کە هێز و لایەنەکانی ئوممەت کۆدەکاتەوە لەسەر یەك، لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی بێ لایەنی (ئیبن عومەر) لە سەرەتای ڕووداوەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ مەترسی کەوتنە نێو فیتنە و ئاژاوەکانەوە و یەکلا بوونەوەش بۆ لایەنێکیان کارێکی گران بوو بەلایەوە.[1]

(ئیبن عومەر) دەیگوت: ڕێم بە خۆم نەدا دەستم بچێتە شەڕەوە و پەژێوانیش نیم، مرۆڤ جەنگاوەری ڕێی هەق بێ فەزڵی زۆرتر و باشترە.[2]

لێرەدا چەندین بەڵگە و حەقیقەتی مێژوویی هەن دەیسەلمێنن: کە کاتێك (ئیبن عومەر) حەجاجی بینی چ ستەمێکی گەورە لە حەرەمی (مەککە) ئەنجام دەدا و خوێنڕێژی تێدا دەکات و بێ ڕێزی خۆی و سوڵتەکەی بەرامبەر بە پیرۆزی حەرەم دەنوێنێت، بەڵێ لەو کاتەڕا بیروڕای خۆی لە بێلایەنی گۆڕیوە، بەڵکو پەشیمان

١ـ مع المسلمين، مصطفى الحلمي (ص: ٥٤).
٢ـ الطبقات (٤/١٦٤).

بۆتەوە كە لە ڕیزی سوپاكەی (عەلی كوڕی ئەبی تالیب)دا نەبووە و دژی (معاویە) نەجەنگاوە، چونكە بە بۆچوونی ئەو (معاویە) یاخی بووە و لە دژی شەرعیەتی (عەلی) دەرچووە و بە باغی و یاخی و ستەمكار دێتە هەژمار، (حەبیبی كوڕی سابیت) دەگێڕێتەوە: (ئیبن عومەر) لە كاتی سەرەمەرگیدا گوتی: شتێكی خراپ لە خۆمدا بەدی ناكەم، جگە لەوە لەگەڵ (عەلی كوڕی ئەبی تالیب) لە دژی تاقمە یاخیەكە نەجەنگام.[١]

كەمێك لەوەپێش وتەیەكی تریمان گێڕایەوە كە گوتبووی: (لە ژیانی دونیامدا جگە لە (٣) شت مەراق بۆ هیچ شتێك ناخۆم: یەكەم بەڕۆژوو بوونی ڕۆژگار، دووەم شەونوێژی شەوگار، سێیەم لە دژی تاقمە یاخیەكەش شەڕم نەكرد كە ئەوەی ئەشیا بەسەریان هێنایەن)،[٢] (هبي) دەڵێ: مەبەستی لە تاقمەكەی حەجاجە.[٣]

لە هەندێ كتێبی (مێژوو)دا هاتووە: كە گوایە ئیبن عومەر عبدالله ی كوڕی زوبێریشی لە كۆمەڵی یاخی و ستەمكار و ڕێزپەڕ هەشماردووە، پەشیمان بۆتەوە لەوەی لە دژی نەجەنگاوە، چونكە بە دەرچوو دادەنرێت لە ژێر حوكمڕانی (بەنی ئومەییە) و ستەمی لێكردوون پەیمانەكەی هەڵوەشاندوونەوە.[٤]

ئەم ڕیوایەتە چەند تێبینی و ڕەخنەی لەسەرە:

ـ ئەگەر (عبدالله ی كوڕی عومەر) لە كاتی ئاشوویدا باوەڕی ئاوا بووایە كە (بەنی ئومەییە) لە پێشترن و شایانترن بۆ (خیلافەت لە (ئیبن زوبێر)، بێ شك بەیعەتی دەدانێ، بەڵام ئەمەی نەكرد، جا چۆن پەشیمانە لە ڕیزی ئەواندا نەبووە بۆ شەڕ، كە لە كاتێكدا ئەسڵەن بەیعەتی نەداونێ!!

ـ قسەكانی تری (ئیبن عومەر) كە لە ڕیوایەتە ڕاستەكاندا هات جەخت لەسەر كۆمەكی باغی و یاخی دەكەنەوە كە (بەنی ئومەییە) و پیاوەكانیان بوون، بە

١ـ سير اعلام النبلاء (٣/٢٣٢).
٢ـ هەمان سەرچاوە.
٣ـ هەمان سەرچاوە.
٤ـ هەمان سەرچاوە (٣/٢٢٩).

تایبـەتیش حـەجاج، قـسەکانی دواژیـانی پـشتیان پـێ دەبەسـترێ و سـەنەدی ڕیوایەتەکانیشیان (صحیح)ن.[١]

ئەم هەڵوێستانەی بەشداری ئەم ڕایە پوچـەڵ دەکەنـەوە کـە (ئـیبن عومـەر) بـە پێشەنگی (قوتابخانەی گەردنکەچی سیاسی ی سوڵتان) دادەنێن، بە تایبەتی (ئیبن عومـەر) ئـەو کەسـەیە کـە ئـەم فەرموودەیـەی لـە پێغەمبـەری خـودا (ﷺ)ەوە گێڕاوەتەوە: ((على المرء المسلم السمع والطاعة فيما أحب أو يكره إلاّ أن يؤمر في معصية فلا سمع ولا طاعة)).[٢]

فەرموودەکە بەڵگەیـە لەسـەر گوێڕایـەڵی نـەکردنی سوڵتان کاتێك فـەرمانی بـە سەرپێچی کردن دەرکرد و لە فەرمانی خودا دەرچوو، بۆیـە ناکرێـت (ئـیبن عومـەر) پێچەوانەی فەرموودەیەك بجووڵێتەوە کـە خـۆی گێڕابێتیـەوە، ڕاو بۆچـوونی (ئـیبن عومەر) ڕاست ئەمەیە: (گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بۆ ئەو خەلیفە شەرعیەیە کە بە یەکدەنگی و ڕای زۆرینـەی موسـڵمانان هەڵبـژێردراوە و بەیعـەتی پێـدراوە، واجبـە گوێڕایەڵی بۆ بکرێ، مادام فەرمانی بە سەرپێچی کردن ناکات، ئەگەر ستەمی کرد و لایدا نابێ گوێڕایەڵی بکرێت، بەڵکو پێویستە ئامۆژگاری بکرێـت، ئەگـەر ئامۆژگـاری سوودی نەبوو لەو کاتەدا پێویستە پەنا بۆ دژایەتی کردنـی ئاشـکرا ببردرێـت، بـەلاّم پـەنابردن بۆ تونـد و تیـژی و شـەڕ لەگـەڵ کردنـی مەکرووهـە، چـونکە خـوێنی تێـدا دەڕژێت و یەکێتی کۆمەڵی موسڵمانان لاواز دەکات.[٣]

١٠ ـــ بەرنامە و بیروڕای (ئەهلی هەق) دەربارەی (ئیبن زوبێر):

نەوەوی لە سەرحی (موسـلیم)دا دەڵـێ: (ئـیبن زوبێـر) بـە بـیروڕای ئـەهلی هـەق ستەم لێکراوە، حەجاج و هاوەڵانی لە دژی دەرچوون، دوای کـوژرانی (ئـیبن زوبێـر) حەجاج دەچێتە لای (ئەسمائە)ی دایکی و پێی دەڵێ: بینیت چیم بەسەر کوڕەکەت

١ـ الفقهاء والخلفاء، سلطان بن حثلين (ص: ٦٦).

٢ـ مسلم رقم (١٨٣٩).

٣ـ الفقهاء والخلفاء (ص: ٦٦).

هێنا؟!، (ئەسمائە) گوتی: تۆ دنیات لێ تێکدا، ئەویش ئەو دنیای لێ تێکدای، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی داینێ: لە هۆزی (سەقیف)دا لە نێوبەرێك و درۆزنێك پەیدا دەبن، درۆزنەکەمان بینی واتە: (موختار)، بەڵام (لەنێوبەرەکە) خەیاڵ ناکەم جگە لە تۆ کەسێکی تر بێت.[1]

١١ـ روخاندنی (کەعبە) و بیناکردنەوەی لە سەردەمی (ئیبن زوبێر)دا:

ساڵی (٦٤)ی کۆچی (ئیبن زوبێر) کەعبەی روخاند، چونکە دیوارەکانی لار ببونەوە،[2] و داروخابوون لە سۆنگەی بەردبارانی مەنجەنیقەکەی (حصین ی کوری نەمیر) و سوپاکەی.[3]

کاتێك (ئیبن زوبێر) ویستی (بەیت) بروخێنێ، راوێژی بە خەڵك کرد، جابری کوری عبدالله و عوبەیدوڵای کوری عومەیر دەربارەی ئەمە رای خۆیان دەربڕی، (ئیبن عەبباس) گوتی: ئەگەر ئەمە بکەی دەترسم کەسانێکیش دوای تۆ بێن و بە نۆرەی خۆیان بیروخێنن و چاکی بکەنەوە و رێز و حورمەتی بە کەم بزانن، بەڵام من پێم چاکە کوێی دارمابێ چاکی بکەیتەوە لە بەیت و لەو بەردانە گەرێ کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆی ناردوون، (ئیبن زوبێر) گوتی: ئەگەر ماڵی هەر کەسێکتان بسووتێ دانانیشێت و رازی نابێت تا نۆژەنی نەکاتەوە، ئەی چ لە ماڵی خودای پەروەردگارتان دەکەن؟![4]

ئینجا (ئیبن زوبێر) (٣) رۆژ لەسەر یەك نوێژی ئیستیخارەی دەکرد و داوای لە خودا دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە رێی خێری بۆ روون بکاتەوە.[5]

ئینجا لە چوارەمین رۆژی تەکبیر و را و ئیستیخارەدا بریاری تەواوی دا و خۆی بۆ ئەم کارە یەکلا کردەوە، خەڵك پەرت و بڵاو بوون، هەندێکیان بەرەو (تائیف) هەڵاتن، هەندێکی تریش بەرەو (عەرەفات)و (مینا) رۆیشتن، (ئیبن زوبێر) بە خۆی و

١ـ مسلم، رقم (٢٥٤٥).
٢ـ تاريخ الطبري (٦/٥٢٠).
٣ـ شذرات الذهب (١/٣٠٨).
٤ـ البداية والنهاية (١١/٦٩١).
٥ـ البداية والنهاية (١١/٦٩١).

عەبدێکی حەبەشی لاق باریك بە ئومێدی ئەوەی خاوەن قاچە باریکە حەبەشیەکەی بەیت دەڕوخێنێ ئەو بێ و بەس کە لە فەرموودەی (صحیح)دا ناوی هێنراوە دەست بەکار بوو.[١]

دەستی بە هەڵوەشاندنی دیواری (ڕوکن) کرد، تا گەیاندیە سەر بناغە تەماشایان کرد بناغەی بەیت گەیەنراوەتەوە بە (حیجر)ی ئیسماعیل و بەردەکانی بناغەی وەك پەنجەکانی دەست ڕیزبەند کراون، (ئیبن زوبێر) پەنجا پیاوی بانگ کردن و کردنی بە شایەد لەسەر ئەمە، کە (حیجر)یش لە چوارچێوەی (بەیت)دا بووە و کاتی خۆی بەجێیان هێشتووە ئینجا (بەیت)ی بینا کردەوە و (حیجر)یشی خستەوە نێو چوارچێوەی سنووری بەیتەوە.[٢]

لە باری تەختانیەوە دوو دەرگای بۆ (بیت) دانان، دەرگایەك بۆ پێداچوونە ژوورەوە و ئەوەی تریش بۆ پێدا هاتنە دەرەوە، بەردە ڕەشەکە چونکە درزی دابوو بە زیو قایمی کردەوە و بە دەستی خۆی لە شوێنی خۆی دانایەوە، پانتاییەکەی لە (١٧) باسکەوە (٢٧) باسك فراوان کرد، دیوارەکانی (کەعبە)ی بە میسك سواخ دا، پۆشاکی (دیباج)ی بە بەردا کرد، ئینجا چووە مزگەوتی عائیشە لە (تەنعیم) ئیحرامی عومرەی بەست، تەوافی (بەیت)ی کرد و نوێژی لە لای مەقامی ئیبراهیم کرد و سەعی سەفا و مەروەی ئەنجامدا، ئینجا پاکسازی تەواوی (بەیت) و دەوروبەری کرد و هەرچی دار و بەرد و خاشاك و خوێنی وشکهەڵاتووی پاشماوەی شەڕ هەبوو هەمووی فڕێدایە دەرەوە، چونکە بە هۆی بەردبارانی مەنجەنیقەوە دیوارەکانی (کەعبە) لە سەرێڕا بۆ خوارێ داتەپابوون و شۆڕ ببوونەوە و بە دوکەڵ ڕەشهەڵاتبوون و بەردەڕەشەکەش لە نێو ئاگردا درزی دابوو.

هۆی نۆژەن کردنەوەی بیانی (کەعبە) لە لایەن (ئیبن زوبێر)ەوە لە نێو دوو کتێبە(صحیح)ەکەی بوخاری و موسلیم و کتێبەکانی (مەسنەد و سونەن)دا دەست دەکەوێت، لە چەند ڕێبازێکەوە لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ((لولا حدثان قومك بكفر، لنقضت الكعبة،

١ـ شذرات الذهب (٣٠٩/١).

٢ـ البداية والنهاية (٦٩٢/١١).

ولأدخلت فيها الحجر فان قومك قصرت بهم النفقة ، وجعلت لها باباً شرقيا و باباً غربياً يدخل الناس من احدهما، ويخرجون من الأخر، ولألصقت بابها بالارض، فإن قومك رفعوا بابها، ليُدخلوا من شاؤوا ويمنعوا من شاؤوا))،[1] واتە: ئەگەر هۆزەکەت لە سەردەمی نەفامی نزیك نەدەبوون، کەعبەم دەڕووخاند، (حیجر)م دەخستە نێو چوارچێوەی کەعبەوە، چونکە هۆزەکەت بەهۆی کەم دەرامەتیەوە لێیان کەم کردۆتەوە دەرگایەکم لە لای ڕۆژهەلاتەوە بۆ دەکردەوە و دەرگایەکی تریشم لە لای ڕۆژئاواوە بۆ دەکردەوە، تا خەڵك بە یەکیاندا بچنە ژوورەوە و بە دەرگاکەی تریشدا چووبانایە دەرەوە، دەرگاکەیشم دەهێنایەوە سەر تەختی زەوی، چونکە هۆزەکەت دەرگاکەیان بەرز کردبۆوە تا بە ئارەزووی خۆیان کێیان پێ خۆش بێت ڕێی بدەن بچێتە ژوورەوە و بۆ کێشیان پێ ناخۆش بێت ڕێگای پێ نەدەن.

(ئیبن زوبێر) بە گوێرەی ئەم فەرموودە پیرۆزە کە لە عائیشەی پووریەوە وەری گرتبوو (کەعبە)ی بینا کردەوە، خودا پاداشتی خێری بۆ بنووسێت.

ساڵی(٧٣)ی کۆچی حەجاج کۆتایی بە (ئیبن زوبێر) و دەسەڵاتەکەی هێنا و کوشتی و هەڵی واسی، پاشان دیواری لای باری سەرەوەی هەڵوەشاندەوە و (حیجر)ی لە (بەیت) جودا کردەوە، وەکو پێشدا، بەردە زیادەکانی بردنە نێو کەعبەوە و سەفتەی کردن، دەرگاکەی بردەوە شوێنی خۆی و بەرزی کردەوە، دەرگای لای خۆراوای لابرد و شوێنەکەی قەپات کرد، تا ئێستاش هەر بەم شێوەیەیە، ئەم کارەی حەجاج ئەنجامیدا بە فەرمانی عبدالملك بوو، چونکە فەرموودە پیرۆزەکەی پێ نەگەیشتبوو، کاتێکیش فەرموودەکەیان بۆ خوێندەوە، گوتی: خۆزگە وازمان لە(ئیبن زوبێر)و ئەو کارانەی هێنابا کە بە ئەنجامی گەیاندن و سەرپەرشتی کردوون.[2]

١ـ البخاري، رقم (١٥٨٣، ٤٤٨٤).

٢ـ البداية والنهاية (٦٩٣/١١).

سێیەم: هۆکارەکانی ڕووخانی خیلافەتی (ئیبن زوبێر).

لە کاتی خوێندنەوە و توێژینەوەی ئەم بابەتەدا چەند هۆکارێك خۆ زەق دەکەنەوە کە لە پشت ڕووخانی خیلافەتی (ئیبن زوبێر) و سەرکەوتنی (ئومەوییەکانەوە) بوون، گرنگترین ئەم هۆکارانە:

١ ــ ئیبن زوبێر (حیجاز)ی کردبووە مەڵبەندی خیلافەت:

ژمارەیەك لێکۆڵەر[١] یەك دەنگن لەسەر ئەمە کە گەورەترین هۆی ئاوابوونی ئەستێرەی دەسەڵاتی ئیبن زوبێر مانەوەی بوو لە (مەککە)دا،[٢] ئەگەرچی لە سەرەتای بزوتنەوەکەیدا ڕووی کردۆتە (مەککە) و بەڵگەی بە دەستەوە بوون،[٣] بەڵام سووربوونی لەسەر مانەوە لە (مەککە) و کردنی بە بارەگای (خیلافەت)، لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، چونکە (حیجاز) بە گشتی و (مەککە) بە تایبەتی بە شوێنێکی گونجاو دانانرێت بکرێتە مەڵبەندی دەوڵەتێکی گەورەی وا پەلی بۆ هەموو لایەك هاویشتبێت، (مەککە) دوای کۆچی پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵە بەڕێزەکانی دەوری سیاسی خۆی لە دەست دا، و دەورە سیاسیەکە بۆ (مەدینە) گوازرایەوە و تا کۆتایی خیلافەتی عوسمان بەردەوام بوو، کاتێکیش ئاشوب بە شەهیدکرانی عوسمانی خەلیفە سەری هەڵدا، عەلی کوڕی ئەبو تالیب چووە (عێراق) و (کوفە)ی کردە پایتەختی (خیلافەت)، ئینجا (معاویە) دوای وازهێنانی خیلافەت بۆ ئەوە لە لایەن حەسەنی کوڕی عەلیەوە لە شام (دیمەشق)ی کردە پایتەختی خۆی، پاشان دەورە سیاسیەکە بۆ حیجاز بە تایبەت (مەککە و مەدینە) نەگەڕایەوە، دەکرێت کارتێکەرەکانی مانەوەی ئیبن زوبێر لە (مەککە)دا لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

أ- شوێن:

مەککە وەك زانراوە لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە لە (شام) و (عێراق) دوورە،

١- وەکو (ناور، قبلان، خراشي) و هی تریش.

٢- عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٣).

٣- عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٣).

ئـەم دوو هەرێمـە گـرنگترین قۆناغـەكانی ململانێـی نێـوان (ئـیبن زوبێـر) و (بـەنی ئومەییە)یان بە خۆوە بینـی، ئـەم دووره دەسـتە دەرفـەتی بـە (ئـیبن زوبێـر) نـەدا ئاگاداری ڕووداوەكان بێت و چاودێری ململانێی نێوان سوپای خۆی و سوپای دوژمن بكـات و پەیوەنـدی بـەردەوامی بـە شـوێنكەوتووانیەوە هـەبێت، بـەڵكو لایـەنی پەیوەنـدی و هـەواڵگری زۆر بێهێـز بـووە، بـەم شـێوەیە (ئـیبن زوبێـر) نەیـدەتوانی بڕیاری گونجاو و پـڕ بەپێـستی ڕووداوەكـانی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی و سـەربازی دەربكات. لە لایەكی تریشەوە ئومەوییەكان ڕێك بـە پێـچەوانەوەی ئـەوەوە، خـودی خۆیان ڕاستەوخۆ لە نێو ڕووداوەكانـدا دەژیـان، شـاری (مەككـە)ش دەكەوێتـە نێـو دۆڵێكـی گـەمارۆدرا و بـە ژمارەیـەك چیا و لوتكـەی بـەرزن شـێوەی ئەمـە شـێوەی نێـچیرێكە پـەنای بـۆ ئـەو دۆڵـە بـردووە و ڕاوچـیانی دەوری دەدان و ڕێگاكـانی دەرچوون و بە هاوارەوە چـوونی لێ دەگـرن، بینیمـان سـاڵی (٦٤)ی كۆچـی كاتێـك (حەسینی كوڕی نەمیر) گەمارۆی (مەككـە)ی دا، خـەریك بـوو (بزوتنەوەكـەی ئـیبن زوبێـر)بـە تـەواوەتی بفـەوتێ، بـەڵام مردنـی (یەزیـدی كـوڕی معاویـە) بـووە هـۆی كشانەوەی ئەم سوپایە و بزوتنەوەكەش لە لەنێوچوون ڕزگاری بوو.

ب ــ لایەنی ئابووری:

(حیجز) بەگشتی و (مەككە)ش بە تایبەتی بۆ داهاتی ئابووری و خـورد و خـۆراك پشتی بە داهاتی وڵاتانی دەوروبەری دەبەست، بە تایبـەتی وڵاتـی (شـام و میـسر)، گیرانی ڕێگەكانی ئەم داهات و خۆراكـەش دەبـووە هـۆی پەیـدابوونی قـات و قـڕی و برسـیایەتی و شـپرزەبوونی دانیـشتوانەكەی، (بـەنو ئومەییـە) لـە كـاتی ململانێیـان لەگەڵ (ئیبن زوبێر)دا زۆریان سوود لەم هۆكاره وەرگرت، هەر دوابەدوای گرتنەوەی (شام و میسر) ڕێگـەیان لـەو هاریكاریانـە گـرت كـە بـۆ شـاری مەدینـە دەنێـرران،[1] بەشێوەیەكی سروشتی (مەدینە) تووشی چ بێت، (مەككە)ش تووشی ئەوە دەبێـت، لـە هـەردوو گـەمارۆی یەكـەم و دووەمـدا ئـەم چـەككەیان بـەكارهێنا و[2] گـەمارۆی ئابووریان خستە سەر حیجاز بە گشتی و (مەككە) بە تایبەتی.

١ـ فتوح البلدان للبلاذري (ص: ٢١٨)، عبدالله بن الزبير (ص: ١٩٤).

٢ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٤).

ج ــ هێزی مرۆیی:

بزوتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری هۆزەکانی بە دوای خۆدا هێنا بەرەو وڵاتە فەتح کراوەکان، بەتایبەتی عێراق و میسر و شام[١]، ئەمە بووە هۆی لاسەنگی تا تەرازوی دابەشبوونی دنیشتوان لە نێوان عێراق و شام لە لایەك و حیجاز لە لایەکی ترەوە، حیجاز بە دەست کەمی کادیر و هێزی مرۆییەوە دەیناڵاند، لەواقیعدا هەر ئەم کەم و کوڕیە نەیهێشت ئیبن زوبێر سوپایەکی گەورە و بە هێزی وا دروست بکات. کە هەمیشە ئامادە و لە سەر پێ بێت و هەر کاتێك بیەوێ پەلاماری دوژمنی پێ بدات و بەرگری لە خۆ بکات، بۆیە دەبینین لە کاتێکدا هێرش دەکرێنە سەر حیجاز و (مەکە)، (ئیبن زوبێر) هەمیشە داوای بە هاوارەوەچوون دەکات لە عێراقەوە بیگاتێ، بەم شێوازە (ئیبن زوبێر) جولانەوەکانی خۆی بە عێراقەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بەگوێرەی هێمن بوونی بارودۆخی ئەوێ و ئامادەباشی والیەکەی تا بە هاواریەوە بچێت، بەمەش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لەدەست (ئیبن زوبێر) بە فیڕۆ دەچوو.[٢]

٢ ــ سیاسەتی لە بەڕێوەبەرایەتی و دارایی دا:

ئەگەر چی (ئیبن زوبێر) لە دیاری کردنی چەند والیەکدا سەرکەوتوو بووبێ، لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم سەرکەوتنەی بە دەست نەهێناوە، دیارە جێگیر بوونی لە (حیجان)دا و نەگەڕانی بەسەر هەرێمە ئیسلامیەکاندا، دەرفەتیان نەدایە تا دانیشتوانی ئەو هەرێمانە لە ڕووی تەبیات و بۆ چوونیاوە بناسێت، وێنەیەکی داب و نەریت و حاڵەتی دەرونیان بکێشێت و والی گونجاویان بە سەرەوە دابمەزرێنێت، لەوانە زەقترین وێنە بۆ جێگیرنەبوونی حوکمڕانی (ئیبن زوبێر) لەم بوارەدا هەرێمی (عێراق) بێت بە هەردوك شاری (بەسڕە و کوفە)یەوە، عێراق لەو سەردەمەدا

١ ـ هجرة القبائل العربية الى البلاد المفتوحة، للعلي (ص: ٢٣، ٥٧).
٢ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٥).

مەڵبەندی چەندین هۆز و تایەفە و بزووتنەوەی سیاسی و عەقیدەیی و مەزهەبی جۆراوجۆر بوو، پێویستی بە والیەکی کامڵ و سیاسی و ژیری وابوو بتوانێ ئەمانە لە ژێر باڵی ئیدارەکەی خۆیدا کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخات و ئاراستەیان بکات، ئەگەر تەماشایەکی ژیاننامە و هەڵوێستەکەی والیەکانی (ئیبن زوبێر) بکەین لە عێراقدا ئەم لاوازیەیان لەڕووی ئیدارەوە پێوە دەبینین و خودی خۆیان بوونەتە هۆی جێ پێ لێژبوونی حاڵتە سیاسیەکە، یەك لەوالیەکانی (ئیبن زوبێر) لەعێراقدا عبدالله ی کوڕی موتیعی عەدەوی بوو بەسەر (کوفە)وە، کە نەیتوانی بەرەنگاری موختاری ئەبی عوبێدەی سەقەفی بێتەوە و لە بەرامبەریدا بەزی و (کوفە)ی بەجێهێشت[١] بەشێوەیەکی گشتی والیەکانی (ئیبن زوبێر) نەیانتوانی زەبت و ڕەبتی ئەم هەرێمە بکەن کە بە گەورەترین سەرچاوەی هێزی ماڵی و مرۆی و دەوڵەتەکەی دەژمێررا لە ڕوویەڕوونەوەیدا لەگەڵ ئومەویەکان، ئەم خراپ بەڕێوەبردنەی عێراق هۆیەکی ڕاستەوخۆی ڕوخانی خیلافەتی (ئیبن زوبێر) بووە ئەمە کاتێك دەرکەوت کە خەڵکەکەی ژێربەژێر لە دژی موسعەبی کوڕی زوبێر پەیوەندیان بە ئومەویەکانەوە کرد بەڵام دەربارەی پەیوەندی (ئیبن زوبێر) بەوالیەکانیەوە: وەك دبینرێت ئەو هەر والیەکی لە هەر هەرێمێك دانابایە. ئەوا هەرێمەکەی لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنەوە تا بە بواری شەڕکردن و سەربازیش دەگات بە خودی والیەکە دەسپارد، ئەو دەستی نەدەخستە کار و باری والیەکانی، وەك دەڵێن خەریك بوو پەیوەندی بە هەندێکیانەوە بپچرێت، ئەم سستی پەیوەندیە بووە هۆی خێرا گیرانی ئەو هەرێمانە لە لایەن ئومەویەکانەوە، گیرانی (قرقیسیا) بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەمە، زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی والی ئەو هەرێمە بوو، ماوەی چەند ساڵێك لە بەرامبەر عبدالملك وەستایەوە و جەنگا، ڕێگای دەرچوونی بەرەو عێراقی لێ گیرا، ماوەیەکی زۆری خایاند هیمدادی نەگەیشتێ، (ئیبن زوبێر) هێزی بە هاوارەوە نەنارد، لە کۆتاییدا و بە ناچاری خۆی بە دەستەوە دا و چووە ژێر باڵی دەسەڵاتی

---

١ ـ الطبقات (١٤٨/٥).

عبدالملکی کوڕی مەروانەوە، دوای ئـەوەی هـوزەیلی کـوڕی زوفـەر (زوفـەر)ی بـابی خـستە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە عبـدالملك لـە (ئـیبن زوبێـر) باشـتر دەبـیّ لـە بەرامبەریاندا.[1]

بەڵام دەربارەی سیاسەتی ئابووری (ئیبن زوبێر)، وێڕای کـەمی داهـاتی ئـابووری ئـەو، تێبینـی دەکرێـت لـە بۆچـوونەکانیدا سـەبارەت بـەو مـاڵ و سـامانەی لەبـەر دەستیدایە، کاریگەری خەلیفە ڕاشیدەکانی لەسەر بووە، بە تایبەتی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ دەیەویست لە ڕووی بەخشینەوە شوێن پێی ڕێبـازی ئـەوان هـەڵبگرێت، پێـی وابـوو بەیتولماڵـە: مـاڵی خوایـە، مـافی موسـڵمانانە، بـەکارهێنانی لـە ڕووی شـەرعیەکەیەوە نـەبێت دروسـت نیـە، زۆر داکـۆکی لـەم بۆچـوونانە دەکـرد، ئـەم سیاسەتە لەو کاتەدا نەدەچووە مێشکی زۆربەی خەڵکەوە، چونکە (خـەڵك) وەك د. العش دەڵێ: توانایان نەبوو لەم سیاسەتە بگەن و هەزمی بکەن.[2]

(ئیبن زوبێر) بەیتولماڵەی نەکردە ئامرازێك، بۆ داکوتانی پایەکانی دەوڵەتەکەیو ڕاکێشانی خەڵکی ئازا و شارەزا و کارامە لە دەورەی خـۆی و سەرخـستنی پـڕۆژەی شوڕاکەی و بەهێزکردنی هێزەکانی لە ڕووی چەك و چۆڵەوە، بە شێوەیەکی ئاسـایی ژمارەیـەکی باشـی لـە پـشتیوانانی خـۆی لـە دەسـتدان، لـە کاتێکـدا زانیمـان (ئومەوییـەکان) مـاڵ و سـامانی گـشتیان بەسـەر سـەرۆك هـۆز و کەسـانی دیـار و شاعیراندا هەڵدەڕشت تا بە لای خۆیاندا ڕایانکێشن.

٣ ـ بەخۆنەگرتنی سەرۆك هۆزەکانی عێراق:

حوکمڕانان دەتوانن زۆربەی سەرۆك هۆزەکان بە ماڵ و سامان و بەخشین بە لای خۆیانـدا ڕابکێـشن، چـونکە چـەکی مـاڵ و سـامان ترسـناکە و کاریگـەرە و دڵان کەمەندکێش دەکات و کار لە دڵ و دەروون دەکات، گێڕدراوەتەوە: موسعەبی کوڕی زوبێـر) دوابـەدوای کۆتـایی هێنـان بـە موختـار و کوشـتنی، بـە خـۆی و سـەرۆك

١ ـ انساب الاشراف (٣٠٥/٥).
٢ ـ الدولة الاموية (ص: ٢٠٧).

هۆزەکانی عێراقەوە دەچێتە (مەککە) و سەردانی (ئیبن زوبێر) دەکەن، موسعەب دەڵێ: ئەی ئەمیری ئیمانداران، لەگەڵ سەرۆك هۆز و پیاوماقوڵانی عێراق هاتوومە خزمەتتان، هەر یەکێك لەم پیاوانە لە نێو هۆزەکەی خۆیدا برا گەورەیە و پەیڕەوی لێ دەکرێت، ئەم پیاوانە ئەو کەسانەن کە بە پەلە و بێ دواکەوتن بەیعەتیان بە جەنابتان دا، ژیانیان بە بانگەشەی تۆ بەخشی، سەرپێچی کەرانی تۆیان لە ناو برد، هەوڵیان داوە و دەدەن دوژمنەکەت بنبڕ بکەن، تکایە لەو ماڵ و سامانە بەخشیشیان پێ بدەن، عبدالله ی کوڕی زوبێر گوتی: بەخۆت و کۆیلەکانی عێراق هاتوویتە لام، فەرمانم پێ دەکەی لە ماڵی خودا بیاندەمێ؟! کاری ئاوا ناکەم، سوێند بە خوا حەزم دەکرد ئاڵوگۆڕم پێ کردبان چۆن ئاڵوگۆڕی دینار بە درهەم دەکرێت، (١) نەفەرم لە ئەمانە دەدا بە یەك نەفەری شام.[١]

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (أبو حاضر الأسدي)ی قازی بەسرە گوتی: پەندێك هەیە بۆ ئێمە و بۆ ئێوە ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئەویش ئەو دێڕە شیعرەی (أعشى)یە:

علقناک عرضاً وعلقت رجلاً...غیري وعلـق أخـرى غیرهـا الرجـل

ئەی ئەمیری ئیمانداران: ئێمە خۆمان بە تۆوە بەستۆتەوە و تۆش دڵت بە خەڵکی شامەوەیە، خۆ خەڵکی شام خۆیان بە (مەروان)ەوە بەستۆتەوە، ئێستا ئێمە چی بکەین؟!

شعبی دەڵێ: هیچ وەڵامێم وەك ئەو وەڵامە جوان و پڕ بەپێستە نەبیستووە!،[٢] پاش ئەمە ئیبن زوبێریان لێخست و نامەیان بۆ عبدالملك نووسی کە: بەرەو لامان وەرە[٣] بۆ عێراق.

١ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي (ص: ٥٠٦).
٢ـ البداية والنهاية (١١/١٤٦، ١٤٧).
٣ـ العالم الاسلامي في العصر الاموي (ص: ٥٠٦).

٤ــ بەیعەت پێ نەدانی لە لایەن (بــەنی هاشــم) و دژایــەتی کردنــی دەوڵەتەکەی:

عبداللە ی کـوڕی عـەباس و محمـدی کـوڕی عـەلی ناسـراو بـە ئـیبن لحەنەفییـە و چەندین کەسایەتی تری بەنی هاشم بەیعـەتیان بـە (ئـیبن زوبێـر) نـەدا، ئـەویش بـە نەرم و نیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نـەکردن، بـەڵکو جاروبـار تونـد و تیژیـشی لـە دژ بەکاردێنان.[١]

٥ــ زێدەڕۆیی موسعەبی برای لە خوێن ڕێژیــدا دوای کۆتــاییهێنــان بــە موختار:

موسعەب هاتە لای (ئیبن عومەر) و سەلامی لێکرد و گوتی: تۆ کێی؟ گـوتی: مـن برازاکەتم، موسعەبی کوڕی زوبێر گوتی: والی عێراق؟ گوتی: بـەڵێ، ئینجـا بـە (ئـیبن عومەر)ی گوت: پرسـیارت لێ دەکـەم دەربـارەی خـەڵکێك: دوژمنایـەتیان کـرد و لـە فەرمان دەرچوون و شەڕیان کرد و تا کاتێك شکستیان خـوارد، ئینجـا چـوونە نێـو قەلایەکەوە، خۆیان تێدا مەلاسدا و داوای ئەمانیان کرد تا نەکوژرێن، ئەمانیان پێدرا بەلام دوایە کوژران؟

(ئیبن عومەر) گوتی: ئەی موسعەب: ئەگـەر مرۆڤێـك لای بەرەبەیانیـەك بکەوێتـە نێو ئاژەڵی (زوبێـر)ەوە و (٥) هــەزار مــەڕ ســەربڕی، تــۆ ئــەو کەســە بــە (زێــدەڕۆ) نازانی؟ وەلامم بـدەوە. گـوتی: بـەڵێ، کەسـێك لـە ڕۆژێکدا پێـنج هــەزار مــەڕ ســەر ببڕێت، من بە (زێدەڕۆ)ی دادەنێم، ئیبن عومەر گوتـی: بۆ ئاژەڵی بە زێدەڕۆ دەزانـی بەلام بۆ مرۆڤی بە زێدەڕۆ نازانی؟ باشە تۆ خودا ناپەرسـتی لێـی ناترسـی؟ نـازانی خودا چ زاتێکی بـە سـامە؟ کەسـانێکت کوشـتووە خودایـان بـە یـەك دەزانـی! ئایـا تێیاندا نەبوو بە زۆر پێکرابوو و تۆبە لە تاوانەکەی دەگێڕایەوە، یان هــەموویان بـوو

---

١ ـ هەمان سەرچاوە، مروج الذهب (٣/٨٥ ـ٨٦).

نەفام بووە و ئومێدی گەڕانەوەی لێ دەکرا.[١]

ئەو کوشتارە زۆرەی موسعەب لە عێراق ئەنجامیدا دڵ و دەروونی عێراقیەکانی پڕکرد لە تووڕەیی و ڕق و تۆڵە، پێ دەچێت ئەو هەڵوێستەی عێراقیەکان لە جەنگی (دێر جالسیق) بەرامبەر بە موسعەب نواندیان پەیوەندی بە ئەمەوە هەبووبێت، ئەو کەسەی موسعەبی کوشت (زیادی کوڕی زوبیان) بوو، کاتێك چووە لای عبدالملك، فەرمانیدا هەزار دیناری زێڕی بەخشیش پێ بدەن، بەڵام (زیاد) ئەم بەخشیشەی ڕەت کردەوە و هیچی وەرنەگرت و بە (عبدالملك)ی گوت: من بە فەرمانی تۆ و لەسەر داوای تۆ نەمکوشتووە، بەڵکو لە تۆڵەی (نابی) برامدا کوشتوومەتەوە.[٢]

گوتراویشە: (زایدەی کوڕی قودامەی سەقەفی) بەشداری کوشتنی موسعەبی کردووە و کاتێك کوشتوویەتی گوتوویەتی: هاوار بۆ تۆ لە سێنانی موختار![٣]

٦ــ بە کەم دانانی دەسەڵاتی ئومەوی لە لایەن (ئیبن زوبێر)ەوە:

دەبوایە (ئیبن زوبێر) نەیهێڵابا ئومەویەکان دوای مردنی یەزید لە (مەدینە) دەرچووبان و بەرەو شام ڕۆیشتبان، بە تایبەتی (مەڕوانی کوڕی حەکەم) و (عبدالملك)ی کوڕی، ئەگەر (ئیبن زوبێر) پشتگیری ئەم کۆچەی کردبان ئومەویەکان کەسێکیان دەست نەدەکەوت لە پەرتەوازەیی ڕزگاریان بکات و ڕیزەکانیان ڕێك بخاتەوە و دەسەڵاتیان بۆ بگێڕێتەوە، (مەڕوانی کوڕی حەکەم) تا نەگەیشتە شام بیری لە حوکمڕانی نەکردبۆوە، لە لایەکی تریشەوە (عبدالله ی کوڕی زوبێر) وەك پێویست پشتیوانی پشتیوانانی خۆی لە شام نەدەکرد و بە جیددی گرنگی بە ئەوێ نەدا، کە دەبوایە لەم ساتەوەختەدا بە خۆی و سوپایەکی گەورە و بەهێزەوە بەرەو شام بچێت و پاشماوەی دەسەڵاتی ئومەوی لە ڕەگەوە دەرکێشێت.

١ـ مصنف ابن ابي شيبة (١٥/٨٥).

٢ـ الكامل في التاريخ (٣/٥٤).

٣ـ الكامل في التاريخ (٣/٥٤).

٧ ـ گوێ نەدانی بە لایەنی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە:

واتە بایەخی بە شاعیران نەدەدا و بە پێشكەش كردنی بەخشیش و دیاری مەستی نەكردن، ڕاستە دەستە شاعیرێك خۆبەخشانە بە شیعرەكانیان پشتگیری عبدالله و بانگەوازەكەی ئەویان كردووە، بەڵام زۆربەی شاعیران بەبێ بەرامبەر ئەم كارە ناكەن كە لە بانگەسەكان لە لایەن ئەوانەوە ڕەواجیان پێ دەدرێت:

عوبەیدەی كوڕی قەیسی ڕوقییات[1] لە ستایشی عبدالله دا گوتوویەتی:

أنــت ابــن معتلــبح البطــاح   كَـــــدَدُّها فكـــــدائها
فالبيـــــــت ذي الأركـــــان   فامـستن مـن يطحائهـا

تا ئەو شوێنەی دەڵێ:

ولـــــدت أعـــــزّ مباركـــــاً   كالبـدر وسـط سـكائها
فى ليلـــة لا تحـــس فيـــه   ســـحريها وعـــشائها
ان الـــبلاد ســـوى بـــلادک   ضـاق عـرض فـصائحها
فـــاجمع بـــنى الى بنيـــک   فانـــت خـــير رعائهـــا
نـــشهدک منـــا مـــشهداً   ضـــنكاً علـــى أعـــدائها
نحـن الفـوارس مـن قـريش   يـــوم جـــد لقائهـــا[2]

ئومەویەكان لە گۆڕەپانەكانی جەنگی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی لەگەڵ عبدالله دا سەركەوتنی گەورەیان بە دەست هێنان، ئەوان سەروەت و سامان و پول و پارەیەكی زۆر و زەوەندیان دەكردە شاباشی شاعیران، بۆیە دەبینین شاعیرەكانیان بە كەیفی خۆیان بە بەژن و باڵای ئومەویەكانیان هەڵدەگوت و تانە و تاشەری خراپیشیان لە عبدالله دەدان، تەماشاكەن چۆن أعشى ی كوڕی ربیعەی شاعیری

١ـ ديوان عبيدالله بن قيس، تحقيق محمد يوسف (ص: ١١٧).
٢ـ موقف الشعر من الحركة الزبيرية (ص: ٢٦).

ئومەوی تانە و تەشەر لە عبدالله دەدات:

آل الزبير من الخلافة كالتي عجل النتاج بجملها فأحالها
أو كالضعاف من الحمولة حُملت مالا تطيق فضيعت أحمالها
قوموا اليهم لاتناموا عنمه كم للغواة أطلتم امهالها
ان الخلافة فيكم لا فيهم مازلتم أركانها وثمالها
أمسوا على المعروف مغلقاً فانهض يمينك فافتح أقفالها[1]

٨ ـ بەکارهێنانی لێدان و توند و تیژی زیاد لەگەڵ عەمری برای:

شێوازی لەنێو بردنی عەمری کوڕی زوبێر لە لایەن عبدالله ی کوڕی زوبێرەوە و دوای بە دیلگرتنی، کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە بۆ سەر خودی عبدالله، وای لە خەڵك کرد بە پیاوێکی بێ سۆز و بەزەیی تەماشای بکەن، و لەمەولا هاوسۆزییان نەبێت لەگەڵ کێشەیەکدا.

عەمری کوڕی زوبێر بە تۆمەتی هاوسۆزی و پشتیوانیان لەگەڵ عبدالله ی کوڕی زوبێر لە مەدینە لە خەڵکی دەدا، ئەم کارەی لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە پێ سپێردرابوو، کەواتە ئەمە بەرهەمی تەبیعی و سروشتی پۆستەکەی بوو، هەرچەندە حاشا لە تاوان و ستەم و غەڵەتی خودی خۆشی ناکرێت، بۆیە زۆربەی خەڵك خۆزگەیان دەخواست عبدالله عەمری بەندکردبایە و بەس، یان داوای لەو کەسانە کردبایە کە عەمر سزای داون چاوپۆشی لێ بکەن و لە هەڵەکانی ببوورن،[2] هەندێکیش پێیان وایە عبدالله تەنها خوازیاری کورسی دەسەڵات بوو، دەنا ئاوا دڵڕەقانە و بێ ڕەحمانە لە بەرامبەر براکەی هەڵسوکەوتی نەدەکرد،[3] شاعیرانی دوژمنی ئەم ڕووداوەیانم بە سوودی خۆیان و ئومەوییەکان شکاندەوە، تەماشا چۆن زوحاکی کوڕی فەیروزی دەیلەمی گاڵتە بە عبدالله و بانگەوازی دنیا نەویستی و

١ـ موقف الشعر من الحركة الزبيرية (ص: ٨٧).
٢ ـ موقف المعارضة في خلافة يزيد (ص: ٥٣٥).
٣ ـ موقف المعارضة في خلافة يزيد (ص: ٥٣٥).

چاکسازیەکەی دەکات و دەڵێ:

تخبرنـا ان تكفيـك قبـضة وبطنـك شـبر أو أقـل مـن الـشبر
وانـت إذا نلـت شـيئاً قـضمته كما قضمت نار الغضا حطب السرر
فلو كنت تجزي أو تبيت بنعمة قريباً لردتك العطوف على عمرو[1]

عبدالله ی کوڕی زوبێری ئەسەدی)ی شاعیری ئومەوییش بەم شێوەیە بەسەر عبدالله و بانگەوازەکەیدا دەیکا بە هەرا:

تحـدث مـن لاقيـت انـك عائـذ مصرعت قتلي بين زمزم وركن
قتلـتم اخـاكم بالـسياط سـفاهة فيالـك للـرأي المـشلل والأمـن[2]

تا ئەو شوێنەی دەڵێ:

قطعت من الأرحام ما كان واشجا على الـشيب واتبغـت المخافـة[3]

٩ـ باڵادەستی دوژمنانی عبدالله :

جێی سەرسوڕمان نیە تاقمی (بەنی ئومەییە) باڵادەستتر و دەست ڕۆیشتووتر بن، لە بواری ئیدارە و بەڕێوەبردندا لە عبدالله ی کوڕی زوبێر، (بەنو ئومەییە) لە سەردەمی (معاویە) وە پۆستی حوکمڕانیان وەرگرت و شارەزای هونەری بەڕێوەبردن بوون، بەڵام عبدالله ی کوڕی زوبێر لەم بوارەدا تازە بوو و تەنانەت سەرقاڵیەکان نەیانهێشت بە خودی خۆی سەرپەرشتی هەرێمێك لە هەرێمەکانی دەوڵەتە دەوڵەتە فراوانەکەی بکات، هەروەها لە بواری سەربازیشدا: هەست دەکەین (بەنو ئومەییە) لە تاکتیکی جەنگی و سەرکردایەتی کردنی سوپادا زۆر لە عبدالله

١ ـ الحرب الزبيري في ادب العصر الاموي، ثريا ملحس (ص: ٢٢٥).
٢ ـ هەمان سەرچاوە (ص:٢٢٨).
٣ـ هەمان سەرچاوە (ص:٢٢٨).

دەست ڕۆیشتووتر و شارەزاترن، زەقترین بەڵگەی ئەم قسەیەمان ئەوەیە: تەماشا دەکەین مەڕوانی کوڕی حەکەم خودی خۆی سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کرد کە هێرشی کردە سەر وڵاتی (میسر)و لە ژێر پێی والی عبدالله ی هێنایە دەرەوە و خستیەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئومەویەوە، ئینجا دوای ئەمە (عبدالملك)ی کوڕی دەکاتە سەرکردەی ئەو سوپایەی کە بۆ جەنگی عێراق دەنێرێ، بەم کارەیان دەیان بینی ڕاستەوخۆ چ شتێك لە گۆڕەپانی ڕووداوەکاندا دێتە ئاراوە و لە لایەکی تریشەوە لایەنی دەروونی و مەعنەوی هێزە هێرش بەرەکە نەدەڕووخا و بەرز دەبۆوە.

لە بەرامبەریشدا دەبینین عبدالله ی کوڕی زوبێر خۆی لە (مەککە) دەمێنێتەوە و بۆ پێکانی ئامانجەکانی و بە دەستهێنانی سەرکەوتنەکانی جەنگ پشت بە سەرکردەی سوپاکان، یان والی هەرێمەکانی دەبەستێت، عبدالملك ڕەخنە لەم سیاسەتەی عبدالله دەگرێت و دەڵێ: ئەگەر عبدالله ی کوڕی زوبێر خەلیفە بووایە وەك خۆی گوتوویەتی خۆی دەردەخست و خودی خۆی سەرکردایەتی پشتیوانەکانی دەکرد و کلکی خۆی لە حەڕەم نەدەچەقاند.[١]

وەك دەکرێ: ئەم جەنگ و ململانێیانە دەکرێت دەبینین: (بەنو ئومەییە) هەمیشە لایەنی هێرشبەر و پەلاماردەر بوون، عبدالله ی کوڕی زوبێریش هەمیشە لە سەنگەری بەرگری و بەرەنگاریدا بووە.[٢]

١٠ـ کەش و هەوا و زەمینەی پەیدابوونی بزوتنەوەی (عبدالله ی کوڕی زوبێر):

ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، دەبێ بڵێین: ئەو بارودۆخە ناسازەی بزوتنەوەکەی عبدالله ی لە خۆگرتبوو بە هۆکاری هەرەگەورەی ڕووخانی خیلافەتەکەی دادەنرێت، چونکە لەم سەردەمەدا چەندین بزووتنەوەی مەزهەبی و

١ـ الطبقات (٥/٢٣٢).

٢ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٩).

سیاسی و عەشیرەتگەری لە شەرع دەرچوو پەیدابوون و ئارامی و ئاسایشی جیهانی ئیسلامییان تێکدا، ئەوەلەکاتێکدا ئارامی سیاسی بەگرنگترنی مەرجی ڕاوەستاو بوونی حکومەتێکی دامەزراو دادەنرێت، ماوەیەکی دوور و درێژ عبدالله بە شەڕی (خەواریج)ەکان سەرقاڵ بوو، بزووتنەوەکەی موختاریش زۆری ماندوو کرد و کاتێکی زۆری لێ بەزایەدا و خەڵکانێکی زۆری لێ بە کوشت دا، ئەم بزووتنەوە مەزەبیانە هێندەیان عبدالله بە خۆوە سەرگەرم کرد کار بەوە گەیشت کەمتر بیر لە ڕێکوپێك کردنی دەوڵەتەکەی بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا وزەیەکی زۆری ماددی و مرۆییان لێ بە فیڕۆدا.[١]

چوارەم: لاواندنەوەی عبدالله ی کوڕی زوبێر

عبدالله ی کوڕی زوبێر لەلایەن ژمارەیەك شاعیرەوە بە قەسیدەی دوور و درێژ و گریان هێنەر و خەمبار لاواندراوەتەوە، مێژوو تۆماری کردوون و شەوگاریان و سەرەسەدەکان و ئاڵوگۆڕی زەمانە و لافاوی هێرشەکان بە لایدا نەداون.

(عبدالله ی کوڕی أبی مسروع) دەیلاوێنێتەوە و دەڵێ:

لقد أدركت كتائب أهل حمص   لعبدالله طرفاً غير وعل
شجاع الحرب اذشدَّت وقوداً   وللحادين خير محل رحل
ومن ذا يكره الأبطال منه   اذا إعتنشوا طريقاً غير سهل
فما للشامتين بنا أصيبوا   وقلّوا من سراتهم لمثل[٢]

(قەیسی کوڕی هەیسەمی سەلەمی) دەڵێ:

فقدنا مصعباً وأخاه لما   نفت سماؤهما المخولا
وكنا لايرام لنا حريم   نسحب في مجالسنا الذيولا

١ـ عبدالله بن الزبير، للخراشي (ص: ١٩٩).
٢ـ تاريخ ديمشق، لإبن عساكر (٣٠/١٩٣).

اذا أمـن الجنـاب وإن فزغنـا   ركبنـا الخيـل واجتنبنـا الـشَّليلا
ونرمـي بالعـدواة مـن رمانـا   ونـوطئهم بهـا وطـأ ثقـيلا
فيـالهفي ولهـف أبـي وأمـي   لقـد أصـبحن بعـدها ذلـيلا
ويالهفـا علـى مافـات منى   ألا أصـبحت فى القتلـى قتـيلا
ولم أصبح لأهـل الـشام نـصبا   يـذكرني ابـن مـروان الـدُّحولا
فـلا رفـدا يعـد ولا غنـاء   ولا اذنـا ولا حبـسا جمـيلا
ولكـن بـين ذلـک بـين بـين   لقد ضل ابـن مـروان الـسبيلا.[١]

١ـ تاريخ ديمشق، لإبن عساكر (٣٠/١٩٣، ١٩٤).

ناوەڕۆك

پێشەکی ٧
بەشی یەکەم ١١
ناوو بنەچە و ناسناوو پێگەیشتن وشێوەی و ١١
یەکەم: ناوو بنەچە و ناسناوی. ١١
دووەم: لەدایکبوونی وبەیعەتدانی بەپێغەمبەر ﷺ.................................. ١١
سێهەم: (زوبێری کوڕی عەووام)ی باوکی عبدالله ﷺ: ١٢
چوارەم: (ئەسمائەی کچی صدیق)ی دایکی عبداللەی کوڕی زوبێر ﷺ: ١٤
گرنگترین سیفەتەکانی ئیبن زوبێر: ٢٠
لە وتارە بەناوبانگەکانی: ٢٦
چەند شایەدی یەك لەسەر سەخاوەتی ئیبن زوبێر: ٢٨
بەشی دووەم: عبداللەی کوڕی زوبێر لە سەردەمی ئەبوبەکر ٣١
١ ـ لەیەڕموك: ٣١
٢ ـ ئیبن زوبێر لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ: ٣٢
٣ ـ نووسینەوەی پەڕاوگەکانی قوڕئان لەسەردەمی عوسماندا ﷺ: ٣٢
٤ ـ جیهاد و تێکۆشانی لەباکوری ئەفریقیا لەسەردەمی عوسماندا ﷺ: ٣٣
٥ ـ بەرگریکردن لە عوسمان کاتی گەمارۆدرانی: ٣٥
بەشی سێهەم: بزووتنەوەی عبداللەی کوڕی زوبێر لەسەردەمی. ٣٩
ئەو کارەساتانەی لەسەردەمی یەزیددا ڕوویاندا ٤٤
بەشی چوارەم: بەیعەتی عبداللەی کوڕی زوبێر بۆ خیلافەت............................ ٦٧
باسی یەکەم: مردنی یەزیدی کوڕی معاویەو خیلافەتی معاویەی کوڕی یەزید ٦٧
باسی دووەم: دەرچوونی (مەڕوانی کوڕی حەکەم) لەدژی (ئیبن زوبێر). ٨٤
یەکەم: ناو وبنەچەکەی وژیانی پێش دەرچوونی لەدژی ئیبن زوبێر. ٨٤
نەخشەی جەنگی (مەڕوان) لەدژی (ئیبن زوبێر)...................................... ٨٦
دووەم: لە نێو بیردنی پشتیوانانی (ئیبن زوبێر) لەشام. ٨٦
سێهەم: گرتنەوەی (میسر) و هەوڵی گرتنەوەی (عێراق و حیجاز). ٩٦
چوارەم: کرانی عبدالملك بە والی عەهد و مردنی مەڕوان: ٩٨
باسی سێهەم: عبدالملکی کوڕی مەڕوان و ململانێی لەگەڵ عبدالله ی کوڕی زوبێر. ١٠٢

یەکەم: ناو و بنەچەو ناسناو و کەمێك لە ژیانی. ١٠٢
دووەم: ژیانی سیاسیانەی پێش حوکمگێڕان................................. ١٠٦
سێهەم: ئەو زانایانەی لەگەڵ عبدالملك بوون. ١٠٧
چوارەم: بزوتنەوەی (توابین)و جەنگی (عين الوردە) لە ٦٥ کۆچیدا. ١٠٨
پێنجەم: بزووتنەوەی موختاری ئەبی عوبێدی سەقەفی: ١١١
موختار و قەڵاچۆکردنی بکوژانی حوسێن ١١٥
شەشەم: بزوتنەوەی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاص (الاشرق) و کوژرانی. ١٢٥
حەوتەم: ئاشتی عبدالملك لەگەڵ (ڕۆم) و تەنگهەڵچنینی بە (جەڕاجیمە)............. ١٣٠
هەشتەم: (زوفەری کوڕی حاریسی کیلابی)................................ ١٣١
نۆیەم: زەوتکردنی (عێراق) و کۆتایی هێنان بە موسعەبی کوڕی زوبێر: ١٣٣
باسی چوارەم: کۆتایی هاتنی ئەمیری ئیمانداران عبدالله ی کوڕی زوبێر ب : ١٤٣
یەکەم: هەوڵەکانی دەوڵەتی ئومەوی بۆ زەوتکردنی (حیجاز)....................... ١٤٣
دووەم: گەمارۆی دووەم و ڕووخانی خیلافەتی ئیبن زوبێر: ١٤٦
سێیەم: هۆکارەکانی ڕووخانی خیلافەتی (ئیبن زوبێر). ١٦٩
١ ـ ئیبن زوبێر (حیجاز)ی کردبووە مەڵبەندی خیلافەت: ١٦٩
٢ ـ سیاسەتی لە بەڕێوەبەرایەتی و دارایی دا:................................ ١٧١
٣ ـ بەخۆنەگرتنی سەرۆك هۆزەکانی عێراق: ١٧٣
٤ـ بەیعەت پێ نەدانی لە لایەن (بەنی هاشم) و دژایەتی کردنی دەوڵەتەکەی:............ ١٧٥
٥ـ زێدەڕۆیی موسعەبی برای لە خوێن ڕێژیدا دوای کۆتاییهێنان بە موختار: ١٧٥
٦ـ بە کەم دانانی دەسەڵاتی ئومەوی لە لایەن (ئیبن زوبێر)ەوە:....................... ١٧٦
٧ ـ گوێ نەدانی بە لایەنی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە: ١٧٧
٨ ـ بەکارهێنانی لێدان و توند و تیژی زیاد لەگەڵ عەمری برای: ١٧٨
٩ـ بالادەستی دوژمنانی عبدالله : ١٧٩
١٠ـ کەش و هەوا و زەمینەی پەیدابوونی بزوتنەوەی (عبدالله ی کوڕی زوبێر): ١٨٠
چوارەم: لاواندنەوەی عبدالله ی کوڕی زوبێر ١٨١
ناوەڕۆك ١٨٣

Filename: اخر تصميمبن زبير مصححة
Directory:
C:\DOCUME~١\VAIOCO~١\LOCALS~١\Temp\Solid Documents\SolidConverterPDF\Create
Template: C:\Documents and Settings\Vaio Computer\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dot
Title: خيلافةتى نةميرى ئيمانداران
Subject:
Author: Sarwar
Keywords:
Comments:
Creation Date: ٢٠٠٩/٠٨/١٣ ١٠:٤٦:٠٠ م
Change Number: ٢،١٣٧
Last Saved On: ٢٠٠٩/١١/١٧ ١٠:٥١:٠٠ م
Last Saved By: shno
Total Editing Time: ٩٩٩ Minutes
Last Printed On: ٢٠٠٩/١١/١٨ ١٠:٠٨:٠٠ ص
As of Last Complete Printing
Number of Pages: ١٨٤
Number of Words: ٣٥،٧٤٨ (approx.)
Number of Characters: ٢٠٣،٧٦٤ (approx.)

Printed by

التنفيذ الطباعي

DAR EL-MAREFAH
Publishing & Distributing

دار المعرفة
للطباعة والنشر والتوزيع

Tel: 834301, 858030, Fax: 835614, Beirut-Lebanon
http//:www.marefah.com
E.mail: info@marefah.com